حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن


# کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

(توێژینەوەیەکی مەیدانیە – دامەزراوەکانی ڕووداو، وار، NRT)بەنمونە

نامەیەکە خوێندکار


جوانە صلاح حسین


پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستر

بە سەرپەرشتی


پ.ی.د.عمر احمدرمضان



2720ك 1441 هـ 2020ز

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیەی خوێندکار(   جوانە صلاح حسين                    )
بە ناونیشانی (کاریگەریتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەاكنی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا)

بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/ زانستی (      ڕاگەیاندن        ) ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: د.عمر احمد رەمەزان
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەروار:    /    / ٢٠٢٠

بە پێی ئەم پێشنیازە،  ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: د.سلام نصرالدين
سەرۆکی بەشی (
)
بەروار:    /    / ٢٠٢٠

ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێـمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم ماستەرنامەیەی خوێندکار (   جوانە صلاح حسین ) بە ناونیشانی (کاریگەریتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا )
خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستەر لە زانستی ( ) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د.فوأد علی احمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
بەروار

واژۆ:
ناو: د. شێرکۆ جبار محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار

واژۆ:
ناو: د.سارا محسین قادر
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
بەروار

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: د.ابتسام اسماعیل
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

**بڕیاری شارەزای زمانەوانی**

ئەم نامەی خوێندکار ( جوانە صلاح حسین ) کە ناونیشانی ( کاریگەریتی تەنگژەی دارایی لەسەرسەرچاوەی دارای دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا) پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو:

بەروار

# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴾

سورة القلم

اية (١)

(صدق الله العظيم)

## (سوپاس و پێزانین)

* سەرەتا سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان، کە توانا و هێزو بەردەوامی تەندروستی پێبەخشیم کە بتوانم ئەم ماستەرنامەیە تەواو بکەم .

* بۆ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان و بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی کە دەرفەتی خوێندن و تەواو کردنی ئەم ماستەر نامەیان پێدام .

* بۆ مامۆستای بەرێز (پ.ی.د. عمراحمد رەمەزان )کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندکرد.

* سوپاس و پێزانینم بۆ ئەرک و ماندوبونی بەرێزان سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ وتێبینیەکانیان ، بەرێزان ،پ.ی.د فواد علی احمد سەرۆکی لیژنە، پ.ی.د.شێرکۆ جبارمحمد ، د. سارا محسین قادر ئەندامانی لیژنە .

* بۆمامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن وبەرێزان پ.ی.د ابتسام اسماعیل ، پ.ی .د. سەلام نصرەدین، پ.ی.د.فوئاد علی احمد، پ.ی.د.نەزاکەت حەمەسەعید کە بە تێبینی وسەرنج و ڕێنمایەکانیان توێژینەوەکیان دەوڵەمەنکردم،هەموو ئەو مامۆستا بەرێزانە کە لە هەڵسەنگاندنی فۆرمەکاندا هاوکارم بوون.

* بۆ م.(محمد حەسەن مەحمود )پسپۆری بواری ئامار، لەکاری ئاماریی توێژینەوەکە کە بەبەرنامەی s.p.s.s ئەنجامدراوە هاوکارم بووە .هەروەها لەگەڵ سوپاسم بۆ( م.شیرین ساڵح) کە ئەوییش لەبابەتە ئاماریەکاندا هاوکارم بووە .

* بۆ (پ.ی.د یەحیا عومەر ڕێشاوی ) ،کە بە پێدانی سەرچاوەو تێبینیەکانی هاوکارم بووە.

* بۆ(پ.ی.م هەردەوان محەمەد کاکە شێخ ) بە تێبینی و سەرنج و پێدانی سەرچاوە هاوکارمبووە.

* بۆ ( د. سلام منعم زامل ) کە لە ماوەی نوسینی ئەم ماستەرنامەیەدا بە سەرچاوەو تێبینی و سەرنجەکانی ،هەروەها وەرگێرانی پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانی ئینگلیزی هاوکارم بووە .

* بۆ هەرسێ دامەزراوەی (ڕووداو ،وار، nrt ) کە لە بە ئەنجام گەیاندنی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا هاوکارم بوون بەدەنگەوە هاتنیان هەبووە لە لەکاتی دابەشکردنی فۆرمەکان، بەتایبەت بەڕێوەبەرانی هەرسێ دامەزراوەکە، کە کاتی خۆیان پێبەخشیم بەوەڵامدانەوەی پرسیارچاوپێکەوتنەکە ، سوپاسم بۆ (دیار عەبدولعەزیز ) بەڕێوەبەر پۆرتاڵی (وار) هەروەها (حوسین مقداد هیمدادی ) بەرپرسی بەشی کارگێری (ڕوداو) و کاک (شوان عادل ) کەکارئاسنیان بۆکردم بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاریی مەیدانی توێژینەوەکە لە هەرسێ دامەزراوەکەدا .

* بۆ هاوسەری ئازیزم (عەبدوڵا ڕێشاوی ) کە هاوکارم بووە لە پێداچونەوەی زمانەوانی و پوختە عەربی توێژینەوەکەدا .

# پێشکەشە بە

- (دایک)ی ئازیزم ئەو ژنەی هەمیشە پشت و پەنام بووە و لە هەموو هەنگاوەکانی ژیانم هاوکارو خەمخۆرم بووە .
- ( باوک) ی خۆشەویستم کە بەمیهرەبانی و ئامۆژگاریەکانی پشت و پەنام بووە
- ( هاوسەر) ی خۆشەویستم کەهەمیشە هاو کارو پشت وپەنام بووە .
- هەردوو گوڵەکەم کە ژیانینان پرکردوم لە جوانی و ژیان (ئانیا ،لانی )
- (خۆشک و برا ) ئازیزەکانم .
- هەموو ئەوانەی کە ئەگەر بە ووشەیەکیش بێت لە نوسینی ئەم ماستەر نامەیەدا هاوکاروپشتیوانم بووبن .
- ڕۆحی پەپولە ئاسای برازای ئازیزم (تینا) کە کۆتا ڕۆژەکانی نوسینی ئەم ماستەر نامەیەدا گیانی سپارد .

# لیستی ناوەڕۆک


| ژ | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| ٢ | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| ٣ | بڕیاری زمانەوانی | ت |
| ٤ | سوپاس و پێزانین | ث |
| ٥ | پێشکەشە بە | ج |
| ٦ | پێرستی توێژینەوە | ح-خ-د |
| ٧ | پێڕستی خشتەکان | ذ- ر-ز |
| ٨ | پێڕستی شێوەکان | ز-س |
| ٩ | پێڕستی پاشکۆکان | ش |
| ١١ | پێشەکی | ١-٢ |
| ١٢ | **بەشی یەکەم : میتۆدنامەی توێژینەوە** | ٣ |
| ١٤ | **باسی یەکەم:** ڕەگەزەکانی توێژینەوە، دیارکرنی چەمکەکان وتوێژینەوەکانی | ٣-١٦ |
| ١٥ | یەکەم: کێشەی توێژینەوە | ٤ |
| ١٦ | دووەم : گرنگی توێژینەوەکە | ٤-٥ |
| ١٧ | سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٨ | چوارەم :پرسیارەکانی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١٩ | پێنجەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ٦-٨ |
| ٢٠ | شەشەم: خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو | ٩-١٤ |
| ٢١ | **باسی دووەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانیەکان** | ١٥-٢٧ |
| ٢٢ | یەکەم:جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە | ١٥ |
| ٢٣ | دووەم :شێوازو ئامرازەکانی توێژینەوە | ١٦-١٧ |
| ٢٤ | سێیەم :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٧-١٩ |
| ٢٥ | چوارەم: سنوری توێژینەوەکە | ١٩ |
| ٢٦ | پێنجەم: کۆپێوەرەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە : | ١٩-٢١ |
| ٢٧ | شەشەم : ڕاستی و جێگیریی | ٢١-٢٣ |
| ٢٨ | حەوتەم: ڕێکارە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ٢٣-٢٧ |
| ٢٩ | **بەشی دووەم : چەمکی تەنگژە و تەنگژەی دارایی هۆکارو لێکەوتەکانی** | ٢٨-٥٤ |
| ٣٠ | **باسی یەکەم** : چەمک وپێناسەی تەنگژە،جۆرو تایبەتمەندیەکانی | ٢٩-٣٨ |
| ٣١ | یەکەم :چەمک و پێناسەی تەگژە | ٢٩-٣٣ |
| ٣٢ | دووەم : جۆرو ڕەهەندەکانی تەنگژە | ٣٣-٣٦ |
| ٣٤ | سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی تەنگژە | ٣٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ٣٥ | چوارەم : بەرێوەبردنی تەنگژە . | ٣٧-٣٦ |
| ٣٦ | **باسی دووەم :** چەمک و پێناسەی تەنگژەی دارایی هۆکارو لێکەوتەکانی | ٣٨- ٥٤ |
| ٣٧ | یەکەم :چەمک و پێناسەی تەنگژەی دارایی | ٤٩-٣٨ |
| ٣٨ | دووەم : هۆکارەکانی ڕوودانی تەنگژەی دارایی | ٤١-٤٠ |
| ٣٩ | سێیەم : کاریگەرێتیی و لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی | ٤٥-٤٢ |
| ٤٠ | چوارەم: سەرهەڵدانی تەگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان هۆکارو لێکەوتەکانی | ٥٠-٤٥ |
| ٤١ | پێنجەم : لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا | ٥٠- ٥٤ |
| ٤٢ | **بەشی سێیەم : ئابوری ڕاگەیاندن و سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن)** | ٥٥- ٩٦ |
| ٤٣ | باسی یەکەم : ئابوری ڕاگەیاندن و پیشەسازیی میدیا | ٧١-٥٥ |
| ٤٤ | یەکەم : چەمك و پێناسەی ئابوری ڕاگەیاندن | ٦١-٥٦ |
| ٤٥ | دووەم : گەشەسەندنی ئابوری و پیشە سازی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ٦٢- ٦٦ |
| ٤٦ | سێیەم: دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی تیۆرییە ئابورییەکانەوە | ٦٦- ٦٧ |
| ٤٧ | چوارەم :ئەرکی ئابوری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن | ٦٨- ٧٠ |
| ٤٨ | پێنجەم:پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە سیسیتمی ئابوریەوە | ٧١-٧٠ |
| ٤٩ | شەشەم: گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و کاریگەری لەسەر پیشەسازی میدیا | ٧١ |
| ٥٠ | **باسی دووەم:** سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وتایبەتمەندیە ئابورییەکانی | ٧١- ٩٦ |
| ٥١ | یەکەم :چەمك و پێناسەی دامەزراوەی ڕاگەیاندن | ٧١- ٧٧ |
| ٥٢ | دووەم : ئامانجی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕەهەندی ئابورییەوە | ٧٧- ٨٠ |
| ٥٣ | سێیەم : تایبەتمەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن | ٨٠- ٨١ |
| ٥٤ | چوارەم :خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا | ٨٢- ٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٥ | پێنجەم : خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی **کوردستاندا .** | ٨٧ |
| ٥٦ | شەشەم: مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا | ٨٨-٩٠ |
| ٥٧ | حەوتەم: سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن | ٩٠-٩٦ |
| ٥٨ | **بەشی چوارەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | ٩٧-١٣٤ |
| ٥٩ | باسی یەکەم : کورتەیەک لە بارەی هەرسێ دامەزراوە (وار ،روداو،NRT) | ٩٨-١٠١ |
| ٦٠ | باسی دووەم : ئەنجامی گشتی توێژینەوەی ڕووپێوی لەسەر ڕۆژنامەنوسان | ١٠٤-١٢٤ |
| ٦١ | باسی سێیەم: ئەنجامی گشتی توێژینەوەی ڕووپێویی لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن. | ١٢٥ -١٣٠ |
| ٦٢ | **پوختەی ئەنجامەکانی توێژینەوە** | ١٣١-١٣٤ |
| ٦٣ | سەرچاوەکان | ١٣٥-١٤٥ |
| ٦٤ | پاشکۆکان | a-z |
| ٦٥ | پوختە بەزمانی کوردی | i-iii |
| ٦٦ | پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | vi-iv |
| ٦٧ | پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | vi-xi |



| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | خشتەی (١) خستنە ڕووی ژمارەی ئەو فۆرمانەی کە لە کردارە ئامارییەکەدا بەکارهێنراوە | ٢١ |
| ٢ | خشتەی (٢)هێزی بڕگەکانی ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە پیشاندەدات | ٢٣ |
| ٣ | خشتەی (٣) پەیوەندی نێوان هێزی بڕگەکان ونمرەی گشتی فۆرمەکە | ٢٧ |
| ٤ | خشتەی (٤) خستنە ڕووی هێزی جیاکاریی بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی | ٢٨ |
| ٥ | خشتەی (٥) زانیاریی تایبەت بە بەرتوێژ (تایبەتمەندی کەسی) | ١٠٥ |
| ٦ | خشتەی (٧) ڕێژەی دابەشبوان بەپێی ئاستی خوێندن | ١٠٥ |
| ٨ | خشتەی (٨) ڕێژەی بەرتوێژان بەپێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ١٠٦ |
| ٩ | خشتەی (٩) دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێ جۆریکارکردنیان لە دامەزراوەکەدا | ١٠٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | خشتەی (١٠) جیاوازی ساڵانی ئەزمون لەنێوان هەرسێ دامەزراوەکەدا | ١٠٨ |
| ١١ | خشتەی(١١) ڕێژەی وەستانی رۆژنامەنوسان لە کارەکانیان | ١٠٩ |
| ١٢ | خشتەی (١٢)ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لە سەر کەمبونەوەی موچە | ١١٠ |
| ١٣ | خشتەی(١٣) هەبوونی گرێبەستی یاسایی لە نێوان رۆژنامەنوسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاند | ١١٠ |
| ١٤ | خشتەی (١٤) ئاستی ڕەچاوکردنی مافە درایی ڕۆژنامەنوسان وکارمەندان لە گرێبەستەکەدا: | ١١١ |
| ١٥ | خشتەی (١٥)خستنە ڕوویی شێوازی کارکردنی رۆژنامەنوسان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا | ١١٢ |
| ١٦ | خشتەی (١٦) هەبوونی زانیاری سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە | ١١٣ |
| ١٧ | خشتەی (١٧) جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاند | ١١٤ |
| ١٨ | خشتەی (١٨)جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە جێی بایەخی کادیرانی ڕاگەیاندنە یا موچە | ١١٥ |
| ١٩ | خشتەی (١٩) ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکان لە ڕوانگەی رۆژنامەنوسان و کارمەندانەوە | ١١٦ |
| ٢٠ | خشتەی (٢٠) خستنە ڕووی ناوەندی ژمێرەیی هەریەک لە بڕگەکان | ١١٧ |
| ٢١ | خشتەی (٢١) ناوەندی ژمێرەیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن | ١١٨ |
| ٢٢ | خشتەی(٢٢) ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی دارایی لە نێوان دامەزراوەکاندا | ١١٩ |
| ٢٣ | خشتەی (٢٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆزانینی ئاستی جیاوازی کاریگێتیەکە لە نێوان دامەزراوەکاندا | ١٢١ |
| ٢٤ | **خشتەی(٢٤) ناوەندە ژمێرەیی بەپێی پلەکانی کاردنی ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن** | ١٢٢ |
| ٢٥ | خشتەی(٢٥) ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی دارایی بە پێی پەلەکانی کارکردن (ANOVA) | ١٢٣ |
| ٢٦ | خشتەی (٢٦)هەژماریی ناوەندی ژمێرەیی لەسەر بنەمای جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ١٢٤ |
| ٢٧ | خشتەی (٢٧)ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی بە پێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ANOVA) | ١٢٥ |
| ٢٨ | **خشتەی (٢٨)جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان لە ڕوانگەی بەرێوەبەرانی دامەزراوەکان** | ١٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ٢٩ | **خشتەی (٢٩)سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی بەڕیوەبەرانەوە** | ١٢٨ |



| ژ | پێرستی شێوەکان | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | شێوەی (١) ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی تەنگژەی دارایی | ١٢٠ |
| ٢ | شێوەی (٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرێتیەکە | ١٢١ |
| ٣ | شێوەی (٣)ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی بەپێی پلەی کار کردن . | ١٢٣ |
| ٤ | شێوەی(٤) ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە زانینیی جیاوازی کاریگرێتی تەنگژەی دارایی لە جۆریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ١٢٦ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژ | پێرستی پاشکۆکان | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پاشکۆی (٢) خستنە ڕووی ژمارەی فۆرمەکان | a |
| ٢ | پاشکۆی (٣) فۆرمی ڕاپرسی پێش و پاش هەڵسەنگاندن | b-j |
| ٣ | پاشکۆی (٤)ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی و پێوانەیی | k |
| ٤ | پاشکۆی (٥)فۆرمی چاوپێکەوتن پێش پاش چاککردن | i-w |
| ٥ | پاشکۆی (٦) ڕاستێتی فۆرمی چاو پێکەوتنی ناوی هەڵسەنگێنەران | X |
| ٦ | پاشکۆکی (٧) پوختەی توێژینەوە | i-iii |
| ٧ | پاشکۆی (٨)الخلاصة البحث | iv-vi |
| ٨ | پاشکۆی (٩)Abstract | vii-vx |

# پێشەکی

لە ئەمرۆدا بابەتی (ئابوریی ڕاگەیاندن) وەک بوارێکی گرنگی ڕاگەیاندن بۆتە جێی باس وبایەخی توێژەران و پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن.

بۆئەوەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆرانکارییە تەکنەلۆژی و ئابورییە خێرایانەی کە لە جیهاندا ڕوودەدەن هەنگاو بنێن ، پێویستە داهاتێکی ئابوری بەهێزیان هەبێت، چونکە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە بازارێکی هاوبەشدا کاردەکەن، بۆیە دەبێت هەمیشە لە کێبڕکێدابن بۆ پێشکەشکردنی باشترینەکان. بێگومان ئەمەش پێویستی بەسەرچاوەیەکی دارایی باش هەیە ، کە لە ڕێگەی پیشەسازی میدیاوە دەتوانرێت ئەمە بە دەست بهێنن، بایەخی پیشەسازیی میدیا هیچی کەمتر نییە لە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان و ڕاگەیاندن بۆتە پاڵپشتێکی بنەرەتیی ئابوریی جیهانی لە ناو ململانێ وپێشبڕکێی ئابورییەکانی جیهاندا .

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی گشتی بێت یان تایبەت، لەهەرسیستمێکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیدا بێت، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێدانی زانیاری و ئاراستە کردن وهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، هەمیشە توێژەران و پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن لە بابەتی توێژینەوەکانیاندا جەخت لە ڕۆڵ وکاریگەرێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەنەوە لە کۆمەڵگە و بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کلتوریی.

هەمیشە بایەخ وگرنگی ئەو ڕۆڵە دەخرێتەڕوو، کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەیگێڕن لە کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرێتییە نەرێنییانەی کە تەنگژەی دارای و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکەن لە بارودۆخە نەخوازراوەکاندا، بەڵام بابەتی کاریگەرێتی تەنگژە دارایی، ئابوریی و سیاسیەکان لەسەر خودی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کەمتر بۆتەجێی باس و ناونیشانی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێت، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەپێچەوانەوە ئەو کاریگەریی و لێکەوتانە دەخاتە ڕوو کە دۆخی تەنگژەی دارای لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی دروستیکردووە .

ئەو تەنگژە داراییە کە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی گرتەوە کاریگەریی نەرێنی دروستکرد لەسەر سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی، تەنانەت لە ماوەی ڕوودانی تەنگژەدا دۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستانیش نارامی بەخۆیەوە بینی ، بۆیە لە دۆخێکی ئاوادا هەموو دامەزراوەکان تووشی گرفت و تەنگژە دەبنەوە بەدامەزراوەکانی حکومەتیشەوە تەنانەت پارت و گروپە سیاسیەکانیش، دامەزراوەکانی ڕاگەیندنیش وەک پێکهاتەیەکی کاریگەری کۆمەلگە بێ بەش نابن لەو کاریگەریتیە نەرێنیانەی کە ئەم دۆخە دروستیدەکات، بەم هۆیەشەوە لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارو دامەزراوەی حزبی و ئەهلی لە دۆخی تەنگژەدا بەرەو لازبوون و نەمان چوون

تەنانەت هەندێ دامەزراوەی گەورە بڕیاری داخستنیان دا، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی زانستی و لە رێگە ی ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر ئەو کاریگەرێتی ولێکەوتانە بخرێتە ڕوو کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکان بووەتەوە بە هۆی تەنگژەی داراییەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک هاتووە : **بەشی یەکەم** ، کە میتۆد نامەی توێژینەوەکەیە ئەمانە لە خۆ دەگرێت : کێشەی توێژینەوەو گرنگی ، ئامانج ، بایەخ و ئامراازی توێژینەوەکە.

**بەشی دووەم** : **تەنگژەی دارایی هۆکارو لێکەوتەکانی؛** لە دوو باس پێک دێت:باسی یەکەم : چەمکی تەنگژەو وتایبەتمەندی و جۆرەکانی و شێوازیی لە خۆدەگرێ ، باسی دووەم :چەمک وتایبەتمەندی تەنگژەی دارایی و جۆرەکانی تەنگژەی دارایی و شێوازی ئیدارەدانی لە خۆ گرێت .

**بەشی سێیەم** : **سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ئابوری میدیا** ؛ لە دوو باس پێک دێت باسی یەکەم : چەمك و پێناسەی ئابوری ڕاگەیاندن ئابوری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پیشەسازی میدیا و پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە سیسیتمی ئابورییەوە لە خۆد دەگرێت . باسی دووەم : چەمك و پێناسەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن؛ ئامانج و تایبەتمەندییە ئابورییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا وسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە کە لە دووباس پێکهاتووە :باسی یەکەم هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە، کورتەیەک دەربارەی هەرسێ دامەزراوەی (war ، nrt، rudaw) و کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە، هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە ( مقياس الدراسة ).

باسی دووەم: شیکردنەوە ی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی و پێوەر لەگەڵ فۆرمی چاوپێکەوتن و خستنە ڕووی دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان .

# بەشی یەکەم

# (میتۆدنامەی توێژینەوە )

**توێژەر لەم بەشەدا هەڵدەدات شوناسی توێژینەوەکە بخاتە ڕوولەگەڵ کاراییەکانی چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دووە باسی سەرەکیدا :**

**باسی یەکەم : باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەو دیارکرنی چەمکەکان وتوێژینەوەکانی پێشووە**

**یەکەم :کێشەی توێژینەوەکە**

**دووەم : گرنگی توێژینەوەکە**

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

**چوارەم :پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

**پێنجەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**شەشەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

**حەوتەم : ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە**

**باسی دووەم : باسی دووەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە کارڕاییەکان**

**یەکەم : جۆرو ریبازی توێژینەوەکە**

**دووەم : شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوە**

**سێیەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

**چوارەم: سنوری توێژینەوەکە**

**پێنجەم: کۆپێوەرەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

**شەشەم : ڕاستی و جێگێریی**

**حەوتەم: ڕێکارە ئامارییەکانی توێژینەوەکە**

# باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەو دیاریکردنی چەمکەکان وتوێژینەوەکانی پێشووە .

## یەکەم :کێشەی توێژینەوەکە

یەکەم هەنگاو لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا بریتیە لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە، کێشە توێژینەوە ڕەنگە پرسیارکردن بێت لە بابەتێکی دیاریکراو، یا خاڵي ناکۆکی نێوان ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بێت ، یان لایەنێکی تەواونەکراوی مەعریفە بێت.[١]

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانین وئاشکراکردنی ئەوکاریگەرێتیانەی کەتەنگژەی دارایی دروستیکردوە لەسەردامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕووی وسەرچاوەی دارایی ولێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر ڕۆژنامەنووسان و خودی دامەزراوەکە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

١ – گرنگی و بایەخی ئابوری ڕاگەیاند و سەرچاوەی دارایی بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و بوونی زیاد لە سەرچاویەکی داهات .

٢- کاریگەرێتی بابەتی تەنگژەی دارایی وکاریگەریی لەسەر دامەزاوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو .

٣- ناڕوونی وگرنگینەدان بە پلانی پێش وەختە وئامادەکاریی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دۆخە نەخوازراوەکان کە لە ئەنجامی تەنگژە داریی و ئابوریەکانەوە ڕوو دەدەن

## دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

دەکرێت گرنگی توێژینەوەی زانستی بەراورد بکرێت بەو کێشەیەی،کە دەخرێتە ڕوو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت، گرنگی توێژینەوە لە کێشەکەوە لە دایک دەبێت، گرنگی توێژینەوەی زانستی زیندویەتی ئەو کاریگەرێتیە دەردەخات کە هەیەتی لەسەر کۆمەڵ و سروشتی توێژینەوەکە، ئامانجی هەر توێژینەوەیەک گەیشتنە بەچەند دەرئەنجامێک کە لە ڕێگەی ئەم دەرئەنجامانەوە دەتوانێت بگاتە چارەسەری ئەو کێشەیەی ختسویەتیەڕوو .[٢]

---

[١]- سابیر بۆکانی ، میتۆی توێژینەوە ی زانستی ، خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی چوارچرا –سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ،٢٠١٦،ل٣٦

[٢] - شادية ابراهيم مصطفي المحروقي ،احمد محروس علي ناجي ، الوجيز في اعداد البحث العلمي القانوني ،(الرياض : مكتبة القانون والاقتصاد ،٢٠١٢) ص ١٥-١٦ ،كتابة الكتروني ،سەیری ئەم لینکە بکە .. https://books.google.iq/books?id=fumFDwAAQBAJ&pg=PA١٥&dq=%D٨%A٧%D٩%٨٧، کاتی سەردانی کردن ١٠-١٢-٢٠١٩

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ئاست و بواردا سەرچاوە دەرگرێت،کە بریتییە لە :-

١. **لایەنی پراکتیکی :** گرنگی و بایەخی توێژینەوە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە داخۆ ئەو باسە چەند کاریگەرێتی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروستدەکات، بۆیە بێ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ناتوانرێت هیچ قسیەک لەسەر کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەو ئەو گۆرانکاری و بەرەوپێشچوون و دەرخستنی هۆکارەکانی دواکەوتویی تەنگژە جۆراو جۆرەکان بەشێویەکی زانستی بکرێت، بۆیە [١] توێژەر لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاستی کاریگەرێتیەکانی تەنگژەی دارایی دەخاتە ڕوو لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ئەو کارمەندو ڕۆژنامەنوسانەی کە لەو دامەزراوانەدا کار دەکەن، چونکە ئەوکاریگەرییە بە شێوەیکی ناراستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە دروستدەکات چونکە لە کۆتایدا ئەوانیش بەشێکن لە کۆمەڵگە .

٢. **زانست:** ئەم توێژینەوەیە دەبێت بە سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری ئابوری ڕاگەیاندن و هەنگاوێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانرێت وەک سەرچاوەیکی زانستی سوودی لێوەربگیرێت بۆ ڕووبەڕووبۆنەوەی تەنگژەی دارایی .

٣. **لایەنی پسپۆریی:** زیادکردنی سەرچاوەیەکی زانستییە لە بواری زانستی ڕاگەیاندن بەگشتی و بواری ئابوری ڕاگەیاندن بەتاییەت، توێژەر بەو هیوایە کە ئەم توێژینەوەیە سوودی هەبێت بۆ خوێندکاران و توێژەران و بێتە سەرەتای هەناگاونان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەم بوارەدا .

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانج، کە بریتییە لە :**

١. زانینی ئاستي کاریگەرێتی تەنگژە دارایی لەسەرسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا .

٢. نیشاندانی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەرئەو رۆژنامەنووسانەی، کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن لە ڕووی کواڵێتی کارکردنیان و سەرچاوەی داهاتیان .

٣. خستنە ڕووی ئەو لێکەوتانەی کە تەنگژەی دارایی لە ڕووی چەندێتیەوە لەسەر دامەرزاوە میدیاییەکان دروستیانکردوە .

٤. گەنگەشەکردنی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی بە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن .

٥. خستنەڕووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

---

## چوارەم :پرسیارەکانی توێژینەوەکە :

### گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە

١. ئایا تەنگژەی دارایی تاچەند کاریگەری دروستکردوە لەسەر ڕەوشی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی سەرچاوە داراییەکانیەوە ؟

٢. ئایا تەنگژەی دارایی تا چەند کاریگەرێتی دروستکردوە لەسەرئەو رۆژنامەنوسانەی لە دامەزراوە كاني ڕاگەیاندندا کاردەکەن لە ڕووی شێوازی کارکردن ودابینکردني مافەکانیان ؟

٣. ئایا تەنگژە دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەرچەندێتی وچۆنێتی بەرهەمە میدیاییەکان؟

٤. کامانەن ئەو کێشانەی بەهۆی تەنگژەی داراییەوە روبەروی دەزگا میدیاییەکان دەبنەوە؟

٥. ئایا کاریگەریی تەنگژە داراییەکان لە سەر کام لە دامەزراوەکان زیاترە بە پێی جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن(ڕۆژنامە ،تەلەفیزۆن ،ڕادیۆ،ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی .

جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن )ەوە

## پێنجەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ١- کاریگەرێتی (التأثیر)

بە مانای کاریگەریی ، کاریگەر بوون بەشتێک ، کارتێکردن دێت ،یا دروستکردنی کاریگەرێتیە لەسەر شتێک، کە ئەو کاریگەرێتیە شوێنەوارو نیشانە بە دوای خۆیدا بە جێ بهێڵێت .[١]

**کاریگەرێتی:** مەبەست کارکردنی بگۆرێکی سەربەخۆیە لەسەر بەگۆردراوێکی وابەستە بەهۆی هۆکارێکی دیاریکراوەوە، جا ئەو هۆکارە دیار بێت یاخود نادیار،ماددی بێت یان مەعنەوی، بەهێزبێت یا خود لاواز، لە پێناو دەرکەوتنی کاریگەرێتیەکەی، جا ئەو کاریگەرێتیە ئەرێنی بێت یان نەرێنی ،بەمەبەستی دەستکەوتنی ئەنجامێکی دیاریکراو لەسەر بابەتێك یان دیاردەیەك .

**پێناسەی کرداریی کاریگەرێتی**: مەبەست لەو کاریگەرێتیە کە تەنگژەی دارایی دروستی کردوە لەسەر دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی سەرچاوەی دارایی و شێوازی کار کردنی ئەو ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن.

**٢- تەنگژە (الازمة):**(بریتییە لە گۆرنکارییەکی خێراو کتوپر، هەندێك جۆری تەنگژە کاتێکی کەمی پێویست بێت بۆ ئەوەی روو بدات، کێشەیەکی خۆسەپێنەو پێویستە لە رێگەی ئەو دەرئەنجامەی کە لێی دەکەوێتەوە چارەسەری خێرایی بۆ بدۆزرێتەوە)[١]

---

[١] - ابو هلال احلام ،تاثر استخدام شبكة الانترنت على العلاقات الاسرية الجزائرية ،رسالة الماجستر ،الجامعة التبسي –تبسة،كلية علوم الانسانية والاجتماعية ، سنة ٢٠١٦ ،بحث منشور ، ص ١٨ ، سەیری ئەم لینکە بکە،file:///C:/Users/SHKAR%٢٠PC/Desktop/٠٦١٦٠١٦٤.pdf

**پێناسەی کرداریی تەنگژە:** مەبەست لە و تەنگژە دارایيە کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە و کاریگەرێتی لەسەر سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیان بەجێ هێشت بواری ڕاگەیاندنیش وەک یەکێک لەو بوارانە بێ بەش نەبووە لەو کاریگەرێتیە .

**٣- تەنگژەی دارایی(الازمة المالية)** :بریتییە لە پاشەکشەی ئاستەکانی گەشەسەندنی ئابوری وبەرزبونەوەی نێوەندەکانی بێکاری و پاشە کشێی داهاتەکان ،هەموو ئەم بەربەستانە پێکەوە کاریگەری لەسەر ئەو دامەزراوەو وتوێژانەی کۆمەڵگە دەبێتەوە کە باری ئابووریان لاوازو نزمە و بە زووترین کات کاریگەرێتی تەنگژەکان بەسەریانەوە دەردەکەوێت و زیاتر رووبەرووی دارمان و لە ناو چوون دەبنەوە .[2]

**پێناسەی کرداریی تەنگژەی دارایی :** مەبەست لەو تەنگژە داراییە، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ لە عێراق و ناوچەکەدا سەریهەڵدا بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت کاریگەریی و لێکەوتەکانی ئەم تەنگژە داراییە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ درێژە ی بەرەوامی هەبووە، کە جەنگی دژی داعش و بڕینی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی بەغدا بە دوای خۆیدا هێنا، لەسەر سەر
چاوەی دارایی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ورۆژنامەنوسان .

## ٤- سەرچاوەی دارایی (مصادر التمويل)

مەبەست لە سەرچاوەی دارایی هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە دامەزراوەکە داهاتی لێوە دەستدەخات بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی پارەدارکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەو ڕێگایە کە دامەزراوەکە پێداویستیە داراییەکانی خۆی لێوەدابین دەکات، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەو کاریگەری و پرۆژانەی کە دامەزراوەکە دروستی دەکات، دوو جۆری سەرەکی سەرچاوی دارایی هەیە ،سەرچاوەیی ناو خۆیی و سەرچاوە دەرەکیەکان .[3]

**پێناسەی کراداریی سەرچاوەی دارایی:** مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەشێویەکی گشتی داهاتی لێوە دەست دەخەن و بونەتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ دەزگاکە، کە خۆی لە چەند سەر چاویەکی جیاوازدا دەبینێتەوە، کەئەمەش لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکەی میدیایی بە پێ جۆری خاوەندارێتیەکەی دەگۆریت، بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بریتین لە (ریکلام، فرۆشی بەرهەمی میدیایی، بەرهەمهێنانی میدیایی، پارەدارکردن لە ڕێگەی حکومەت یان حیزبەوە ....)

---

[1] - Crisis Management An International Over view September ٢٠٠٩
کاتی سەردانی کردن:(١٦-١٢- https://www.effo.gov.hk/en/reference/publications/crisis_management.pdf، ٢٠١٨ )

[2] - فەیسەڵ عەلی ، ئابوری نێودەوڵەتی لە دەر ئەنجامی قەیرانەکاندا ،( وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە ،چاپ و بڵاو کرنەوەی سلیمانی ،٢٠١٣ ) ،لا ١٥٥

[3] - حسين سمير عشيش ، التحليل لائتماني و دوره في ترشيد عمليات الاقراص والتوسع النقدي في البنوك ،(عمان : دار المجتمع العربي ، ٢٠٠٨) ص ١١٨

## ٥- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن (المؤسسات الاعلامية )

مەبەست لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئەو دامەزراوانەن کە لە ڕێگەی زیاترلە ئامرازێکی ڕاگەیاندنەوە، کە خۆی لە ڕاگەیاندنی (نوسراو کاغەز ،بیستراو ،بینراو ، وێبسایتی ئەلیکترۆنی) پەیام و هەواڵ و زانیاریەکانی دەگەیەنێتە وەرگر، مەبەست لەو دامەزراوەنەی ڕاگەیاندنە کە کارکردنیان بەشێویەکی یەک پاکێجیە لە ڕێگەی تەلەفیزۆن، رادیۆ ، ڕۆژنامە ، وێبسایتی ئەلکترۆنیەوە لە یەک کاتدا و لە چوار چێوی یەک دامەزراوەو لە ژێر هەمان ناودا کاردەکەن بۆ هێنانە دی ئامانجەکانیان .

پێناسەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن: بریتییە لە دامەزراوەی (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسەکانی هەواڵ ،دەزگاکانی چاپ و بەخش و بڵاوکردنەوە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام)، لە ڕووی ڕێکخستن و چالاکیەکانیەوە هاوشێوەی دامەزراوەکانی دیکەیە، کار لەسەر بەهەمهێنان و خستنە بازارو فرۆشتن دەکات، بەڵام شێوازی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن جیاوازە لە دامەزراوەکانی دیکە .[١]

## ٣- هەرێمی کوردستان (الاقليم كوردستان)

لە ماددەی (١) ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە ،هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا، کە سیستەمە سیاسیەکەی کۆماری و پەرلەمانی دیموکراسییە، پشت بە بنەمای فرەلایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت .[٢] ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسە و لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە )پێکدێت، کە ڕووبەری هەرسێکیان پێکەوە نزیکەی چل هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەم ئامارە تەنها پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە سنووری پارێزگای کەرکوک و ديالي (موسڵ ) لە خۆناگرێت.[٣]

---

[١] - موسي طه تاي لله ، الادارة الحديثة في المؤسسات الاعلامية (دراسة حالة الاعلام الرسمي في السودان )،ص ١٠٧ ، بحث المنشور في هذا الرابط ، کاتی سەردان کردن کاتژمێر ٢پاش نیوەڕۆ،١٧-٩-٢٠١٩
http://publications.iua.edu.sd/iua_magazines/communication_magazine

[٢] - پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان –عێراق (چاپەمەنی شەهاب ،هەولێر :٢٠٠٦ )لا ٣

[٣] - ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کاتی سەردانی کردن ١٧-٩-٢٠١٩ کاتژمێر ٤ ئیوارە سەیری ئەم لینکە بکە
http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=١٣&s=٠٥٠٠٠٠&r=٣٢٧&p=٢٣٨&h=١&fbclid=IwA

## شەشەم: خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

### ١- توێژینەوەی ( زهرة جقريف ٢٠١٧ ) [١]

توێژینەوەیەکی مەیدانیە بەناونیشانی (اقتصاد وسائل الاعلام في الجزائر دراسة ميدانية حول مؤسستي "الخبر "و"الشروق) ئەم توێژینەوەی تیشک دەخاتەسەر کاریگەری تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی ئابوری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتی جەزائر، لە لایەك و کاریگەری سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیایی ئەلکترۆنی لە لایەکی دیکە لەسەر بازاری ڕۆژنامەی کاغەز، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەرهەردوو دامەزراوەی ڕاگەیاندنی "الخبر" و"الشروق" وەك مشتی وەر گرتووە، بۆ خستنە ڕووی تایبەتمەندی و ئەو دیاردانەی کە پەیوەستن بە ئابوری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە .

توێژەر بەمەبەستی خستنەڕووی کێشەی توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستن بە کێشەی توێژینەوەکە، پشتی بە میتودی جۆری وەسفی بەستوە بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی ورێکاری چۆنایەتی و چەندایەتی، لەرێگەی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەرهەردوو دامەزراوەی ڕاگەیاندنی "الخبر" و"الشروق. ئەو ئامرازانەی کە لەم توێژینەوەدا بە کارهێنراوە " چاوپێکەوتنە" کە وەك ئامرازێکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی چاو پێکەوتنی زانستی لەگەڵ بەر پرسان و خاوەنی ئەو دوو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە وەك مشتی توێژینەوەکەی وەریگرتووە.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە :

١- دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن لە وڵاتی جەزائر ڕووبەڕووی کێشەی ئابوریی و سەرچاوەی داهات بونەتەوە، چونکە لە بواری ڕۆژنامەگەری نوسراودا بۆ بە دەستهێنانی داهات پشتی بە دوو سەرچاوە بەستوە، فرۆشی ڕۆژنامەکان و ریکلام . ریکلام سەرچاوەی سەرەکی داهاتی رۆژنامەکانە لە جەزائر.

٢- دابەزینی نرخی نەوت و ئەو تەنگژە داراییە ی کە ڕوویدا لێکەوتەی ئابوری بە دوای خۆیدا هێنا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دروستکردوە .

٣- بە هۆیی کەمبونەوەی رێژەی ریکلامی بازرگانی و تێکچوونی دۆخیی ئابوری، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە جەزائیر بەتاییەت ڕۆژنامەی کاغەز کە زۆرێك لە ڕۆژنامەکان بە تاییەت هەردوو ڕۆژنامەی شروق و خەبەر فرۆشیان بەشێوەیکی بەرچاو دابەزیوە بەجۆرێك رۆژنامەکان نەیان دەتوانی نرخی تێچووی خۆیان دەر بکەنەوە .

---

[١] -زهرة جقريف ،اقتصاد وسائل الاعلام في الجزائر دراسة ميدانية حول مؤسستي "الخبر "و"الشروق"،**رساله ماجستر** منشورة (مجلة العلوم الانسانية )،عدد ٤٧ ،المجلد ب، ص.١٥-٢٧ ،(كلية علوم الاعلام والاتصال والسمعي والبصري،جامعة صالح بوبنيدر -قسنطينة_٣_ الجزائر ،٢٠١٧).

### ٢- توێژینەوەی (علي عبدالهادي عبدالامير ٢٠١٧)[١]

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(تاثيرالاعلان في اقتصاديات الصحف المستقلة) باس لەکاریگەرێتی ڕۆڵێ ریکلام دەکات لەسەر ئابوری و سەرچاوەی دارایی رۆژنامە سەربەخۆکان لەعێراقدا بەتایبەت لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی دارایدا، توێژەر رۆژنامەی (الدستور العراقيه) وەک مشتی توێژینەوەکەی وەرگرتوە.

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە :لەوەی، کە ئەیا ئەو ڕۆڵ و کاریگەرێتیە ئابورییە چییە کە ریکلام وەک سەرچاوەیکی دارایی دەیگێرێت لە ئابوری ڕۆژنامەکاندان(ئابوری ڕاگەیاندن ) دا، کە بە بنەمایەکی سەرەکی سەرچاوەی دارایی دامەزراوە ڕ ۆژنامەوانیەکان دادەنرێت ؟ ئایادامەزراوەکان توانیویانە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی دارایی و دۆخە ئابورییە نەخوازراوەکاندا پشتی پێ ببەستن؟ بەتایبەت پاش ئەو تەنگژە داراییەی کە ڕوی لەعێراق کردو، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دروستکرد .

توێژەرلەم توێژینەوەدا توێژینەوەی (جۆری وەسفی) بەکارهێناوە بە بەکار هێنانی رێکاری (شیکاری چۆنێتی) ،لە رێگەی ئامرازی (چاوپێکەوتنەوە ) زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە .

-توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە

- ریکلام یەکێکە لەو سەرچاوە سەرەکیانەی کە ڕۆژنامە (الدسنور العراقيه ) وەک سەرچاوەیکی داهات پشتی پێدەبەستێت .

- تەنگژەی دارایی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرێتی هەبووە لەسەر( ئابوری ڕاگەیاندنی) دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی و لە رۆژنامەی (الدستور العراقيه) بە تایبەت .

ئامانجی توێژینەوە کە

- لێکۆڵینەوە لە دۆخی ڕۆژنامەی (الدستور العراقيه ) بەو پێیە ی کە رۆژنامەیەکی سەربەخۆیە لە عێراقدا، خستنە ڕووی کاریگەرێتیەکانی ریکلام لەسەر ئاستی ڕۆژنامەکە لە ڕووی چۆنایەتیەوە .

- خستنە ڕوو ئاشکراکردنی ئەو کاریگەرییەتیە ئابوری و داراییانەی کە بەهۆی تەنگژەی داراییەوە لە عێراقدا هاتە پێش لە سەر ئابوری دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان و ڕۆژنامەی (الدستور العراقيه ) بەتایبەت .

---

[١] - علي عبد الهادي عبد الامير ،تاثيرالاعلان في اقتصاديات الصحف المستقلة (دراسة الحالة صحيفة الدستور العراقي) ،بحث المنشور في مجلة **Mustansiriyah Journal of Arts مجلة آداب المستنصرية ٢٠١٧-عدد ٧٧ ،ص (١-٢٢ )** ، سەیری ئم لینکە بکە https://www.iasj.net/iasj?func=article&aId=١٢٢٩٠٨

**٣- توێژینەوەی ( فراس محمد فواد ٢٠١٦ )** [١]

ئەم توێژینەوەیەبەناونیشانی(الأزمة المالية في اقليم كوردستان علي اداء المالي) باس لە کاریگەرییەکانی ئەو تەنگژە داراییە دەکات کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد لەماوەی ڕابردوودا لەسەر ئاستی کارکردن و شێوازی بەڕێوەچونی کارە دارییەکانی بانکەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بانکە بازرگانییەکانی شاری دهۆک بەتایبەت، کە توێژەر لە ڕێگەی دابەشکردنی ٣٥ فۆرمەوە بەسەر ٧ بانکی بازرگانی کە لە شاری دهۆکدا کاردەکەن دەیەوێت بگاتە ئەو ئامانجانەی کێ کاری بۆدەکات.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

- زانینی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی داراییە لە سەر کار و ڕاپەڕاندنی دارایی بانکە بازرگانیەکانی شاری دهۆک.
- ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر بانکە بازرگانیەکان بخاتە ڕوو.

توێژەر لە ڕێگەی دابەشکردنی توێژینەوەکە بۆ چواربەشی سەرەکی بەم جۆرە ، بەشی یەکە :پێکهاتووە لە لە میتۆدنامەی توێژینەوەکە ،بەشی دووەم برتییە لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە هەریەک لە بەشەکانی سێیەم وچوارەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەو دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان لە خۆ دەگرێت.

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە: لە زانینی ئاستی کاریگەری تەنگژەی دارایی لەسەرئاستی بەڕیوەچوونی چالاکیە داراییەکانی بانکە بازرگانیەکانی شاری دهۆک .

- ئاشکراکردنی سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان تەنگژەی دارایی و لقی بانکە بازرگانیەکان و شێوازی کارکردنیان هەیە .

ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە

- دابەزینی بەهای (الموجودات المالية ) کان واتە بەهاو ئەو بڕە پارە نەقدیەی کە هەیە لە بانکە بازرگانییەکانی شاری دهۆک .
- تەنگژەکە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی هەلی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

**٤- تویژینەوەی (عاشور فنی ٢٠١٢)**[٢]

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (اقتصاديات وسائل الاعلام المرئية و المسموعة) توێژەر لە ڕێگەی توێژینەکەیەوە دەیەوێت وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بداتەوە، کە پەیوەستن بە فراونبون

---

[١]- فراس محمد فؤاد ،تاثير الأزمة المالية في اقليم كوردستان علي اداء المالي ،(دراسة استطلاعية لأراء عينة من مدري فروع المصاريف التجارية الاهلية في مدينة دهوك خلال عام ٢٠١٤ ) **<u>بحث منشور فی مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو مجلد ٤(B) عدد:١،ص( ١٨٩-٢٠٤) ٣٠-٦- ٢٠١٦،</u>** قسم التقنيات المالية والمحاسبية ،الكلية التقنية الادارية ،جامعة دهوك التقنية اقليم كوردستان –عراق .

[٢]-عاشور فنى ،اقتصاديات وسائل الاعلام المرئية و المسموعة ،**<u>اطروحة دكتورا منشوره</u>**، (دراسة جديدة لاتحاد إذاعات الدول العربية،تونس ،٢٠١٢)

وگەشەسەندنی و جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە،کە پێویستی بە سەرچاوەیەکی دارایی گەورە هەیە لەگەڵ وەبەرهێنانێکی گەورە لە بواری ڕاگەیاندا، ئەمەش پەیوەستە بە قەبارەی لێهاتووی وتوانای بەرهەمی میدیایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، جگە لەو داهاتەی کە لە ڕێگەی ریکلامەوە دەستیاندەکەوێت، کە تاڕادەیەك سەرچاوەیەکی دارایی و داهاتێکی باشە بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە پرسیارکردن لە بارەی ئەو سەرچاوەی داهاتەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پشتیپێدەبەستن وەك سەرچاوەیەکی دارایی و چۆنێتی خەرجکردنی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەستانە لەسەر بنەما ئابورییەکان و تێگەیشتن لە ئامرازەکانی و چۆنێتی کارلێکردنیان لە چوارچێوەی ئەو گەشەکردانەی کە بە هۆی فراوانبوون وکرانەوەو گەشەسەندنی بازارەوە هاتۆتە کایەوە، کە ئەمە هۆکارێکە بۆ فراوانبوونی چوارچێوەی خواستەکانی وەرگر و زیاد بوونی ئاستی خواست و فرەجۆری وئەو کێبڕکێ بەهێزەی لەسەر ئاستێکی جیهانیدا کە لە بازاردا هەیە، جۆرێك لە هەژمونی دروست کردووە کە بە هەژموونی کلتوری نێودەوڵەتی ناسراوە، ئەمە وای کردووە ڕاگەیاندن دوو ئەرکی گرنگی هەبێت لە یەك کاتدا ئەرکی کلتوری، گەیاندن لە لایەك و ئەرکی لۆژیکی بازار لە لایەکی دیکە، کەئەمە هەلومەرجێکی نوێیی رەخساندوە بۆ پراکتیزەکردنی کاری ڕاگەیاند لە سەرانسەری دونیادا .

بایەتی توێژینەوەکە ئەوەی سەپاندوە کە توێژەرپشت بە توێژینەوەی (وەسفی) ببستێت بە بەکارهێنانی ڕێبازی(شیکاریی) ببەسێت.

توێژەر لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە :

١. بازاڕیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو بە قۆناغی مۆنۆپۆڵی ئەمریکیدا تێپەردەبێت ، قۆناغی یەکەمی بەوە جیادەکرێتەوە کە پیشەسازی میدیا لەم قۆناغەدا لاوازەبەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپا و جیهان بە گشتی، کە زیادبوونی خواست لەسەر بەهەمە میدیاییەکانی ئەمریکا بە دوای خۆیدا دێنێت .

سەبارەت بە ڕێژەی داهاتی بەرهەمە میدیاییەکانی بینراو بیستراو لە سەر ئاستی جیهان جیاوازبووە ئەو وڵاتانەی کە داهاتیان بەرزە لە ساڵی(١٩٩٤ )دا ڕێژەکەی(٩٥%) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) دا ئەم ڕێژەیە بەرز بووەتەوە بۆ (٩٦%)، بەوڵام بەشی ئەو وڵاتانەی کە داهاتێیکی مام ناوەندو دیاریکراویان هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بۆ کە ڕێژەکەی لە ساڵی(١٩٩٤ )دا تەنها (٤,٧٥ %) بووە لە ساڵی( ٢٠٠٢ )دا ئەم ڕێژەیە زیاتر دابەزیوە بۆ( ٣,٧٢ %) ، ئەوەی کە پەیوەستە بە وڵاتانی عەرەبی پشکیان زۆر کەمبووە بە ڕێژەی (٠,٠١ % )مەزەندەدەکرێت واتە ئەوبەرهەمانەی لە بواری ڕاگەیاندنی بینراو بیستراودا فرۆشراوە ناگاتە ١% لە ماوەی نێوان هەر دوو ساڵی ١٩٩٦ – ٢٠٠٢ ،ئەمە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دروستە .

## ا- گرنگترین خاڵە لێکچوو جیاوازەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو

پاش خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو دەرکەوتووە،ئەم توێژینەوەیە خاڵێ هاوبەش و جیاوازی هەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو .

### - خاڵە هاوبەشەکانی :

١. هەر یەک لە توێژینەوەکانی (فراس محمد فواد) و (زهرة جقريف ٢٠١٧) و(علي عبدالهادي عبدالمير)،توێژینەوەی وەسفی میتۆدی روپێوی چەندێتیان بەکارهێناوە، ئەم توێژینەوەیش میتۆدی ڕوو پێوی بەکارهێناوە .

٢. خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو جگە لەتوێژینەوە (فراس محمد فواد) بریتییە لە کار کارکردن لەسەر سەرچاوە داراییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەری تەنگژە داراییەکان لەسەرئابوری ڕاگەیاندن .

٣- خاڵێ هاوبەشی ئەم توێژینەویە لەگەڵ توێژنەوەکانی( فراس محمد فواد) ، (علي عبدالهادي عبدالامير) ( زهرة جقريف ) بریتییە لە خستنەڕووی کاریگەرێتیەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر ئامرازەاکنی ڕاگەیاندن .

### خاڵە جیاوازەکان :

١. یەکێک لە خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو ئەوە یە ئەم توێژینەوەیە ئیشی لەسەر سەرجەم ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفیزۆن،ڕادیۆ، رۆژنامە، ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی )کردووە، بەڵام توێژینەوەکانیتر ئیشیان لەسەر یەکێک لە ئامرازەکان کردووە وەک لە توێژینەوەکانی (عاشور فنی ٢٠١٢ )، ( زهرة جقريف ٢٠١٧ ) ،( حمدی بشير محمد علی ٢٠١٦) .

٢. یەکێکی دیکە لە خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو بریتییە لەوەی ئەم توێژینەویە زیاد لە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە کە بریتین لە (چاو پێکەوتن ، فۆرمی ڕاپرس ،پێوەر ) .

٣. یەکێک لەخاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو، بریتییە لە ئاراستەی کار کردنی ئەم توێژینەوەیە و ئەو ئاراستەی کارپێکردوە لەسەر کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی ، جیاوازە لە توێژینەوەکانی پێشوو، کاری لەسەر ئاستی کاریگەرتی تەنگژەی دارایی کردوە لەسەر خودی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و رۆژنامەنوسان، بەڵام لە توێژینەوەکانی پێشوودازیاتر ئیش لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کراوە لە ئیدارەدانی تەنگژە.

٤. یەکێکی دیکە لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو بریتییە لە کۆمەڵگەو مشتی توێژینەوەکە کە ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوەو هەرسێ پارێزگای

سلێمانی ،هەولێر ،دهۆکی وەک سامپڵ وەرگرتوە ،بەڵام توێژینەوەکانی پێشوو لە شوێن و سامڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستاندا نیە .

٥. یەکێک دیکە لەو خاڵە جیاوازانە ی ئەم توێژینەوەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو دوو ڕێبازی توێژینەوەی بەکار هێناوە کە ئەوێش ( مسحی ) (ڕووپێووی ) (کیفی ) (چۆنایەتی ) چونکە توێژەر لەم توێژینەوەیدا چاو پێکەوتنی قوڵی بەکار هێناوە .

## ب- سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو :-

١. لە چوارچێوەی مێتۆدی توێژینەوەکە.
٢. بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە .
٣. لە دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی .
٤. بەکارهینانی وەک سەرچاوەیەکی دەستکەوتنی زانیارییەکان .

٥. سوود وەرگرتن لە گرنگترین ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەو دەر ئەنجام ڕاسپاردانەی کە لە توێژینەوەکانی پێشووا خراوەتەڕوو جیاوز بوو لەم توژینەوە ..

## حەوتەم : ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

١. لە کاتی ئەنجامدانی کاری مەیدانی دابەشکردنی فۆرمەکان یەکێک لە دامەزراوەکانی مشتی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دامەزراوەی (کوردسات) پاش ئەوەی بەشێک لە فۆرمەکان دابەشکراوبەڵام دواترڕەتیان کردەوە تەواوی فۆرمەکان دابەش بکرێت بۆیە توێژەر ناچار بودامەزراوەیەکی دیەی هاو شێوەی ئەو لە شاری سلێمانی هەڵبژێرێت، بۆیە ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە کاریی توێژەری قورستربێت وکاتێکی زۆریی بەفیرۆ بچێت، کە مانگێکی پێویست بوو بۆپوچەڵکردنەوەی دامەزراوەی کوردسات و وەرگرتنی دامەزراوەی (NRT) لە بری وەک نموونەی توێژینەوەکە .

٢. یەکێکی دیکە لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە فراوانی ئەو ڕووبەرەی کاری مەیدانیەکەی تێدا ئەنجامداوە بریتییە لە هەرێمی کوردستان و هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ،هۆک) کە پێویستی کردووە چەند جارێک سەردانی شارەکانی دهۆک و وهەولێر بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە دامەزراوەکان و دابەشکردنی فۆرمەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی دامەزراوەکان.

٣. بەو پێیەی کە یەکێک لە مشتی توێژینەوەکە دەکەوێتە شاری دهۆک کەدامەزراوەی (وارە ) لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەگەدا گرفتی تێگەیشتن لە شێوە( زاریی کرمانجی ژووروو) بۆ توێژەر دروستبووە ئەمەش کاتێکی زیاتری پێویستبووە کە بەهاوکاری کەسانی تر کارەکەی ئەنجامبدات بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەل بەرپرسی دامەزراوەکە

## باسی دووەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانییەکان :

### یەکەم – جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە :

ڕێبازی توێژینەوە ئەو ڕێگەیە توێژەر دەتوانێت لێوەی وەسفی دیاردەیەکی زانستی یان ئەو بارو دۆخ و ژینگەیە بکات کەتێیدا دەژی یا ئەو بوارە زانستیەی کە پسپۆرێتیەتی، توێژەر لێرەدا دێت وێنای ئەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەردەکات لەگەڵ دیاردەکانی دیکە و کاریگەری ئەوان لەسەری وبە پێچەوانەشەوە، خستنە ڕووی ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان گۆراوەکانیدا هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازەی توێژینەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجەکەی بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە ئامارییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ڕێکاری ڕووپێوی .[١]

#### ١ – جۆری توێژینەوەکە

جۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە جۆری وەسفیی Descriptive Research، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆبۆ وەسفکردنی تایبەتمەندێتی ووردی دیاردەی کاریکەریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

#### ٢-میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتیبەستووە بە میتۆدی (ڕووپێویی) (مسحی) (survey Methodology) بە هەردوو ڕێچکەی وەسفی و شیکاریی کە بە دیارترین میتۆدی بەکارهاتوو هەژمار دەکرێت لە بواری توێژینەوەی زانستی ڕاگەیاندندا بەتایبەت لە جۆری توێژینەوەی وەسفیدا. بەکار هێنانی میتۆدی (ڕووپێویی) لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە ڕووپێویی کردنی شێوازی پراکتیزەکردنی کاری میدیایی لە دامەزراوەکانی ڕگەیاندن لە هەرێمی کوردستانداله کاتی بوونی تەنگژەی دارایدا .

---

[١] - منال هلال مزاهرة ، بحوث الاعلام الاسس والمبادىء، عمان دار كنوز المعرفة ،٢٠١٠،الصحيفة ١٠٥

## دووەم – شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوە

ئەو ئامرازانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاری هێنراوە لە توێژبنەوەکەدا بریتین لە :-

### ١. فۆرمی راپرسی و فۆرمی (پێوانە) :

فۆرمی ڕاپرسیی بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دادەنرێت، لە توێژینەوەی زانستە مرۆفایەتیەکاندا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، کە پێکدێت لە کۆمەڵێک تەوەرو پرسیاری دیاری کراو پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە ئاراستەی بەرتوێژەکان دەکرێت .[١]

توێژەر لەم توێژینەوەیدا فۆرمی (ڕاپرسی) وەک یەکێک لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، فۆرمەکە لە سێ بەشی پێکهاتوە بەشی یەکەم؛ زانیارەییەکانی تایبەت بە بەرتوێژان (زانیارییە دیمۆگرافیەکان) بەشی دووەم؛ بریتییە لەڕاپرسی تایبەت بە (زانینی ئاستی کاریگەریتی تەنگژەی دارایی لە سەر ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە هەرسێ دامەزراوەکە وەک مشتی توێژینەوەکە دیارییکراون .

### ٢ . چاوپێکەوتنی زانستی :

چاوپێکەوتن ( Interview) :یەکێکە لە شێوازو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، دەکرێت چاوپێکەوتن بە فۆرمی ڕاپرسی زارەکی بناسێنرێت کە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکی دیاریکراوە و توێژەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەرتوێژی دەکات.[٢]

توێژەرچاوپێکەوتنی زانستی وەک یەکێک لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، چاوپێکەوتنی کەسی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکانی (رووداو، NRT، WAR ) ئەنجامداوە.

تۆێژەر لەم توێژینەوەیدا جۆری (چاوپێکەوتنی دەستنیشانکاری) بەکار هێناوە .

بە مەبەستی دەستخستنی وەڵامەکانی پەیوەست بە کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لە سەر خودی دامەزراوەکە و سەرچاوە داراییەکانی، توێژەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناراستەوخۆ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکەدا ئەنجام داوە.

### ٣. تێبینیکردن :

تێبینیکردن وەک یەکێک لە شێواز و ئامرازەکانی کۆکۆکردنەوەی زانیاریی بریتییە لە بینین وچاودێریکردنی ڕەفتارێک، یا دیاردەیەکی دیاریکراو تۆمارکردنی زانیاریەکان بەشێوەی یەک لە

---

[١]- اسعد حسين عطوان ،يوسف خليل مطر ،مناهج البحث العلمي ،(بيروت :دار الكتب العلمية ، ١٩٧١) ص ١٠١

[٢]هەمان سەرچاوە ، ص ١٠٦

دوای یەک ئەمەش لە ڕێگەی شێوازی لێکۆڵینەوەی گونجاو لە سروشتی ئەو ڕەفتارە یا دیاردەکە، بەمەبەستی گەیشتن بەزانیاری ورد و بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام.[١]

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لە ئەنجامی تێبینیکردن و سەرنجدان، هەستی بە بوونی کێشیەک کردوە ئەوەیش بریتیبووە لە داخست و لە کار کەوتنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارو کەناڵی ڕاگەیاندن و داخستنی چەند دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، بەتایبەت لە دۆخی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان کە ئەمە زیاتر هەستپێیکرا،هەر لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە لای توێژەر گەڵاڵە بوو.

## سێیەم - کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

مادلین گراویتز* بەم جۆرە پێناسەی کۆمەڵی توێژینەوە دەکات کە "بریتییە لە چەند ڕەگەزو تایبەتمەندیەک لە ڕێگەویەوە دەتوانرێت کۆمەڵی توێژینەوەکە لەوانی تر جیابکرێتەوە، یان بوونی کۆمەڵێک ڕەگەزی هاوبەشە کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت".[٢]

بەو پێەی ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە بریتییە لە زانینی ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر شێوازی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەڕووی چۆنایەتیەوە لەگەڵ کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕوانگەی ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە دامەزراوەاکنی ڕاگەیاندا کار دەکەن لەگەڵ بەرپرسانی دامەزرواەکان ،ئەوا کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە بەم جۆرە دابەش دەبێت :

### ١. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

کۆمەڵێ ئەم توێژینەوەیە سەرجەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، کە خۆی لە چەندین جۆر دامەزراوەی ڕاگەیاندندا دەبینێتەوە لە ڕووی جۆری خاوەندارێتی و جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، توێژەر دامەزراوەکانی لەسەر ئەو بنەمایە دیاری کردوە کە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی گەورەن و خاوەنی زیاد لە ئامرازێکی گەیاندن (نوسراو، بیستراو، بینراو، ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی )، لەسەر ئەم بنەمایە لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی بەشێوە هەڵبژاردنی تورەکەیی وەرگرتوە ، کە خۆی لە هەر سێ پارێزگای (سلێمانی، هەولێ، دهۆک ) دەبینێتەوە، بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە پارێزگای هەڵەبجە وەربگیرێت وەک چوارەمین پارێزگای هەرێمی کوردستان بە پاساوی ئەوەی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاننی گەورە کە خاوەنی سەرجەم ئامرازەکانی (تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، سایتی ئەلکترۆنی )بێت لەم پارێزگایە دا بوونی نیە .

---

[١] - عامر ابراهيم قنديلجى ،البحث العلمى واستخدام مصادر المعلومات ،(بغداد: دار الشؤن الثقافة العامة ،١٩٩٢ ) ص ١٤٥

*- مادلین گراویتز : زانایەیکی بواری کۆمەڵناسیە ،خاوەنی چەندین کتێبە لە وانە (مناهج العلوم الاجتماعيه) کە وەرگێراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی،لە ساڵێ ١٩١١ لەشاری مارسیلیا فەرەنسا لە دایک بووە لە ساڵێ ٢٠٠٨ کۆچی کردوە.

[٢] - عابدي لادمية ،الاتصال الاسري في ضل التكنولوجيات الحديثة للاعلام والاتصال ،رسالة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم الاتصال والاعلام ،جامعة باجي مختار ،عنابة ،٢٠١٤ ،ص ٣٦ .

## ٢- مشتی توێژینەوە

مشتی توێژینەوە بریتییە لە بەشێک لە و کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات.(١) یاخود پێکهاتەیەکی هەڵبژێراوەلە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، دەتوانرێت ئەنجامەکانی بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دا .(٢)

بۆ هەڵبژاردنی مشتی توێژینەوەکە لە کۆمەڵی گشتی توێژەر لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆک ) لە هەر پارێزگایەک دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی لەسەرئەو بنەمایەی کە ئەو دامەزراوەیە خاوەنی زیاد لە ئامرازێکی ڕاگەیاندن بێت، کە خۆی لە( ڕۆژنامەو گۆڤار، تەڵەفیزۆن ،رادیۆ ،سایتی ئەلکترۆنی) دەبینێتەوە هەڵبژێردراوە، کە بۆ دیاریکردنی ئەمە سوود وەر گێراوە لە ئاماری ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە لە لایەن (وەرزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە)تۆمارکراون لە گەڵ سوود وەرگرتن لە ئاماری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان تۆمار کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٢ ).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەرسێ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (( **وار،ڕووداو**،NRT )) وەک مشتی توێژینەوەکە بە ڕێژەی( ٢٠% ) وە رگرتووە کە کۆی گشتی کادرو ڕۆژنامەنوسانی هەرسێ دامەزراوەکە (١٠٥٦) دەبێت، (٢٠%) ئەو ڕێژەیە وەرگیراوە کە دەکاتە (٢١٢) ژمارەی بەرتوێژەکان* ، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (٢١٢) فۆرمی بەسەر ڕۆژنامەنوسان وکارمەندانی هەرسێ دامەزراوەکەدا دابەشکردوە.

بەڵام لە کۆی ئەو ٢٠١٢ فۆرمە ( ٢٧) فۆرمی لە کارکەوتوە (تەلەف) بۆیە ئەو ژمارەیە دورخراوەتەوە ، وەک لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو پاش دور خستنەوەی فۆرمە لەکارکەوتوەکان بۆ هەرسێ دامەزراوەکە کۆی گشتی ئەو فۆرمانەی کە چووەتە پرۆسەی کرداره ئامارییەکانەوە (١٨٥) فۆرمە، بە جۆرێک دامەزراوەی میدیایی ڕووداوە (٤١%) ڕێژەی سەدی پێکدێنێت کە بەرزترین ڕێژەیە هاوکات دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (وار) کەمترین ڕێژە پێکدێنێت کە بریتییە لە (٢٩%) هەروەها دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (nrt) کە ڕێژەکەی نزیکە لە (وار)وە ڕێژەی ٣٠% کۆی گشتی پێکدێنێت، جیاوازی ڕێژەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر دامەزراوەیەک لە کۆی گشتی ژمارەی کارمەندانی ڕێژە (٢٠%) وەر گیراوە بڕوانە خشتەی (١)

---

(١)- سابیر بۆکانی ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٦

(٢) - السيد، سميرة احمد ، مصطلحات علم الاجتماع ، ( المملكة العربية السعودية : مكتبة الشرقية ،١٩٩٧ ) ص١٣٣

* بروانە پاشکۆی (٢)

خشتەی (١) خستنە ڕووی ژمارەی ئەو فۆرمانەی کە لە کردارە ئامارییەکەدا بەکارهێنراوە

| کەناڵ | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕووداو | ٧٦ | ٤١,١ |
| NRT | ٥٥ | ٣٠ |
| WAAR | ٥٤ | ٢٩,٢ |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ |

## چوارەم: سنووری توێژینەوەکە

١- **سنوری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراوە، واتە سنوری جوگرافییەکەی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە .

٢- **سنوری کات:** ئەو کاتەی کە پێویست بووە بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی توێژینەوەکە دەکەوێتە نێوان ڕۆژانی ( ٢٠-٧- ٢٠١٩ تا١٠- ١٢-٢٠١٩ )

٣- **سنوری مرۆیی:** سنوری مرۆیی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ڕۆژنامەنوسان و کارمەندان و بەڕێوەبەرانی هەرسێ دامەزراوەککانی( NRT ، ڕووداو، دامەزراوەی وار )،کە ژمارەیان ( ١٨٥ ) کادیریی ڕاگەیاندن و (٣) بەڕێوەبەری گشتی هەرسێ کەناڵەکە .

٤- **سنوری بابەت:** زانستی ڕاگەیاندن ئاوەنیا بە کاریگەرێتی ئابوری- دارایی و ئاماژەدان بەشێوازو جۆری کارلێککردنی ئەو دوو زانستە لەسەر یەکتر و لێکەوتەکانیان لە دۆخی ڕودانی تەنگژەی دارایدا .

## پێنجەم: کۆپێوەرەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە :

**ا – فۆرمی ڕاپرسی وپێوەر(المقیاس**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە کۆمەڵێک پێوەری زانستی تایبەت بە پێونەکردنی گۆراوەکانی توێژینەوە بەستووە،بەمەبەستی گەیشتن بە بەرزترین ئاستی دابینی پێوەری گۆراوەکان (ضبط قیاس المتغیرات)توێژەر بەم شێوەی خوارەوە نەخشەسازی و بونیادی پێوەرەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە:

١ - پێوەری کاریگەرێتیەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر کارمەندان وڕۆژنامەنوسان کردوە، ئەم پێوەرەش برستیە لە دوو پرسیاری سەرەکی (٧،٨ ) فۆرمی ڕپرسیەکەدا ئاماژەی پێدراوە پرسیاری ٧ تەنگژەی دارایی بۆت هۆی ڕاوەستانی ڕۆژنامەنوسان لە کارەکەی کە دوو پلەی وەرگرتووە، هەوەها پرسیاری ٨ هەروەها تەنگژەی دارایی کاریگەریی ڕاستەو خۆی هەیە لەسەر کەمبونەوەی مووچە

ئەم پرسیارەش دوو پلەی وەرگرتوە، كۆی پێوانەكردنی پلەكانی ئەم پێوانە كردنە لە نێوان (١_٧)پلەدایە .

٢- پێوەری ئاستی كاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر ناوەرۆكی بەرهەمە میدیاییەكان و شێوازی كار كردنیان .لەم پێوەرەدا ،پێوانەی( لیكەرتی پێنجی) بەكار هاتووە ،مەودار (٥-١ =٤) هەژمار كراوە پاشان دابەشكراوە بەسەر (٥) دا ،كە ژمارەی ماوەی پێوەرەكەیە بە مەبەستی دەستكەوتنی درێژی ماوەی بڕگەكان ،كەواتە (٥/٤= ٠,٨ )پاشان خستنەسەری ئەم بەهایە بۆ سەر كەمترین بەها لە پێوەرەكەدا كە ژمارە یەكی تەواو. وەك لەخشتەی (٢) دیارە .

بۆ ئامادەكردن و دروستكردنی سەرەتایی فۆرمەكە كە پێكدێت لە (پێوەر،ڕووپێویی) ) وەك ئامرازی توێژینەوە توێژەر كۆمەڵێک هەنگاو رێو شوێنی گرتۆتە بەر :-

١- سوودوەرگرتن لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەكە، كە هاوكارێكی گەورەبووە لە داڕشتن و دروستكردنی كۆمەڵێك لە برگەی فۆرمی پێوەر و و راپرسیەكە.

٢- سوود وەرگرتن لە توێژینەوەكانی پێشوو كە نزیك بوون لە بابەتەكە و هەروەها سوود وەرگرتن لێیان ودارشتەوەیان بەجۆرێك كە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشتی كۆمەڵگە توێژینەوەكە و خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەكە بكات.

٣- توێژەر سوودی لە ڕاو بۆچوونی چەند پسپۆرێكی بواری ڕاگەیاندن وئابوری وەرگرتووە.

پاش جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانە فۆرمەكە بەشێوەی سەرەتایی پێكهێنرا، كە لە سێ بەشی سەرەكی پێک دێت لە بەشی یەكەمدا؛ (زانیارییە گشتییەكان)ی تایبەت بە بەرتوێژان خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمدا؛ كە بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی (بەڵێ ) (نەخێر) و دیاریكردنی بژاردە پرسیارەكان خراوەتەڕوو، بەشی سێیەم؛ بریتییە لە پێوەر (المقیاس) بۆ دیاریكردنی ئاستی كاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە دیدی رۆژنامە نوسانەوە كە (پێوانەی لیكەرتی پێنجی ) (لیكرت الخماسی ) بەكارهاتووە لە رێگەی ١٤ برگەوە پرسیارەكان خراوەتەڕوو بڕوانە خشتەی (٢)

خشتەی (٢) هێزی بڕگەكانی ئامرازی ئاماری توێژینەوەكە پیشان دەدات

| پلەی هاوڕایی | بەتەواوی هاورام | هاورام | بێلایەن | هاورانیم | بەتەواوی هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهای پێوەر | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |

بۆ دیارییكردنی ئاستی گرنگی هەریەک لە بڕگەكان ( بەهای ناوەندە ژمێریی) هەریەک لە بڕگەكان وەرگێراوە بە پشت بەستن بە (پێوەریی لیكەرتی پێنجی)،كە تایبەتە بە ئاستی دیدوبۆچون، بەم جۆرەی خوارەوە:-

درێژیی ماوە= کۆی ژمارەکان -١ ÷ کۆی هەڵبژاردنەکان = ٤÷ ٥ = ٠,٨ [١]

| بەهای ناوەندە ژمێریی | پلەی هاوڕایی |
|---|---|
| کەمتر لە ١,٨ـــ ١ | بەتەواوی هاوڕانیم |
| کەمتر لە ٢,٦ ـــ ١,٨ | هاوڕانیم |
| کەمتر لە ٤. ٣- ٢,٦ | بێ لایەنم |
| کەمتر لە ٤,٢- ٣,٤ | هاوڕام |
| کەمتر لە ٥ -٤,٢ | بەتەواوی هاوڕام |

سەرچاوە :پشتبەستن بەزانیارەیکانی فۆرمی پێوانەیی

## ب- چاوپێکەوتن

توێژەر فۆرمی چاوپێکەوتنی وەک یەکێکی دیکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە لە ڕێگەی ئامادەکردنی پرسیاری تایبەت سەبارەت بە ئاستی کاریگەرێتی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە پرسیار بۆ بەرپرسی هەسێ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (ڕووداو،وار،NRT) ئامادە کردووە ،لە ئامادەکردنی گفتوگۆنامەکەدا توێژەر پشتی بەمانەی خوارەوە بەستوە :-

١- پشت بەستن بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئامانجانە دیاریی کردووە و پرسەکانی ناو توێژینەوەکە تەوەرو برگەکانی فۆرمی (گفتوگۆنامەکە ) ڕێکخراوە

٢- پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی و پێوەر کە توێژەر بەرەچاو کردنی گونجاویی پرسیاری چاو پێکەوتنەکە لەگەڵ برگەو پرسیاری پێوەرو برگەی ڕاپرسیەکەدا لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە توێژەر دیاریی کردووە .

٣- سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو کە نزیك بوون لە بابەتەکە و هەروەها سوود وەرگرتن داڕشتەوەیان بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشتی کۆمەڵگە توێژینەوەکە و خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە بکات.

## شەشەم : ڕاستی و جێگیریی

ئەم هەنگاوە بۆ دڵنیابوونە لە ئاستی زانستی وئەکادیمی فۆرمی ڕاپرسی و(پێور)کە وەک ئامرازێکی لێکۆڵینەوەی زانستی، توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەو وەرگرتنی زانیارییەکان بەکاری هێناوە و لە دروستکردنی فۆرمەکەدا لە تەوەری یەکەمدا؛ ڕاپرسی بەکار هێناوە لە تەوەری؛ سێیەمدا

[١] - شیرین صالح محمد امین ، ڕەوشی پلانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا ، قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی بەنمونە ، نامەی ماستەر ،بڵاو نەکراوەتەوە ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی کۆمەڵناسی ، ٢٠١٥ ، لا ٧٥

پێوەر (المقیاس) ی بەکار هێناوە لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری کە ئەویش (چاو پێکەوتن) ە بەم جۆرەی خوارەوە ڕاستیەکەی بۆ هەڵسەنگاندون .

**١- ڕاستێتی ڕواڵەتی  فۆرمی ڕاپرسی**

بەمەبستی پێوانەکرنی ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی توێنەوەکە ،توێژەر لە هەنگاوی یەکەمدا ڕاستێتی ڕواڵەتی ەبکار هێناوە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسیەکە، پیش ئەوەی ئەو فۆرمە بخرێتە بواری کارکردن و دابەش بکرێت بەسەر بەرتوێژەکاندا بۆئەوەی بگەینە فۆڕمێکی زانستی فۆرمەکە دراوەتە پسپۆر و شارەزا لە هەردوو بواری ڕاگەیاندن و ئابوریدا کە بریتین لە (٩) هەڵسەنگێنەر. ** سورجەم تێبینیەکانیان وەرگێراوەو توێژەر ڕاستکردنەوەی پێویستی لەسەر ئامرازی توێژینەوەکە جێبەجێکردوە بەمەبەستی گەیشتن بە کۆتا شێوەی فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکراو بۆ پراکتیزە کردنی مەیدانی .

**هاوکێشەی ڕاستێتی فۆرمەکە=ژمارەی بڕگەوپرسیارە پەسەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشتی بڕگەکان× ١٠٠**

**کەواتە ڕاستێتی فۆرەمەکان =٢٤٥÷ ٢٥٢= ٩٧,٢٢***** ، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زانستیی گونجاوە و ئاستی ڕاستودروستی فۆرمی ڕاپرسیەکە دەردەخات، بەگشتی تێبینیەکانی پسپۆران لەسەر داڕشتنەوەو ڕێکخستنەوەی بڕگەکان بووە یان زیادکردنی چەند برگەیەک .لە پاشکۆی(٣) دا فۆرمی ڕاپرسیەکە پێش و پاش هەڵسەنگاندن خراوەتە ڕوو.

**٢- ڕاستێتی رواڵەتی بۆ فۆرمی چاو پێکەوتن**

پاش ئامادە کردنی گفتوگۆنامە (فۆرمی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن) بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕاستێتی رواڵەتی، پرسیاری چاو پێکەوتنەکە پێشکەشی (٦)**** پسپۆرو هەڵسەنگێنەرکراوە

---

**- ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر

١. پ. د. کاوە محمد فرج قەرداغی،پسپۆری بواری ئابوری ، کلیة الادارة والاقتصاد – قسم ادراة الاعمال –الجامعة السلیمانیة
٢. پ. د. سابیر بەکر مستەفا بۆکانی، پسپۆر لە سایکۆلۆژیای پەروەردە ، بەشی باخچەکان- کۆلێژی پەوەردەی بنەرەتی – زانکۆی سلێمانی .
٣. پ .ی د. ابتسام اسماعیل قادر، پسپۆری ڕاگەیاندن ،بەشی ڕاگەیاندن -کۆلێژی زانستە مرۆڤا یەتیەکان- زانکۆی سلێمانی.
٤. پ.ی.د. سلام نصرالدین ، پسپۆری ڕاگەیاندن ،بەشی ڕاگەیاندن – کۆلێژی زانستە مرۆڤا یەتیەکان -زانکۆی سلێمانی.
٥. د. سلام منعم زامل، پسپۆری ئابوری و ڕاگەیاندن ،قسم الاقتصاد- کلیة الادارة والاقتصاد -جامعة الواسط
٦. پ.ی.د. فوئاد علی احمد ، پسپۆری ڕاگەیاندن ،بەشی ڕاگەیاندن – کۆلێژی زانستە مرۆڤا یەتیەکان -زانکۆی سلێمانی
٧. پ.ی.د. نەزاکەت حسین حەمەسەعید ،پسپۆری ڕاگەیاندن،بەشی ڕاگەیاندن-کۆلێژی زانستە مرۆڤا یەتیەکان-زانکۆی سلێمانی.
٨. پ.ی.د. هێمن مەجید حسن ، پسپۆری ڕاگەیاندن ،بەشی ڕاگەیاندن – کۆلێژی زانستە مرۆڤا یەتیەکان-زانکۆی سلێمانی.
٩. پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی ،پسپۆری ڕاگەیاندن ، بەشی تەکنیکی میدیا ،زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

***- بڕوانە پاشکۆی (٤) ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی و پێوانەیی.

****- بڕوانە پاشکۆی (٦)ڕاستێتی فۆرمی چاوپێکەوتن و ناوی هەڵسەنگێنەران

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمی چاوپێکە و پاش ئەوەی پسپۆران لە ڕێگەی سەرنج و تێبینیەکانیانەوە پرسیاری چاوپێکەوتنەکەیان هەڵسەنگاند، ئەوەش بە چاککردن و لابردن و زیاد کردنی هەندێک پرسیار دواتر پاش پەسەند کرنی پرسیارەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە، پرسیارەکان بۆ( ٣١ ) پرسیار کەمکرایەوە بۆبینی فۆرمی چاوپێکەوتن پێش و پاش چاکردن بڕوانە پاشکۆی (٥).

**٢- جێگریی ئامرازي توێژینەوەکە Reliability Statistics:**

**- جێگیری فۆرمی ڕاپرسی:** لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشکردەیی (Pre-test) بۆ فۆرمی ڕاپرسیەکە ،ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی لەسەر مشتی ک لە بەرێژەی ١٠% کە هەمان تایبەتمەندێتی مشتی توێژینەوەکە ی هەیە، بۆ دڵنیایی لە جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە دووبارە دابەشکردنەوەی فۆرم بەست کە لە کۆی ١٨٥ فۆرم (١٥) فۆرمی دووبارە دابەشکردتەوە، بەرنامەی (S.P.S.S.) پاکێجی ئاماریی بۆ زانستە مرۆییەکان بە بەکار هێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرۆنباخ Cronbach's alpha) و بە ڕێگەی ڕێکی ناوەکی (الاتساق الداخلي Internal Consistency) جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی دەرهێناوە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بووە بەهای هاوکێشەی (ئەلفاکرۆنباخ) بریتییە لە (٠,٩٦٥ ) هەروەها (Guttmann split half التجزئة النصفة) کەشی دەکاتە ٠,٩٩٤، کەواتە نمرەی گشتی جێگیری فۆرمەکە بریتییە لە ( ٩٦٠٥%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە .

## حەوتەم: ڕێکارە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا ئەو ڕێکار و هەنگاوانە خراوەتە ڕوو کە لە پاکێجی ئاماری توێژینەوەکەدا پشتیپی بەستراوە.توێژەر لەم توێژینەوەیدا پشتی بەستووە بە پێوەر(المقياس)ی بەراوردکاریی بەرێکاری یەک لە دوای یەکی ( مقياس ليكەرتی پێنجی) بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە پێکدێت لە ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانی ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە لەلایەن توێژەرەوە دیاری کراوە وەک مشتی توێژینەوەکە، خۆی لەهەرسێ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (ڕووداو،WAR، NRT) دەبینێتەوە و ژمارەیان (١٨٥) بەرتوێژە بەمەبەستی پێوانە کردنی (ڕەفتاری) ی بەرتوێژەکان بەپێی ئامانجی توێژینەوە کە.

دوای دڵنیابوون لەوەی تەواوی بڕگەکانی توێژینەوەکە لەلایەن یەکەکانی توێژینکەوە وەڵام دراوەتەوە ،بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بە بەرنامەئاماری (S .P.S.S) فۆرمەکان بەتاڵکراونەتەوە .بۆ شیکردنەوەو دەرهێنانی ئەنجامەکان سود لەم کردارە ئاماریانەی خوارەوە وەرگیراوە:-

**١- ڕێژەی سەدی = بەش ÷ گشت ×١٠٠.**

٢- ناونده ژمێرەیی   س = مج س×ن ÷ مج ن .[١]

ع = لادانی پێوەریی .
ن= ژمارەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە .
٣ - تاقیکردنەوە هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ ( one –sample T –test) :- چەند بارەی سادە
٤- بە کارهێنانی هاوکێشەی ئاماری پێرسۆن (Person correlation Coefficient) هاوکێشەی وابەستەی پێسۆن ،کە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیە
بۆ دەرخستنی هێزی بڕگەکان .[٢]

٥- هاوکێشەی ئاماری T بۆ یەک نمونە ( t.test for one sample) .

٦- شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA) ی بە کارهێناوە بۆ لێکدانەوەی دەلالەتی ئاماریی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەییەکان (المتوسط الحسابي ) زیاتر لە دوو کۆمەڵەی بەرتوێژان لە یەکێک لە گۆراوەکان لە جۆری دووری یان رێژە .

**هەشتەم :  پەیوەندی نێوان هێزی بڕگەکان ونمرەی گشتی فۆرمەکە(راستێتی بڕگەکان )**

بەمەبەستی خستنە ڕووی هێزی کۆی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە کە ئایا بڕگەکانی بەهێزە یان لاوازە، توێژەر پشتی بە دەرهێنانی پەیوەندی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی فۆرمەکەوە، بە بەکارهێنانی یاسای (Pearson) پێرسۆن بەستووە ، بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر هاتوو پەیوەندی نێوان هەر بڕگەیەک لەگەڵ کۆی گشتی کەمتر بوو لە (١,١٩ ) ئەوە ئەو بڕگەیە دەردەهێنرێت و هەژمار ناکرێت لە کردارە ئامارییەکان، بەڵام پاش ئەوەی ئەم یاسایە بە سەرکۆی بڕگەکاندا جێبەجێکرا ، دەرکەوت کۆی گشتیی بڕگەکان بەهێزن، هیچ یەکێک لە بڕگەکان لاواز نین و نەکەوتون. هەروەها هیچ یەکێک لە بڕگەکان، sigبەڵگەداریی ئامارییەکە لە (٠,٠٥ )گەورەتر نیە کەواتە لە ئاستی بەڵگەداریی ئامارییدایە، ئەمە مانای وایە کە توانراوە کردارە ئامارییەکان بە سەرکۆی بڕگەکاندا جێبەجێ بکرێت. بڕوانە خشتەی (٣)  .

**خشتەی (٣) پەیوەندی نێوان هێزی بڕگەکان ونمرەی گشتی فۆرمەکە**

| بڕگەکان | Pearson Correlation | بەڵگەداریی ئاماریی s.ig |
|---|---|---|
| ١ | ٤١٤ | ٠,٠٠ |
| ٢ | ٤٨٩ | ٠,٠٠ |
| ٣ | ٧٢١ | ٠,٠٠ |
| ٤ | ٦٥٦ | ٠,٠٠ |

[١] -م. بلالوك،هيربرت ،الاحصاء الإجتماعي،ترجمة:عثمان الحسن محمد و سليمان محمد رضوان،( الرياض : مكتبة العبيكات ، ٢٠٠٠) ط٢ ،ص ٩٦

[٢] - مروان عبدالعزيز دبدوب ،استخدام مصفوفة ارتباط مقترحة في التحليل ألعاملي ، (**قسم الاحصاء والمعلوماتية ،جامعة موصل** ) بحث منشور ،**مجلة التربية والعلم –مجلد (٢٣) ،العدد (٢) سنة٢٠١٠** ، ص ١٦٨

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | ٤٧٧ | ٠,٠٠ |
| ٦ | ٤٩٦ | ٠,٠٠ |
| ٧ | ٣٩٨ | ٠,٠٠ |
| ٨ | ٤٣٦ | ٠,٠٠ |
| ٩ | ٦٤٣ | ٠,٠٠ |
| ١٠ | ٧١٥ | ٠,٠٠ |
| ١١ | ٢٧٧ | ٠,٠٠ |
| ١٢ | ٢٢٢ | ٠,٠٢ |
| ١٣ | ٤٩٨ | ٠,٠٠ |
| ١٤ | ٣٧٥ | ٠,٠٠ |

**خستنه ڕووی هێزیی جیاکەرەوەی بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (T) (القوة التميزية )**

بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی باڵاو کۆمەڵەی نەوی، نمرەی گشتی فۆرمەکە لە نزمترین نمرەوە بۆ بەرزترین ریز دەکرێت، دواتر ٢٧% بەرزترین و ٢٧% نزمترین وەردەگیرێت بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لە کۆی (١٨٥) فۆرم (٥٠) فۆرمی سەرەوە کە بەرزترین رایان هەبووە لەگەڵ (٥٠) فۆرم کە نزمترین ڕایان هەبووە بۆ هەر بڕگەیەک بەراورد کراون بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا بەرتوێژەکان جیاوازی لە بۆچونەکانیاندا هەیە، بۆئەم مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی T( (تا) ی خشتەیی بەکارهێناوە بۆ مشتی توێژنەوەکە بۆ( دو مشتی سەربەخۆ )، کە بەهای (تا) ی دەرهێناوە لەگەڵ ( بەڵگەداری ئاماری sig ) ,بەو شێوەیەی کەپێشترخرایە ڕوو (sig) ئاستی بەڵگەداریی ئامارییەکەی لە (٠,٠٥ ) گەورەتر نیە ، کەواتە کۆمەڵەی نەوی و باڵا بۆچونەکانیان جیاوازیی هەیە ، دەرکەوتوە پەیوەندی هەیە لە نێوان کۆمەڵەی نەوی و کۆمەڵەی باڵا ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەڵگەداریی ئامارییە ،بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (٤)خستنە ڕووی هێزی جیاکاریی بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (T)

**T.TEST**

| ڕگەکان | گروپەکان | N | Mean ناوەندە ژمێرەیی | Std. Deviation لادانی پێوەریی | بەهای (T) هەژمار کراو | Sig.۲-tailed ئاستی بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٣٨ | .٩٤٥ | ٤,٤٥٣ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٣,٣٨ | ١,٢٧٦ | | |
| ٢ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٠٠ | ١,١٧٨ | ٦,٥١٣ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٤٢ | ١,٢٤٧ | | |
| ٣ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٥٨ | .٦٧٣ | ١٣,٥٣٤ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٤٩ | ٢,٢٢ | ١,٠٢٦ | | |
| ٤ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٣٤ | ١,٠٨١ | ١٠,٥١٥ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,١٤ | ١,٠١٠ | | |
| ٥ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٣,٤٠ | ١,٤٢٩ | ٦,٦٧٣ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ١,٧٤ | ١,٠٢٦ | | |
| ٦ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٢٨ | .٧٥٧ | ٧,٣٢٤ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٨٦ | ١,١٤٣ | | |
| ٧ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٣,٠٤ | ١,٤٧٠ | ٥,٣٧١ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ١,٧٢ | .٩٢٧ | | |
| ٨ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٣٨ | .٩٠١ | ٦,٢٠٤ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٩٨ | ١,٣١٧ | | |
| ٩ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٣٨ | ١,٠٤٨ | ٨,٨٩٣ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٤٦ | ١,١١٠ | | |
| ١٠ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٢٦ | .٨٩٩ | ١٢,٦٤٧ | .٠٠٠ |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ١,٩٤ | .٩٣٥ | | |
| ١١ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٣,٨٠ | ١,١٠٧ | ٣,١٤١ | .٠٠٢ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٩٨ | ١,٤٧٨ | | |
| ١٢ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٣,٦٢ | ١,٤٢٧ | ٢,٦٢٢ | ٠١٠. |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٨٦ | ١,٤٧١ | | |
| ١٣ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٢٠ | ٩٦٩. | ٦,٣٥٩ | ٠٠٠. |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٢,٨٢ | ١,١٩٠ | | |
| ١٤ | کۆمەڵەی باڵا | ٥٠ | ٤,٦٦ | ٧٤٥. | ٥,٤١٣ | ٠٠٠. |
| | کۆمەڵەی نەوی | ٥٠ | ٣,٣٨ | ١,٤٩٧ | | |

بەهای (T) ی خشتەیی = ٢,٠٠٩

# بەشی دووەم

## (چەمکی تەنگژە و تەنگژەی دارایی هۆکار و لێکەوتەکانی )

**باسی یەکەم : چەمک و پێناسەی تەنگژە،جۆر و تایبەتمەندییەکانی**

**یەکەم : چەمک و پێناسەی تەنگژە**

**دووەم : جۆرەکانی تەنگژەو رەهەندەکانی**

**سێیەم : خەسڵەت و تایبەتمەنییەکانی تەنگژە**

**چوارەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی تەنگژە**

**پێنجەم : ئیدارەدان و بەرێوەبردنی تەنگژە .**

**باسی دووەم : چەمک و پێناسەی تەنگژەی دارایی هۆکارو لێکەوتەکانی.**

**یەکەم :چەمك و پێناسەی تەنگژەی دارایی**

**دووەم : هۆکارەکانی ڕوودانی تەنگژەی دارایی**

**سێیەم : گاریگەرێتیی و لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی**

**چوارەم :سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان هۆکار و لێکەوتەکانی**

**لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا**

**دەستپێک :** توێژەر لەم بەشەدا تیشک دەخاتەسەر هەردووچەمک تەنگژە بەشێوەیەکی گشتی و تەنگژەی دارایی بەتایبەت کەیەکێکە لە گۆراوەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە، تەنگژە یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرتر لە پسپۆرییە جیاوازەکاندا بەکاردێت ، بۆیە توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە ئەو پێناسانەی بۆ تەنگژە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو پسپۆرییە بێت توێژینەوەکەی تێدا

ئەنجام دەدرێت.[١]لەباسی یەکەمدا توێژەر هەوڵدەدات بەشێوەیەکی گشتی تیشک بخاتە سەر چەمکی تەنگژە ناساندنی چەمکەکە لە ڕووی زامانەوانی و خستنە ڕووی جۆر و تایبەتمەندییەکانی و هۆکارەکانی ڕوودانی، توێژەر لەباسی دووەمدا تیشکدەخاتە سەرچەمکی تەنگژەی دارایی کە یەکێکە لە گۆراوە سەرەکییەکانی توێژنەوەکە، ئەوەیش لەرێگەی ناساندنی چەمکەکە و هۆکارو لێکەوتەکانی تەنگژەی دارای بە شێوەیکی گشتی تەنگژەی دارایی لەهەرێمی کوردستاندا بەتایبەت و لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەاکنی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستاندا . تەنگژە داریی وئابوورییەکان بە یەکێك لە گەورەترین ئەو دیاردانە هەژماردەکرێت، کە کاریگەرییەکی گەورە و قوڵی بەسەر چالاکی ئابووریی و پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەجێ دەهێڵێت، بۆیە کاتێك تەنگژەیەك ڕوودەدات پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی هەردام و دەزگایەك یان یەکە کارگێڕییەکانی وڵات بەشێوەیەکی گشتی خۆیی لەو کاریگەرێتی و لێکەوتانە رزگار بکات کە دروستی دەکات، ئەمە جگە لەوەی هەر تەنگژەیەك کە ڕوو دەدات کاریگەرێتی لە سەرکایە جیاوازەکانی ،( سیاسی ،کۆمەڵایەتی ،ئابووری ،رۆشنبیری و دەرونی ...) دەبێت، تەنگژەیی دارایی لە ئێستادا یەکێکە لە تایبەتمەنییەکانی سەردەمی نوێ، هەر بۆیە بووەتە بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخ و پرسی توێژینەوەکانی توێژەران، ئابووریی ناسان و پسپۆرانی ئەم بوارە، هەر بەهۆی ئەو بایەخە گرنگەی کە ئابووری هەیەتی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئەمە وای کردووە سیاسییەکان و توێژەرانی بواری کۆمەڵناسیش لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە بایەخ بەم بوارە بدەن .[٢]

# باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی تەنگژە و تایبەتمەندی و جۆرەکانی

## یەکەم : چەمك و پێناسەی تەنگژە Crisis

سەبارەت بە چەمکی تەنگژە چەند پێناسە و تێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بەم چەمکە خراوەتەڕوو کە پسپۆرانی ئەم بوارە هاوڕان لەسەری ، لەگەڵ دیاریکردنی تایبەتمەندی جۆری تەنگژە لە سەر بنەمای سروشتی تەنگژەکە لێرەدا تێشک دەخەینەسەر گرنگترین ئەو پێناسانەی کە بۆ ئەم چەمکە کراوە.

١ - السيد السعيد عبد الوهاب محمد ، استرتييجيات ادارة الازمات والكوراث دور العلاقات العامة ، ،(قاهيرة: منتدي سور الازبكية ،٢٠٠٦ )ص ٣٠ -٣١

[٢] - نبیل جعفر عبدالرضا ،سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣-١٤

## ١. تەنگژە لە ڕووی زمانەوانییەوە

تەنگژە (Crises) ئەم چەمکە لەسەرەتادا وەك چەمکێکی زانستی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە بواری زانستی ئابووری و کارگێریدا بە شێوەیکی بەرفراون بەکاردەهات ئەمە بووە بنەمایەك بۆ دروستکردنی چوارچێوە و دانانی بەرنامەیەکی زانستی و پراکتیکی لە بوارێکی نوێی کارگێریدا کە ئەویش بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی تەنگژەیە، ناکرێت لەیەک ڕەهەندەوە پێناسە و تاوتوێی ئەم چەمکە بکرێت، چونکە چەمکێکی گشتگیرو فرەڕەهەندە، هەرئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی نەتوانرێت پێناسەیەکی گشتگیری بۆ ئەم چەمکە بکرێت و سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکانی لە خۆ بگرێت.(١)

دائیرەی مەعاریف بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم جۆرە چەمکی تەنگژە دەناسێنێت: بریتییە لە دروستبوونی کێشەیەکی کتوپڕ لە پەیوەندی نێوان داخوازی و خستنە ڕوودا لە دراوی نەختینەو کەلو پەل و سەرمایەدا .(٢)

پێناسەی چەمکی تەنگژە تارادەیەك پێناسەو ناونانێکی هەژارە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەتایبەت لە فەرهەنگە نوێکان زۆربە کەمی باسی کراوە، بەڵام لە فەرهەنگە کۆنەکانی زمانی کوردیدا باشتر پێناسەی ئەم چەمکە کراوە، جێی سەرنجە لە زمانەکانی دیکەی وەك عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەی کە چەند هاووتایە هەیە بەرامبەر زاراوەی تەنگژە، بەڵام هەموو لە سەر بەکارهێنانی یەك ووشە ڕێك کەوتون ، بۆنمونە لە زمانی عەرەبیدا بەشێوەیکی زیاتر و بەرفراوان چەمکی (ألأزمة) بەکاردێت لە زمانی ئینگلیزیشدا (Crises) وەك چەمکێکی زانستی بەکاردێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا تارادەیەك بۆچونەکان کۆکنین لەسەر بەکارهێنانی یەك وشە بۆ ئەم چەمکە، زیاد لە هاووتایەکی بۆ دیاریکراوە لە فەرهەنگە کوردیەکاندا، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی وەك چەمکێکی زانستی لە زمانی کوردیدا هەرسێ وشەی (قەیران ،تەنگژە ،ئاریشە) بەکاردێت کە ئەمانە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام هێشتا ساغنەبووەتەوە کامیان زانستی تر و گونجاو ترە لە ڕووی بەکارهێنانەوە بۆچونەکان تارادەیەك لەسەر هەرسێ چەمکەکە هاوشێوەن (٣). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنانی چەمکی (تەنگژە ) بە گونجاو دەزانێت لە بەرامبەر چەمکەکانی دیکە وەك (قەیران و ئاریش) .

فەرهەنگی وێبستەر Webster بەم جۆرە وشەی تەنگژە لێکدەداتەوە، بریتییە لە کاتێکی

---

[٢]- ایمان محمود عبدالطيف ،الازمات المالية الاسباب والاثار والمعالجات ،جامعة سانت كليمنتس العالمية العراق قسم الاقتصادالعام ،سنة دراسية ٢٠١١،بحث لنيل الشاهادة الدكتورا ،بحث الكتروني pdf،ص٢٠ ،المتاحة في الرابط :
http://stclements.edu/grad/grademan.pdf

(٢) - محمد احمد جلال ،اداره الازمات الماليه ،(عمان : دار خالد الحيانى لنشر والتوزيع ، ٢٠١٦ ) ص ١١ ، pdfكتاب، سەیری ئەم لینکە بکە
https://books.google.iq/books?id=kO٢sDQAAQBAJ&printsec=frontcover&dq=%D٨٪A

(٣) --سەردار عەبدوڵا ،قەیران و ڕاگەیاندن ،(هەرێمی کوردستان ، ٢٠١٥) لا ٨-١٠

نەخوازراو ناجێگیر، کە چاوەڕێی ڕوودانی گۆرانکاریەکی یەکلاکەرەوە دەکرێت، کە بەهۆی هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی و بوونی کێشە بەرێوەبردن و کارگێڕیەکانەوە روو دەدات.[١]

تەنگژە لە زمانی ئینگلیزیدا ( crises) بەکاردێت بەمانای "خاڵی گۆرانکاریی دێت Turning) (pointیاخود بەمانای ساتەوەختی بڕیاردان ( The decisive moment) ئەو کاتەی پێویستە بڕیاری یەکلاکەرەوەی تێدا بدرێت، بە هۆی ئەو ڕوداوەوە گۆڕنکارییەکی گەورە ڕوودەدات جا ئەو گۆرانکارییە ڕەنگە بەرە و باشتر یان خراپتر بێت.[٢]

چەمکی تەنگژە بریتییە لەو بارودۆخە دیاریکراوەی کە ڕوبەڕووی کەسانی خاوەن بریار دەبێتەوە لە دامودەزگا کارگێریە جیاوازەکانی وەك(دەوڵەت، دامودەزگا، پرۆژە ،خێزان ) ڕووداوەکان بە شێوەیەکی کتوپرو یەك بە دوای یەکدا ڕوودەدەن، کە ئاڵۆزی و تێکەڵی لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو کێشە و رووداوە بە دوای خۆیدا دێنێت و دەستنیشانکردنی هۆکارو خستنە رووی چارەسەرەکان کارێکی مەحاڵ دەبێت، بەجۆرێك دۆخەکە لە ژێر دەسەلآتی کەسانی خاوەن بڕیار دەردەچێت و توانای بریاردانیان نامێنێت، سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە پێویستە لە داهاتوودا بنرێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە .[٣]

پێناسەی تەنگژە لە رووی ئابورییەوە دەکرێت وەك دیاردەیەك لە تەنگژە بڕوانین، لێرەوە لە سەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی کەلێیدەکەوێتەوە، وەك دیاردەیەك دەکرێت پێناسەبکرێت بەوەی کەتەنگژە بریتییە لە داروخانی بازاری دراو پێکدادانە نەخێتینەیەکان و بێکاری بەردەوام .[٤]

تێگەیشتن و پێناسە کردنی تەنگژە لە گۆشە نیگایەکی مارکسی تەقلیدیەوە: بریتییە لەوەی ئەو جۆرەیە لە تێگەیشتن کە پێیوایە نارێکوپێکی لە رێگاو شێوازی بەرهەمهێنان و دەسەلآتی سەرمایەداری هۆکارە بۆ دروستبوونی تەنگژە .[٥]

**تەنگژە** : بریتییە لە بارودۆخێکی نائاسایی و کتوپر، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ریزبەندی رووداوەکانی رۆژ یاخود تێکچوونی شێوازیی ئاسایی ریزبەندی رووداوەکانی دامودەزگایەک، کەلە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی و هەرەشەی ماددی و مەعنەوی بۆسەر بەرژەوەندییە

---

(١) - عباس رشيدي العماري،الادارة الازمات في عالم متغير، ( القاهيرة : مركيز الاهلام للترجمة والنشر ، ١٩٩٣) ص ١٦

(٢) - نبيل جعفر عبدالرضا ،عدنان فرحان الجوارين ،تاريخ الازمات الاقتصادية في العالم ، (دار الكتاب الجامعي،٢٠١٤ ) ص ١٩

(٣) - الخضيري محسن ،ادارة الازمات،منهج اقتصادي اداري متكامل لحل الازمات ،( القاهرة :الطبعة٢ ،مكتبة مدبولي ، ١٩٩٩)،ص ٥٣

(٤)- دانييل ارنولد ،ترجمة عبد الامير شمس الدين ،تحليل الازمات الاقتصادية للامس واليوم ،(لبنان: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ١٩٩٢ ) ص ١٧-١٢ .

٤- طالبي صلاح الدين ، تحليل الازمات الاقتصادية العالمية (الازمة الحالية والتداعياتها –حالة الجزائر- )، رسالة ماجستير في العلوم الاقتصادية ،بحث الكترؤني pdf ، (الجزائر: جامعة ابوبكر باقايد –تلمسان ،سنة دراسية ٢٠٠٩-٢٠١٠ ) ، لا ٢-٣

٥- محمد مفال ،مفهوم الازمات واداراتها ،انواعها ومراحلها وكيفية التعامل معها ،سەيری ئەم لینکە بکە ،کاتی سەردانی کردن:( ٢٩-١١-٢٠١٨ ) http://al٣loom.com/?p=٢٠٣٥٣

باڵاكانی هەر دامودەزگا و ڕێكخراوێك، ئەوەی پێویستە بۆ رزگاركردنی دەزگاكە لەم دۆخە بریاردانە لە ماوەیەكی كورتدا.[١]

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی كە لە سەرەوە خرانەڕوو سەبارەت بە چەمكی تەنگژە دەكرێت بە شێوەیەكی گشتی لەسەر بنەمای هەموو ئەو خاڵە هاوبەشانەی كە لە پێناسەكاندا هەیە، بەم جۆرە پێناسەی چەمكی تەنگژە بكەین بریتییە لە ڕووداوێك یاخود كارەساتێكی كتوپڕ، كە كێشەیەكی خۆسەپێنەو بارودۆخێكی نەخوازراو دێنێتە پێشەوە، لە ماوەیەكی كورتدا كاریگەرییەكانی هەستی پێدەكرێت و كاریگەریی دروستدەكات و ڕووبەڕووی كەسانی خاوەن بڕیارو دەسەڵات دەبێتەوە و پێویستی بە بڕیاری خێراو بوێرانە هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی، بە پێی جۆری تەنگژەكەش كاریگەریی لێكەوتەكانی دەگۆڕێت، چەند جۆرێك تەنگژەمان هەیە تەنگژەی(ئابووری ،سیاسی ،كۆمەڵایەتی ،...).

لەگەڵ ئەوەی زیاد لە پێناسەیەك بۆ تێگەیشتن لەم چەمكە خرایە ڕوو، بەڵام لێرەدا ئەو وشانە لە ڕووی مانا بەكارهێنانەوە زۆرلە چەمكی تەنكژەوە نزیكن و هەندێك كات بە هەڵە بە هەمان مانای چەمكی تەنگژە بەكاردێت دەخەینەڕوو، هەندێك سەرچاوەكان بەهاوشێوەی چەمكی تەنگژە باسی دەكەن كە بریتین لە مانە:- [٢]

١. **چەمكی كارەسات:** (Disaster) بەمانای ڕوودانی كارەساتێك یاخود ڕووداوێك، كە چەندین كارەساتی دیكە بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لەم بوارەدا نزیكترین چەمك لە تەنگژەوە چەمكی كارەساتە، چونكە كارەسات لە چەمك و حاڵەتە هاوشێوەكانی دیكە سەخترەو لێكەوتەكانێشی درێژخایەن و .[٣]
٢. **چەمكی پێكدادان و ناكۆكی** :(Conflict and dispute) : كە ئەمەش بەمانای پێكدادان و ناكۆكی لە یەكەی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا بۆ داگیركردن و زاڵبوون بەسەر .
٣. **چەمكی كێشە**( Problem)

فەرهەنگی وێبسەركێشە بەوە دیاریدەكات، كە بارودۆخێكی سەختە و پێویستی بە چارەسەری خێرا دەبێت، كێشە بە مانای پەیدا بوونی كۆمەڵە ڕێگرو لەمپەرێك ، كە ڕێگە دەگرن لە گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو و جێبەجێكردنی [٤].

---

[٢] - اعراب فطيمة ،معالجة وسائيل الاعلام للازمات الاقتصادية –دراسة في الاسس والمقومات -،مجلة تطوير العلوم الاجتماعية- جامعة الجلفة ، قسم الاعلام جامعة الجزائر ،(**مجلد :١١،عدد:٠١،تاريخ نشر ،٣٠-٨-٢٠١٨)**،.ص ٣٤-٣٥

[٣] - سەردار عەبدوڵا ،سەرچاوەی پێشوو،لا ١٣-١٤

[٤] - اديب خضور ،الاعلام والازمات ،(دمشق دار النشر: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، ٢٠٠١ ) ص ٨

٤. **چەمکی رووداو**(Accident) : دەکرێت رووداو بریتیبێت لە کردارێکی ماددیی و کاریگەری نەرێنی لەسەر تاك دروست دەکات، نیمچە پەرەسەندنێکە لە ناو چوارچێوەی خۆیدا و هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە رووداو بە مەبەست ببێتە تەنگژە .

٥. **دۆخی لەناکاو، کتوپڕ** : (Emergency) بریتییە لە رووداوێکی کتوپڕ پێویستی بە گرنگی پێدانێکی دەستبەجێ و خێرا هەیە .[1]

٦. **دۆز:**بریتییە لە بابەتێك کە دەبێتە جێی مشتومڕ و گۆشەنیگا بۆچون و چارەسەری جیاجیا هەڵدەگرێت .[2]

## دووەم : جۆرەکانی تەنگژەو رەهەندەکانی

### ١ – جۆرەکانی تەنگژە

سەبارەت بە دیاریکردنی جۆرەکانی تەنگژە توێژەران لەسەر چەند بنەمایەکی جیاواز جۆرەکانی تەنگژەیان دیاریکردوە، کەئەم جیاوازیەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی ئەو پێوەرانەی کە لەم بوارەدا پشتیپێدەبەسترێت، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت گرنگترین جۆرەکانی تەنگژە لەرووی بابەتییە بۆ ئەم جۆرانە دابەشبکرێت:-[3]

١. **تەنگژەی کارگێری**: ئەم جۆرە لە تەنگژە لە دام و دەزگا و کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا روو دەدات، بە هۆی بوونی فشارێکی بەهێزەوە، کە تێیدا بەرپرسە کارگێرییەکان ناتوانن بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەن و جۆرێک لە فەوزاو زیادە رۆیی ڕوو دەدات .

٢. **ئەنگژەی کۆمەڵایەتی** : نمونەی ئەم جۆرەش تەنگژەی بەها مرۆییەکانە، کەخۆی لە تەنگژەی دادوەری کۆمەڵایەتی، ناسنامەی نیشتیمانی و تەنگژەی جیاوازییە جێندەری و ئێتنیکیەکاندا دەبینێتەوە.

٣. **تەنگژەی سیاسی**: نمونەی ئەم جۆرە تەنگژەی خۆی لە ، تەنگژەی پەیوەندی نێوان پارتە سیاییەکان و دەسەڵات بەتایبەت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و تەنگژەی نێوان دەسەڵات و خەڵکدا دەبینێتەوە.

٤. **تەنگژەی ئابووری** : وەك تەنگژەی ، وزە، هەناردەکردن هاوردەکردن ، تەنگژەی کورتهێنانی بودجە ،کە ئەم جۆرە لە تەنگژە قورسترین جۆرە و سەرەتا دروستبوونی ئەم جۆرە لە تەنگژە لە تەنگژەی داراییەوە دەستپێدەکات.

٥. **تەنگژەی ئاسایش** :نمونەی ئەم جۆرە تەنگژەیە پەلاماردان و هێرشکردنە سەر کەسایەتیە سیاسی و بەرپرس و دەموچاوە ناسراوەکانی ناو کۆمەڵگەیە، ئەستێرەکانی بواری هونەرو میوزیك و سینەما و فیلم دەبینێتەوە لەگەڵ نەبوونی ئاسایشی نیشتیمانی و نائارامی بارودۆخی وڵات، هێرش و پەلاماری دەرەکی بۆ سەر وڵات و بەزاندنی سنورەکان لە لایەن وڵاتانی دراوسێ یاخود گروپ و دەستە تیرۆرستی و توندرەوەکانەوە.

---

[1] - حسن عماد المکاوي ،الاعلام ومعالجة الازمات، (القاهرة الدار المصرییة البنانیة ،٢٠٠٥ ) ص٥٣ .
[2]- هەمان سەرچاوە ، لا ٥٣
[3] - اعراب فطیمة ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٣٥-٣٦

**٢. ڕەهەندەکانی تەنگژە**

سەرباری تێڕوانینی پسپۆران و شارەزایان، جیاوازی ڕوانگە زانستییەکان سەبارەت ڕەهەندەکان تەنگژە،بەڵام ڕێکەوتنێك سەبارەت بە ڕەهەندە جیاوازەکانی تەنگژەهەیە بە پێی دابەشکردنەی کە محمەد حەسەنەین هەیکەل کردوویەتی ڕەهەندەکانی تەنگژە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش کردووە :- [١]

١. **ڕەهەندی کات** : ڕەهەندی کەمی کات و کتوپڕی ڕوودانی تەنگژە یەکێك لەو ڕەهەندە نەرێنیانەی کە ئەرکی ڕوو بە ڕوو بونەوەی تەنگژە قورستر دەکات .

٢. **ڕەهەندی دەزگایی** : لە ڕوانگەی ئەم ڕەهەندەوە تەنگژە هەڕەشەی گەورەیە بۆ سەر کیانی بەڕێوەبردنی و دارایی و ڕێکخراوەیی ، چونکە لە دام و دەزگاو یەکە بەڕێوەبردنی و داراییەکاندا لە ئەنجامی کێشە کەڵەکەبووەکاندا لە شێوەی تەنگژەدا خۆی دەردەخات، کە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی دروست دەکات ئەگەر بە زووترن کات کۆنترۆڵ نەکرێت پەیکەری بەڕێوەبردنی و دارایی دەخاتە مەترسیەوە و دوچاری لە ناوچوون دەبێتەوە .

٣. **ڕەهەندی دەروونی** : زاڵبوونی حاڵەتی شڵەژان و ناسەقامگیریە کە ئەمە کایگەری ڕاستەو خۆ لە سەر ژیانی تاك و دامەزراوەکانیش دروستدەکات.

٤. **ڕەهەندی کارگێڕیی**: خودی تەنگژە هەڕەشەیە بۆدانپیادانی یەکە کارگێریەکان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان

٥. **ڕەهەندی کۆمەڵایەتی** : تەنگژە دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی و نائارامی لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەدا و دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی نەرێنی وەك خۆبەکەم زانین و تێرنەکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان .

٦. **ڕەهەندی ئابووریی** : خودی تەنگژە زیان لێکەوتنی ڕەهەندی ئابوورییە لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی، ئەم بوارانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕوودانی هەر جۆرێکی تەنگژەدا زیانی گەورەیان بەردەکەوێت .

٧. **ڕەهەندی سیاسی** : لەوانەیە تەنگژە لێکەوتەیەکی لێبکەوێتەوەو کاربکاتە سەر سیستمی سیاسی پێرەوي حکومەت و دەوڵەت .

٨. **ڕەهەندی ئەخلاقی** (ئاکاریی): ئەمە لە دۆخێکدا ڕوودەدات کە تەنگژەکە کاربکاتە سەر بەها ئاکاريي و مرۆییەکان و کلتوری کۆمەڵگە ،وەك تاوانەکانی بەرتیل ،دزی و ئابروچونە سێکسییەکان .

ناسین و دیاریکردنی تایبەتمەنییەکانی تەنگژە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئیدارەدان و مامەڵەکردن لەگەڵ

---

[١] - محمد هيكل ، مهارات ادارة الازمات والكوارث والمواقف الصعبة ، (القاهرة : الهيئة المصرية العامة للكتاب ،٢٠٠٦ ) ص ٣٨-٣٩

لێکەوتەکانی لێرەدا بە کورتی ئەو تایبەتمەندیانە دەخەینەڕووو وو -: [١]

١. نەبونی داتا و زانیاری روون و ئاشکرا لە کاتی روودانی تەنگژەدا، کە ئەمە دەبێتە هۆی نەبینینی وێنەی رووداوەکان وەك ئەوەی هەیە، دواتر ئەم ناروونیە رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و ئەوانەی دروستکەری بریارن ، چونکە کاتێك زانیاری و داتای پێویست لەبەر دەستدا نەبێت ئیدی چۆن دەتوانرێت بڕیارێکی ڕاست و دروستبدرێت و کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر ڕەوتی رووداوەکان.

٢. یەکێك لە تایبەتمەنییەکانی تەنگژە ڕوودانی کارەسات و رووداوی گەورەی چاوەڕواننەکراوە، بۆ نمونە روودانی تەنگژە لە دامودەزگایەکدا دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی هەموو یەکە و بەشە جیاوازەکانی ئەو دەزگایە، کاریگەری لەسەر کەرتی ئابووری و یەکە کارگێرییەکان و بەرێوەبەران و کارمەندان و تەنانەت کریاران و سەرجەمی کۆمەڵگە بە جێدەهێلێت، ئەمە بۆ دام و دەزگای دەولەت و ناوەندەکانی بەرێوە بردن و هەموو یەکەیەکی بەرێوەبردن دروستە.

٣. لە ڕووی رەگەز و هۆکارەوە تەنگژە بە ئاستێکی بەرز تێکەڵی بەخۆیەوە دەبینێت، بەجۆرێك جیاکردنەوەی هۆکار وپێکهاتەکانی ئاسان نابێت، کە ئەم تێکئاڵۆزان و پێکدادانە کاریگەری دروستدەکات لەسەر کەسانی خاوەن بریار.

٤. لە تەنگەژەدا بارودۆخێکی تۆقێنەرو پرلە ترس باڵ بەسەر باری ئابووری و کۆمەڵگەدا دەکێشێت، ئەم ترس و دڵەراوکێیەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت ،کە ناتوانرێت ئەوە گەلالە بکرێت ئایا داهاتووی ئابووری و جوڵەکانی کۆمەڵگە بە شێوە گشتگیرەکەی بەرەو کوێ دەچێت.

٥. دروستبوونی دۆخێکی نائاسایی و هەستکردن بە جۆرێك لە ترس ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی بریاربەدەستان و ئەوانەی سەرچاوەی دروستکردنی بریارن نازانن چۆن لەگەڵ ئەو دۆخە نائاساییەدا مامەڵە بکەن

٦. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی روودانی تەنگژە بریتییە لە نەمانی هاوسەنگی تێکچونی توانای بڕیاردان لە لای بریاربەدەستان و دروستکەرانی بریار، بۆیە رەنگە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانێک کە خاوەنی پسپۆرییش نەبن .

٧. دەرکەوتنی چەند هێزێك، کە پاڵپشتی تەنگژەکە دەکەن، ئەمەش ئەوانەن کە خاوەنی بەرژەوەندین و پێشینەیان هەیە لەدروست کردنی کێشە و گرفت، ئەم جۆرە کەسانە لە کاتی روودانی تەنگەژەدا داوای بریاری بەپەلەو گۆرێنی سیستمی بەرێوەبردن و سیاسی دەکەن، کە دەبێتە هۆی

---

[١] - بڕوانە:
- یوسف احمد ابو فارة ،ادارة الازمات ،مدخل متكامل،ا(عمان : لاءثراء للنشر والتوزیع ، ،٢٠٠٩) ص ٢٧-٢٨ ،کتاب الکتروني، https://www.goodreads.com/book/show/٣٠٦٤٣٤٤٠ کاتی سەردانی کردن (٢١-١١- ٢٠١٨ )
- سەردار عەبدوڵا ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٢-٢٣

دروستکردنی فشاری ناراستەوخۆ و ڕاستەوخۆ، لێرەشدا میدیا یەکێکە لەو ئامرازانەی کایگەری راستەو خۆی دەبێت ، کە رەنگە رۆڵیکی ئەرێنی بێت یان بە پێچەوانەوە.

٨. بەرژەوەندی هەندێ لە رێکخراو خاوەنکار و کەرتەکانی ئابووری لە سێبەری تەنگەژەدا دەکەوێتە مەترسیەوە و لەلایەن چەند لایەنێکی ترەوە فشاری گەورەیان بۆ دروستدەکرێت.

٩. شڵەژێنەرە، ئەو گریمانە سەرەکییانە دەخاتە مەترسیەوە کە پێڕەوەکەی لە سەری وەستاوە ، دۆخێکی دڵەڕاوکێ و شڵەژان دروست دەکات.

١٠. تەنگژە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشیی و نائارامی وەك بار گرژی و دڵەراوکێ .

١١. بۆدەرچوون و رووبەرووبونەوەی دۆخی تەنگژە پێویست بە دەرچوون لە رێساو رێوشوێنە بەرێوەبردنیە باوەکان دەکات .

## سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی تەنگژە

هۆکارەکانی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی تەنگژەش هاوشێوەی جۆرەکانی تەنگژە جیاوازن، لێرەدا تیشکدەخەینە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دووبارەبونەتەوە لە ڕوودانی تەنگژەکاندا :- (١)

١. هەڵە تێگەیشتن : هەڵە تێگەیشتن بە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی تەنگژە هەژمار دەکرێت، ئەم بابەتەش دوو لایەن دەگرێتەوە یەکەمیان بڵاوبونەوە زانیاری ناردروست و ناراست دووەم دەرکردنی بڕیاری پێش وەختە بەر لەوەی ماوە بدرێت بۆ روونبونەوەو دەرکەوتنیی ڕاستییەکان .

٢. پەیبردن بە تەنگژەکە : قۆناغی هەستپێکردنی تەنگژە ، قۆناغێکی گرنگە بۆ وەرگرتن و گەنگەشە کردنی زانیارییەکان و لە رێگەیەوە دەکرێت قەبارە و کاریگەری تەنگژەکە دیارییکرێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەگەر هەستپێکردن و پەیبردن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروستبێت و زانیاری باوەر پێ کراوبن ، بەئاسانی دەتوانرێت ئامادەکاری بکرێت بۆ رووبە رووبونەوەی تەنگژەکە ،بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ئەگەری بریاری نا دروستی لێدەکەوێتەوە .

٣. خراپ پێوانەکردن وهەڵسەنگاندنی تەنگژە:ئەم دۆخە زیاتر لە جەنگ و پلانە سەربازیەکانداروودەدات کە پێوانە کردن و هەڵسەنگاندنەکان لە جێی خۆیاندا نین .

٤. بێئومێدبوون: لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا جۆرێک لە بێئومێدبوون باڵ بەسەر خەڵکدا دەکێشێت، کە ئەمە کاریگەریەکی نەرێنی لە سەر کەسانی خاوەن بڕیار دروستدەکات .

٥. پروپاگەندە : بەیەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی تەنگژە هەژمار دەکرێت ، هەندێک جار هۆکاری سەرەکی دروستبوونی تەنگژە پروپاگەندەیە .

---

(١) - -عبد العزيز بن صالح بن سلمة، سەرچاوەی پێشوو ،لا ٣٣-٣٢

٦. هەڵە مرۆییەکان : یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی تەنگژە لە ئێستا و ڕابردوو داهاتوودا بریتییە لە هەڵە مرۆییەکان .

## چوارەم :هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردنی تەنگژە .

هەڵسوڕاندنی تەنگژە، بریتییە لەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ئاراستەی هەر جۆرێک لە تەنگژە دەکرێت ڕوودەدات ، لە زانستی کارگێریدا ئیدارەدانی تەنگژە پرۆسەیەکی پێگەیشتووە، زانیاری و داتای گونجاو ڕاست و دروست بەکاردێت بۆ ئەوەی بریارێکی دروست بدرێت، کە ئەم بریارەش لە ڕێگەی کەسانی بەڕێوەبردنەوە دەدرێت کە پێشتر ڕاهێنانیان پێکراوەو ئامادەکراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تەنگژانەی کە ڕوبەڕووی یەکە بەڕێوەبردن و کار گێریەکەیان دەبێتەوە، چەمکی ئیدارەدانی تەنگژە سەرجەم جۆرەکانی تەنگژە دەگرێتەوە کە خۆی لە تەنگژەی (سەربازی ،سیاسی ،ئابووری ...) دەبینێتەوە هەریەکە لەمانەش شێوازو تەکنیک و ڕێگای تایبەت بەخۆیی هەیە .[١]

لە کاتی ڕوودانی هەر جۆرێك لە تەنگژە یەکێك لە و هەنگاوە خێرایانەی کەدەبێت بنرێت بریتییە لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی تەنگژەکە، بۆ ئیدارەدانی هەر تەنگژەیەك دەبێت ڕەچاوی ئەم هەنگاوانە بکرێت : ـ[٢]

١- پلاندانان : جۆرێك لە ناروونی وجیاوازی هەیە لە نێوان پلاندانان بۆ هەر تەنگژە یەك لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵی بە شێوەیکی مەیدانی، هەربۆیە کاتێك تەنگژە ڕوودەدات دەکەوینە ناو ڕووداوەکان ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوە ڕوو دەدات و لە و پلانەی دانراوە دەچینە دەرەوە.

٢- بیرکردنەوە لە چارەسەری خێراو بە پەلە لەو تەگژانەی ڕوو دەدەن پێویستە هێلەکانی کارکردن و ئەو دەسەلاتانەی بەرپرسن لەگەڵ هێڵی کارکردن دیاری بکرێت وئەرك بەر پرسیاریەتیەکان بە شێوەیکی ورد دیاریبکرێت.

٣- دروست کردنی هەماهانگی لەنێوان لایەنە بەر پرسەکان.

٤- بەکارهێنانی تازەترین ئامێرو کەرستەی نوێی تەکنەلۆجی وتۆری ئینتەرنێت وهۆکارە جیاوەزەکانی پەیوەندیی، بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە هەموو ئەو یەکە بەڕێوەبردن و دامو دەزگایانەی کە بەر پرسن و ڕۆڵیان هەیە لە چارەسەرکردنی تەنگژە کاندا .

---

[١] - ابراهيم فواز الجبا وي ،الاعلام في الازمات ،رسالة دكتوراpdf،جامعة سنت كليمنتس العالمية ،ص ٤٧ ، http://www.stclements.edu/grad/gradibra.pdf، کاتی سەردانی کردن :(٢١-١١-٢٠١٨)

[٢] - Crisis Management An International Over view September،previous source، p ٤

## باسی دووەم:

# چەمک و پێناسەی تەنگژەی دارایی هۆکارو لێکەوتەکانی

### یەکەم :چەمك و پێناسەی تەنگژەی دارایی

### چەمکی تەنگژەی دارایی

تێگەیشتنەکان بۆ ئەم چەمکە لە و تەگژانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە بازارە داراییەکان، بانکەکان و دام و دەزگا بەرێوەبردنەکاندا ڕوو دەدات، کە پەیوەستن بە چالاکییە دارییەکان لە ناو وڵاتێکدا یان چەند وڵاتێك، لەچوارچێوەی رێکخراوێکی نێودەوڵەتیەیدا لەسەر ئەو چالاکییە ئابوورییە رێککەوتون، دۆخی تەنگژە کە خەسڵەتی ئاوایە دارمانێکی سەخت لە بازاری داراىدا روودەدات و دواتر شکستی ئامێرە بانکەیەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەجۆرێك ناتوانن بەشێوەیەکی دروست بەئەرکی خۆیان هەستن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تێکچوونی نرخی پشکەکان و بەهای دراویی نەختینە، کاریگەریەکانی تەنگژەی دارایی تەنها لە بوارە دراییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو فراوان دەبێت و پەلدەهاوێژێت بۆ کەرتەکانی وەبەرهەهێنان، کەئەمە کاریگەری راستەوخۆ دروستدەکات لەسەرکەمی بەرهەم و بەرزبونەوەی نرخ و تێکچونی هاوسەنگی بازاڕو دروست بونی بێکاری، هەندێکجار کاریگەرێتی تەنگژەی دارای دەبێتە هۆی دابەشکردنی داهات لە نێوان بازار و دامودەزگا داراییەکاندا[١].

پێناسەی چەمکی تەنگژەی دارایی ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە بکەین ،جگە لەوپێناسانەی لە توێژینەوە زانستیەکاندا هاتوون توێژەران بە پێی ئەو بسپۆریەی توێژینەوەکەی لە باوەرەو ئەنجامدراوە پێناسەی تەنگژەی دارایی کردووە ،بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە تەنگژەی دارایی دۆخێکی کتورپرە و پێکدادن و تێکچوونی هاوسەنگییە ئابووریەکانە، کە بەردەوامی ئەم دۆخە داروخانی هەندێک لە دامەزراوە داراییەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت .[٢]

تەنگژەي دارایي : بریتییە لەتێکچونێکی قورس و کوتوپری باڵانسە ئابوورییوکانە، بە جۆرێك دەبێتە هۆی دروست بوونی داروخان لە دامەزراوەکارگێرییەکان و دواتر لێکەوتەکانی پەلدەهاوێژێت بۆ دامەزراوەکانی دیکە. [٣]

تەنگژەی دارایی لە گۆشەنیگای ئابووریەوە وا پێناسە دەکرێت بریتییە لە دابەزینی ئاستی ئاڵوگۆردراو یەکە نەختینەمان لە بازاڕدا، کەئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنیی ناجۆریی و کێشە لە ئاماژەکانی بەرزبونەوە و نزمبونەوە.[١]

---

[١] - لحسني ، عرفات تقي ، التمويل الدولي ،( عمان :دار مجالوي لنشر ، ١٩٩٩) ص ٢٠٠

[٢] - احمد فراس العوران ، الازمة الاقتصادية العالمية المعاصرة من منظور الاسلامي ، ط١، (عمان –اردن: ،٢٠١٢، ص ٢١ )

[٣] - فريد كورتل ،كمال رزيق، الازمة المالية :مفهومها،واسبابها وانعكاساتها علي البلدان العربية ،مجلة كلية بغدا للعلوم الاقتصاديةالعدد ٢٠-ا ،كلية العاوم الاقتصادية وعلوم التسيير –(جامعة سيكدة الجزائر، ٢٠٠٩ ) ص٧

**تەنگژەی دارایی** :خۆی لە پاشەکشەی ئاستەکانی گەشەسەندنی ئابووری وبەرزبوونەوەی نێوەندەکانی بێکاری و پاشە کشێی داهاتەکان ،هەموو ئەم بەربەستانە پێکەوە کاریگەری لەسەر ئەو دامەزراوەو وتوێژانەی کۆمەڵگە دەبێتەوە، کە باری ئابووریان لاوازو نزمە و بە زووترین کات کاریگەرێتی تەنگژەکان بەسەریانەوە دەردەکەوێت و زیاتر ڕووبەرووی دارمان و لە ناوچوون دەبنەوە .[٢]

لە پێناسەی ئەم چەمکەدا *“Muhamad Ghernaout”: دەڵێت تەنگەژەی دارایی روودەدات هۆکارەکەی هەرچی بێت دەرئەنجام و لێکەوتەکانی هاوشێوەن لە دابەزینی نرخی چەکە بانکیەکان.[٣]

تەنگژەی دارایی : بریتییە لە قۆناغێکی نەخوازراو و ناجۆر، لە پێکهاتەی دارایی دام و دەزگاکاندا دێتە پێش، کۆمەڵێك دەرئەنجامی نەخوازراو بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە راگرتنی کاری هەندێك یان هەموو یەکەکارگێرییەکان گرنگەکانی ئەودامودەزگایەی کە تەنگەژەکە تێیداڕوویداوە، کە ئەمە بە شێوەیکی خێرا پەلدەهاوێژێت بۆ پێکهاتەو یەکە کارگێریەکانی دیکە ی دەوڵەت تا دەگاتە دۆخێکی چەقبەستوو لە هەموو سیستەمەکەدا روودەدات، لە کۆتایدا ئەم دۆخە پێویستی بە بڕیاردانی خێرا هەیە بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی بۆ سیستەمەکە بگەرێتەوە.[٤]

دوابە دوای ئەو پێناسەیەی قوتابخانەی *(النسقیة)لە (کۆبن هاگن )و قوتابخانەی دروستکردنی بریار بۆ تەنگەژەی دارایی کردویانە ، کە ئەم دو قۆتابخانەیە پێیانوایە، زمان پێکهاتەیەکی بیرکارییە لە رێگەی چەند ئاماژەو هێمایەیکەوە گوزراشت لە خۆی دەکات گرنگی بە لایەنی دەربرین و ئاماژە دەنگییەکان نادات.[٥]

گروپێک لە زانایانی بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی لە سەر پێناسەیەکی تارادەیەک گشتگیر بۆ تەنگژەی دارایی رێککەوتون بەم جۆرە پێناسەی تەنگژەی دارایی دەکەن حاڵەتێکە لە ئەنجامی هەڵکشانی ململانێ لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دروست دەبێت ، ئەویش لە ئەنجامی هەوڵدانی یەکێک لە لایەنەکان بۆ ئەنجامدانی گۆرانکارییەکی ستراتیجی لە بالانسی هێزا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەمەش دەبێت هۆی دروستکردنی هەرەشە لەسەر ئامانجەکانی لایەنی بەرامبەر و دروستکردنی هەڵوێستی بەرگری ، کە ئەم هەڵوێستەش بۆماوەیەکی دیاریکراو و کورت بەردەوام دەبێت ،کە رەنگە لایەنەکانی

---

[١] -عادل رزق ،ادارة الازمات المالية العالمية (منظومة الاصلاح الاداري بين النظرية والتطبيق )،ط١ ،قاهرة ، ٢٠١٠ ،ص ٢١

(٤)- فەیسەڵ عەلی ، ئابوری نێودەوڵەتی لە دەر ئەنجامی قەیرانەکاندا ،( وەزارەتی رۆشنبیری (١ و لاوان بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە ،چاپ و بڵاو کرنەوەی سلێمانی ،٢٠١٣ ) ،لا ١٥٥

[٣] - نسيمة حاج موسي،الازمة المالية الدولية واثروها علي الاسواق المالية العربية مع دراسة المقارنة رهن العقاري خلال الفترة ٢٠٠٧-٢٠٠، جزائر ، جامعة بو مرداس ،(سنة ٢٠٠٨-٢٠٠) ص ٣٨ ، بحث الكتروني ،http://dlibrary.univ-boumerdes.dz:٨٠٨٠/bitstream/١٢٣٤٥٦٧٨٩/١٧٦٣/١/hadj٪٢٠moussa٪٢٠nassima.pdf,

* - زانایەکی بواری ئیدارەو کارگێرییە مامۆستایە لە زانکۆی نیۆرک لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا،خاوەنی زیاد٥٠ پەرتوکە و تائێستاش لە ژیانداماوە

[١] - خميس خليل ،الازمات الاقتصادية والمالية واثارها علي مسارات التنمية ،**المجلة الجزائرية للتنمية الاقتصادية –عدد٥/ديسمبر ٢٠١٦**ص١٢٤

[٥] - ابراهيم عطية ، قراءة في كتاب المدارس السانية ، **مجلة مجمع اللغة العربية بد يمشق - المجلد (٨٧) الجزء (٤)** ،ص ١١٤٢

ئەم ململانێیە هێزی سەربازی بەکاربهێنن زۆرکات ئاکامی تەنگژە وا دەکەوێتەوە کۆمەڵێک دەرئەنجامی کاریگەرو گرنگ دروستدەکات لە سیستمی نێودەوڵەتی گشتی یان لە یەکێک لە سیستمە نێو دەوڵەتییەکاندا ، پێشتر ئەوەمان باسکرد کە هەر یەک لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و زانستە سروشتیەکان تەنگژە لە روانگەی گرنگی پێدانی خۆیەوە دەکۆڵێتەوە .[١]

لەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بگەینە ئەوەی کە تەنگژەی دارایی، بەشێوەیەکی خێرا چاوەڕوانەکراو ڕوودەدات، جۆرێك لە ئاڵۆزی وتێکەڵ و پێکەڵی پێوە دیارە ولە هۆکارەکانی دەرئەنجامەکەیدا هەیە، دەبێتە جێی بایەخی هەموان و لێکەوتەکانیشی فرەرەهندە، لە تەنگژەدا پێویست لەبەردەستدا نیە سەبارەت بەوەی ڕوودەدات، پرۆسەی بریاردان تێدا ئاسان نیە، بەڵام ئەوەشدا دەبێت دام و دەزگاکان و کەسانی خاوەن بریار بە زووترین کات بڕیار بدەن ، دەرئەنجام و لێکەوتەکانی تەنگژە ی دارایی جۆرێك لە ترس و دو دڵی و شڵەژان دروستدەکات

.

## دووەم : هۆکارەکانی ڕوودانی تەنگژەی دارایی

بەشێویەکی گشتی چەندین هۆکارهەن ڕێگە خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لەسەرئاستی وڵاتان و جیهان، لە بنەرەتدا هۆکارێکی سەرەکی و دیاریکراونیە بۆ ڕوودانی تەنگژەی دارایی ، ئەستەمە بتوانرێت بەشێوەیکی دیاریکراو هۆکاری ئەم دیاردە ئابوورییە دەستنیشان بکرێت بۆیە لێرەدا چەند هۆکارێکی سەرەکی ڕوودانی تەنگژەی دارایی دەخەینە ڕوو کە لە دەرئەنجامی تاو توێکردنی ئەو تەنگژانەی بە درێژایی مێژوو ڕویانداوە دیاریی کراون کە بریتین لە مانەی خوارەوە -:[٢]

١. ناجێگیریی گشتی ئابووری : هەندێك جار فراوان بوونی سیاسەتی نەختینە و داراییەکان دەبنە هۆی چالاکبوونی پێدانی قەرز، کە دواجار ئەمە دەبێتە هۆی کەڵەکە بونی قەرزێکی زۆر، زیادەرۆیی لەوەبەرهێناندا، هەر بۆیە زیادبوونی ڕێژەی قەرز دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی مایەپوچبوونی بانکەکان.

---

[١] - نزهان محمد سهو ، الازمة المالية العالمية الراهنة المفهوم ..اسباب ...التاعيات ،**مجلة الادارة والاقتصاد ،العدد الثلث والثمانون /٢٠١٠** ، ص ٢٥٤-٢٥٥

* - المدرسة النسقية بالكوبنهاكن : یەکێکە لە قوتابخانە کانی بواری زانستی زمانەوانی سرەمی نوێ، کە ئەم قوتاخانەیە لە شاری کۆبن هاگن لەسەر دەستی هەردوو زانا Otto jespersen و Holder Pedersen , لە ساڵێ ١٩٣١ دامەزراوە ،

[٢] -حسين عطار الرضيع ،دراسة بحثية بعنوان الازمات المالية العالمية اسبابها وتداعياتها وسبل العلاج ، کاتی سەردانی کردن : (٢٩-١٢-٢٠١٨ )
بڕوانە : - نبيل جعفر عبالرضا ،عدنان فلاحان الجوارين ،سەرچاوەی پێشوو،لا ٣٤
-علي عبدالعزيز سليمان ، مابعد الازمة المالية العالمية ،كتاب الكتروني ،( مصر:٢٠١٠ ) ، ص ٣٧-٣٨، بڕوانە ئەم https://books.google.iq/books?id= %

٢. تێکچوونی بارودۆخی کەرتی دارایی : لە کاتێکدا کە پشتگیری دارایی و هاتنی سەرمایە لە دەرەوەی وڵات زیاد دەکات و بازاری دراوی کاغەز و چەکی دارایی تێکدەشکێنێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی بەجیهانیبوون ، کە کرانەوەی ئابووریی، بازرگانی و ئازادی دارای بەشێوەیکی نا تەندروست دەبێتە هۆی ڕوودانی تەنگژەی دارایی، چونکە یەکێك لە تایبەتمەنییەکانی بەجیهانیبوون ئەوەیە وڵاتان و گەلان ڕووبە ڕووی ڕووداو گەلێك یان گۆڕانکاریەکی خێراو کتوپڕ دەبنەوە کە پێشتر خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناهاوسەنگی و تێکچوونی دۆخی ئاسایی لە وڵاتدا.

٣. بەجیهانیبوونی ئابووری: دیاردەی بەجیهانی بوونی ئابووری، بەیەکێك لە گرنگترین گۆڕانکاریەکانی بواری ئابووری لە سەرئاستی جیهان هەژماردەکرێت.

٤. خاوەندارێتی تایبەت بۆئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی ئەم جۆرە لە خاوەندارێتیەوە سیستمی قەرز پێدان و بە سود زیاد دەکات و دەبێتە هۆی لادان لە سەر هێلە سروشتە کەی خۆیی.

٥. هەست نەکردن بەبەرپرسیارێتی و نەبوونی شارەزایی پێشوەختە لەلایەن کەسانی بەرپرس و پلە یەك لە دام و دەزگاو یەکە داراییەکاندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی دروست بوونی تەنگژە لە بانکەکاندا ،کە تەنگژەی دارایی بە دوای خۆیدا دێنێت.

٦. کێبڕکێی توندی نێوان کۆمپانیا گەورەکان : لە ئێستادا بازاڕەکانی جیهان بونەتە گۆرەپانێکی دیکەی جەنگ، هۆکاری ئەمەش پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی نێوان بەشداربوانی بازاری دارایی و سەر پەرشتیارو بەڕێوە بەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیا خاوەن بەرژەوەندییەکانە .

٧. لاوازی ئاستی چاودێری حکومەت: ئەمە لە ئەنجامی ململانێ سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت ، پەیوەندی بە توانای حکومەتەوە هەیە سەبارەت بە جیاوازی چارەسەرکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو تەنگژانەی ڕوودەدەن.

٨. بڵاو بونەوەی گەندەڵی لە سەر جەم بوارەکانی ئابووری و دارایی و کارگێری

٩. نەبونی چاودێرییەکی دارایی چالاک : لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی ئەو تەنگژە درایانەی کە لە جیهاندا ڕوویانداوە، توێژەران بە دەرئەنجامە گەیشتوون کە نەبوونی چاودێریی دارایی لەسەر کاری بانکەکان وکۆمپانیا و ناوەندەکانی دڵنیایی (تەئمینات) هۆکاری سەرەکی رودانی تەنگژەیە

١٠. بڵاوبونەوەی گەندەڵی و قۆرخکاری دارایی: ئەمەش لە دەرئەنجامی نەبوونی خاڵی پێشتر کە چاودێرییە روو دەدات،چونکە کاتێک چاودێریەکی توندو ڕێکخراو نەبێت درگای گەندەڵی لادان و فرتو فێڵدەکرێتەوە .

## سێیەم : کاریگەرێتیی و لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی

لێرەدا باس لە گرنگترین ئەو لێکەوتانە دەکەین کە تەنگژەی دارایی بە دوایی خۆیدا دەهێنێت -: [١]

١. مایە پوچبوون و زیان لێکەوتنی بەشێك لە دامودەزگا داراییە گەورەکان بە یەکێك لە گرنگترین ئەو لێکەوتانە هەژمار دەکرێت ،کە لە ئەنجامی تەنگەژەی داراییەوە دروست دەبێت، ئەمەش خۆی لە دارمانی دارایی ئەو دامودەزگایانەدا دەبینێتەوە، کە تەمەنێکی زۆریان هەیەو خاوەنی مێژوویەکن،بە جۆرێک هەندێکیان تەمەنیان لە نیوسەدە زیاتر دەبێت، بەڵام بە هۆی ئەم تەنگژە داراییەوە لە ماوەیەکی کورتدا تووشی دارمانێکی گەورە دەبن نمونەی ئەو بانکانەش : (مایەپووچ بوونی بانکی کرێکارانی ئەمریکا ناسراو "بە لیمان پروژەرز "کە بەیەکێك لە چوار گەورەترین بانکەکانی ئەمریکا دادەنرێت ، هەروەها دارمانی بانکی "واشنتۆن میۆتشوال "کە ئەمیش بەگەورەترین بانکەکانی ئەمریکا دادەنرێت لە رووی پێدانی قەرزەوە.

٢. دارمانی نرخی پشکەکانی کۆمپانیای "فانی مای و فریدی"کە تایبەتن بە پارەدارکردنی کەرتی بیناکاریی و خانوبەرە ، کە بەهۆی تەنگژەی داراییەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا تووشی گەرەترین شکستی دارایی هاتن .

٣. ئەنگژەی کەمیی دراو (نەختینە) ی جیهانیی : یەکێك لە لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی جیهانیی ، دروست بوونی تەنگژەی نەختینەیە، چونکە ئەمە بووە هۆی نەمانی متمانە لە نێوان بانکەکانی جیهاندا، بەجۆرێك کاریگەریەکانی بەڕوونی لە سەر ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکانی جیهان دەبینرا ، ئەمەش لێکەوتەی تری بەدوای خۆیدا هێنا لەسەرجەم بوارو دام ودەزگاکانی دیکەدا. بەجۆرێك بانکی ناوەندی هەوڵی کۆکردنەوەی نەختینەی (نەختینە) دەدا بۆ ئەوەی دووبارە متمانە لە سیستمی بانکیدا دروست بێتەوە.

٤. بێکاری و هەژاریی : کارێگەرێتیەکانی تەنگژەی دارایی بە شێوەیەکی گشتی و تەگژەی دارایی جیهانی بەتایبەت تەنها لە بوارەکانی دارایی و خانوبەرە دا نەمایەوە، بەڵکو چوارچێوەی لێکەوتەکانی فراونتر بوو بۆ بوارو کایە جیاوازەکانی دیکە کۆمەڵگە ، بەشێکی زۆرلە کۆمپانینا زەبەلاحەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، کەلوپەلی کارەبایی وچەندین کۆمپانیایی گەورەی جیهانی بەهۆی کەمبوونەوەی فرۆش و ئەو زیانە گەورەی کە بەهۆی تەنگژەی داراییەوە بەریان کەوت ، بەمەبەستی کەمکردنەوە رێژەی زیانە ماددیەکانیان بیریان لەوە کردەوە کە رێژەی کرێکارو

---

[١] -بڕوانە :
- باور احمد حاجي ،الازمات الاقتصادية (دراسة تحليلية مقارنة في الفكر الاقتصادي )، (عمان -اردن : ٢٠١٩ )،ص ١٨٠
- ٦ازمات مالية هزت العالم ،سەرچاوەی پێشوو
- افتخار محمد الرفيعي ،سەرچاويە کی پێشوو ،لا -١١

کارمەندانی خۆیان کەم بکەنەوە، بۆیە بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکان بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و رزگار بوون لە مایەپووچبوون بیریان لە کەمکردنەوە ی رێژەی کارمەندان و کرێکارانیان کردەوە ، بەڵام  ئەم هەنگاوەی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بووە هۆی دروستبوونی بێکاری، لەم بارەیەوە رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەداوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە سەرانسەری جیهاندا زیاد لە ٥١ ملیۆن هەلی کار لە دەستدراوە، کە ئەمە بووە هۆی زیادبوونی رێژەی بێکاری و دواتر هەژاریی بە دوای خۆید هێنا.

٥.     دابەزینی نرخی نەوت لە بازارکانی جیهاندا : تەنگژەی دارایی کاریگەریی ڕاستەو خۆی لەسەر سەرجەم کایەو چالاکییە ئابوورییەکان دروست کرد ، کاریگەری  لەسەردابەزینی نرخی نەوت دروست کرد بەهۆی کەمبونەوەی داواکاری لەسەرنەوت لە بازارە جیهانییەکاندا، ئەم دابەزینە لە نرخی نەوت کاریگەرێتیەکی نەرێنی هەبوو لەسەر ئەو وڵاتانەی کە لە بوجەی گشتیدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن لە نمونەی ئەو وڵاتانەش وڵاتانی کەنداو و سعودیەو عێراق و ئێران ...، کە تا ئێستاش کاریگەرێتیەکانی ئەم تەنگژە داراییە ماوەتەوە نەتوانراوە سەرجەمی ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە چارەسەربکرێت ،کە بەهۆی کاریگەرێتیەکانی ئەم تەنگژەیەوە هاتونەتەکایەوە ، کێشە : کۆمەڵایەتی، ئابووری ،دەرونیەکان و زیادبوونی رێژەی هەژاریی و دروست کردنی کاریگەری لەسەر جەم کایە جیاوازەکانی ژیان، کە دام و دەزگا میدیایەکانیش لەم کارریگەرێتیە نەرێنیە بێ بەش نەبوون لە رووی کەمکردنەوەی سەرچاوەی داهاتەوە کە ئەمەش کاریگەرێتی راستەوخۆیی لەسەر کوالێتی و رێژەی کاری میدیا و ژمارەی ئەو رۆژنامە نوسانەی لە دەزگا میدیایەکاندا هەبووە

٦.     دارمانی بازاڕی دارایی جیهانی : بووە هۆی دروست بونی زنجیرەیەك تێکشکانی یەك لە دوای یەك لە بازاری دارایی جیهاندا، ئەمەش سەرەتا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دەستی پێکرد و دواتر پەلیهاویشت بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان،  لێکەوتەکانی ئەم تەنگژەیە برتیبوو لە زیانی ماددی بەملیۆنان دۆلار لە سەرانسەری دونیادا بێگومان کاریگەریەکانی زیاتر بەسەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەژارو وڵاتانی ئاسییەوە دەرکەوت، کە زیانی مرۆیشی بە دوای خۆیدا هێناوبووە هۆی داخستن و لە کارکەوتنی چەندین دەزگای گەورەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و لێرەوە دەزگا میدیایەکانیش بێبەش نەبوون لەم زیانە .

### ١- لێکەوتە  ئابوورییەکانی تەنگژەی دارایی

تەنگژەی دارایی جیهانیی بەهۆی ئەو لێکەوتانەی بە دوای خۆیدا هێنا ، تەنها وەك تەنگژەییەکی دارایی نەبوو بەڵکو پێینایە قۆناغێکی مەترسیدار، کەئەویش تەنگژەی ئابوورییە، وەك ئەوەی کە زانایانی بواری ئابووری ئاماژەیان پێداوە تەنگژەی ئابووری قۆناغێکی مەترسیدارەو هەموو جومگەو پێکهاتەکانی وڵات و دەسەلات و تەنانەت کاریگەری راستەوخۆ لەسەر یەکەیەکەی تاکەکان دروست

دەکات، تەنگژەی دارایی سەرەتایەك دەبێت بۆ دروستبوونی تەنگژەی ئابووری ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت لێکەوتەو کاریگەرێتیەکانی کەم نەکرێتەوە [١] .

بانکیمۆن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە راپۆرتی ساڵانەیدا کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بەرزی کردەوە بۆ رێکخراویی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئاماژەی بە هەشت جۆر لە تەنگژەی جیهانی داوە -: [٢]

١. تەنگژەی دارایی جیهانی : ئەم تەنگژەیە پاش تێکچونی نرخی پشکە داراییەکان هات لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، چەند وڵاتێکی دیکەی پیشەسازی کە لە پێشەوە باسمان لێوەکردووە

٢. تەنگژەی رووبەروبونەوەی بەرێوەبردن وسەرۆکایەتی جیهان: دوای ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان دەسەڵاتی ئەوەی نەما ناکۆکیە سەربازییە نێوخۆیی و هەرێمیەکان راگرێت، بەهۆی لاوازی توانای ماددی و مرۆیی ، نەبوونی ئیدارەیەکی سیاسی یەکگرتووە لە ئەنجومەنی ئاسایش ،ئەمەش بێگومان بە هۆی پێکهاتەی ئەنجومەنەکە و سروشتی کارەکانی و هەروەها نەبونی توانای بریاری یەکلایکەرەوە لە کاتی ڕودانی رووداوە کوتوپڕو تەنگژەکاندا، کە تائێستاش بەرژەوەندی باڵای وڵاتانی ئەندام بووەتە هۆی پەککەستنی کارە یاساییەکانی.

٣. تەنگژەی نادادپەروەری :بانکیمون لەڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە تەنگژەی نادادپەروەری کردوە دەڵێت : رۆژانە بە بەرچاوی دونیاوە چەندین تاوانی دژە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت بەبێ ئەوەی تاوانباران ڕاستەوخۆبە سزای یاسایی خۆیان بگەن.

٤. تەنگژەی وزە:بانکیمۆن لە راپۆرەتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەیەکێکی دیکە لەو تەنگژانە دەکات کە جیهان بە دەستیەوە دە ناڵێت، ئەویش کێشەی وزەیە ، لە ئێستاشدا کە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ هێشتا کێشەی وزە یەکێکە لە گەورەترین ئەو تەنگژانەی بووەتە هۆی دروستبوونی ململانی و کێشە جیهانییەکان، وڵاتانی زلهێز لە رێگەی وزەوە هەرەشە لە بەرژەوەندیەکانی یەکتردەکەن ، ئەمە جگە لەو کاریگەرییە نەرێنیەی بەرهەمهێنانی وزە هەیەتی لەسەرژینگە، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێ و وڵاتە هەژارەکانی کە خاوەنی نەوتن بەشێوەیکی نادروست و نایاسایی نەوت و کەرەستە سروشتیەکان دەردەهێنرین لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بەبێ رەچاو کردنی پاراستنی دۆخی ژینگە و ئەو باریی تەندروستی ئەو دانیشتوانەی کە لە نزیکی ئەو پرۆژانەوەن.

٥. تەنگژەی خۆراك :تەنگژەی بەرزبونەوەی نرخی ماددە خۆراکیەکان یەکێکی دیکەیە لەو کێشانەی کەجیهان و بە تایبەت وڵاتانی هەژار بە دەستیەوە دەناڵێنن.

٦. تەنگژەی گۆرینی ژینگەو کەش و هەوا ، کێشەی پیس بووی ژینگەو کەشو هەوا یەکێکی دیکەیە لە و تەنگژانەی کە بە پێی ڕاپۆرتەکەی بانکیمۆن جیهان رووبەڕووی دەبێتەوەو دەبێت هەنگاو

---

[١] - عدنان السيد حسين ،الازمة العالمية ،الؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع ، ط١ ( بيروت :٢٠١٠)ص ٢٤

[٢] -هەمان سەرچاوە ،ص ٢٤-٢٨ .

بۆ کەم کردنەوەی ئەو کاریگەریانەی کە دەبنە  هۆی پیس کردنی ژینگە بنرێت ، ئەم تەنگژەیە بە هۆی تەنگژە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکانەوە دروستدەبێت ،بە واتایەکی تر نەوەی خراپی باری ئابووری کۆمەڵایەتی و ئەمنیە.

٧. تەنگژەی جەنگەکان و توندو تیژی و پەلاماردان ،کە ئەمەش دەرئەنجامی کەڵەکە بونی کێشە ئیتنیکی و ئاینیی و نەتەوەییەکانە.

٨. تەنگژەی بازاری ئازاد : ئەم کێشەیەش لەو ساتەوە سەرهەڵدەدات کە رۆڵی دەزگای چاودێریی حکومیی و نێو دەولەتی لەسەر بازار کەمدەبێتەوە ، لە بری ئەوە لۆژیکی مەزهەب و سودو بەرژەوەندی و جێی دەگرێتەوە .

## ٢-هەنگاوەکانی دەربازبوون لە تەنگژە دارایی وئابوورییەکان

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆهۆکار و لێکەوتەکانی ئەو تەنگژە دارایی و ئابووریانە دا کە لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی رویانداوە، لێرەدا بە کورتی باس لە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەکەین کە پێویستە بنرێت بۆ دەربازبوون لە تەنگژە ئابووری و داراییەکان کە بریتین لەمانەی خوارەوە :- [١]

١. چاوخشاندنەوە بەسیستەمە  بانکی و داراییەکاندا ،کە هەندێک گۆرانکاری بەسەردا هاتووە جیاوازی لە نێوان چالاکی دامەزراوە داراییە بانکی و غەیرە بانکیەکاندا نەماوە ،بە جۆرێک ئەوە دەخوازێت کە ئامرازەکانی سیاسەتی نەختیی تازە بدۆزرێتەوە کە بتوانێت رێگری لە پاراستنی هاوسەنگی نێوان هەردوو لایەنی نەختی و دارایی  و بەرهەمداریدا بکات .
٢. چاوخشاندوە بەو فاکتەرانەی کە بە هۆی جیهانگیرییەوە درووستبوون.
٣. چاوخشاندنەوە بەسیاسەتی ئابووری جیهان
٤. چاوخشاندنەوە بە سستەمی چاودێریکردنی ئەدایی کاری بۆرسەو بانکەکان بە جۆرێک رێگەیان پێ نەدرێت سنورەکان خۆیان لە پێناو بەدەستهێنانی قازانج ببەزێنن .

## چوارەم :سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان هۆکار و لێکەوتەکانی

### ١- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان

هەروەکو پێشتر روونکراوەتەوە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عیراقدا، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی سەربەخۆی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی (٢٠١٤) بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە دەهات بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکان و دابەزینی نرخی نەوت و پەلاماری داعش بۆسەر عێراق و هەرێمی کوردستان حکومەتی ناوەند بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، قەیرانی

[١]- فەیسەڵ عەلی ،قەیرانی سیستەمی دارایی و ئابوریی نێودەوڵەتی ،(سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،٢٠١٢ ) لا ٢٢-٢٣

دارایی بەتەواوی لەهەرێمی كوردستان سەریهەڵدا و تا ئێستاش بەشێوەی ڕێژەیی بەردەوامیی هەیە.[١] ناكۆكییە سیاسییەكان تەنها لە نێوان بەغدا و هەرێمدا كۆتایی نەهات، بەڵكو كێشەو ناكۆكی نێوان پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان، دواتر بەهۆی ئەوەی هەرێمی كوردستان بیری لەوە كردەوە كە ئابوورییەكی سەر بەخۆیی هەبێت، هەمووئەمانە ڕێژەی قەرزەكانی سەرشانی حكومەتی هەرێمیان زیاتر كرد ڕێژەی قەرزەكان گەیشتە ٢٢ ملیار دۆلار ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان توانای ئەوەی نەما كە موچەی موچەخۆرانی هەرێمیش دابین بكات بۆماوەی زیاتر لە دوو ساڵ (٢٠١٦-٢٠١٧) ئەو موچەیەشی دەدرا تەنها چەند مانگێك بوو لەگەڵ ئەویش بە چارەكە مووچە.[٢]

حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەشێوەیەكی سەرەكی پشتی بەو بەشە بوجەیە دەبەست كە لە حكومەتی بەغدا وەریدەگرت و لە بوجەی گشتی عێراقدا بە ڕێژەی ١٧% بۆی دیاری كراوە ، لەو بەشە بوجەیەش حكومەتی هەرێم نزیكەی لە ٧٠% بۆ موچەی مووچەخۆران و مووچەی كەسوكاری شەهیدان و كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت خەرج دەكات ، ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی كە كەرتی تایبەت و پرۆژەی كشتوكاڵی و پرۆژە كەسیبەكان لە و ماوەیەدا لە هەرێمی كوردستان زۆر لاواز و سستبن، چونكە بەشێوەیەكی گشتی ئەو چالاكیانەشی، كە كەرتی تایبەت ئەنجامیدەدا لە ژێر چاودێری پشتگیری حكومەتی هەرێمدا بوو، هەموو خزمەتگوزاری و پرۆژە تایبەتەكانیش لە لایەن حكومەتەوە پێشكەشدەكرا، وەك پرۆژەكانی خاونوبەرەو نیشتەجێبوون و ژێرخانی ئابووری كەرتی كارەباو وزە لەهەرێم لەگەڵ ئەوەی كە بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا درایە كۆمپانیاكان بەڵام ئەوانەش هەر حكومەت پشتیوانی دەكردن و وزەی بۆ دابیندەكردن ، بۆیە بە ڕووودانی تەنگژەی دارایی ئەم كەرتانە بە تەواوی پەكیان كەوت لەگەڵ ئەوەی كەرتی تایبەت بوون، بەڵام هەموو ئەو جوڵەی كەلە بازارەكانی هەرێمی كوردستاندا دەبینرا سەرچاوەی سەرەكی مووچەی موچە خۆرانە، كە ئەوەیش ئەو پارەیە بوو كە لە بوجەی حكومەتی عێراقیدا بۆ هەرێم تەرخانكرابوو . لەگەڵ هەموو ئەمانەش حكومەتی هەرێم بەهۆی ئەوەی كە دەوڵەتێكی سەربەخۆ نییە نەیتوانیوە دراوێكی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەگەڵ ئەمانەشدا سیاسەتی دەرەی هەرێم و مامەڵەكردن لە گەڵ وڵاتانی دراوسێدا كە بەرێژەیەكی باش لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان نەبووە، ئەمە لەكاتێكدایە كە یەكێكی دیكە لەو هۆكارانەی كە بە شێكی زۆری وڵاتانی خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی تەنگژە داراییەكان پشتیپێدەبەستن، بەرزكردنەوە یاخود زیادكردنی ڕێژەی باجە لە سەر هاوڵاتیان ، بەڵام لە هەرێمی كوردستان كەمترین ڕێژەی باج هەیە بۆیە نەبووەتە سەرچاوەیەی داهات بۆ حكومەت ناتوانرێت لە ڕێگەی دەركردنی

---

[١] -ئاراس رمضان احمد ،هەردەوان مەحمود كاكە شێخ ، ڕۆڵی كاناڵە ئاسمانیە كوردیەكان لە ئیدارەدانی قەیران لە هەرێمی كوردستاندا (قەیرانی دارایی بەنمونە ) توێژینەوەیكی وەسفیە ، لە كۆنفرانسی زانستی پێشكەش كراوە ئەم توێژینەوەی ،لا ١٣

[٢] - عامر العمران ،الازمة الاقتصادية في كردستان العراق ..الي اين ، مركز الروابط البحوث والدراسات الاستراتيجية , http://rawabetcenter.com/archives/٢٢٨٩٩، كاتی سەردانی كردن:( ، ٢٨-٢-٢٠١٩)

نەختینەی داراییەوە حکومەت پارەکۆبکاتەوە، هەروەها هەرێم نەیتوانیوە لە رێگەی خستنە بازاڕی چاپی دراوی نوێوە پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەشێوەیەکی خێرا ڕووبە ڕووی ئەو تەنگژە ئابوورییە بێتەوە ، بۆیە تاکە رێگا بۆ چارەسەری ئەم کێشانە گەرانەوەیە بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەغدا. [1]

هەموو ئەم هۆکارانەی باسکران کاریگەریی گەورەیان لەسەر کایە جیاوازەکانی ژیان دروستکرد کە سەرجەم کەرتەکانی وەبەرهێنان، خاونوبەرەو گەشت و گوزار، بێگومان دامەزراوە میدیاییەکان و راگەیاندنیش بێبەش نەبوون لە کاریگەرێتیەکانی ئەو تەنگژەی کەرووی لە هەرێمی کوردستان کرد تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان بە سەرەتاو ناوەرۆکی هەموو ئەو کێشە ئابووری و سیاسیانە هەژماردەکرێت کە روویانداوە ، چەندین رووداو لە ناوچەکە دابەزینی نرخی نەوت و پەلاماری داعش لەعێراق و هەرێمی کوردستان رویاندا دەکرێت ئەوانیش بە تەنگژە بناسێنین ،بونە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان تووشی چەندین تەنگژەی دیکە ببێتەوە کە تائێستاش رەنگدادنەوەی بەسەر کایە جیاوازەکانی ژیانی رۆژانەی تاکی کوردەوە هەیە، کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بەدوای خۆیدا هیناوە، داعش و پەلاماردانی هەندێك لەناوچە کوردستانییەکان و داگیرکردنی موسڵ، سەرەتای سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی ترن لە هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم توشی جەنگێگی روبە روو بویەوە لەگەڵ داعش و چەندین شەهید و قوربانی لێکەوتەوە، بەڵام لێکەوتەکانی ئەم جەنگە لە قەبارەی جەنگەکە گەورتربوو، کە ئەویش ئاوارە بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری هاوڵاتی عەرەب لە ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری بۆ هەرێمی کوردستان و کوردانی ئێزیدی، ئەمە فشارێکی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کە خۆی لە و ساتە وەختەدا لە دۆخێکی ئابووری نەخوازراودا بووە ، بۆیە ئەمە لە رووی ئابوورییەوە فشاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرد، بە دابینکرنی شوێنی نیشتەجێ بوون هاوکاریکردنیی ئاوارەکان لە رووی دەروونی پەروەردەیی بە دابین کردنی قوتابخانە بۆ منداڵان و پێدانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی رۆژانە .[2]

### ٢- کاریگەرێتیەکانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا

صباح نوری عباس لەتوێژینەوەیەکدا دەربارەی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر وەبەرهێنانی بیانی، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات هەرێمی کوردستان وەکو هەر وڵاتێکی تری تازە پێگەیشتوو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣)ەوە هەرێمی کوردستانیش گرنگی زۆری بینیبوو لە وەبەرهێنانی بیانی، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوەو بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و

---

[1] - مارك ديويفر، حينما تلتقي النهايات الاصلاحات الاقتصادية في اقليم كردستان العراق ، IIR_Making Ends Meet DeWeaver_Arabic.pdf، لا ٣-٤ ، سەیری ئەم لینکە بکە
https://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/IIR_Making٪٢٠Ends٪٢٠Meet_DeWeaver_Arabic.pdf
کاتی سەرانی کردن:( ٣-٤-٢٠١٩ )

[2] - عمران العمران ، سەرچاوەی پێشوو .

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی تائێستاش بەشێوەیەکی کەمتر کاریگەری ئەو قەیرانە بەردەوامە.[١]

بانکی نێودەوڵەتی لە دواین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە کاریگەری ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە ئاماژبەوە دەکات هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەو ژمارە زۆرە لە ئاوارەی سوری و ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری ، روبەرووی چەند جۆرێك لە تەنگژە بووەتەوە لەوانە مەترسی ئەمن و ئاسایش ،تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەڵەکە بوو ، هەروەها لە ڕاپۆرتە کە دا باس خراپی دۆخی ئابووری هەرێم دەکات بەتایبەت ئەو قەرزانەی کە لە سەری کەڵەکە بووە ،کە بە زیاد لە ٢٢ ملیار دۆلارمەزەندە دەکرێت، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە بەهۆی زیادبوونی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان ئەمەش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، ئەمانە بوونە هۆی دروست بوونی ئاڵۆزی و پشێوی و هاتنە سەرشەقامی خەڵك و دەربڕینی نارەزایی لەلایەك و کۆچکردنی بەلێشاوی  خەڵك بۆ دەرەوەی وڵات، لەم دۆخەدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیش بێ بەش نەبوون لەم کاریگەرێتیە،بەتایبەت لە  ڕووی سەرچاوەی داهاتەوە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دروستکرد لەسەرکوالێتی بەرهەمە میدیاییەکانی رۆژنامەنووسان، بێگومان لە ساتی ڕوودانی هەر تەنگژەیەکدا پێویستە حکومەت بڕیاری بەپەلەو یەکلاکەرەوە بدات و هەنگاو بنێت بۆ رزگاربوون لە و لێکەوتانەی کە بەهۆی تونگژەکەوە هاتوونەتە پێش، بۆئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە رێکەوتن لەگەڵ بەغدا بکات، بەمەبەستی ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو تەنگژە داراییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی بەغداش بێبەشنەبوو لەو کاریگەریانەی کە تەنگژەی دارایی دروستی کرد [٢].

## ٣- شێوازی ئیدارەدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا :

پاش لێکدانەوەی هۆکارو لێکەوتەکانی تەنگژە دارایی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دەربازبوون لێی  حکومەت چەند هەنگاوێکی بە پەلەی نا وەك رێگەچارەیەکی سەرەتایی لێرەدا بە کورتی باس **لەو هەنگاوانە دەکەین-[٣]:**

**هەنگاوی یەکەم :** هاوکاری ماددی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

ئەو کاتەی بارو دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان لە خراپترین باردابوو بەهۆی ئەو تەنگژە داراییە کە ڕوبەرووی بوویەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاوکارییەکانی خۆی ڕاگەیاند لە ڕێگەی ناردنی هاوکاری ماددی بەپەلە بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت هاوکاری ماددی و مرۆیی بۆ

---

[١] -Sabah’ Noori AbbasK The Economic Crisis in kurdstan Region and its Impact on Foreign InvestmemtAvailable: سەردانی. https://www.omicsonline.org/open-access/the-economic-crisis-in-kurdistan-region-and-its-impact-on-foreign-investment-٢١٦٢-٦٣٥٩-١٠٠٠٤٥٣-٩٤٩٩٨.html. کاتي سەرداني کردن ٢٠:(١- ١- ٢٠١٩)

[٢] -sabah ،سەرچاوەی پێشوو

[٣] - عامر عمران ،سەرچاوەی پێشوو

ئەو ئاوارە و كۆچبەرانەی كە بە هۆی جەنگی داعشەوە ڕویان لە هەرێمی كورستان كردبوو، لەگەڵ پێشەكەش كردنی هاوكاری سەربازی بەهێزی پێشمەرگەی كورستان، بەڵام ئایا ئەم هاوكارییانە توانی هەرێمی كوردستان لەو تەنگژە ئابوورییە رزگاربكات، بێگومان نەخێر بەڵام ئەمانە وەك فریا گوزارییەكی سەرەتاییبوون بۆ دواخستنی ئەو تەنگژە ئابوورییەی، كە بەرێوە بوو بۆ هەرێمی كوردستان، كە ئەم هاوكارییانە لە رێگەی هەوڵی پەیوەندییەكانی دەرەوەی حكومەت بوو كە هەوڵی خۆی لەم بارەیەوە خستەكار ئەمریكاش وەڵامدانەوەی هەبوو بۆ ئەم داوایەیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان .

**هەنگاوی دووەم** : دەستپێكردنی چاكسازی ئابووری بوو لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە

پاش كۆتایی هاتنی جەنگ دژی گروپی تیرۆرستی داعش حكومەت خەرجیە سەربازییەكانی تاڕادەیەك كەم كردەوە ،دواتر لە رێگەی سیستمی چاكسازی لە دامودەزگا حكومیەكان و كەم كردنەوەی گەندەڵی و زیادەڕۆی بابەتی موچە خۆرانیش یەكێك بوو لە و هەنگاوانەی كە لە پرۆسەی چاكسازیدا لە ریزی پێشەوەی كارەكانی حكومەت بوو، چونكە ماوە دوو ساڵ بوو موچەخۆرانی هەرێمی كوردستان بە چەندمانگ جارێك تەنها سێ لەسەر یەكی موچەكەی خۆیان وەردەگرت، سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی لە رێگەی كەمكردنەوە موچەی پلە باڵاكان و لابردنی موچە خۆرانی بندیوارو حزبی ، چاكسازیان لە بابەتی موچەدا كرد،خاڵێكی گرنگ بڕینی مووچەی پارتە سیاسیە كانی هەرێمی كوردستان بوو كە هەر پارتیكی سیاسی بە پێی قەوارەی سیاسی و رێژەی ئەو دەنگانەی كە لە هەڵبژاردنەكاندا بە دەستیدەهێنا بودجەیەكی لە حكومەت وەردەگرت ، كە ئەم ئەركێكی دارایی گەورە بوو لەسەر شانی حكومەت.

## ٤- تەنگژەی دارایی و ڕەوشی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستان

سەبارەت بەرەوشی ڕاگەیاندن و خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستاندا، لە دوای ڕاپەرینی بەهاری١٩٩١لەگەڵ یەكەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان و پیكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، حكومەت هەوڵیدا ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت وەك (تەلەفیزۆن ،رادیۆ،رۆژنامە و گۆڤار)،بەڵام هەر لێرەوە ڕاگەیاندنی حكومی لە هەرێمی كوردستاندا بە لاوازی لە دایكبوو، ئەمەش بۆ كاریگەریی ئەو ململانێ حیزبیەی كە هەبوو بەتایبەت لە نێوان هەردوو پارتی دەسەلاتدار (یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان )، دواتریش بەهۆی شەڕی ناوخۆوە كوردستان بەسەر هەردوو زۆنی زەرد و سەوز دابەشبوو كە ئەمەش كاریگەرێتی نەرێنی هەبوو لە سەر گەشەسەندنی ڕاگەیاندن كە تێیدا هەموو دامەزراوەیەكی فەرمی و نافەرمی مۆركی حیزبی وەرگرت، بۆیە ئەم زەمینەی لەدایكبوون و گەشەسەندنی راگەیاندنی حكومی و سەربەخۆی تا ڕادەیك لەباربرد ، دوابەدوای ئەمەش چەندین رێكخراو دەزگای كۆمەڵایەتی و لەسەرو هەمووشیانەوە كردنەوەی چەندین دەزگایی راگەیاندنی حیزبی و دەزگای راِگەیاندنی نیمچە

حزبی دامەزرا ، لەماوەی چەند ساڵێکدا بەتایبەت لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٤-٢٠١٤ زۆرترین رۆژنامە و گۆڤارو کەناڵی تەلەفیزۆنی ناوخۆیی و ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان کرایەوە کە دەکرێت ئەو ماوەیە بەسەردەمی گەشەسەندنی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دابنرێت، بەڵام ئەمانە چونکە خۆیان خاوەنی داهات و سەرچاوەی دارایی خۆیان نەبوون بۆیە زۆر بە خێرایی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو تەنگژە داراییە کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە ،زۆرترین رۆژنامە و کەناڵی حیزبی داخران بەتایبەت ڕۆژنامە کاغەزیەکان کە چەند رۆژنامەیەکی رۆژانە هەبوو زۆربەیان داخران یان ژمارەی کارمەندان و رۆژنامە نووسەکانی کەمکرایەوە و هەروەها بەرنامە و لاپەرەی رۆژنامەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە کەمکرایەوە، کە ئەم بابەتەش پرسی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە کە ئایا تەنگژەی دارایی تا چ ئاستێک کارگەرێتی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دروستکردوە .[١]

## پێنجەم : لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

### ١ – تەنگژەی دارایی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

ڕۆڵ و بایەخی ڕاگەیاندن لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا: لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنە گەورەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەخۆیەوە بینیوە، ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووبەڕووبونەوەی تەنگژەکاندا فراونتردەکات لە دوو ڕووەوە لە رووی کەمکردنەوەی کاریگەرێتیەکانی ئەو تەنگژەی کە ڕووداوە لەسەر خودی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە لایەك، چارەسەرو کەمکردنەوەی کاریگەرێتییەکانی تەنگژەکە لە سەر کۆمەڵگە، کە ئەمەش لە رێگەی چارەسەرکردنی تەنگژەکە یاخود کەمکردنەوەی کاریگەرێتەیکانی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی، لەرێگەی پشتبەستنی (کەسانی سیاسی ،دبلۆماسی ،بەرپرسان و ڕاگەیاندنکاران ) بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەرو گەیاندنی پەیامەکانیان، وەك لە سەرەتادا ئاماژەمانپێدا ڕەنگە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکاندا ببنە قوربانی یاخود توشی زیانی گەورەی ئابووریی ببنەوە بەتایبەت لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی داراییدا کە سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکان دەکەوێتە مەترسیەوە ، جائەو میدیایە حزبیی بیت یان سەر بەخۆ بەڵام کاریگەرییەکان جیاواز دەبێت.[٢]

---

[١]-هەردەوان مەحمود ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٠
[٢] – هەردەوان مەحمود ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٠-١٢١

*- رۆژنامەنوسێکی ئەمریکیە کە لە بواری ئابوریی و دارایدا کاریی ڕۆژنامەنوسیەکان خاوەنی ستونی تایبەتیخۆیەتی بەناوی Bloomberg لە ویلایەتی نیوجەرسی ئەمریکا لەدایک بووە .

*"جاستن فوكس" لەوتارێكی زانستیدا روونیكردۆتەوە كە راگەیاندن و داهێنانە تەكنۆلۆژییەكان هەروەك چۆن كاریگەرییان لەسەر بازرگانیكردن و مۆدێلەكانی بازرگانیكردن دروستكردووە، بەهەمان شێوە رۆڵی زۆریان هەبووە لەئیدارەدانی ئەو قەیرانە دارایی و بازرگانیانە لەماوەی ساڵانەی رابردوودا سەریان هەڵداوە، بەتایبەتی لەساڵی (٢٠٠٧)ـەوە كە بەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانە داراییەكان دانراوە، راگەیاندنی ئابووری چەندین راپۆرتی دەربارەی بارودۆخەكان و ئاگاداركردنەوەی دەرئەنجامی ئەو كێشانەی روویانداوە، بەتایبەتیش مەترسی هەرەسهێنانی سیستەمی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی بڵاوكردووەتەوە.هەروەها راگەیاندنی نائابووری رۆڵی جیاوازی بینی لەئاگاداركردنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسییەكانی قەیرانی دارایی بەتایبەت كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان. هەرچەندە بەهۆی تازەبوونی قەیرانەكەو نەبوونی ئەزموونی دەزگاكانی راگەیاندن و سەرنوسەرانی هەواڵ بەتایبەتیش تێنەگەیشتنیان لە"قەیرانی قەرزی بازاڕ" بەیەكێك لەو ئاستەنگانە دانراوە كە رۆڵی راگەیاندنی بەهێزكردبوو لەئیدارەدانی قەیرانەكاندا.[١]

**بایەخی ڕاگەیاندن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تەنگژە :[٢]**

١. ڕاگەیاندن بەسەرجەم ئامرازە جیاوازەكانییەوە، لەمیدیایی و ئەلكترۆنی و میدیای ترادیشناڵ ، ئامرازێكی كاریگەرن لە نێوان هەر تەنگژیەك ،كە ڕوودەدات بە تەنگژەی داریپشەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بە تەنگژەكە، بۆ نمونە ڕاگەیاندن دەتوانێت قەبارەی كارەساتێك یان ئەو تەنگژە داراییە كەرَووی داوە بە جۆرێك لە جۆرەكان یان لە قەبارەی خۆی كەمتری نیشانی بدات ، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە ئامرزاكانی ڕاگەیاندن هۆكارێك بن بۆ گەورەكردنی ئەو كێشەو تەنگژانەی كە ڕوودەدەن ، ئەمە میدیائەلكترۆنیدا زیاتر هەستپێدەكرێت ،بەهۆی ئاسانی بەكارهێنان و بەردەستی و خێراگەیاندنی زانیارییەكان لە رێگەی وێنە و ڤیدۆشەوە هەندێكجار بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ روداوەكان دەگاتە دەستی سادەترین هاوڵاتی، كە ڕەنگە هەر ئەو زانیاریە نەشێت بۆ ئەوەی بگاتە ڕایگشتی لێرەدا ئیدی كێشەی كۆنترۆڵكردنی دێتە پێش كە ئەم كێشەی دی بە دوای خۆیدا دەهێنێت ، بەڵام لە میدیایی ترادیشناڵدا دەتوانرێت ئەو زانیاریانە لە لایەن دەوڵەتەوە یان لەلایەن دەزگاكەوە كۆنترۆڵبكرێت وەك ئەوەی كە مەبەستیانە بڵاویبكەنەوە ،بۆنمونە كاتێك تەقینەویەك یان ڕووداوێك لە وڵاتێك یان شارێكدا رووی دەدات پاش چەند ڕۆژێك یان چەند كاتژمێرێك ئەو هەواڵە دەگەیشتە ڕایگشتی و تارادەیەكی باش دەتوانرێت كۆنترۆڵی بڵاو بونەوەی زانیاری داتاكان بكرێت و وەك ئەوەی پێویستە بگات بە گوێو چاوی وەرگر.

---

[١] - ئاراس رمضان احمد ،، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧

[٢] - مني الحديدي،الاعلام ومواجهة الازمات ،بحث الكتروني ، [٢] Arab media&society ، https://www.arabmediasociety.com/%D، كاتی سەردانی كردن ٢٦:(-١٢-٢٠١٨) .

١- ئامادەکاری ورد بۆ ئیدارەدانی تەنگژە ، ئەوەش لەرێگەی دیاری کردنی قەبارەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لە ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا لەسەر ئەو تەنگژەیەی کە ڕووی داوە ، ڕاگەیاندن بە تەنها خۆی ناتوانێت ئیدارەی تەنگژەکان بدات بەبێ بەشداری پێکردنی کەسان و لایەنی پسپۆر بەو بوارەی کە تەنگژەکەی تێدا ڕوویداوە ،بۆنمونە ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بیانەوێت جوڵەیەکی میدیایی ناوخۆیی دروست بکەن لەسەر تەنگژەی دارایی ناوخۆیی وڵات ، دەبێت ئەم هەوڵە لە چوار چێوەی ڕاوێژکردن بێت لەگەڵ وەزارەتەکان و دەستەو یەکە کارگێڕییەکانی پەیوەست بەو بوارە لەگەڵ ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆر.

٢- داننان بە بوونی تەنگژەکەدا، دەبێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆیانە دان بە بوونی تەنگژەکەدا بنێن، واتە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا نابێت ڕاگەیاندن هەوڵی ئەوە بدات نکوڵی لە بوونی تەنگژەکە بکات.

٣- ڕاگەیاندن دەبێت ڕۆڵ بگێڕێت لە خستنەڕووی دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەو تەنگژەی کە ڕوویداوە، ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت.

ئەمەی کە خرایەروو ڕۆڵی ڕاگەیاندن بوو لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا، بەڵام ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن لە پێش ڕوودانی هەر تەنگژەیەکدا ڕۆڵی خۆیان بگێرن، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێش ڕوودانی تەنگژەدا :-

لەم قۆناغەدا پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرترین هەواڵ و زانیاری سەبارەت پێشهاتی قەیرانەکان بگەیننە خەڵک، ئەمەش لە ڕێگەی ڕووماڵی شیکاریی، ڕەخنەیی و ڕونکردنەوە ، بەمەبەستی گەیاندنی زۆرترین داتا و زانیاری بە وەرگر، بۆ ئەم مەبەستە ڕاگەیاندن دەتوانێت پشت بە کەسانی پسپۆر ببەستێت لە کاتی ڕوودانی قەیرانی داراییدا پێویستی بە پسپۆری ئابووریی دەبیت و لە قەیرانی سەربازی و سروستی . .[1]... هەروەك تریپڵی و رایڵی ڕوونیدەکەنەوە لە قۆناغی پێش سەرهەڵدانی تەنگژەدا پێویستە ڕاگەیاندن ئەرکی پێدانی ڕێنمایی بۆ جەماوەر جێبەجێبکات ، هەروەکو نمونەی وڵاتانی وەك ئەمریکا و یابان دەهێنێتەوە و باس لە وە دەکات کە ڕاگەیاندن لەم وڵاتانە لە کاتی سەر هەڵدانی تەنگژە سروشتییەکاندا ڕۆڵی پەروەردەیی دەبینن و هاوڵاتیان فێری شێوازەکانی خۆ پاراستن لە کاراسات و تەنگژەکان دەکەن، واتە ئامرازەکانی راگەیاندن دەتوانن ببنە ئامرازگەلێکی پەروەردەیی و ناوەندێکی فێرکاریی بۆ خۆ پاراستن لە کارەسات و قەیرانەکان و پێدانی زانیاری و چۆنێتی مامەڵەکردن لە کاتی تەنگژەدا

---

[1] - ،ئاراز ئەحمەد رەمەزان، سەرچاوەی پێشوو ،لا ١١-١٠

## ٢- ستراتيژيەتی ڕاگەیاندن بۆبەڕێوەبرنی تەنگژەی دارایی

جۆری ئەوپەیوەندییەی کە لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و تەنگژەدا هەیە پەیوەندییەکی کارلێکردنە، ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری کاریگەریی تەنگژە بەسەر ڕاگیاندنەوە خراونەتە روو پێیانوایە هەلومەرجی تەنگژە دەبێتە هۆی :- [1]

١- زیاد کردنی ڕۆڵی ناوەندگیریی ڕاگەیاندن، بە تایبەت لە بواری جێبەجێ کرنی ئەرکەکانی شیکردنەوە ی بایەخ ومەبەستی ڕووداوەکان و دروستکردنی جۆرێک لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئەو گرژی و دڵە ڕاوکێیەی دروست بووە.

٢- هەندێک لە توێژەران پێیان وایە تەنگژەی دارایی دەبێتە هۆی لە قاڵبدانی ئامرازەکای ڕاگەیاندن ،لە رووی پێشکەشکردنی زانیاریی و شیکردنەوەی ڕووداوەکان .

٣- تەنگژە هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی بایەخی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ،لە هەمان کاتدا بایەخی ڕاگەیاندنیش بە پێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاددەکات .

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا ستراتیجی تایبەت بە خۆیان جێبەجێ دەکەن ،بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ تەگژەکان، بەشێک لە پسپۆران جەخت لەوە دەکەنەوە ئەگەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ستراتیژیەتی تایبەتیان نەبێت بۆ ڕووبەڕوو بونەوە تەنگژە ، ئەوا ڕۆلێ نەرێنی دەبینن بەتایبەت لە دۆخی ڕوبەڕوبونەوەی تەنگژەدا ،گنگترین ستراتیژەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی تەنگژەدا بریتییە لە :-[2]

١. ستراتیژی شاردنەوە: ئەم ستراتیژە پەیوەستە بەهەوڵی لایەنە دەرەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی دەربارەی تەنگژەکان، بۆیە لەم قۆناغەدا ڕاگەیاندن بەئامانجی نەدرکاندنی زانیاریی پەیوەست تەنگژەکان پەنا بۆ ستراتیژیەتی شاردنەوەی زانیارییەکان دەدات.

٢. ستراتیژی یاسایی: ئەم ستراتیژە لەسەر پشتبەستن بەرای کەسانی پسپۆڕ لەیاسا بەستراوە، بەجۆرێك بۆئەوەی هەموو بەرپرسیارێتییەك نەخرێتە سەر دەوڵەت، لەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی دەکرێن.

٣. ستراتیژی وەڵامدانەوەو بەرگری: لێرەدا بەرگرینامەیەکی گشتگیر بە بەشداری پێکردنی ڕاوێژکارو پسپۆڕانی قەیرانەکان بەزانیاریی ڕاست و دروست ئامادەدەکرێت و و لەڕێی وتەبێژی فەرمی دەوڵەتەوە لەکاتی پێویستدا دەخرێتەڕوو.

٤. ستراتیژی بەرگری هێرشبەرانە: لەم قۆناغەدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەوڵەکانی دەوڵەت بەئاڕاستەی ئەرێنی بۆ ڕووبەڕوبونەوەو ئیدارەدانی تەنگژەکان دەقۆزێتەوەو لەو ڕەهەندەشەوە هەوڵی دروستکردنی ڕایگشتی دەدات.

---

[1] - ادیب خضور، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٥١

[2] - سەردار عەبدوڵا ،سەرچاوەی پێشوو،لا ٨٨

هەر سەبارەت بەستراتیژی ڕاگیاندن لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا ، پیتەر ئۆنێل، پێیوایە کە پێویستە سەرنوسەران و بەڕێوەبەرانی دامەزراوە راگەیاند بزانن کە پلان و ستراتیژی راگەیاندنیی چییەو بۆچی دەبێ گەشە بەپلان و ستراتیژییە راگەیاندنییەکان بدەن و جێبەجێیان بکەن، لەبەرئەوەی تەنگژە کیشەیەکی گەورەیەو چەندین کێشەی تر لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات بۆیە پێوست دەکات راگەیاندن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان ستراتیژی هەبێت. ئامانجی ستراتیژیی راگەیاندنیی بۆ تەنگژە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی جەماوەرو رایگشتی دەربارەی رووداوەکان و پێدانی سیستەمی سەلامەتی بەجەماوەر و بەدەستهێنانی متمانەی گشتیی و پاراستنی ناووناوبانگی دامەزراوە راگەیاندنییەکانیش یەکێکی ترە لەئامانجەکان.[1]

[1] - هەردەوان مەحمود کاکە شێخ ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢

# بەشی سێیەم

## (ئابووریی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن)

### باسی یەکەم : ئابووریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پیشەسازیی میدیا

یەکەم : چەمك و پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن (Media econonmics)

دووەم : گەشەسەندنی ئابووریی و پیشەسازیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

سێیەم: دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی تیۆرییە ئابوورییەکانەوە.

چوارەم :ئەرکی  ئابووریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

پێنجەم : پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە سیسیتمی ئابوورییەوە .

شەشەم : گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و کاریگەری لەسەر  پیشەسازیی میدیا

### باسی دووەم:سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی

یەکەم :چەمك و پێناسەی دامەزراوەی ڕاگەیاندن.

دووەم : ئامانجی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕەهەندی ئابوورییەوە.

سێیەم : تایبەتمەندیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

چوارەم :خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا

پێنجەم : خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا .

شەشەم: مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

حەوتەم: سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

# باسی یەکەم:
# ئابووریی ڕاگەیاندن و پیشەسازیی میدیا

## یەکەم : چەمك و پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن (Media econonmics)

ئەگەر باس لە ئابووریی ڕاگەیاندن بکەین وەک چەمکێکی نوێ لە بواری زانستی ڕاگەیاندندا دەبێت لەسەرەتادا ئاماژە بەو گۆرانکاریانە بکەین کە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکانەوە ئەرکی ڕاگەیاندن لەئێستادا بەسەردەمی تەکنەلۆژیا و زانیاریی ناسراوە تەواو جیاوازە لەو ڕۆڵ و کاریگەرییەی کە لە ڕابردوودا هەیبووە، لە ڕابردوودا ڕاگەیاندن تەنها بریتییە بووە لە چالاکییە کی تەقلیدی کە خۆی لە ناردنی پەیامە میدیاییەکاندا دەبینێتەوە بەشێوەیەکی یەك ئاراستە کە بە (Liner Communication)ناسراوە کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە لە پەیوەندیکردن لە داهاتوویەکی دووردا ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکانی لەسەروەرگر هەستی پێنەکراوە، لەم قۆناغەدا میدیا پەیامەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی وەرگر دەکات کە ئامانج لێی گۆرینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی وەرگرە، پەیوەندیەکی دوولایەنە دروستدەبێت کە پێیدەوترێت پەیوەندی بازنەیی(Circular communication) ، لێرەدا ڕاگەیاندن پەیامەکانی تەنها بۆ وەرگرێکی دیاریکراو نابێت بەڵکو چوارچێوەی کاریگەرییەکانی فراوانتر دەبێت بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی، لە گرنگترین ئەو چالاکیانەش چالاکییە ئابوورییەکانە، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی میدیا و هاتنە کایەی ئینتەرنێت و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی چالاکییە ئابوورییەکانیش لە سەرئاستی جیهان گەشەسەندنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ کاریگەری دروستدەکات لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانیش، لە ئێستادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن لە چوارچێوەی بازاڕی هاوبەشدا کە ئەمە چەمکی Flow) of Information ( هێنایە کایەوە چەمکی ئاڵوگۆڕی زانیاریی ئەمە گۆرانکارییەکی جۆرییە لەکاری ڕاگەیاندندا، چونکە جۆرێک لە کێبڕکێ لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا دروستدەکات، پاڵنەرێکی ئەرێنییە بۆ زیادکردنی توانا و هەوڵەکان و پێشکەش کردنی باشترین لە بواری ڕاگەیاندن، کێ باشترین پێشکەشدەکات ئەمە بووەتە بنەمای کاری ڕاگەیاندن[١] .

**چەمکی ئابووری ڕاگەیاندن**

سەبارەت بە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی ئابووریی ڕاگەیاندن چەند پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەم بارەیەوە "ئالان ئەلباران" بەم جۆرە پێناسەی چەمکی ئابووریی ڕاگەیاندن دەکات (media economics):شێواز و چۆنیەتی کارکردنی کارگەو پیشەسازیی میدیایە لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی

---

[١] - مصطفي يوسف كافي ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١١-١٢

دیکەی وەکو (گڵۆباڵی، نەشناڵی، خواستی تاك)، کە ئەمیش پەیوەندیدارە بە بازرگانی نێودەوڵەتی و ستراتیژی کاری بازرگانی و سیاسەتی نرخ و پێشبڕکێی بازاڕی بەرهەمی میدیایی.[١]

سەبارەت بە پێناسەی چەمکی ئابووریی ڕاگەیاندن "ڕۆبێرت بیکارت" بەم جۆرە پێناسەیدەکات بریتییە : لە توانای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ دابینکردنی زانیاریی و بەرنامەی کاتبەسەربردن بۆ وەرگر و پێشکەشکردنی خواستی کۆمەڵگە لەلایەك، پێداویستی دارایی و مووچەی باشی کارمەندانی خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەکی دیکە، بە زیادکردنی سەرچاوەی دارایی نوێ. [٢]

**ئابووریی ڕاگەیاندن** :Media Economics بریتییە لەو پسپۆڕیەی لەسەرجەم سەرچاوە داراییەکانی (پارەدارکردن ) و سەرمایە و داهات و خەرجییە کانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکۆڵێتەوە، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەربنەمایەکی ئابوورییانەی دروست، بەئامانجی مانەوەو بەردەوامی پرۆژە میدیاییەکان و سەرکەوتنی لە ڕووی ئابوورییەوە.[٣]

هەندێك وا پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن دەکەن کە پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو بواری ڕاگەیاندن و ئابووریدا، هەرچەندە بەشێک لەڕووداوەکانی دەیەیی ڕابردوو ئەوەیان سەلماند کە ئابووریی میدیا فێڵێکی نوێی توێژینەوەی پراکتیکە و تێکەڵەیەکە لە نێوان بنەماکانی میدیاو کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ تاقیکردنەوەی بنەماکانی ئابووریی لە بەڕێوەبردنی پیشەسازیی میدیادا .[٤]

بەشێك لە ئابوورییناسان وا پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن دەکەن: بریتییە لەو پرۆسەیەی کە خاوەن دەزگانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەبەن هەوڵدەدەن چارەسەری کەمی سەرچاوەی ئابووریی میدیا بکەن، چۆن خاوەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڕیاربدەن بۆ بەرهەمهێنان لە سەرچاوەیەکی کەمی داهات[٥].

**پێناسەی( پارکین )**بۆ ئابووریی ڕاگەیاندن دەڵێت:"ئابووریی ڕاگەیاندن بریتییە لەو میکانیزمەی کە دیاری دەکات چی بەرهەم دەهێنێت، چۆن بەرهەمی دێنێت، بۆ کێی بەرهەم دەهێنێت وەڵامی ئەم پرسیارانەش لە لایەن هەرسێ لایەنی (بەکاربەر،میدیا و حکومەت و بازار)ەوە دەدرێتەوە"[٦].

لەم پێناسەیەدا(پارکین) دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، کاتێك میدیا بەرهەمێك بەرهەمدێنێت ئامانجی ئەوەیە ئەو بەرهەمە بفرۆشێت بە گروپێکی دیاری کراو لە کۆمەڵگە، هەربۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت بزانن چی بەرهەمدێنێت بۆ ئەوەی بیفرۆشێت بە کریار، لێرەدا وەرگردەکرێت ئەو کریارە بێت ،

---

[١] -Alan B.Albarran, The Media Econonmiy ,Second edition ,٢٠١٦, francis , p ١٨
[٢] -Robert Picard,MEDIA ECONOMICS,Concepts and Issues,Sge Publications,١٩,
[٣]- هەردەوان مەحمود ، سەرچاوەی پێشوو ،لا ٢١-٢٣.
[٤] -Matthew Gay ،Senior Manager Media and Entertainment ،The future of advertising.lynnMcMahon managing Director Accentu re DIGITALAdvertisinservise٢٠١٦ p٢٤-٢٨،
[٥] - Matthew Gay, Previous source p٢٤-٢٨،
[٦] - Alan B.Albaran , Previous source, p ٢٩٥-٢٩٦

کەواتە کریار ئەوە دیاریدەکات چی بەرهەمدەهێنێت، پێشکەوتنی تەکنەلۆجیو ئەو دەزگایە کە بەکاردێت بۆ بەهەمهێنان و فرۆشتن و بڵاوکردنەوە رۆڵی گرنگ دەبینێت

## پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن

ئابووریی ڕاگەیاندن ئەو زانستەیە هەوڵی ئەنجامدانی توێژینەوە دەدات لە هەر دوو بواری ئابووریی و ڕاگەیاندندا کە لە لایەک گرنگیدەدات بەو هێزە ئابوورییە بەردەوام لە گۆرانکاریدایە و بووەتە سەرچاوەی ئاراستەکردنی بەرپرس و سەرپەرشتیاران وکەسانی خاوەنبریار لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بۆ بڕیاردانی دروست لەو بژاردانەی کە لە بەردەستیاندایە، ئەمەش لە رێگەی زیاتر تێگەیشتن و دیراسەکردنی زانستی ئابووریی ڕاگەیاندن لای کەسانی خاوەنبڕیار کەئەمە ریگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی بریاری ڕاست و دروست بدەن[١] . ئابووریی ڕاگەیاندن ئەو پسپۆریە کە گرنگی بە ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆلینەوە بەو بوارانەی کە پەیوەستن بە پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەدات لە ڕووی سەرمایە و دابینکردنی خەرجییە کانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆئەوەی لە ڕووی بەرێوەبردنەوە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزبێت، کە ئامانج لێی هێشتنەوەو بەردەوامی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و سەرکەوتنێتی لە رەهەندە ئابوورییەکەوە، چونکە ئابووریی ڕاگەیاندن بە لقێك لە لقەکانی زانستی ئابووریی پراکتیکی هەژماردەکرێت لە پێناسە ئابوورییەکانیدا ئەمە زیاتر شیدەکەینەوە، ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری ئابووریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندا بە یەکێك لە نوێترین و گرنگترین بوارەکانی توێژینەوە دەدانرێت لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا بۆ لێکۆڵینەوەیە لە لایەنە ئابوورییەکەی پیشەسازیی ڕاگەیاندن کە بە بوارێکی گرنگی توێژینەوە هەژماردەکرێت لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :-[٢]

- گەورەیی قەبارەی وەبەرهێنان لە بواری ڕاگەیاندندا .
- گەشەسەندنی خێرا و بەردەوامی ئابووریی جیهان.
- هاتنە ناوەوەی حکومەت و کۆمپانیا گەورەکان بۆ بەشداریکردن لە م چالاکییە ئابوورییەدا.
- گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا، کە ئەمە بووەتە هۆی زیاتر بایەخدان بە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چونکە لە سەردەمی تەکنەلۆجیا وئینتەرنێتدا تەنها ئامانج لە گەیاندنی زانیاریی و پەیامە میدیاییەکە نیە، بەڵکو لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جیاوازن و وەرگر و نێرەر لە یەك کاتدا لە نێوانیاندا کار و کاردانەوە دروست دەکەن.
- ئەو کێشانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی میدیایدا دێنە پێش .

سەرەرای ئەوبایەخە گرنگەی ئەم بوارە لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندندا، گرنگی پێدانی ڕاستەقینە و کارکردن لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری ئابووریی ڕاگەیاندندا تارادەیەك نوێییە، لە ئێستادا

[١]- جیلیان دویل ،اقتصادیات وسائل الاعلام ،کتاب مترجم من قبل محمد عبدالحمید،(دار الفجر للنشر والتوزیع، ٢٠١٥)،ص ١٢
[٢]- سهام الشجیری، الاقتصادیات الاعلام ،(الامارات : ٢٠١٤ :دار الکتاب الجامعي)ط١، ص ٣٣-٣٤

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە ئابوورییەکان لە لایەنی ئابووریی و بەرهەمەوە وابەستەی یەکن و هەردوکیان یەك ئامانج کۆیاندەکاتەوە ئەویش بەکاربەرە .[١]

لە سەرەتادا بۆ ئەوەی لە چەمکی "ئابووریی ڕاگەیاندن " تێبگەین وەك چەمکێکی نوێ لە بواری ڕاگەیاندا، پێویستە پێناسەی چەمکی ئابووریی بکەین وەك یەکێك لە بوارەکانی زانست کە پەیوەستە بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

**چەمکی زانستی ئابوریی**

بریتییە لەو زانستە کۆمەڵایەتییەی، کە چارەسەرو شیکاری کێشە ماددییەکان دەکات لە ڕێگەی دیاریکردنی ئامرازە جیاوازەکانەوە، تا بتوانێت بەهۆیانەوە ئارەزوو پێداویستییەکانی خۆی پڕبکاتەوە کە ئەمەش خۆی لە خزمەتگوزاریی و خستنەڕووی کاڵاکاندا دەبینێتەوە .[٢]

لە پێناسەیەکی دیکەدا بۆ زانستی ئابووریی : بریتییە لەو زانستەی کە گرنگی دەدات بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەو یاسا کۆمەڵایەتیەکانەی، کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنان، دابەشکردنی بەرهەم، ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە ڕۆڵ دەبینن لە تێرکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤدا.[٣]

لە سەر بنەما ئابوورییە کان و لە ڕوانگە ئەو پێناسەی سەرەوە ( Robert Picard) بەم جۆرە پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن دەکات بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ زانینی ئاستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وەرگر لە ڕووی پێدانی زانیاریی، بابەتی کاتبەسەربردن، پێداویستییەکانی ڕێکلامکاران و کۆمەڵگە بەشێوەیکی گشتی[٤] .

**پێناسەی ئابووریی ڕاگەیاندن لە ڕوانگە ئابوورییەکەیەوە**

ئابووریی ڕاگەیاندن بەو پێیەی لقێکە لە لقەکانی ئابووریی پڕاکتیکی کە لە (بەرهەمهێنان ،دابەشکردن ، بەکاربردن )ی ناوەرۆك و پێکهاتەی ئامرازەکان دەکۆڵێتەوە، بەرهەمهێنانیش بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستنی کارەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامێکدا و هەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتە هونەرییەکانی بەشدار لەو پرۆسەیە و جێبەجێکردنی ، ئاسانکاری بۆ هەموو ئەو بەربەستانەی کە دێتە ڕێیان لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە بۆی دیاریکراوە، ئەم چەمکە سەرجەم خەرجییە دارایی و تەکنیکی و هونەری و مرۆییەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام دابەشکردن بریتییە لە توانای نێرەر یاخود ئەوئامرازەی کەپەیامەکە ئاراستە دەکات، لێرەدا چۆنێتی گەیاندنی پەیامەکە بە جەماوەر گرنگە ، جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریی ئەو پەیامە دیاریدەکەن، دواجار بەکارهێنان واتە نیشاندانی ئاستی پەسەندکرنی جەماوەرە

---

[١]- سهام الشجیری ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٤

[٢]- بوزيفي وهيبة ، مدخل تمهيدي حول بداية الاهتمام بوسائل الاعلام من منظور اقتصادي ،ماڵپەری تایبەتی نوسەر کاتی سەرانی کردن( ١٢-١-٢٠١٩) ،http://bouzifiwahiba.blogspot.com/٢٠١٥/١٢/normal-٠-٢١-false-false-false-fr-x-none.html

[٣] -السيد عبد المولي ،اصول الاقتصاد،( بيروت :دار فكر العربي ،١٩٩٧)،ص ٢١-٢٢

[٤]-بوزیفی وهیبە ،سەرچاوەی پێشوو.

بۆ پێکهاتەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وشێوازی پێشکەشکردنی پەیامەکە، کە ئەمەش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆریی پێویستە دواجار ئەمەیە دەگاتە وەرگر، بۆیە بەپێی سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جەماوەر پەیامەکان پەسەند بکات پێویستی بە هەوڵدان و وردەکاری زۆرهەیە نەك تەنها لە ناوەرۆکی بەرهەمەکە، بەڵکو چوارچێوە و ئەو شێوازە گرنگە کە پەیامەکەی پێ دەخرێتە ڕوو [١] .

لە شیکردنەوەی ئەم پێناسەیەی سەرەوەدا زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری ئابووریی لە سەرەتادا پێیانوابوو ئەستەمە کاری ڕاگەیاندن ملکەچی شیکاری ئابووریی و هەڵسەنگاندنی کارگێری بێت، چونکە ڕاگەیاندن لە بنەڕەتدا کارێکی داهێنەرانەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بپرسین ئایا دەکرێت بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن بەبێ ئەو هۆکارانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەکی تر بەرهەم بهێنن ؟وڵامەکە نەخێر دەبێت، چونکە بەرهەمی ڕاگەیاندن وەك هەربەرهەمێکی تر پێویستی بە بەکارهێنانی هەر پێنج ڕەگەزەکەی بەرهەمهێنان دەبێت وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا .[٢]

ئامانجی هەر زانستێك بریتییە لە ئاشکراکردنی یاسا بەمەبەستی یارمەتیدان بۆ گەنگەشە کردن و لێکدانەوە و پێشبینیکردن و بڕیاردان لەو دیاردانەی کە پەیوەستن بەو زانستە دەبینیێتەوە، زانستی ئابووریش وەك هەرزانستێکی دیکە دەکۆڵێتەوە لە دیاردە ئابوورییەکان بەمەبەستی خستنە ڕووی لێکدانەوەی ڕەفتارە ئابوورییەکانی(تاك، خێزان، دامەزراوەکان، حکومەت ، لە زانستی ئابووریدا سێ یاسایی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت کەرێژەیین بەپێی میکانیزمی جێبەجێکردنی پەیوەندی بە کات و شوێنەوە هەیە، واتە گۆڕینی شوێن و کات کار لە زیاد بوون و کەم بوونی ڕێژەکە دەکات، کەمترین ئەگەر و هەروەها کەمترین ئاستی ورد بینی کە بریتین لەمانە :- [٣]

١. یاسایی ڕێژەی پراکتیکی:بەپێی ئەم یاسایە بە گۆڕینی کات و شوێن گۆڕانکاری دروستدەبێت ،واتە ئەو ڕێساو یاسایانەی کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەبووە، پراکتیزە ناکرێت بەسەر کۆمەڵگە نوێکاندا.
٢. ئەنجامەکان ڕێژەییە : واتە یاساکانی بواری زانستی ئابووریی ملکەچی بارودۆخە تایبەتەکان دەبن، مەرج نیە ئەمەبکرێتە پێوەر بۆ ڕووداوێک کە پێشتر ڕویداوە هاوشێوەی هەمان ڕووداو هەمان دەرئەنجامی لێبکەوێتەوە، واتە ئەگەری دوبارەبونەوە بەشێوەیەکی تەواو لە زانستی ئابووریدا کەمترە بەراورد بە زانستە سروشتییەکان .
٣. کەمترین ئاستی وردبینی هەیە بە بەراورد بە زانستە سروشتییەکان .

---

[١] - مصطفي يوسف كافي ،اقتصاديات صناعة الاعلام ،(اردن –عمان :دار الحامد للنشروتوزيع ٢٠١٥ )،ص ١٢
[٢] - هەردەوان مەحمود ،عەبدولخالق ئیبراهیم ،ئابوری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ،(هەولێر:٢٠١٧چاپخانەی بێریڤان ) لا ١٢-١٤
[٣] - جاسم سلطان ،خطوتك الاولي نحو فهم الاقتصاد،( بيروت:دارنشر الشبكة العربية للابحاث والنشر ، ط٢ ٢٠١٠م) ص١٥-١٦،كتاب الكتروني الموجود في هذا الرابط ،
file:///C:/Users/SHKAR%٢٠PC/Downloads/مكتبة%٢٠نور%٢٠

## دووەم : گەشەسەندنی ئابووریی و پیشەسازیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

### ١- گەشەسەندنی ئابووریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

سەبارەت بەسەرەتاکانی گەشەسەندنی ئابووریی ڕاگەیاندن وئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠، کە لە سەرتادا ئەم گەشەسەندنە زۆر هێواش بوو، بەڵام لە ماوەی دە ساڵدا گەشەسەندنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت، لەسەرتای ساڵی١٩٨٠دا لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا ئابووریی ڕاگەیاندن وەك وانەیەکی سەرەکی دەخوێنرا وبووە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکاندا، دوا بە دوای ئەمەش لە کۆتای هەشتاکاندا "رۆبێرت بیکارت " یەکەم گۆڤاری لە بواری " ئابووریی ڕاگەیاندن " دا دەرچواند کە خۆی کاری هەواڵسازی و ئامادەکردنی بەرنامەی دەکرد، ئیدی لە وکاتەوە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم گۆڤار لەم بوارەدا ئابووریی ڕاگەیاندن وەك بوارێکی مەعریفی بەشێوەیەکی ئەکادیمی گەسشەسەندنی بە خۆیەوە دەبینێت، وەك ئەوەی لە سەردەمی ئەمرۆدا دەبیینین بە هەزاران زانکۆ لە سەر ئاستی جیهان لەم بوارەدا خولی ڕاهێنان و پرۆگرامی تایبەت پێشکەشدەکەن، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکولێنەوە و کارکردن لە م بوارەدا بە شێوەیەك ئەکادیمی.[١]

هەر ئەمەش وایکردووە لە ئێستادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵبگێرن لە پشتگیری ئابووریی جیهان وبایەخی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا، ئەم گەشەسەندنە لەسەرەتای نەوەتەکاندا بەتەواوی هەستی پێ کرا کاتێك لە ساڵی ١٩٩١ لەباڵەخانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کۆبونەوەیەکدا "جۆرج بۆش" ی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گوتارێکی پێشکەشکرد لە وتارەکەیدا سەرنجی ئامادەبوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کاتێك کە باسی لەو شۆرشە کرد کە ڕاگەیاندن دروستی کردوە، بووە هۆی تێکشکاندنی ئەو بەربەست و نێوبەندە سە پێنراوانەی گەلانی دونیا، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەی کە تەکنەلۆژیا پێشکەشیکرد و سنوری نێوان وڵاتانی تێکشکاند ولەسەردەمی نوێدا پێشکەوتنی زانیاریی بەهەمان ئەندازەی فراونبوونی ئازادییەکان گەشەیکروە، بەجۆرێك دەکرێت بڵێین سەردەمی گواستنەوە ئازادانەیە بۆ هزر، هەروەك چۆن سەردەمی گواستنەوەیە بۆکاڵاکان، لە ئێستادا ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی سەرەکی دەستخستنی زانیارییە و دەسەڵاتی چاودێری گشتی لە لایەك و ئامرازی دروستکردنی ڕای گشتیشە لە لایەکی دیکە، لێرەوە دەتوانین لە سەر ئەو بونیاد ئابوورییە بوەستین کە ڕاگەیاندن هەیەتی لە سایەی کرانەوەی بە ڕووی بازردا و فراون بونی خواست لەسەری، کە ئەمە بووەتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێی توند لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی، واتە میدیا لەسەر دوو بنەمای لۆجیکی گرنگ وەبەرهێنان کاردەکات لۆجیکی بەرهەمهێنانی رۆشنبیری و

---

[١]- سهام الشجیری ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٢٨-٢٩

گەیاندنە لە لایەك و لۆجیکی بازاریش لە لایەکی دیکە، کەئەمەش بووەتە هۆی سەپاندنی دۆخێکی نوێی کاری ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی جیهان .[١]

## ٢ - پیشەسازیی ڕاگەیاندن ( پیشەسازیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن )Media Industry:

لە ئێستادا پیشەسازیی ڕاگەیاندن بووەتە یەکێك لە بەهێزترین پێکهاتەکانی پیشەسازیی لە سەر ئاستی جیهان ئەم بە هێزی و کاریگەرییەش تەنها لە و قەبارە زۆرەی داراییەوە نیە کە لە م بوارەدا پیشەسازی پێوەدەکرێت وەك بوارێکی ئابووریی ڕووت، بەڵکو سحر و گرێی پیشەسازیی لە بواری ڕاگەیاندندا لەم خاڵەوە دەستپێدەکات کە ئەویش ئەو کاریگەریە گەورەیە کە هەیەتی لەسەر ئاستی تاك و جەماوەرو حکومەتەکان، هەر بەهۆی ئەم گۆرانکاریەی کە روویدا چەمکێکی نوێ لە بواری ڕاگەیاندا سەریهەڵدا ئەویش چەمکی "ئابووریی ڕاگەیاندن"ە کە ئەم چەمکە گرنگی بە بواری کارگێری و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەدات بۆ بە دیهێنانی داهاتی دارایی بۆ پاڵپشتی و بەردەوامبوونی ئەم چالاکیانە ی دامەزراوە میدیایەکان لە لایەکی دیکە.[٢]

پیشەسازیی ڕاگەیاندن و بەرهەمە میدییایەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو جیاوازن لە هەر بەرهەمێکی دیکەی کە ئەمەش بەخاڵێکی جیاکەرەوەی پێشەسازی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێت ، لێرەدا گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پیشەسازیی ڕاگەیاندن دەخەینە ڕوو:-[٣]

١. بەرهەمە میدیاییەکان پاش بەکارهێنانیان بەهای خۆیان لە دەستنادەن و لەناونابرێت دووبارە بەکار دەهێنرێنەوە، وەك خۆیان دە مێننێنەوە ئەگەر لە لایەن ژمارەیەکی زۆر بە کارهێنەریشەوە ئەو بەرهەمە میدیایە بەکار بهێنرێت بەهای خۆی لە دەست نادات .
٢. بەرهەمهێنەری بەرهەمە میدیایەکە بێلایەنی خۆی دەپارێزێت لە گەیاندنی زانیارییەکاندا، سەرەڕای ڕەچاوکردنی یاساکانی پاراستنی مافی خاوەندارێتی نوسەرو یاسا و بەندەکانی دیکە .

## هۆکارەکانی گەشەسەندنی پیشەسازیی ڕاگەیاندن:-[٤]

١. ئەو ئامانجەی کە بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن هەیەتی هەمان ئەو ئامانجەیە کە بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەکی ترهەیەتی، لەگەڵ جەختکردنەوە لەو تایبەتمەندییەی کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکە وئەرکەکانی بەرامبەر تاکو کۆمەڵگە، واتە ئامانجی بەرهەمی میدیایی پڕکردنەوەی خواستە مەعریفیەکانە لەلایەك و بەدەستهێنانی قازانجیشە لە لایەکی دیکە، کە ئەمەش پێوەرە بۆ بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەك .
٢. بەرێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە کارێکی داهێنانکارانەی کارگێری دادەنرێت، بەڵگە بۆ ئەمەش بەرێوەبەری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، کە کەسانی داهێنەرو بەرهەمهێنەری هزرن.

---

[١] - هەردەوان مەحمود،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١١-١٢
[٢]- سهام الشجیری ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٦-٣٧
[٣] - عاشور فنی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٨
[٤]-هەردەوان مەحمود، سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٥-١٦

٣. بەڕێوەبەری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەبارەی ئامادەکردن و ڕەخساندنی ژینگەیەکی کارگێری گونجاو بۆ کارکردن و بە دیهێنانی ئامانجی بە گروپ کارکردن .
٤. فراوانبوونی ڕۆڵی پیشەسازیی ئابووریی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندبوونی چالاکییەکانی بواری ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی نێو خۆیی و جیهانی .
٥. بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن هاوشێوەی هەر کاڵایەکی تر مەرجە بنەڕتیەکانی کاڵای تێدایە، کە ئەم خاڵە بەلای ئابووریی ناسەکانەوە جێی بایەخ و توێژینەوەیە.
٦. دەرکەوتن و گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پێشکەوتنە تەکنەلۆجی تەکنیەکیەکان و ئینتەرنێت شۆڕشێکی گەورەی لە بواری ڕاگەیاندن دروستکرد و بنەمایەکی نوێی هێنایەکایەوە لە بوارکانی بەهەمهێنان و دابەشکردن و ناوەرۆکی بەرهەمەمیدیاییەکان، دواتریش سەرهەڵدانی ئامرازی نوێی ڕاگەیاندن کە ئەمە وای کرد زۆرێك لە توێژەران و پسپۆرانی ئەم بوارە لە توێژینەوەکانیاندا جەخت لە سەر کاریگەریەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بکەنەوە، بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، لە لایەکی دیکەوە کەمی تێچووی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و زوو گەیشتنی بەدەستی وەرگر وای کردوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بچێتە پێشەوە، چونکە بەم جۆرە ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەتوانێت لە ڕێگەی ریکلام و فرۆشتنی بەرهەمە میدیایەکان بە خێراترین کات سەرچاوەی دارایی خۆیان بە هێزبکەن[١].

لەم ڕوانەگیەوە دەگەینە ئەوەی کە ئابووریی ڕاگەیاندن چەند تایبەتمەندیی و خاسیەتێکی دیاری کراوی خۆی هەیە کەدەتوانرێت پێیبناسرێتەوە .

گرنگترین تایبەتمەندییە کانی پیشەسازیی ڕاگەیاندن دەخەینە ڕوو :- [٢]

١. ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان: پیشەسازیی ڕاگەیاندن هاوشێوەی هەر پیشە سازیەکی دیکە پێویستی بە ڕەگەزە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان هەیە کە بریتین لە : (کەرەسەی خاو،سەرمایە ،کار ،کارگێری، ئامێر)، بەڵام لە پیشەسازیی ڕاگەیاندا شێواز و هۆکار و کەرەسەکانی وەبەرهێنان جیاوازن وتایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەگەر سەرمایە بە نموونە وەربگرین، لەبەر زۆریی بڕی ئەوە سەرمایەی کە لەم جۆرە پیشە سازیەدا وەبەرهێنانی پێوەدەکرێت، کارێکی مەحاڵ دەبێت ئەگەر تاکە کەسێك خۆی بە تەنها بتوانێ لەم بوارەدا وەبەرهێنانبکات، ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمی ئەو کۆمپانیانەی کە لە بواری پیشەسازی ڕاگەیاندا کاردەکەن.

---

[١] - حمدى بشير محمد على ، الاعلام الرقمى واقتصاديات صناعته ،بحث الكتروني منشور مشارك في منتدى الاعلام والاقتصاد تكامل الادوار فى خدمهالتنميه ،(رياض:٢٠١٦ ) ص ٣٤-٣٥، موجود في هذا الرابط
https://samc.ksu.edu.sa/sites/samc.ksu.edu.sa/files/imce_images/bhth-hmdy_bshyr.pdf
[٢] - سهام الشجيرى ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٧-٣٩

٢. بايەخ و گرنگی كات بۆ بەرهەمی ڕاگەیاندن بەتایبەت بۆ ڕۆژنامە بایەخێكی گرنگی هەیە، لە پیشەسازیی ڕاگەیاندا كات ڕۆڵێكی ئێجگار گرنگ دەگێرێت، كە لە هیچ جۆرە پیشەسازییەكی دیكەدا ئەو بایەخە بە كات نادرێت.
٣. مەترسی و نەبوونی دڵنیایی : پیشەسازیی ڕاگەیاندن بەوە لە پیشە سازیەكانی دیكە جیادەكرێتەوە كە جۆرێك لە ریسك و مەترسی تێدایە ، چونكە پشت بە كێبڕكێ و سودوەرگرتن لە كات دەبەستێت، هەروەها ڕۆڵی رۆژنامەنووس لە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندا، كەواتە ئەوە ڕۆژنامەنووسە ئاستی رۆژنامەكەو قەبارەی جەماوەری و ئەو ریكلامەی بۆی دێت لەگەڵ بڕی ئەو قازانجەی دەستی دەخات دیاریدەكات، چونكە ئەم جۆرە لە پیشەسازی پشت بە توانای هزریی مرۆڤ و توانا مرۆییەكان و لێهاتویان دەبەستێت .
٤. تایبەتمەندیی بەرهەمی هاوبەش : هەربەرهەمێكی میدیایی كە بەرهەم دەهێنرێت دەبێت دوو تایبەت مەندی تێدابێت كە بریتییە لە گەیاندنی پەیامێك بە وەرگر و دواتر بە دەستهێنانی ریكلام بۆ دامەزراوە میدیاكە، كە دەبێتە سەر چاوەیەكی داهات بۆ دامەزراوەكە .
٥. یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندیی پیشەسازیی ڕاگەیاندن ئەوەیە كە فرۆشی رۆژنامە و گۆڤارە كان و ئەو داهاتەی بە دەستی دێنێت لە ڕێگەی ریكلامەوە سەرچاوەیكی گرنگی دەستخستنی سەر مایەو داهاتە بۆ دامەزراوە میدیایەكە ئەم تایبەتمەندییەی بواری پیشەسازیی ڕاگەیاندن لە سەردەمی میدیایی ئەلیكترۆنیدا فراوانتر بووە و ڕاگەیاندن لەم بوارەدا هەنگاوی باشی ناوە و بەرەو سەر بەخۆبوون و پشت بە خۆبەستن، بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیا لە ئێستادا ئەو رۆژنامەو تەلەفیزۆن و دامەزراوە میدیایانەی كە لە پێشدا لە لایەن حكومەتەوە پشت گیری دەكران، لە ئێستادا ئەو پشتگیرییە ماددیە بۆ ڕێژەی ٢٠% كەم بووەتەوە ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازیی ڕاگەیاندن و گەشەسەندنی ئامرازەكانی ڕاگیاندن و پێشكەوتنی تەكنە لۆجیا .
٦. پیشەسازیی ڕاگەیاندن، هەڵگری پەیامێكی كۆمەڵایەتیە و گرنگی بە پركردنەوەی خواستی جەماوەر و وەر گر دەدات.
٧. دروستبوونی دڵەڕاوكێ و نادڵنیایی لە داهاتووی پیشەسازیی ڕاگەیاندن، بەهۆی سەرهەڵدانی میدیایی نوێ و پێشكەوتنە تەكنە لۆژیەكان.
٨. پیشەسازیی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی دروستكردنی كێبركێ لە نێوان دەمەزراوەكانی ڕاگەیاندن .
٩. تایبەتمەندییەكی دیكە پیشەسازیی ڕاگەیاندن ئەوەیە كە لە یەك كاتدا بابەت و بەرهەمە میدیاییەكان دەفرۆشرێن بە هەردوو لایەنی (بەشدار بوو ،ریكلامكاران ).

لە كۆتایی ئەم تەوەرەیەدا توێژەر لەگەڵ ئەم بۆچونەیە كە ئابووریی ڕاگەیاندن بوارێكی نوێی زانستی ڕاگەیاندنە، بەو پێیەی لە سەردەمی نوێدا ئابووریی بووەتە چەقی گۆڕانكرییەكان و كۆنترۆڵی كایە جیاوازەكانی ژیانی كۆمەڵگە و دامەزراوەكانی ڕاگەیاندنیش وەك هەر دامەزراوەیەكی دیكەی

کۆمەڵگە دەکەونە ژێر کاریگەری سیستمی ئابووریی و ئەو گۆرانکاییە ئابوورییانەی، کە لە وڵاتدا روودەدەن، لە ئێستادا ئابووریی و ڕاگەیاندن و سیاسەت بونەتە سیانەیەکی لێک دانەبراو، لە نێو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیشدا چەندە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان گرنگە هێندەش شێواز و جۆری خاوەندارێتی و سەرچاوەی دارایی دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن گرنگن ،چونکە لە کۆتایدا سەرچاوەی دارایی و جۆریی پارەدارکردنی دامەزراوەکەیە، کە دەتوانێت کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان و برەوبە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدەن لە رووی پێشکەوتنە تەنلۆجی و تەکنیکیەکانەوە، بەڵام لێرەدا ئابووریی میدیا بایەخی هەموو ئەمانە بەیەکەوە گرێ دەدات کاتێک پیشەسازیی میدیا و فرۆشتنی بەرهەمی میدیایی دەبێتە بابەتی سەرەکی لێرەوە دامەزراوەکان دەتوانن لەرێگەی بەهێزی ناوەرۆک و چەندایەتی بەرهەمە میدیاییەکان سەرچاوەی دارایی خۆیان بەهێز بکەن

## سێیەم: دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی تیۆرییە ئابوورییەکانەوە.

تێگەیشتن و بۆچونەکان سەبارەت بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لە سەردەمی نوێدا لە روانگەیەکی ئابوورییانەو دەستخستنی قازانجەوە سەیری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کراوە، ئەو تێروانینەی کە لە کۆندا هەبووە سەبارەت بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تێڕوانینێکی کلاسیکی بووە رەهەندی ئابووریی بە هێند وەرنەگیراوە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا لە ڕوانگەیەکی ئابوورییانەوە سەیری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت، کەواتە ئەو هەلومەرجو و تیۆریانە چین کە وا دەکات ڕاگەیاندن وەك بابەتێکی ئابووریی تەماشابکەین، بۆئەم مەبەستە پێویستە باس لە پێشکەوتنی تێگەیشتن بۆ میدیا لەڕوانگەی تیۆرییە ئابوورییەکانەوە بکەین.[١]

لێرەدا بەکورتی باس لە گرنگترین ئەو تیۆریان دەکەین:-[٢]

**یەکەم :تیۆری تەقلیدی نوێ** :- بۆچونەکان لە م تیۆرییەشدا دابەش دەبن بەسەر سێ تێگەیشتندا:

١- بە پێی تیگەیشتنی ئەمان ڕاگەیاندن وەك هەر کاڵایەکی دیکە مامەڵە ئاڵوگۆری پێوەناکرێت و جێی توێژینەوە نیە ،بەڵام مەرجێکی سەرەکیە بۆ پەیدا بوونی کێبرکێ لە بازاردا.

٢- ڕاگەیاندن سەرچاوەیکی گشتیەو بەلای ئەمانەوە هەریەك لە مەعریفەو ڕاگەیاندن نابنە موڵکی هیچ کەسێك، هەروەك چۆن ناشکرێت بەشبەش بکرێن و دابەشبکرێن بە بۆچوونی ئەمان هەریەك لە مەعریفەو ڕاگەیاندن دوای فرۆشتنی بە فرۆشیار دەتوانێت خاوەنی بێت، جگە لەمەش دابەشکردنی ڕاگەیاندن و مەعریفە کاریگەری لە ناواخن و ناوەرۆکی بەرهەمە میدیایەکە دەکات .

٣- ئەمان پێیانوایە ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی تایبەت و بێ وێنەیە هاوشێوەی پارچە کەلەپورییەکانە، هەتا زۆرترین بڕی لەبەردەستی خەڵکدا بێت لە بەهاو نرخی کەمدەبیتەوە،لەگەڵ ئەوەی ئەو

---

[١]- jean Charles paracullos,La Television, Gelfs economie invisible.L DF, ١٩٩٣ .P١٠-٩

[٢]- - سەرچاوەی پێشوو P١٠. ١٩٩٣

*-مەبەست لە وشەی ناوەرۆك ئەو بەرنامە و بابەتانیە کە تێیدا زانیاری و داتاو بابەتی کات بەسەر بردن بە وەرگر دەبەخشن ،کە دەکرێت بەناوەرۆك هەژمار بکرێت

بەهایەی دەدرێت بۆ وەرگرتنی زانیاریی ئەم نرخ نیە بەڵکو لە شێوەی جۆرێك لە بەرتیلدایە و خاوەندارێتیەکی تەواونیە و بە گوێرەی توانای بەکارهێنانیەتی و فرۆشتنیی نابێتە هۆی ئەوەی کڕیار بەتەواو ی و بەتەناها خاوەنی بێت. [١]

**دووەم: تیۆری نوێی ئابووریی بۆ ڕاگەیاندن** :- ئەم تیرۆییە ئاراستەیەکی نوێییە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە و لە دەیەی حەفتاکاندا زیاتر ڕێکخراوە، پاشان لە هەشتاکاندا زیاتر گەشەیکردوەو دواتریش لە سەرەتای نەوەدەکاندا چەندین کۆنگرەی زانستی لە بارەوە سازکرا.تیۆری ئابووریی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن توێژینەوەکانی بواری بابەتە ئابوورییە تیۆری و زانستییە تایبەتەکان لە بارەی ڕاگەیاندنەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بنەما ئابوورییەکانی سیاسەتەکانی ڕاگەیاندن و مامەڵەی کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندن لە چوار چێوەی بازارە جیاوازەکاندا و جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندیی هەر یەکێك لە و بازارانە و شێوازی مامەلە کردن و کاریگەریی چالاکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بونیادی بازارو پشکەکان ،پیشەسازی ڕاگەیاندن و پەیوەندی بە چالاکی ئابووری لە ڕێگەی پیشەسازیی ریکلام وخاوەندارێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ستراتیژی کۆمپانیاکان و پیشەسازیی بەرنامە و گەشەکردنی بازاری نێودەوڵەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چەندین بابەتی دیکەی پەیوەندار[٢].

ئەم تیۆریەش بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی دابەشدەبێت -: [٣]

**تەوەرەی یەکەم** : تێڕوانینی ئابوورییانە بۆ ڕاگەیاندن :ئەم تێڕوانینەش چەندین بابەتی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لەوانە: کێبرکێ لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تابەتمەندیە ئابوورییەکانی ڕاگەیاندن، بازاڕی ڕاگەیاندن ، ڕەفتاری بەکار بەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن،قۆرخکردنی بازاری ڕاگەیاندن.

**تەوەرەی دووەم** : تێڕوانینی دامودەزگایی بۆ ڕاگەیاندن ئەم تەوەرەیەش بابەتەکانی دامەزراندنی هۆکاری ڕاگەیاندن و ئاڵۆزبوونی ڕێکخستن و بە سیستماتیککردنی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە چالاکی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی دیکەو بازار و بەرهەم و مافەکانی دانان و نوسین و بڵاو کردنەوە و کاریگەری لە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ،تاك پێکەوە، بەتایبەت گەشەسەندنی تەکنەلۆژی کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دەزگایی میدیایی نوێ، کە ئەمەش بەردەوام پێداچوونەوەی لایەنی بەرێوەبردن و ڕێکخستنی دەزگاکان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت دەخوازێت لە چالاکییە کانیدا بە بەخشینی ئازادی زیاتر.

(١) - عاشور فني ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٧-٨
(٢) - هەمان سەرچاوە ،لا ٨-٩
(٣) - هەمان سەرچاوە ،لا ٨-١٠

## چوارەم :ئەركی ئابووریی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن لە ئێستادا بە یەكێک لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی پشتگیری ئابووریی جیهان هەژمار دەكرێت ، ئەمە جگە لەوەی كە خودی ڕاگەیاندن لە سەردەمی نوێدا بووەتە پیشەسازیی وەک هەرپیشە سازیەكی دیكە، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئەو گاریگەرییە بە هێزە ی كە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دروستی كردوە لە كۆمەڵگەو سەرجەم كایە جیاوازەكانی ژیانی تاک، هاوكات گەشەسەندنە تەكنیكیەكانی بواری ئامرازەكانی ڕاگەیاندنیش وای كردووە كە ڕاگەیاندن ببێتە خاوەنی دەسەڵات و ڕۆڵی هەبێت لە بوارە سیاسی ،ئابووریی ،كلتوری و كۆمەڵایەتیەكاندا، بۆئەوەی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بەردەوام بن لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەركەكانی، كە پێویستی بە بنەمایەكی ئابووریی بەهێز هەیە ، چونكە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن پێویستیان بە سەرچاوەیەكی دارایی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی برەو بەتوانا مرۆیی و تەكنیكیەكانی بدەن .[١]

بەشداری ڕاگەیاندن لە گەشەسەندنی ئابوورییدا بەئامانجێكی بنەرەتی دادەنرێت ئەمەش بۆ گرنگی خودی گەشەپێدان دەگەڕێتەوە، هەر دامەزراوەیەكیش بیەوێت تیشكبخاتە سەرلایەنی تیۆری و گەشە بەم بوارە بدات بەبێ پشتبەستن بە ڕاگەیاندن ناتوانێت ئەم كارە ئەنجامبدات، گەشەسەندن كە پرۆسیەكی كۆمەڵایەتیە و لە چوارچێوەی ئەم گەشەسەندنەدا گەشەی ئابووریی دروست دەبێت و ئەمەش وادەكات پێویست بێت هۆكارەكانی بەرهەمهێنان پێشبخرێن لەگەڵ پەیرەوكردن لە سیاسەتی ڕێنماییكردنی بەركاربردن لە بوارەكان خزمەتگوزاریی و شمەک لەناو كۆمەڵگەدا و بەرزكردنەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەیی وداهاتی تاک و دابینكردنی هەموو خزمەتگوزارییە پێویستەكان، كەواتە خودی پرۆسەی گەشەپێدان ئامانجێكە دەوڵەت لە ڕێگەیەوە هەوڵی دابینكردنی بارودۆخێكی ئابوری و كۆمەلایەتی سەقامگیر دەدات ،ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی ئەو هۆكارەكانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە كە پەیوەستە بە گۆڕانكاریی و گەشەپێدانی ئابوری لەهەر كۆمەڵگەیەكدا.[٢]

هەربۆیە ڕاگەیاندن هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەم كارانەی خوارەوە:-[٣]

یەكەمیان: گەشەسەندنی ئابووریی، كە لەم ڕێگایەنەوە دەتوانێت كۆمەڵگە هۆشیار بكاتەوە ،هاندان و ڕێنماییكردنی خەڵك بۆ هەڵبژاردنی ژیانێكی ئابووریی گونجاو، خستنە رووی ئەو بابەتە ئابوورییە گرنگانەی كە پەیوەستە بەئابووریی وڵاتەوە و باوەر پێهێنانی جەماوەرە بە لایەنە جیاوازەكانی ، دەبێت ڕاگەیاندن جەختبكاتەوە لەسەر بە گژدا چوونەوەی زیادەرۆیی ئابووریی و بابەتی بە فیرۆدان و هۆشیاركردنەوە لە سەرئاستی تاك و گشتی.

---

[١] - سلام منعم زامل ،اقتصاديات وسائل الاعلام (نور للنشر ،٢٠١٧) ص ٢٦

[٢] -مصطفي يوسف كافي ,اقتصاديات صناعة الاعلام ,( عمان –اردن: دار الحامد للنشر والتوزيع ،ط١ ،٢٠١٥ ) ص ٢٥

[٣]- هەمان سەرچاوە ،لا ٢٥

دووەمیان:لە كاتی روودانی تەنگژە و گرفتە ئابوورییەكاندا كە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، لێرەدا دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن ئەركی ئیدارەدانی ئەو دۆخە لە ئەستۆدەگرێت، بە هەردوو لایەنی ئەرێنی نەرێنیدا، چونكە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لە دۆخی تەنگژەدا رەنگە دۆخەكە بەروە ئاقارێكی خراپتر بەرن كە ئەمە ڕۆڵێكی نەرێنیە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەتوانن ببنە ئامرازێكی پۆزەتیف و رۆڵێكی ئەرێنی ببینن لە ئیدارەدانی تەنگژەكاندا.

بۆ ئەوەی لەڕوانگەیەكی ئابوورییانەوە باس لەئەركی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن بكەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قسە كردن لە سەر ڕەگەزی شوێن و ژینگە سیاسەكان برۆس .م.ئۆوین* دەڵێت : (لە زۆر باردا لەو وڵاتانەی كە تازە گەشە دەكەن و بە وڵاتانی تازە گەشە سەندو ناسراون لە گۆشەنیگایەكی سیاسییەوە دەڕواننە میدیاكان و پرسیار لەوە دەكەن ئاخۆ لە ژێر چاودێری و كۆنترۆڵی دەوڵەتدایە و لە میانەی كاری رۆژنامەنوسانەوە تاچ ڕادەیەك ئامانجە دیموكراسیەكان لە شەفافیەت لە حكومدان و ئازادی ڕا دەربڕین پێشكەش دەكەن ).[١]

كاریگەری میدیای لە ڕووی ئابوورییەوە هەر وەك چۆن پێشتر ئاماژەمان پێدا بە پێی شوێن دەگۆڕێت ،لە هەمان كاتدا بەپێی مێژوو سەردەمە جیاوازەكانیش ئەم ڕۆڵەی ڕاگەیاندن كەم وزیاد دەبێت لە پرۆژە ئابوورییەكاندا، لەسەرەتای نەوەتەكاندا لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندن لە رووی ئابوورییەو هاتە پێشەوە هەنگاوی نا بۆ ناو بازاروو سوود وەرگرتن لە ریكلامی بازرگانی وەك سەر چاوەی داهات، بەڵام ئەم هاتنە پێشەویە بەرێژەیەكی كەم بوو بۆیە نەیدەتوانی كاریگەرییەكی ئەوتۆ دروست بكات، بەڵام میدیا لە ئیستادا بووەتە پیشەسازیی وسەرمایەگوزرای پێوە دەكرێت، بۆنموونە لە ساڵی ١٩٩٩دا بەشداریكردنی رادیۆو تەلەفیزۆن لە كۆی داهاتی ناوخۆیی ئەمریكا گەیشتە ٧،٠% كە ئەمەرێژەیەكی زۆر كەمە بەشداری هەموو چاپكراوەكانیش بە ڕۆژنامە و سەرجەم بڵاوكراوەكانەوە گەیشتە ١% و فلیمە سینەماییەكانیش بە ڕێژەی ٠٣،٠% بووە، بۆیە كاریگەرییە سیاسیە نائابوورییەكان دیاترو گەورەتربوون، ئەو دامەزراوە میدیایانەی كە بەریكلام پشتگیری دەكرێن سەرچاوەی سەرەكی زانیارییە بازرگانیە تایبەتەكانی بەكارهێنەرن و لە هەمانكاتدا ئامرازێكیشن بۆ بڵاوكردنەوەی مەعریفە، ئەم دوو چالاكیە ش لە گەشەسەندنی ئابووریدا بەشداردەبن.

ڕیكلامە بازرگانییەكان تارادەیكی زۆر خەرج و تێچووی ئەو گەڕان و مامەڵانە كەمتر دەكاتەوە كە بەكارهێنەرپێیان هەڵدەستێت، هەروەها بڵاوكردنەوەی زانیاریی خزمەتگوزاریە و بازرگانییەكانی وەك نرخی كاڵاو ئاستی كرێ لە پرۆژە جیاوازەكان، بابەتی فێرخوازی و هۆشیاركردنەوە كە ئەمانە زیاتر لە لایەن میدیا جەماوەرییەكانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر باس لە تایبەتمەندییە ئابوورییەكانی بەرهەمە میدیاییەكان بكەین دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن دوو جۆر بەرهەمیان هەیە ناوەرۆك و ریكلام مەبەست لە ناورۆك ئەو بەرنامەو بابەتانەیە كە زانیاریی و داتا دەدەن وەرگر و بابەتی

---

[٢] - عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە،سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧١

خۆشگوزرەرانی و کاتبەسەربردن لە خۆ دەگرێت، هەرچەندە ئەم دوو بەرهەمەی ڕاگەیاندن پێوەی پەیوەستن و پشت بەیەکتردەبەستن، چونکە ناوەرۆکی باش و سەرنجراکێش و پرزانیاریی سەرنجی وەرگر بۆ خۆیی ڕادەکێشیت کە ئەمانە دواجار دەبنە جەماوەری ریکلامکاران، بۆیە میدیاکان دوو سەرچاوەی داهاتیان هەیە، ریکلام بایەخ و گرنگی ریکلامەکان "فرۆشتنی بینەرو خوێنەر "* لە ناوەرۆك کەمترنیە بۆ تێگەیشتن لە ئابووریی ڕاگەیاندن داخوازی ریکلام لە راگەیاندنە جەماوەریەکاندا دەکەوێتە سەر توانای فرۆشی زیاتر لە کاڵا بەکار براوەکان و خزمەتگوزاری.[١]

لێرەوە دەگەینە ئەوەی ناکرێت باس لە و کاریگەرییە بە هێزەی میدیایی ئەلیکترۆنییە نەکەین کەلە سەردەمی نوێدا دروستی کردووە، چونکە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی بوونەتە سەرچاوەی یەکەمی دەستخستنی هەموو جۆرە زانیارییەك کە ریکلامی بازرگانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە میدیای ئەلکترۆنیدا چووەتە پێشەو کاریگەری ڕاستەو خۆیی لە سەر وەرگر دروستکردووە بە جۆرێك ڕۆژانە رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بڕیاردان لە کڕینی بە شێکی زۆر لە کاڵاو پێداویستیەکانی رۆژانە و ئاسان دەست خستنی هەر کاڵایەك کە بیەوێت لە ڕێگەی کرینی ئۆنلاین .

## پێنجەم : پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە سیسیتمی ئابوورییەوە .

سیسیتمی ئابووریی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لە کۆمەڵگەدا پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت لێرەدا باس لە گرنگترین ئەو ئامانجانە دەکەین کە سیستمی ئابووریی لە ڕێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کاری لەسەردەکات :-[٢]

١- دامەزراوە ئابوورییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە برەو دەدەن بەو بەهایانەی تایبەتن بە هاندانی پرۆژەی ئازاد و سەربەخۆ .

٢- دوبارە دروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان بەرهەمهێن و بەکارهێنەر، ئەمەش لە ڕێگەی ڕیکلامی بازرگانیە و هانی بەکارهێنەردەدا بۆ کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە تازە دێنە بازارەوە و بەردەستن، یاخود هاندانی بەکاربەر بۆ کرینی ئەو خزمەتگوزرایانەی هەن .

٣- کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەردا گرتنی هەموو ئەو کێبڕکێ ناوخۆییانەی کە لە نێوان یەکە ئیداریەکاندا روودەدەن، ململانێ نێودەوڵەتیەکان یان هەرهەڵوێستێك کە دەبێتە هۆی دروست کردنی مەترسی لەسەر دامەزراوە ئابوورییەکان .

بە پێچەوانەشەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشت بە سیستمە ئابوورییەکان دەبەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، بونیادی پیشەسازییەکانی ترو سیاسەتی ئابووریی حکومەتەکان بە شێوەیکی گشتی کاریگەریی گرنگیان هەیە لەسەر ئەداو سەربەخۆیی دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن (بڕۆس ئۆین ) باس

---

*- مەبەست لە فرۆشتنی بینەرو خوێنەر ئەوەیە کە بینەرو خوێنەر لە رێی ریکلامەکانەوە دەبنە کریاری ئەو کاڵاو کەرەستانەی لە میدیاکانەوە ریکلامیان بۆ دەکرێت .

[١] -عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٢٧٢

[٢] - سهام الشجيرى ،سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٤-٤٥

لەوە دەكات ،مانەوەی میدیاكان وەك كەرتی كار زۆر جار لە سایەی هەلومەرجێكی ئابووریی دژدا بە كارە لە پێشینەكانی دادەنرێت، چونكە ئەم كەرتە ئەگەر نەیتوانی بمێنێتەوە ئەو كات جۆرباشی "الجوده" هیچ بایەخێكی نامێنێت.لە زۆرێك لە سیستمە ئابوورییە گەشەسەندوەكاندا كۆمپانیا نوێ و بچوكەكان دەتوانن سەرچاوەیەكی باشی دارایی بن بۆ كۆمەكی كردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن .[١]

ئامرازەكانی ڕاگەیاندن پشت بە سیستمی ئابووریی دەبەستێت بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە [٢]:-

١- بە دەستهێنانی قازانج لە ڕێگەی ریكلامەوە

٢- گەشەسەندنی تەكنەلۆژی كە ڕۆڵی هەیە لە كەمكردنەوەی تێچوون و دروستكرنی كێبركێیەكی كارا و كاریگەر ئەمەش لە ڕێگەی دەستخستنی بەر هەمە پێشكەوتوەكانەوە .

٣- فراونكردن و گەشەسەندنی پرۆژەكانی ڕاگەیاندن ، بەمەبەستی گەیشتن بە زۆرترین جەماوەرو بە دەست هێنانی داهات .

## شەشەم : گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی ئەلیكترۆنی و كاریگەری لەسەر پیشەسازیی میدیا

لەگەڵ فراوانبوونی گەشەسەندنی ئەو بوارەی، كە بە (ئابووریی مەعریفە ) ناسراوە و ئەو توێژینەوەو زانستی و داهێنانە تەكنەلۆژیانەی كە پەیوەستن بەم بوارە، ئەو دەخەنە روو كە لە ئیستادا تەكنەلۆژیای زانیاریی ئەو جیهانە ئەلكترۆنیەیە كە دروست بووە بووەتە شوێن و ئامرازێكی گرنگی بازار ، سروشتی ئینتەرنێت و ماڵپەرە ئەلكترۆنیەكان بونەتە هۆی ئەوەی كە لۆژیكی كەرەسە ماددیەكان و ئاڵوگۆری بازرا ببێتە ناورۆكی بەشێكی زۆریی كەرەسە میدیاییەكان و ناوەرۆكی پەیامەكانی ڕاگەیاندنی ئەلكترۆنی، ئەمەیە بایە خ و گرنگی ڕاگەیاندنی ئەلكترۆنی دەخاتە روو لە بواری ئابووریی ڕاگەیاندندا ، چونكە ڕاگیاندنی ئەلیكترۆنیە وا لە جاماوەر دەكات زیاتر هەست بەسەر بەخۆ بوون و ئاسانی لە دیاری كردنی ئەو بژاردەی كە دیەوێت و بەردەست بوونی هەموو ئەگەروو بژاردەكان لە كەمترین كاتدا وادەكات بتوانێت بەئاسانی گوزارشت لەو ناوەرۆكە میدیاییە بكات كە مەبەستێتی.[٣]

ڕاگەیاندنی ئەلیكترۆنی لە سەردەمی ئەمرۆدا بووەتە هۆی دروستكردنی كاریگەریەكی گەورە لە سەرئامرازەكانی ڕاگەیاندن، بە هاتنی میدیایی ئەلیكترۆنی داهاتووی بەشێكی زۆریی دامەزراوە میدیاییە كلاسیكیەكان كەوتۆتە مەترسیەوە ئەمەش تەنها ڕاگەیاندنی چاپكراوی نەگرتۆتەوە بەڵكو لێكەوتەی میدیایی ئەلیكترۆنی بەسەر ڕاگەیاندنی بیستراو بینراویشەوە دەركەوتوە، جێگایەكی گەورەی داگیر كردووە لە ڕووی هێزوو قەبارەو بەهایی هەواڵی بەرنامەوە لە لایەك و ئەو ڕیژە گەورەیەی جەماوەر هەیەتی لەلایەكی دیكە .[٤]

---

[١] - عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە ،سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨ -٢٩

[٢] - هەمان سەرچاوە ،لا ٢٩

[٣]- مارك بالنافز ،نظريات ومناهج الاعلام ، ترجمة :عاطف حطيبة ،(القاهرة : دار المنهل للنشر ،٢٠١٧ ) ،ص ٣٦٢

[٤] - فاضل محمد البدرانى ،الاعلام الرقمى فى عصر التدفق الاخبارى ،(بيروت : ٢٠١٧ ) ص ٢٣

## باسی دووەم:سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی

## یەکەم :چەمك و پێناسەی دامەزراوەی ڕاگەیاندن

سەدەی بیست پێشکەوتنێکی خێرای ئابووریی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بووە هۆی زیاتر دەرکەوتنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە بواری ئابوورییدا و دروستکردنی پەیوەندی هاوبەش لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە ئابوورییەکان، ئەمە بووە هۆی زیادکردنی بایەخی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەیەکی ئابووریی، لێرەوە دەکرێت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکەین وەک یەکەیەکی کارگێری و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەو،چونکە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاکی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و لە هەمان کاتیشدا چەندین چالاکی جۆربەجۆر ئەنجامدەدەن، لە چوارچێوەی یەکەیەکی ئیداریدا .[١]

### ١– چەمکی دامەزراوە

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پێویستە لەسەرەتادا لە چەمکی دامەزراوە تێبگەین، بە شێوەیەکی گشتی هەر دامەزراوەیەک کاردەکات لە پێناو هێنانە دی کۆمەڵێک ئامانجی دیاری کراودا، کە ئەمەش بە پێی سروشتی جیاوازی دامەزراوەکە دەگۆڕێت ، بۆنموونە ئامانجەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە گەیاندنی زۆرترین هەواڵ و زانیارییە بە وەرگر جیاوازە لە ئامانجەکانی دامەزراوەیەکی زانستی وەک زانکۆ،.....

دامەزراوە بریتییە لە و یەکەکارگێرییانەی ، کە لە لایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت یان بەشداردەبێت لە خاوەندارێتی، لە رێگەی بەشداریکردنی چەند کەسێک لە سەرماوەیەی دامەزراوەکەدا لە لایەن کەسانیشەوە خاوەندارێتی دەکرێت ،ئەگەر دەوڵەت خاوەندارێتی کرد ئەوا هەر ئەویش سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە دادەرێژێت و دامەزراوەکە دەکەوێتەژێر چاودێری حکومەت یان چاودێری ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دەکات،بەڵام ئەگەر خاوەندارێتیەکە لە نێوان حکومەت و تاکە کەسدا هاوبەش بوو ئەوا لە بەرێوە بردندا بە شیوەی رێژە دابەشیدەکەن.[٢]

**دامەزراوە:** لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك توانای مرۆیی و ماددی و دارایی پێک دێت هەموو ئەم پێکهاتانە پێکەوە کاردەکەن لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو، کە هەموو لایەك لەسەری رێککەوتون، یاخود دەکرێت پێناسەی دامەزراوە بەکەین بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك سەرچاوەی مرۆیی و ماددی و دارایی

---

[١] -سلام منعم زامل ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٤٠

[٢] - امين سعيد عبدالغني، ادارة المؤسسات الاعلامية في عصر اقتصاد المعرفة ،(مصر القاهرة: ايترك للنشر والتوزيع الجديد،٢٠٠٦ )ص ٤٣

ڕێکخراو لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کارگێری دیارکراودا کە هەموو ئەم ڕەگەزانە کار بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراودەکەن.[١]

تێگەیشتنەکان بۆ چەمکی دامەزراوە بە هۆی پێشکەوتنە ئابوورییەکانە وە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لەم چوار چێوەیەشدا چەند پێناسەیەکی جیاواز بۆ دامەزراوە کراوە لەوانە :

دامەزراوە: بریتییە لە یەکەیەکی ئابووریی کە تێیدا چالاکییە کانی بەرهەمهێنان و هەموو ئەو چالاکیانەی کە پەیوەستن بە هەڵگرتن و کرین و فرۆشتن لە خۆ دەگرێت لە پێناو هێنانە دی ئەو ئامانجەی کە دامەزراوەکە لە پێناویدا دروست بووە .[٢]

دامەزراوە: بریتییە لە و چوارچێوەیەی کە توانا مرۆیەکان تێدا ڕێکدەخرێت و پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی بەرنامەرێژی بۆ کراوە لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی دامەزراوەکەدا .[٣]

بەرلەوەی پێناسەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکەین ئاماژە بە دامەزراوە ئابوورییەکان دەکەین ، ئایا دامەزراوە ئابوورییەکان چین ؟جیاوازیان هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە رووی کارگێریی وبەرێوەبردنەوە.

## پێناسەی دامەزراوە ئابوورییەکان

ئەو پێناسانەی، کە بۆ دامەزراوە ئابوورییەکان کراون دەگەرێتەوە بۆ سێ سەدە لەمەوپێش، ئەم پێناسانەش جیاوازن بە پێی جیاوازی سەردەم و کاریگەری گشەسەندنە ئابوورییەکان، ئەم گەشەسەندن و گۆرانکارییە ئابوورییانەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی چەند پێناسەیەکی جیاواز بۆ ئەم چەمکە بکرێت، دامەزراوە ئابوورییەکان بریتییە لە دەستە وکۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە، کە خاوەنی پکێهاتەیەکی ئیداری ڕێکخراوە و هەموو پێکهاتەکانی دامەزراوەی ئابووریی لە ژێررکێفی لۆژیکی وردبینی و پێوانەیەکی دیاریکراودان لە ڕووی مرۆیی و تەکنیکیەوە

## جۆری دامەزراوەکان

دامەزراوەکان لە رووی شێواز و جۆرەوە جیاوازن توێژەران بۆ پۆلێنکردنی دامەزراوەکان چەند پێوانەیەکی جیاوازیان بەکارهێناوە، کە دەکرێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و هەر دامەزراوەیەکی دیکەش لەسەر بنەمایەکی جیاواز دابەشبکرێن لێرەدا لەسەر بنەمای ئەو ئەرکەی ، کە دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات جۆری دامەزراوەکان دەخەینەروو.[٤]

---

[١]- سهام الشجيری ،سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٠
[٢]- هەمان سەرچاوە،لا ٤١
[٣]- هەمان سەرچاوە ،لا٤١
[٤]-امين سعيد عبدالغنى ،سەرچاوەی پێشوو،لا ٤٨

**له سەر بنەمای ئەركی دامەزراوەكە ئەم جۆرانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت :-**[١]

١. **دامەزراوە یاسایی و دادوەرییەكان** : مەبەست لە دابەشكرنی دامەزاوەكان لە سەرئەم بنەمایە ئەوەیە كە هەر دامەزراوەیەك دەكرێت دابەشبكرێت لە سەر بنەمای ئەو كەسانەی كە لە دامەزراوەكەدان وەك فەامانبەر كاردەكەن كە هەریەكەیان لە رێگەی گرێبەستێكی یاساییەوە وابەستەی پرنسیپ و یاساكانی ئەو دامەزراوەیە دەبێت، یاخود ئەو سەرمایە و داهاتەیە كە خاوەن پشەكەكانی دامەزراوەكە بەشداریان پێكردووە لە دروستكردنی دامەزراوەكەدا هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی گرێبەستێكی یاسایدا رێكدەخرێن .

٢. **دامەزراوەی ئابووریی:** دابەشكردنی ئەو دامەزراوانەی، كە سروشتێكی ئابوورییان هەیە ئەم دامەزراوانەش بۆ دوو جۆر دابەشدەبن، دامەزراوە پیشەسازییەكان سروشتی ئەم دامەزراوانە تەواو جیاوازە لەگەڵ دامەزراوكانی دیكە، دامەزراوە كشتوكاڵیەكانێش یەكێكن لەو دامەزراوانەی كە سروشتێكی ئابوورییانەیان هەیە خۆی لە كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و راوە ماسیدا دەبینێتەوە. دامەزاوە بازرگانییەكانیش بەهەمان شێوە سروشتێكی ئابوورییان هەیە، دامەزراوە خزمەتگوزرای و داراییەكانێش ئەمانیش دەچنە چوارچێوەی ئەم پۆلێنكردنەوە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندیش كە بابەتی سەرەكی توێژینەوەكەیە دەكەوێتە چوار چێوەی دامەزراوە خزمەتگوزرایی و بازرگانییەكانەوە بۆیە دەكرێت بەدامەزراوەكانی ڕاگەیاندن بوترێت دامەزراوەی ئابووریی.

٣. **سروشتی خاوەندارێتی** : ئەو دامەرزاوانەی كە لەسەر ئەم بنەمایە دابەشكراون دوو جۆرن دامەزراوەتایبەتەكان ئەوانەن كە خاوەندارێتیان دەگەرێتەوە بۆ تاكە كەسێك یان كۆمەڵێك كەس ،دامەزراوە تێكەڵەكان ،ئەوانەن كە خاوەندارێتیەكەیان هاوبەشە لە نێوان كەرتی گشتی و تایبەتدا.

٤ **. لەسەر بنەمای قەبارەی دامەزراوەكە** : لێرەدا دامەزراوەكان لەسەر چەند بنەمایەك دابەشدەكرێن ئەویش لەسەربنەمای، قەبارەی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان ئەم دابەشكردنە بۆ دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن بەرجەستە دەبێت،چونكە هەر دامەزراوەیەكی ڕاگەیاندن بەپێی قەبارەی ئەو بەرهەمەی هەیەتی دابەشدەبێت، بۆیە هەندێ دامەزراوەی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی جیهان بوونەتە دامەزاوەی گەورە زەبەلاح و كێبركێ دامەزراوە پیشەسازیی گەورەكان دەكەن لە نموونەی ئەو دامەزراوانەش .bbc,cnn، قەبارەی چالاكییە كانی ئەو دامەزراوەیە و قەبارەی ئەو داهاتەی كە بەدەستیدێنێت ، ئامرازەكانی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای ئەو ئامرازانەی كە دامەزراوە میدیایەكە بەكاری دێنێن میدیاكان دابەش بوون بۆ دامەزراوەی جیهانی و لۆكاڵی .

٥- دامەزراوە پەروەدەییەكان:وەك قوتابخانە زانكۆ و دامەزراوە ئاینیەكان ورۆشنیری و فیكریەكان .[٢]

(٥)- مصطفي یوسف كافي ، سەرچاوەی پێشوو،لا٣٤-٣٥

(٢)- امین سعید عبد الغنی ،سەرچاوەی پێشوو،لا ٤٨ (٢)

## ٢ - چەمکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

ئەوەی کە پێشترخرایەڕوو سەبارەت بە چەمکی دامەزراوەو جۆرەکانی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕێنیشاندەر دەبێت بۆزیاتر رونکردنەوەو دۆزینەوەی ڕۆڵ و شوێنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر نەخشەی دامەزراوە مرۆییەکان و ئەو کاریگەریەی، کە دەتوانێت دروستیبکات لەسەرکۆمەڵگە دامەزراوەکانی ،ڕاگەیاندن ئەو دامەزراوانەن کە خزمەتگوزاری جیاواز پێشکەشی جەماوەر دەکەن لە بوارە جیاوازەکانی: ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوری و ڕۆشنیری خاوەنی سیستمێکی کۆمەڵایەتین لە سەر بنەمای کاری هاوبەش بەڕێوەدەچێت بەمەبەستی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە دامەزراوەکە لە پێناویدا دروستبووە بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت لە (رادیۆ ،تەلەفیزۆن ،ڕۆژنامە ).[١]

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی تایبەتمەند تاکەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەی پێی دراوە لە سەر بنەمای ئەو پرنسیپ و سیستەمەی کە دامەزراوەکەی لە سەر بنیات نراوە ،دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەوە جیا دەکرێنەوە کە پەخشی مەعریفە دەکات لە ڕێگەی (ریکلام و ڕۆشنبیرکردنەوە )،کەئەمەخاڵی پەیوەندیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، لەڕیگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان وەرگرانی پەیامەکانی ئەمرازەکانی ڕاگەیاندا دروستدەبێت.[٢]

چەمکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەموو ئەو بابەت و بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراوەو بڵاودەکرێتەوە (ڕۆژنامە ،تەلە فیزۆن ،رادیۆ ،وێبسایت و ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان..)لەسەر چەند بنەمایەکی جیاوازو فرە ڕەهەند ئەمەش سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دیاریدەکات [٣].

سەبارەت بە چەمکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاند تێگەیشتنی جیاواز هەیە ، هەندێك وا پێناسەی دەکەن بریتییە لە ڕێکخستنێکی ئابوورییانەی سەربەخۆیە.[٤]

لە پێناسەیەکی دیکەدا بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وەها نیشاندەدرێت لە کۆمەڵێك توانای مرۆیی و ماددی پێکدێت کە ڕێککەوتنێك هەیە لە نێوانیاندا بەمەبەستی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەمەبەستی فرۆشتنی .[٥]

---

[١] - مى العبد الله سنو ، نظريات التصال( بيروت: دار النهضة العربية ٢٠٠٦،) ص ١٧١.
[٢] -جلاط رجاء، دور الاتصال في ادارة و تسيير المؤسسة الاعلامية ،بحث منشور ، جامعة الدكتورمولاي الطاهر،كلية العلوم الاجتماعيةوالانسانية ، قسم الاتصاوالصحافة المكتوبة ، ٢٠١٦ ، سەیری ئەم لینکە بکە https://pmb.univ-saida.dz/busshopac/index.php?lvl=notice_display&id=٩١١٩ ص ٢٠
[٣] - جلاط رجاء ،سەرچاوە یەکی پێشوو، لا ٢٠-٢١
[٤]- Le Petit La Rousse Illustre: Paris, ٢٠٠١, P: ٣٨٧
٥-شيماء الهواري ,التيسير الاقتصادي والتدبير الاداري والموارد البشرية للمؤسسات الاعلامية ,بحث منشور في المركز الديمقراطي العربي ,للدراسات الستراتيجية والسياسة الاقتصادية, ٢٠١٧, ص ٣ [٥]

سەبارەت بە تێگەیشتن لە چەمکی دامەزراوەی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی، کە لە سەرەوە خرانە ڕوو دەکرێت بەم جۆرە پێناسەی بکەین پێکدێت لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووریی رێکخراوی سەربەخۆ، چونکە ئەم دامەزراوەیە دەتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار لەسەرپێکهاتەی ئامرازەکانی ئەو دامەزراوەیەو توانا مرۆییەکان بدات، لە ڕووی پێکهاتە کارگێرییەکان و دابەشکردنی رۆڵە کارگێریەکان وبەرهەمهێنانەوە هاوشێوەی هەر دامەزراوەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن جیادەکاتەوە توانا مرۆییەکان و ئەوەی بەرهەمی دێنێ و ئەو ئامرازیە کە بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکەی پشتپێدەبەستێت ، دامەزراوەکانی دیکە رەنگە هەر بەرهەمێك یان کەرەسەیەکی دیاریکراو بەرهەم بێنن و کار لە سەر چینێکی دیاریکراو دەکەن و پێداویستی ماددیی گروپێك دابین دەکەن ، بەڵام ئەرکی دامەزراوە میدیاییەکان فراونترە و پەیامەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگە بەگشتی دەکەن و دوو ئەرکی گرنگ جێ بەجێ دەکەن کە ئەویش خۆیی لە پێدانی مەعریفەو زانیارییدا بە وەرگر دەبینێتەوە لە لایەك و خستنەرووی زانیارییە بۆ بەکاربەر بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی لە ڕووی خزمەتگوزار و ئەو کەرەسانەی کە پێداویستی ڕۆژانەیە لەلایەکی دیکە، ئەمەش لە ڕێگەی ئامرازە جیاوەزەکانی ڕاگەیاندنەوە کە خۆی لە ( ڕاگیاندنی نوسراو بیسراو و بینراودا دەبینێتەوە )ئەمە جگە لەو رۆڵە گرنگەی لە ئێستادا راگەیاندنی ئەلیکترۆنی هەیەتی لەم بوارەدا .

## ٣- رەگەز و پێکهاتە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

لەگەڵ ئەوەی شێوازو جۆری دامەزراوەکان و ئامانجەکانیان جیاوازە، بەڵام هەموو لەسەر چەند بنەمایەک رێکەوتون، کە هیچ دامەزراوەیەک بەبێ یەکێک لەم رەگەزانە پێکنایەت، بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیشەوە گرنگترینیان لەمانەی خوارەوەن :- [١]

١. ئامانج :هەر دامەزراوەیەک لە پێناوی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراودا دروستدەبێت، کە لە رێگەی توانا مرۆیی وماددیەکانییەوە پلانی هێنانەدی ئەو ئامانجە دەدات، بۆنموونە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئامانجی هاندان و رێنماییکردن و پێدانی زانیارییە لە پێناو گۆرینی هەڵسوکەوتی وەرگر بە ئاراستەیەکی دیاریکراو یان بابەتی کات بەسەربردن، ئامانجەکانیش دوو جۆرن درێژخایەن و کورت خایەن.

٢. کادیرو کارمەندانی دامەزراوەکان: هەر دامەزراوەیەک بەبێ توانایی مرۆیی و لێهاتوویە جیاوازەکانەوە بەرێوە ناچێ ، توانا مرۆییەکان و پسپۆریی و لێهاتویەکان بە شادەماری سەرەکی هەر دامەزراوەیەک هەژماردەکرێت.

---

[١] - جبران الحديثي، الادارة المؤسسات الاعلامية ، بحث منشور ، ص٢
https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/٢٠٠٩/٠٢/٢١/١٥٧٥٨٤.html، کاتی سەردانی کردن (١٢-٦-٢٠١٩ )

٣. سەرمایە و سەرچاوەی دارایی: سەرمایە بەشێکێ سەرەکی پێکهاتەی هەردامەزراوەیەکە و تەواو کەری توانا مرۆییەکانە، سروشت و پێکهاتەی دامەزراوەکان بەهەر جۆرێک بێت سەرچاوەی دارایی بنەمای سەرەکی دامەزراوەکەیە بۆ پراکتیزەکردنی کاروچالاکییەکانی، بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بایەخی سەرمایە و سەرچاوە داراییەکانی بایەخێکی یەکجار گەورەیان هەیە. جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان لەسەر سەرچاوەی پارەدارکردنی دامەزراوەکە هەیە، سەرچاوەی دارایی و خاوەنداریێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەردەمی نوێدا گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن خاوەنی زیاد لە ئامرازێکە واتە لە یەک دامەزراوەدا تەلەفزیۆن، رۆژنامە، ڕادیۆ، سایتی ئەلکترۆنی هەیە، کە لە چوارچێوەی یەک پاکێجدا کار دەکەن زیاتر ئەم شێوازە لە ڕاگەیاندنی حیزبیدا دەبینرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی زیاد لە ئامرازێکەوە کار لەسەر وەر گر بکات سنوری کاریگەرێتیان فراون بێت .

٤. نوسینگەو بارەگای دامەزراوە میدیاییە کە یان هەردامەزراوەیەکی دیکە لەگەڵ ئەو ئامێرو کەرەسانەی کە پێوستە بۆئەنجامادانی کارەکان.

٥. کارو چالاکی دامەزراوەکە .

٦. پەیوەندیکردن دامەزراوەکە لە گەڵ دامەزراوەکان یەکە ئیداریەکانی دیکەو پەیوەندی ناو خودی دامەزراوەکە .

٧. ئیدارەدان و بەرێوە بردن کە ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی هەر دامەزراوەیەک، بە بێ بوونی ئیدارەو بەرێوەبردنێکی باش دامەزراوەیەکی سەرکەوتو نابێت و ناتوانێت ئاماجەکانی خۆی بە دیبێنیت .

## ٤- جۆری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

**یەکەم** : جۆری دامەزراوکانی ڕاگەیاندن ئەو ڕۆڵەی دامەرزاوەکانی ڕاگەیاندن دەیگێرن لە کۆمەڵگەدا جۆری دامەزراوەکە دیاری دەکات کە بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر چەند بنەمایەک جۆری دامەزراوەکە دیاری دەکرێن کە لێرەدا بە کورتی گرنگترنیان دەخەینەڕوو :-[١]

- لەسەربنەمای ئەرکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە کە فێرکاری و کلتوری و هونەرین.

- دابەشکردنی لەسەر بنەمای ئەوەی ئایا ئەم دامەزراوەیەی ڕاگەیاندن خزمەت بە چ گروپ و دەستەو پێکهاتیەکی کۆمەڵگە دەکات .

- دابەشکردنی لەسە بنەمای ئەو ستراتیژەی کە دامەزراوەکە هەیەتی و پەیوەندی بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەو رۆڵی لە خستنەرووی دەستپێشخەری و گۆرانکاری لە ژینگەی سیاسی،کۆمەڵایەتی ،ئابووریی و تەکنەلۆژیدا .

[١] - امین سعید عبد الغني ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٥٣-٥٤

بنەمایەکی دیکە کە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دیاری دەکات ،بنەما کلاسیکیە کە لەسەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دابەشیدەکات ،بۆ ئەمجۆرانەی خوارەوە :- [١]

- دامەزراوەی ڕۆژنامە : کە هەیکەلی ئیداریی دامەزراوە رۆژنامەوانیەکان دابەشدەبێت بۆ چەند یەکەیەکی کارگێری بچوک کە بریتییە لە یەکەی( تەحریر، ریکلام، چاپکراو بڵاوکراوەکان و بڵاوکردنەوە ) بێگومان لەگەڵ چەند یەکەیەکی ئیداری وەک کارگێری و داریی دامەزراوەکە و ویەکەی ئیداری.

- دامەزراوەی ڕادیۆ وتەلەفیزۆن : ئەم دوو ئامرازەی ڕاگەیاندن کە جۆری دامەزراوەکەی لە سەر دیاریدەکرێت بنەمای کارکردن لەناو هەریەکیان جیاوازە، لە رووی بەرهەمهێنان و ناوەڕۆکو شێوازی خستنەڕووی بەرهەمە میدیایەکە جیاوازن .

- ئاژانسەکانی هەواڵ .

## دووەم : ئامانجی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕەهەندی ئابوورییەوە

توێژینەوەکان لە بواری ئابووریی ڕاگەیاندا بەشێوەیکی گشتی لە باوەشی شیکاریە ئابوورییە کانەوە گەشەی سەندوە، لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا توێژەران بە شێوەیەکی گشتی جەختیان لەسەر ئەو بابەتانە دەکردەوە کە پەیوەستبوون بە شیکاری بەشێك لە ڕەفتاری ئەوانەی کە بە بکەری ئەم بابەتانە ناسرابوون، ئەو کێبرکێیانەی کە خۆیان لە نێوان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی ئەو دامەزراوە رۆژنامەوانیانە و پەیوەندیان بە بازارەوە دەبینیەوە، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە خۆی لە ڕاگەیاندنی (بینراو،بیستراو، کاخەزو ئەلکترۆنیدا دەبینێتەتەوە )

لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای پێکهاتەی بازارو کاریگەری لە سەریان رێکخراوە، ستراتژی کێبرکێی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و رەفتاری بەکاربەر و پەیوەندی بە سیاسەتی نرخ لە چوارچێوەیەکی کێبرکێ و قۆرخکاریدا خۆی دەبینێتەوە، خوێندنەوەو دیراسەکردنی بابەتەکان لەم گۆشە نیگایەوە هۆکارێک بوو بۆ دروست بوونی زنجیرەیەک گۆرانکاری لە بازارەکاندا، کە ئەمە رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی هەندێك وڵات هەستن بە پراکتیزە کردنی ئەم بۆچوونە ئابوورییەو هەر ئەمەش وایکرد ئەم ئاراستەیە گەشەبسەنێت و توێژەران زیاتر لەم بوارەدا تایبەتمەندی وەربگرن و چەندین توێژەری ئابووریی لەم بوارەدا دەرکەوتن .[٢]

ڕاگەیاندن وەك پیشەیەکی ئابووریی ناتوانین ئەوەی لێ دابماڵین ، کە بە دوای قازانجەوەیە، بەڵام تاچ ئاستێك بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گونحاوە کە بە دوای قازانجەوە بن ئەمە پرسیارەکەیە، ئایا کەمترین ئاستی قازانج لەبەرچاوبگرێت یان بەرەزترین؟ هیچ ناکۆکیەك لە نێوان پەیامی دەزگای ڕاگەیاندن و هەوڵدانی ئەو دەزگایە بۆ قازانج نیە، چونکە ئەم هەوڵدانە لە بەهای ناوەرۆکی پەیامە

---

[١] - امین سعید عبد الغني ،هەمان سەرچاوە ،لا ٥٤-٧٢
[٢] - عاشور فنی،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٢

میدیایەکە کەمناکاتەوە، ڕاگەیاندنی ڕاستگۆ و خاوەن متمانە پەخش بڵاوبونەوە و گەشەسەندنی زیاترە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن بە ئاراستەیەکی پێچەوانە کار دەکەن بڵاو بونەوەکەی کاریگەریی سنوردارە و ڕەنگە ببێتە هۆی بەردەوامنەبوونی دەزگا میدیایەکە و سنوردارکردنی پەخش و بڵاوبونەوەیی لە ڕووی کات و شوێنەوە، کارەکانی ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندن سنورداردەکرێت هەتا دەگاتە ئاستی داخستنی دەزگاکەو نەمانی لەکاتی ڕوودانی هەر تەنگژەیەکدا کەروو بەرووی دەزگاکە دەبێتەوە، جا ئەوە تەنگژەی ئابووریی بێت یان هەرتەنگژەو ئاڵێنکاری ڕوودەدات لە وڵاتدا بەتایبەت ئەمە بۆ ڕۆژنامە و چاپکراوە بچوکەکان تەواو دروستە و زووتر دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییەو لەماوەیەکی کورتدا دەزگاکە دادەخرێت و ناتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات، پراکتیزەکردنی ئەم بۆچونە بەسەردۆخی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستانیشدا دروستە .[1] بۆنموونە لە سەر دەمێکی دیاری کراودا بەتایبەت لە کۆتایی نەودەکان تا ساڵی ٢٠١٠ رۆژنامەی کاغەز و گۆڤارەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان سەند، چەندین رۆژنامەو گۆڤار لە هەرێمی کوردستان لە دایك بوون کە هەندێکیان تارادەیەك بەرۆژنامەی نیمچە سەربەخو ناسرابوون، بەڵام لەکاتی ڕوودانی تەنگژە ئابووریی و سیاسەکاندا ئەو دامەزراونەی کە زۆرتر زەرەرمەندبوون و ڕووبەرووی نەمان وپوکانەوە و داخستن بونەوە رۆژنامەو گۆڤارەکان بوون بۆ ئەمەش دوو هۆکار بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە پوکانەوەی چاپکراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا :-[2]

١- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا

٢-هەژموونی حیزب بەسەر ئەم دامەزراوانەوە.

٣- پشتنەبەستنی دامەزراوەکان بە ریکلام و فرۆشی خۆیان لە ڕووی دارایی و سەرچاوەی پارەدارکردن، کە لە بەشی پراکتیکی ئەم توێژینەوەکەدا بە شێوەیکی دروست ئەم هۆکارانە دەخەینە ڕوو لەگەڵ هەموو ئەوکاریگەریانەی کە تەنگژە لە سەر دامەرزاوەکانی ڕاگەیاندن دروستی کردووە، بۆیە کاتێك رۆژنامەکان و میدیای چاپکراو ڕووبەرووی تەنگژە دەبێتەوە، یان دەبێت بچنـە ژێر سێبەرو رکێفی حزب یان دەبێت بریاری داخستنی دامەزراوەکە وەك دوا بریار بدرێت

ئامرازکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا تەنها هەوڵی باشترکردنی بارودۆخی ئابووریی خۆیان نادەن، بەڵکو دەیانەوێت فریای پێشکەوتنە تەکەنەلۆژیەکانیش بکەون ، هەروەها کاردەکەن لە پێناو هێنانەدی ئامانجە دوور مەوداکان کە ئەویش خۆی لە دروستکردنی وێنای ئەرێنیەکانە لە هزری خۆێنەردا دەبینێتەوە بۆ ئەوەی متمانە بگەرێنێتەوە بۆخۆی لای وەرگر، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەرانەوەی ئەو داهاتانەی کە لە ڕیگەی بەشداری و دابەشکرنی رۆژانەمەکانەوە دەستی دەکەوێت ، ڕیکلامیش وەك یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی داهات بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ڕێژەی دەستخستنی

---

[2]- سهام الشجیری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠

[2] - هەمان سەرچاوە ، لا ٥٠-٥١

ڕێکلامیش زیادبکرێت، ئەمانە هۆکارگەلێکن کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت گەرەنتی مانەوە و سەربەخۆبوون و بەردەوامی ڕاگەیاندنی نوسراو بکات بە تایبەت و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنیش بەشێوەیەکی گشتی، ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری ئابووریی ڕاگەیاندا ئەنجامدەدرێن لە تایبەتمەندیەکانی بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن و بازارو و بنەماکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆرو بەکارهێنانی دەکۆڵێتەوە لەلایەك، ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری تاتیبەتمەند و بوارە هاوبەشەکانی لەلایەکی دیکە، بەرهەم و ئەو دراوەی کە لەبازاردا کارپێدەکرێت لەسەر بنەمای کارکردنی ئەو بازارەی کەکۆنترۆڵی ئاڵوگۆری بەرهەمی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە دەکات .[١]

تیشکخستنە سەر بازاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو بیستراو کاخەز و چۆنێتی ڕیکخستنیان و بەپێی بازارە پلە یەکەکانیان، کە بریتییە (وەرگر)و بازاری پلە دوو کە بریتییە لە (ریکلامکاران)و هۆکارەکانی خستنە روو ئەگەرەکانی خواست لەسەری وهەڵسەنگاندنی ئەو هۆکارنەی کاردەکاتە سە ر ئەم خواست و خستنە رووە لە بازارە نێودەولەتیەکاندا، ئەمەجگە لە و رۆڵەی کە دەسەڵاتی سیاسی و سیستمە سیاسیەکان دەیگێرن لە پێکهاتەی ئەم بازارە جیهانیەو ریگاکانی رێکخستن و شێوازی پێشکەش کردنی ریکلام لە لایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە لەگەڵ پاراستنی هاوسەنگی لەگەڵ بازاری نیشتیمانی لە لایەن دامەزراوەکانی راگەیاندنەوە، لەم بوارەدا ناکرێت رۆڵی ئەو زنجیرە پێشەوکەوتنە لە بەر چاو نەگیرێت کە ئەم کەرتە لەسەر ئاستێکی جیهانی پێی ناسراوە، ئەوهۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر تێچووی بەرهەمەکە لە بازارە نیشتیمانی و جیهانییەکان، گەشەسەندن و ئاراستەکانیان ، ئامادەیی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی بیانیە لە بازارە نیشتیمانیەکاندا لە فۆرمی جیاوازدا ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر رەفتارو ئەدای دامەزراوە نیشتیمانیەکان و بازاری نیشتیمانی .[٢]

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ جیاوازی ئەو بوارەی کاری بۆدەکەن تایبەت بێت یان گشتی ،هەوڵی هێنانە دی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراودەدەن، بە جۆرێك لە ئەرك و بەرپرسیارێتی دەزانن لە بەرامبەر کۆمەڵگەو دامەزراوەکەشدا، گرنگترین ئامانجە ئابوورییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن برتین لەمانەی خوارەوە:-[٣]

١- بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی : مەبەست لە ئاستی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیە لە لایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە، تا چەند رۆڵیان هەیە لە دروسکرنی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو، بۆیە ناکرێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تەنها لە گۆشەنیگایەکی ئابوورییانەوە کار لەسەر هێنانە دی ئامانجەکانیان بکەن کە ئەویش بە دەستهینانی قازانجە .

---

(١) ــسهام الشجيري ،سەرچاوەی پێشوو،لا ٥١-٥٢

(٢) -عاشور فنی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦

(٣) - على عبد الفتاح كنعان ، ادارة الؤسسات الاعلامية ،كتاب pdf، ٢٠١٦ ،ص ٤-٥ ،ستيري ئةم لينكة بة https://books.google.iq/books?id=eE٧TDgAAQBAJ&dq=%D٨٪A٧٪D٨٪AF%D٨٪A٧٪، كاتی سەردانی کردن ١٢:(-١-٢٠١٩ )

٢- گەشەسەندن: یەکێکی دیکە لە ئامانجە ئابوورییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەوڵدانە بۆ گەشەسەندنی دامەزراوەکە و بەروە پێشبردنی لە ڕووی قەبارە، چالاکییە کانی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکە وبە دەستهێنانی قازانج .......

٣- بەردەوامی و માننەوە: یەکێکی دیکە لە ئامانجە ئابوورییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێکردنی بنەمای مانەوە بەردەوامییە، ئەمە خاڵێکی جەوهەریی و گرنگە دامەزراوەکان بە هێند وەریدەگرن، چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێ لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە ئەمەش پەیوەستە بە لایەنێکی گرنگی ئامانجی دامەزراوەکە ئەویش بە دەستهێنانی قارازنجە .

٤- بە دەستخستنی قازانج : ئەو داهاتەیە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەستیدەخەن لە ئەنجامی ئاستی پێشکەشکردنی دامەزراوەکەو هەموو ئەو چالاکییانەی کە لە بواری ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن، ئەو قازانجەیە کە بە دەستی دەخات، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە گرنگیەوە بایەخ بەم ئامانجەیان دەدەن، چونکە هێزو کاریگەری هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە سەر سەرچاوەی داهات و ئەو قازانجەیە کە دەستی دەخەن وەستاوە، سەرچاوەی دارایی و داهاتە ماددیەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن خاڵی بەهێزی و لاوازی ئەو دامەزراوەیە دەردەخەن بەتایبەت بۆ ئەو دامەزراوانەی کە لە جۆری دامەزراوە میدیاییە سەربەخۆکانن ،کە سەرچاوەی داراییان حکومەت نیە، بەڵکو تەنها پشت بەو داهاتە دەبەستن کە دەستی دەردخات .

## سێیەم : تایبەتمەندیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

بەردەوام بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و بایەخدان بەتایبەتمەندییە جیاوازەکان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وەرگر لە پێدانی هەواڵ و زانیاریی و خزمەتگوزرایی، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنە، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی خواستەکانی وەرگر و گەشەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا وادەکات دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخ بە گەشەسەندنی ناوەرۆکی بەرهەمی میدیایی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدەن ، هەر ئەمەشە وادەکات دامەزراوەی نوێی میدیایی دروستببێت بۆ ئەوەی لە ئاست وەڵامدانەوەی خواستە بەردەوامەکانی جەماوەری بێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەردامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن تایبەتمەندیی ئابووریی خۆی هەیە ئەوەش لە ڕێگەی بە بازرکردنی بەرهەمە میدیاییەکان و دابەشکردن و فرۆشتنیان جارێکی دیکە، لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیادا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ سپۆنسەری چالاکییە رۆشنبیری و جەماوەریەکانیش دەکەن، کە دەبێتە هۆی دروستکرنی بەرژەوەندیی هاوبەشی بازرگانی و ئابووریی، ئەمە جگە لە کۆمپانیا گەورەکانی ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ و بانکەکانی زانیاریی، کە دەچنە ئەم چوارچێوە بازرگانیەوە و کۆنترۆڵی بازارەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و بابەتە هونەریەکان دەکات لەگەڵ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و بابەتە چاپکراوەکان و ئەوەی کە بەرهەمهێنانی رۆشنبیری ناسراوە،

هەروەها پێشکەشکرنی خزمەتگوزارییەکان بە وەرگر لەلایەك و خستنەرووی کاڵاکان بۆ وەرگر لەلایەکی دیکە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.[١]

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەوە جیادەکرێنەوە لە هەردامەزراوەیەکی دیکە کە چەند تایبەمەندیەکی هەیە ،بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەیشدا لە چەند تایبەتمەندییەکدا هاوبەشن کە خۆی لە (سەرمایە، شوێنی دامەزراوەکە، ئەو ئامێرو کەرەسانەی کە پێویستە بۆ ئامادەکردنی دامەزراوەکە ، توانا مرۆییەکان و یاسای تایبەت بە دامەزراوەکەدا دەبینێتەوە، لێرەدا بە کورتی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەخەینەڕوو :-[٢]

١- بەرهەمی دامەزراوە میدیایەکان بەرهەمێکی رۆشنبیرییە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی گرنگی رؤشنبیریکردنی وەرگرە .

٢- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەی رۆشنبیرین بەو مانایەی کە لە سەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی کاردەکەن.

٣- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەی بازرگانین چونکە تایبەتمەندیی خستنەرووی داوکاری بەرجەستە دەکەن.

٤- دەکرێت بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بڵێین دامەزراوەی بازرگانی، چونکە هەوڵی بەدیهێنانی قازانج وسود دەدەن، ئەم تایبەتمەندییەش هەر لەسەرتای گەشەسەندینی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەم تایبەتمەندییەی بەرجەستە کردووە و بەردەوام لە گەشەکردنیشدایە.

٥- ئەو کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن بە پلەی یەکەم دەبێت لە رووی پیشەییەوە ڕۆژنامەنووس بن و پراکتیزەی پیشەیی رۆژنامە نوسی بکەن و خاوەنی لێهاتووی و کەسانی رۆشنبیربن .

٦- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن سروشتێکی دوولایەنەیان هەیە کە لە یەك کاتدا دامەزراوەیەکی رۆشنبیری و بازرگانین .

هەر دامەزراوەیەك لەسەر بنەمای توانا مرۆییەکان و وەبەرهێنان دامەزراوە، تواناکانیش بە پێی لێهاتوویی، لە هەر دامەزراوەیکدا لە شوێنی گونجاودا بەکاردەخرێن، شادەماری هەر دامەزراوەیەك بریتییە  لە و تاکانەی کە پێکیدێنن ئەم جیاوازیەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی ئامانج و سروشتی دامەزراوەکە.

---

[١] - هادي نعمان الهبيتي ,التصنيع وانشاء سوق ثقافية عربية مشتركة ,الدورة الثانية والعشرون لمؤتمر الوزراء المسؤلين عن الشؤن الثقافية في( الوطن العربي ,الرياض ,٢٢ نفمبر ٢٠٠٠ .)،ص ٤٢٨ و ١٦

[٢] - سهام الشجيرى ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٤٨

## چوارەم :خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا

بابەتی خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە ئەمڕۆدا بایەخێكی گرنگی هەیە، چونكە جۆری خاوەندارێتی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنە شێواز و ئاستی ئازادی كاركردنی دیاریدەكات لەگەڵ چۆنێتی و جۆری ئەو پەیامەی ئاراستەی وەر گری دەكات.

دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن گۆڕانكاری بەردەوامیان بەخۆیانەوە بینیوە، لە شێوازەكانی خاوەندارێتی ، پێكهاتە وهەیكەلی كارگێریی، سەرچاوەی دارایی و پارەداركردن، ئابووریی و پێشكەوتنی تەكنەلۆژی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن وبەرهەمهێنان، ئەم گۆڕانكاریانە دەرهاویشتەی گەورە وریشەیی بە دوای خۆیدا هێناوە گۆڕینی سیاسەتی كاركردنی ناوەندەكانی هەواڵ و چەمكەكانی بەرپرسیارێتی پیشەیی بەرامبەر كۆمەڵگەو وەرگر، هەروەها بووەتە هۆی گۆڕینی شێوازەكانی خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم گۆڕانكارییەش وایكردووە ڕاگەیاندن بكەوێتە مشتی سەرمایەداریی جیهانی، كە بووەتە هۆیی دروستبوونی گۆڕانكاری هاوشێوە لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و فەلسەفەو ئامانجەكانی لەسەر ئاستی جیهان ، لە ئێستادا میدیا لە نیوان كۆمپانیا گەورەكان و دامەزراوە زەبەلاحەكانی دونیادا دابەش بووە بەهۆی ئەو سەرمایە بێشومارەی كە هەیانە، بۆیە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بە پلەی یەكەم بونەتە قەوارەیكی ئابووریی، بەڵام ئەمە لە سەر حسابی پاشەكشەكردنی ئامانجە ڕۆشنبیری و پیشەییەكان بووە، لە بەرامبەر هەڵكشانی ئامانجە كارگێری و ئابوورییەكان .(١)

لە ئێستادا ئەم بابەتە بووەتە جێی باس و خواسی توێژەران و پسپۆرانی ئەم بوارە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەكانی ئەم بابەتە بووەتە تۆپیكی بەشێكی زۆر لە توێژینەوەكانی بواری زانستی ڕاگەیاندن و ئابووریی، ملكەچبوونی پیشەسازیی ڕاگەیاندن بۆ داخوازی بەرهەمهێنان ودابەشكردن بەشێویەكی جیهانی و دانانی مەرج لە لایەن ئەو كۆمپانیاینەی ، كە خاوەنی ناسنامەی جیاوازن لەگەڵ ئەو پێوەرە نەتەوەییانەی كە دایدەنێن بووەتە جێیی گفتوگۆی گەرمی پسپۆڕانی ئەم بوارە و تۆپیكی توێژینەوەكان ، ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن ، كە خاوەندارێتی تاكە كەسین لەم دۆخەدا تووشی تەنگژەو كێشە دەبنەوە، چونكە تاك یان كۆمپانیایەكی ناوخۆیی ناتوانێت كێبڕكێبكات لەگەڵ گەورەكۆمپانیاكانی جیهان، چونكە ئەمان توانیویانە لە رووی كارگێریی و دابینكردنی پێداویستییەكانی بەرهەمێنانی بەرهەمە میدیاییەكانەوە كارئاسانی بكەن وهەموئەو ئامێر و ئامرازە تەكنەلۆژیانە فەراهەم بكەن، بەڵام لەبەرامبەردا دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن دەكەونە ژێر ركێفی كۆمپانیا گەورەكان ئاراستەی قورسكردن و كەوتنە ژێرچاودێری سیستمە كارگێرییە جیهانییەكان رووبەرووی دامەزراوە میدیاییەكان دەبێتەوە،

---

(١) - سهام الشجیری ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٥٩

بیگومان ئەمە لەسەر بنەمای بەهێزیی و ناوەرۆکی بەرهەمیی میدیاییە، کە لە کۆتایدا هەموو ئەمانە لە پێناوی دەستخستنی قازانجە لەسەرچاوەی جیاوازەوە و زیادکردنی ڕێژەی ریکلام.(١)

بەڵام لە پاڵ ئەم بۆچوونانەشدا دیدی جیاواز هەیە سەبارەت بە بابەتی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن ڕۆڵێ پیشەسازیی ڕاگەیاندن، کە ئەم گۆرانکارییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بە دۆخیکی ئەرێنی باس دەکرێن و بە هەنگاوێکی جۆریی لە بواری ڕاگەیاندندا هەژماردەکرێت، چونکە شێوازی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گوزارشت لەئاستی ئازادی ڕاگەیاندن دەکات، سیستمی سیاسی بەهەموو ئەرکە ئابووریی و کلتوری کۆمەڵایەتییەکانیەوە ... ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شێوازی خاوەندارێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام لە کۆتایدا هەموو لە سەر ئازادی ڕاگەیاندن کۆکن ، خاوەندارێتی دامەزاوەکانی راگەیاندن بری ئەو ئازادیە دیاریدەکات .(٢)

## ١- سروشتی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

دابەشکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای خاوەندارێتی لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازیی ڕاگەیاندن شێوازو جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لێرەدا بەکورتی جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەخەینە ڕوو:- (٣)

یەکەم : خاوەندارێتی تاکە کەسی، ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی زیاتر لە رۆژنامەو گۆڤارو رۆژنامە هەفتانەکاندا باوە ، لە هەمانکاتدا خاوەنی دامەزراوەکە دەبێتە بەرێوەبەری نوسین و بەرێوەبەری کارگێری، بەڵام وەك رۆژنامەنوسێك لە سەرجەم بەشە جیاوازەکانی دامەزراوەکە یا رۆژنامەکەدا کاردەکات و سیاسەتی رۆژنامەکە دادەرێژێت و هەموو بەر پرسیاریێتییە یاساییەکان لە ئەستۆ دەگرێت، هەرئەمەشە وای کردووە کە خاوەندارێتی تاکە کەسی چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت جیایبکاتەوە لە خاوەندارێتیەکانی دیکە :-

- بەرێوەبەری نوسین خاوەنی دامەزراوەکەیە و هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی هەیە بەسەر رۆژنامەکەدا.
- خاوەندارێتی تاکە کەسی وا دەکات کەبەرێوەبەری نوسین خاوەنی هەموو جۆرە بریارێك بێت

لە خاوەندارێتی تاکە کەسیدا هەموو داهات و قازانجێك بۆ تاکە کەسێك دەبێت کە بەرێوەبەری نوسینە،ئەم تایبەتمەنیدەش وادەکات کە بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵە بکات لە خەرجکردنی پارە بۆ جێبەجێکردنی داخوازی دامەزراوەکە .

**دووم : خاوەندارێتی هاوبەش** :ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی هاوبەش پێکهێنراون، کاتێك دوو کەس یان زیاتر رێکدەکەون لەسەر دروستکرنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن یان کرینی رۆژنامەیەك یان تەلەفیزۆنێك ...ئەم جۆرەش لە خاوەندارێتی چەند شێوەیکی جیاوازی هەیە:

(١) -هەمان سەرچاوە ،لا ١٥٩-١٦٠
(٢) - ابراهيم عبدالله المسلمي ، ادارة المؤسسات الصحيفة ،(القاهرة ،٢٠٠٧، دارالفكر العربى ،ط٢ ) ,ص ٣٤٨
(٣) ــ هەمان سەرچاوە ، لا ١٧٥-١٨١

- بەشداری گشتی: لێرەدا دووکەس یان چەند کەسێك کاتێك رێکدەکەون لەسەر کرینی رۆژنامەیەك یان دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو هەنگاوەکانی ئەو دامەزراوەیدا هاوبەشن .
- بەشداری دیاری کراو: لەم جۆرە لە خاوەندارێتی هاوبەشیەکی دیاریکراو هەیە تاکە کەسێك زیادلەوانی تر سەرمایەی خستوتە پرۆژەکەوە بەر پرسی یەکەمە لە دامەزراوەکە هەر قازنج یان زیانێ بەر دامەزراوەکە بکەوێت ئەم لێیبەرپرسە .

لایەن نەرێنیەکانی

- ئەگەر یەکێك لە هاوبەشەکان تووشی کێشە ببێتەوە لە ڕووی داراییەوە ئەوا هەموو دامەزراوەکە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە .

- لەم جۆرە دامەزراوانە دا ناتوانن بگەنە ڕێکەوتنێکی دوورمەودا

- هەست نەکردن بە بەر پرسیارێتی و لاوازی پەیوەندیەکانی یەکێك لە هاوبەشەکان زیان بە هەموان دەگەیەنیت .

**سێیەم: خاوەندارێتی خێزانی (بۆماوەیی):** دوای ئەوەی خاوەندارێتی تاکە کەسی گەشەیسەند خاوەندارێتی خێزانی سەریهەڵدا، مەبەست لەم جۆرە لە خاوەندارێتی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بۆماوەیی بۆیاندەمێنێتەوە، کاتێك باوکێك وەك خاوەندارێتی تایبەت خاوەنی رۆژنامەیەك دەبێت پاش مردنی بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆ منداڵ و نەوەکانی بەجێدەهێڵێت، کە ئەم جۆرە لە خاوەندارێتیش لایەنی نەرێنی و ئەرێنی هەیە هەندێك لەو بنەماڵانەی ئەمیان بۆ دەمێنێتەو ڕەنگە گرنگی و بایەخی کاری ڕاگەیاندن ڕۆژنامەوانی نەزانن بۆیە ناچارن بیدەنە دەست کەسانی پسپۆر بۆیان بەرێوەببات.

**چوارەم: خاوەندارێتی هاریکاریی** :- ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی بریتییە لە بوونی سیستمێکی هاریکاری هاوبەش لە نێوان دوو رۆژنامە یان دامەزراوەی جیاوازدا لە رووی خاوەندارێتییەوە، بەڵام ئەم دوو دامەزراوەیە لە یەك ژینگەی کۆمەڵایەتیدان، لەم جۆرە لەخاوەندارێتی هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە رووی پاراستنی شوێن و ناوبانگی خۆیی لە کۆمەڵگەدا سەربەخۆیە ، هەروەها لە رووی سیاسەتی دارشتنی هەواڵ و کارکردنی رۆژنامە نووسان و دەستەی بەرێوەبردن و کاری ڕیکلام و دابەشکردنەوە هەردوو دەزگاکە تەواو سەربەخۆن هەر یەکەیان سیاسەتی کارکردنی سەربەخۆی خۆیی هەیە، ئەو خاڵەی کە ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەری رێکدەکەون بریتییە لە پارەدارکردن وسەرچاوەی دارای یان ریکەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتی دارایی بۆ دامەزراوە میدیایەکە، ئەم جۆرە رێکەوتنەش زیاتر لە رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفیزۆنە گەورەکاندا روودەدات، کە لە سەر ئاستێکی جیهانی فراون کاردەکەن و دامەزراوەی میدیایی زەبەلاحن کە لە ئێستادا ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی لە جیهاندا بە شێویەکی فراون گەشەیسەندوە ،ئەم دامەزراوانە لە بازاری کاری رۆژنامەوانیدا جێپێیەکی بە هێزیان هەیە و زیاتر دامەزراوە میدیایەکە پێداگیریی لەسەر

ناوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکان و کاری هەواڵسازی و بڵاوکردنەوە دەکات ، ئەمانە دەبنە هۆی زیادکردنی فرۆش و زیادبوونی ژمارەی بینەر و بیسەر و خوێنەر، زیادبوونی ڕێژەی ریکلام بەدوای خۆیدا دێنێت ودواتر داهاتی دامەزراوەکە روو لەزیاد بوون دەکات ، لەم جۆرە دامەزراوانەدا بە دەگمەن تەنگژە داراییەکان کاریگەریان لەسەر دروست دەکەن، ئەم جۆرە دامەزراوانە لەولاتانی ئەڵمانیا،بەریتانیا،ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا،بوونیان هەیە.

**پێنجەم :خاوەندارێتی کۆمپانیا خاوەن پشکەکان**

سەرمایەی ئەم جۆرە کۆمپانیانە لە چەند بەشێك یان زیاتر پێك دێت کە ژمارەی ئەوانەی کە لە ڕێگەی پشکەکانەوە دەبنە بەشدار ژمارەیان دیاریکراوە و هەموویان لە گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیاکەدا هاوبەشن هەمووشیان لە بریارو یەکە کارگێرییەکان بەشدارن .[١]

**شەشەم :خاوەندارێتی کارمەندان** (ئەوانەی لە دامەزراوە میدیاییەکە کاردەکەن): بیرۆکەی ئەم جۆرە لە خاوندارێتی لەو خاوەندارێتی هاوبەشەوە وەرگیراوە، لەم جۆرەدا کارمەندان هەڵدەستن بە کرێنی پشکی تایبەت بە خۆیان لەو کۆمپانیایەی سەرپەرشتی رۆژنامەکە، ئیزگە، تەلەفیزۆنەکە دەکات هەندیك جارلەم جۆرە خاوەندارێتیەدا رۆژنامەنوسان و ئەو کارمەندانەی کە هەستاون بە کرینی پشکەکان دەبنە خاوەنی زۆرینەی پشەکان و دەتوانن بریار لە بارەی سیاسەتی دامەزراوەکە و ئەوەی پەیوەندی بە هەواڵ و سیاسیەتی هەواڵسازیەوە هەیە بدەن، بێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ کۆمپانیا سەرەکیەکە ،چونکە ئەمان لە کۆتایدا دەبنە خاوەنی زۆرترین پشك ،تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی بریتییە لە :-[٢]

- پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ زیاکردن و باشتر کردنی بەرهەم میدیایەکان و وەبەرهێنان چونکە کارمەندان خۆیان بەخاوەنی دامەزراوەکە دەزانن.
- لەم جۆرە لە خاوەندارێتی دامەزراوەکە دەبێتە خاوەنی کارگێریەکی بەهێز.
- کارمەندان بەشێوەیکی باشتر لە بابەتەکانی مووچەو کاتژمێریی زیادەی کا رکردن و کاتەکانی ئامادە بوون و زیاد کردنی بەرهەم تێدەگەن.

## ٢- خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی بە ئابووریی ڕاگەیاندنەوە

خاوەندارێتی میدیاکان وا دەکات کە خاوەنەکانیان کۆنترۆڵی روشتی ئەو زانیایانە بکەن کە بڵاوی دەکەنەوە، هەر بۆیە داکۆکیکاران لە خاوەندارێتی گشتی یاخود خاوەندارێتی حکومەت بۆ میدیاکان باس لەوە دەکەن کە زانیارییەکان کاڵای گشتین ناکرێت کاتێك کە دەگات بە وەرگر هەندێك لەو زانیارانە بشارێننەوە و ئەو کۆمپانیانەی کە خاوەنی دامەزراوەکانیی ڕاگەیاندنن تەنها ئەو زانیارییانە بخەنە روو کە جێی بایەخی خۆیانن و بیانەوێت لە ڕیگەیەوە قازانج دەستبخەن، بۆیە پێانوایە

---
[١] - صلييب بطرس ,ادارة الصحف ،( القاهرة :الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٤ )، ص٢٣
[٢] - مصطفي يوسف كافي ،سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٤

که خاوەندارێتی تایبەتی ڕاگەیاندن مەترسی نمایشی کەمترین گۆشەنیگای گروپی کۆمەڵگە بە دوای خۆیدا دێنێت، بەڵام خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ میدیاکان دەبێتەناچاری زەرورەت بۆ ئەوەی وەرگران بێبەش نەبن لە بایەتی رۆشنبیری و فێرخوازی و بەها جێ بایەخەکان و دەستەبەرکردنی بەرنامەی خۆماڵی بەزمانی لۆکاڵی، لە وڵاتێکی وەک هۆلەندا بە پێی یاسایی گشتی ساڵی ١٩٩٨ ئەوەی چەنسپاندوە کە دەبێت لە بەرنامە خزمەتگوزاریەکاندا بە لایەنی کەمی ٢٥% بۆ هەواڵ تەرخان بکریت و ٢٠% بۆ بابەتی رۆشنبیری و ٥% بۆ بابەتی فێر خوازی ،لە ئیتاڵیاش ٥٥% بەرنامەکانیان بەرنامە ئەورووپین و سوودەکەی بۆ خاوەندارێتی گشتی دەگەرێتەوە، ئەو کۆمپانیایانەی ڕاگەیاندن، کە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ کەرتەکانی کاری حکومەتدا دوچاری مەترسی دەستکاریکردن و گۆرین زانیارییەکان دەبنەوە سەرەرای ئەوەش ئەگەر نەکەونە کێبرکێوە ئەوە وەك کۆمپانیاکانی تری حکومەت بە پشتگوێخستی خواستەکانی جەماوەر تاوانباردەکرێن بۆنموونە، لە وڵاتی ئیتاڵیا کۆنترۆڵکردنی هەندێك لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن چەند خێزانێکەوە بووەتە جێی مشتومر،(هیدمان)پێی وایە کاتێك تەوژمی سەرەکی ڕاگەیاندن موڵکی کەرتی تایبەت دەبێت بەتەواوی لەلایەن کۆمپانیا بازرگانیە ڕاگەیەنراوەکانەوە کۆمەکی دەرکرێت وەك ئەوەی لە ئەمریکادا هەیە، لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیادا تەنانەت ئاژانسە گشتیەکان و سەربەخۆکانی هەواڵیش رووبەرووی دژواری دەبنەوە لە پاراستنی سەربەخۆیی کارەکانیان مانەوەیان بە شێوەیەکی ئازادانە کە ئەم بابەتە زیاتر لە ولاتانی تازە گەشەسەندودا بەرجەستە دەبێت.[1]

سەبارەت بە خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی ئابووریی ڕاگەیاندن، لەم گۆشەنیگایەوە بەشێك لە توێژەرانی ئەم بوارە پێیانوایە کە نموونەی خاوەندارێتی "بەشداریی "یا خاوەندارێتی "بەکۆمەڵ" لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی خاوەندارێتی لە بارن بۆ پراکتیزەکردن، چونکە ئەم نموونە نوێیەی خاوەندارێتی میدیا کورتکراوەیەکی هزری و تیۆری بۆچوونە کانە لەگەڵ لایەنە ئەرێنییەکانی جۆرەکانی دیکەی خاوەندارێتی، بەشێك لە توێژەران جەخت لەسەر پێویستی خستنەرووی نموونەی نوێ لە بواریی کارگێری و بەرێوەبردن دەکەنەوە بۆئەوەی فریای ئەو پێشکەوتنانە بکەون کە لە بواری کارگێری خاوەندارێتی دامەزراوەکاندا هاتوونەتەکایەوە، لەبەرڕۆشنایی ئەوەی کە خرایەروو دەکرێت پەیوەندی نێوان خاوەندارێتی وبەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و لە ڕێگەی دیاریکردنی شێوازی خاوەندارێتی وکاریگەرێتیەکانی لەسەر شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکە رێکبخرێت، ئەمەش لەرێگەی بەراوردکردنی شێوازەکانی خاوەندارێتی و بەرێوەبەردنی دامەزراوە میدیاییەکان،چونکە جۆری خاوەندارێتیەکەیە کە شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکە دیاریدەکات.[2]

[1] - عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٢٣-٢٦
[2] - سهام الشجيري ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٨١-١٨٣

## پێنجەم : خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا .

بابەتی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا یە کێکە لە و پرسانەی کە بووەتە جێی باس و خواس و نارۆشنی پێوە دیارە ، وەك زۆرێك لە پرسەکانی ، سیاسی ،ئابووریی و کارگێری، بەشێویەکی گشتی چوار چێوە و چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە بەدی ناکرێت .

تا ئیستا بابەتی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لە سەر بنەمایەکی یاسایی رێك نەخراوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ناشەفافیەت و پەرتەوازەیی و ئامادەنەبوونی لایەنی یاسایی وناڕونی سەرچاوەی پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دروستکردووە لەسەر سەربەخۆیی بریار و کاری ڕاگەیاندن .[(١)]

ساڵی ٢٠٠٤، دانێل سی هالّین(DanielC.Hllin )[*] ،پاولۆمانسی(Paol Mancini)[**] توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا، توانیان شێوازێکی سیستماتیک و کردەیی بۆ شیکردنەوەی جیاوازیی و لێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان میدیا و سیاسەت بدۆزنەوە و تایبەتمەندییەکانی سێ مۆدێل دەستنیشان بکەن. ئەم دوو توێژەرە، بەراوردی سیستمەکانی میدیایان لە ١٨ وڵاتی دیموکراسیی خۆرئاواییدا کردوە، بەپێی توێژینەوەکەی هالّین و مانسینی (٢٠٠٤)، سیستمی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا زۆرتر لە مۆدێلی فرەلایەنی جەمسەربەند یان وڵاتانی دەریای ناوەڕاستەوە نزیکە. دیارترین تایبەتمەندییەکانی بریتیین لە هەبوونی ئاڕاستەیەکی ڕۆژنامەوانیی سیاسیی دەستەبژێر کە خاوەنی نزمترین تیراژی رۆژنامەیە، بەرزیی هاوشێوەیی یاخود لێکچوونی سیاسیی کە خۆی لە فرەلایەنییەکی دەرەکیی و مۆدێلێکی ڕۆژنامەگەریی ئاڕاستەکراوی کۆمێنتاری پەرلەمانیی یان حکومیی دەبینێتەوە بۆ پەخشی سیاسیی یان فەرمانڕەوایی (حزبی) لەبری سیستمەکانی پەخشکردن، لەرووی بنەما پیشەییەکانیشەوە، ڕۆژنامەگەرییەکەی زۆر لاوازە و زۆرتر وەک ئامڕازێک بەکاردێت، بەجۆرێک حکومەت دەستێوەردانێکی بەهێزی لە کاروباری میدیادا دەکات، لەرێی پشتیوانییکردنی چاپەمەنی لەسەروەختی سانسۆرو ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی میدیادا. هەربۆیە ئەم مۆدێلە دەبێ سەرلەبەری بگۆڕدرێت، چونکە هەبوون و هەژمارکردنی سیستمێکی لیبراڵی میدیایی بەبێ تاقیکردنەوەی سیستمێکی لیبراڵی سیاسی، هەلی دەرکەوتن و گەشەسەندنی قورس و بگرە تاڕادەیەکیش ئەستەم دەبێت .[(٢)]

---

[(١)] - هەردەوان مەحمود ،سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٩

[*]- پرۆفیسۆرو توێژەرێکی گەورەیە لە بواری سیاسەت و ڕاگەیاندن کە خاوەنی چەنین کتێب و توێژینەوەیە لە م بوارەدا،ماستەرو دکتۆرای هەیە لە زانستە سیاسیەکاندا ،لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە دایک بووە و لە ژیاندا ماوە

[**]- زانایەکی بواری زانستی کۆمەڵناسیە ،لە ساڵێ ١٩٤٨ لی ئیتاڵیا لە دایک بووە ،تا ئیستاش لە ژیاندا ماوە .

[(٢)] - شوان ئادەم ئەیڤەس ،میدیاو قەیرانی بێ سیستمی ، وتار ،لە سایتی http://www.rozhnamawany.com/?p=٢٤٤٦ بڵاو بۆتەوە ،کاتی سەردانی کردن ،٢٣-٣ -٢٠١٩ ،

## شەشەم: مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەراورد بەو مۆدێلانەی خاوەندارێتی، کە خرانەروو جیاوازە، خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ناچێتە ژێر رکێفی هیچ کام لە مۆدێلەکانی : (خاوەندارێتی حکومەت ،خاوەندارێتی بازرگانی و کەرتی تایبەت ،مۆدێلی خاەندارێتی تێکەڵ، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندیی رەوشی هەرێمی کوردستان لەڕوی سیاسی و ئابوورییی، لە لایەک و نەبوونی دیدگایەکی ئاشکراو رۆشن لە لایەنی سیاسی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ چۆنێتی مامەڵە کردن و رکخستنی بوار و کایەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت مۆدێلێ خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بچوێنێت بە مۆدێلێ تێکەڵ کە زیاد لە هەموو مۆدێلەکانی دیکە لەم مۆدێلەوە نزیکە، هەرچەندە مۆدێلەکانی خاوەندارێتی لە هەرێمی کوردستاندان چوارچێوەیەکی یاسایی ئەوتۆی نیە ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی کاری پۆلێنکردنیان قورس بێت. بەو پێیەی دانانی یاساکانی تایبەت بە ئازادی رۆژنامەگەری و رێکخستنی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە وڵا تێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆرێت بەپێی جیاوازی سیستمی سیاسی و بەها ئیتکی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنموونە وڵاتانی ئەوروپا رێککەوتون لەسەر شەش بنەمای سەرەکی کە لە چوارچێوەی کارەکانی ولاتانی یەکێتی ئەورووپادا رێکخراوە کە خۆی لە (ئازادی رادەربرین ،پاراستنی تایبەتمەندیی ژیانی تایبەتی ، چاودێری کردنی راگەیاندنی حکومی لەلایەن دەسەڵاتەوە ،لابردنی هەموو ئەو کۆدو بەندانەی کە پێشتر ولاتان لەسەر رۆژنامەنوسانیان داناوە ، ناچارکرنی هەندێک وڵات بەرەتکرنەوەی چەند بریارێکی تایبەت بەدانانی کۆت و بەند لەسەر وڵاتان )، بەڵام لەگەڵ بەراورد کردنی یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە هەورێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتو لەهەندێک رووەوە لێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام جیاوازیەکانی زیاترە ئەمەش پەیوەندی بەنە بوونی دەستوورەوە هەیەو هەرێمی کورددستان تا ئێستاش خاوەنی دەستوری خۆی نیە لەلایەک و رۆڵی دادگاش لە چاودێری و جێبەجێکردنی یاساکان و بوونی بریاری مەرکەزی بۆرێکخستنی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە لایەکی دیکە .(١)

لەچوارچێوەی یاسایی کاری میدیاکان، لەکارکردنی دامەرزراوە میدیایەکاندا دوو جۆری گرنگ لە دەزگایی یاسایی رۆڵیان هەیە، ئەوانیش ئەو دامەزراوانەی کە بریار لە چوونە نێو زانیارییەکان دەدات ،ئەوەی شێوازی بەکار هێنانی زانیارییە وەر گێراوەکان کۆتبەنددەکات .(٢)

بەهۆیی سروشتی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە بەشێکی زۆری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەگەرێتەوە بۆ حیزب و کەس و گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکانی ناو حیزب لەچەند ساڵی ڕابردووشدا

(١) - شێرکۆ مەنگوری ،واقع الصحافة باقليم كوردستان العراق في ضوء نظريات الصحافة ،(السليمانية : ٢٠١٢ )،ص ١٤٥-١٥٦
(٢) - عەبدوڵا مەحمود زەنگنە ،سەرچاوەی پێشوو،لا٣٦

خاوەندارێتی کەرتی تایبەت بۆ ئامرازەکان ڕاگەیاندن ڕووی لە زیادبوون کرد،لێرەدا بە کورتی گرنگترین مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا:- [١]

**یەکەم** : خاوەندارێتی حکومەت بۆ ڕاگەیاندن، لە پاش ڕاپەرنی بەهاری ١٩٩١ وە لەگەڵ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت هەوڵیدا ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام بەهۆی ململانێ سیاسیەکان و خزمایەتی و گەندەڵی وایکرد، ڕاگەیاندنی حکومی بەلاوازی لە دایکبێت، دانانی کەسی نەشیاو و بێ ئەزمون لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن و بەهەدەردانی پارە، وایکرد ڕاگەیاندنی حکومی لاواز بێت ،ئەو ڕاگەیاندنە حکومیانەی تائێستا لە کارکردن بەردەوامن، وەک ماڵپەرە فەرمیەکانی حکومەت و وەزارەتەکان و پەرلەمان و ڕادیۆو تەلەفیزۆنەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ناخۆ بێکێشەو گرفت نین لە چاو پێشەکەوتنەکانی کاری ڕاگەیاندندا هێشتا لەدواوەن، ڕاگەیاندنی حکومی یەکێکن لەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکاندا بە تایبەت تەنگژەی داریی ڕووبەڕووی زۆرترین زیان دەبنەوە بۆنموونە ڕادیۆ و تەلەفیزۆنی نەورۆز، کە سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری بوون بە هۆی قەیرانی داراییەو داخران و کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی دابەشکران بەسەر بەرێوەبەرایەتیەکاندا.

**دووەم :** ڕاگەیاندنی حیزبی سەرتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێک ژمارەیەک دەستەبژێری سیاسی و کۆمەلایەتی کوردلە ئەستەنبوڵ سودیان لەو کرانەوە سیاسیەی دوای ١٩٠٨ وەرگرت، ڕاگەیاندنی حیزبی لە پێش ڕاپەرینی ١٩٩١دا رۆڵێکی گەورەی بینی دروست کردنی بزاف و رەوتە سیاییەکان ودروستبوونی شۆرشەکان، یەکێک بووە لەئامرازوو کەرەستەکانی شۆرش و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵام لە پاش راپەرینی ١٩٩١ شۆڕشی چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان دەستپێیکرد و حیزبی بوون یەکێک بوو لە سیما دیارەکانی ئەورۆژنامانە، هەرپارتێکی سیاسی سەرگەرمی دانانی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی بوو و ڕاستەوخۆ ئەم دامەزراوانە لە لایەن حیزبەوە پارەداردەکران و کەسی یەکەمی دەزگاکەش دەبوو کادیری حیزبی بێت،ئیتر ڕاگەیاندن بووە ئامرازی پروپاگەندەی حیزب ،لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ کە ڕۆژنامەگەری ئەهلی سەرهەڵدا و یەکەم ڕۆژنامە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرا دەرچوو .کە دەرکەوتنی ئەم ڕۆژنامە ئەهلیانە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامە حیزیەکان کرد.

**سێیەم:** خاوەندارێتی ڕاگەیاندنی کەرتی تایبەت(ڕاگەیاندنی سەربەخۆ): کەبەڕاگەیاندنی سەربەخۆ،ئەهلی و بازرگانیش ناو دەبرێت، راگەیاندنی سەربەخۆ ئەو ڕاگەیاندنەیە کە گوزارشت لەئاراستیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دیاری کراوناکات کرایەوەیە بەرووی بۆچوون وئاراستە جیاوازەکاندا. مەبەست لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەموو ئەوئامرازانەی ڕاگەیاندن و دامەزراوە

---

[١] - هەردەوان محمود ،سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٧-١٣٩

میدیایەکان و ئەو رۆژنامە نوسانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن لە دەرەوەی دەست تێوەردانی حکومەت و دەسەڵات کە ئەم چەمکە لە ئێستادا لە ویلاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕاگەیاندنی جێگرەوەشی پێدەوترێت .[1]ڕاگەیاندنی ئەهلی سەرەتای دەرکەوتنی لە هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠،کە مشتومرێکی گەورەی لە بواری ڕاگەیاندندا بە دوای خۆیدا هێنا.

**چوارەم:** ڕاگەیاندنی بازرگانی، بەشێکە لەو ڕاگەیاندنەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت، جیاوازی نێوان ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەهلی ئەوەیە ئامانجی سەرەکی بەدەست هێنانی قازانجە، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ریکلام و فرۆشی بەرهەمە میدییایەکانەوە ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە شێوەی کەناڵی لۆکاڵی و کەناڵە ئاسمانیەکان و میدیایی ئەلکترۆنیدا دەرکەوتوە .

## حەوتەم: سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

سەرچاوەی دارایی  بە یەکێک لە گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی هەر پرۆژەیەکی میدیایی هەژمار دەکرێت،چونکە گرەنتی مانەوە و بەردەوامی کاری کوالێتی باش دەدات، سەر چاوەی دارایی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی  سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی ڕاگەیاندن لە دونیادا

توێژەری عێراقی (ضیاء رسن) لە توێژینەوەیەکیدا لە بارەی (گرنگی سەرچاوەکانی هەواڵ و شەفافیەتی سەرچاوەداراییەکانی ڕاگەیاندن و رۆڵی لە سەرکەوتنی ڕاگەیاندنەکاندا)کە لەماوەی ڕابردوودلە زانکۆی ئەریزۆنا ی ئەمریکا خستویەتیە ڕوو،(ئاماژە بەوە دەکات کە ناڕوونی سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن یرکناگرێتەوە لەگەڵ سەربەخۆیی دامەزراوەکان و ئەو ئازادییەی کە باسی دەکەن،بۆنەمونە لە عێراقدا زیادلە (٥٠) دامەزراوەی میدیایی هەن کە سەر١١اوەی داراییان دیار نیە و زیاتر لە ٧٠ دامەزراوەی میدایی دیکەش ڕاستەوخۆ پارتە سیاسیەکان سەرچاوەی داراییان بۆ دابین دەکەن)، یەکێك لەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە ئەوەیەکە زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی داراییان  روونیە، توێژەر ئاماژە بەوە دەدات ئەم دیاردەیە بە شێوەیەك بڵاو بووەتەوە کە خەرێکە دەبێتە پرسێکی ئاسایی، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە یاسایەك نیە ئەو دامەزراوە میدیاییانە ناچاربکات ژمێرەدارایی و بازرگانییەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندی دارەکان و ڕایی گشتی روونبکەنەوە، ئەمە جگە لە هۆکاری سیاسی دەستتێوەردانە هەرێمایەتیەکان، هەمان ئەم حاڵەتەش بەروونی لە هەرێمی کوردستاندا بە دیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوازیکی ناروون بانگەشەی ئەوەدەکەن کە سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکرا دەکەن و بۆ ڕای گشتی ، بەوەی کە ریکلام سەرچاوەی سەرەکی داهاتیانە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ خۆ دزینەوەی هەندێك لە دامەزراوە مدیاییەکان بۆ خستنەرووی سەرچاوەی داهات و یەکە ئاماریەکانی

---

[1] ـ صلاح عبد الحمید ، الاعلام السیاسی ،٢٠١٨، (مصر: الجیزه ) ص ١٨-١٩

پەیوەست بەو بوارە، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك دامەزراوەی دیکە بە ڕاشکاوی باس لە ئاشکرانەکرنی سەرچاوەی دارایی خۆیان دەکەن .[١]

## هەشتەم: گرنگترین سەرچاوەدارایییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن institution .Sources of finanacing of media

دامەزراوەکانی بۆ دەستخستنی سەرچاوەی داراییان پشت بە چەند جۆرێک لە سەر چاوە دەبەستن کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارە :-

**١ - ریکلام**

ریکلام ، ئەو چالاکییەیە کە لە رێگەی ئامرازەکانی بینراو بیستراو نوسراوە و پەیامەکان دەگوازێتەوە بۆ تاک و کۆمەڵگە، بەمەبەستی هاندانی تاک بۆ کرینی کەل و پەل و شمەکێک یان خزمەتگوزاری، ریکلام ئامرازێکی پەیوەندیکردنی کەسی نیە ، بەهاکەی پێشتر دراوە و کۆمپانیا و دامەزراوە گەورەکان ئەوانەی ئامانجیان دەستخستنی قازانجە بەم کارە هەڵدەستن .[٢]

ریکلام بە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێ کۆمەڵگە دادەنرێت و ناتوانرێت دەستبەرداربێت، لەم بارەیەوە(ئاماران ماتلار) لە کتێب نوێکەیدا بەناوی (امبراطورية الاعلان):دەڵێت زیاتر گرنگیدان بە رێکلام وەک هونەرێک ئەوەی بیر بردوینەتەوە، کە ریکلام پیشەسازییە، ئەو پیشەسازییەی کە رۆژ لە دوای رۆژ بابەخ و بەهای زیاتردەبێت، ریکلام بەشدارە لە هەمووگەشەسەندە و ئابوورییەکان و کاری دامەزراوە جیاوازەکان .[٣]

ئەگەربمانەوێت بە کورتی پیناسەیەکی ریکلام بکەین بەشێوەیکی گشتی ریکلام بریتییە :هەوڵێکی ناخودی کە بەهاکەی پێشتر دراوە، ئامانجی دروستکردنی کاریگەریە .[٤]

سەبارەت بە گرنگی ریکلام و بۆ تێگەیشتنی لە ئابووریی ڕاگەیاندن دەبێت لەوە تێبگەین، کە بایەخی ریکلام یاخود( فرۆشتنی خوێنەر وبینەر) هیچی کەمترنیە لە ناوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکان، خواست لەسەر ریکلام لەئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا پشت بە توانای لە دایکبوونی فرۆشی زیاتری ئەو کەلوپەلانە دەبەستێت کە ریکلامی بۆ کراوە لەگەڵ خزمەتگوزاریەکاندا، چونکە زۆرێک لە ریکلامەکان بەتایبەت لە بواری خزمەتگوزرایدا ئاسانکاری بۆ کڕیار دەکات.[٥]

جۆرەکانی ریکلام لەسەر چەند بنەمایەکی جیاواز دابەشکراوە لێرەدا بە کورتی جۆرەکانی دەخەینە ڕوو لە سەر بنەمای جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن :-[٦]

---

[١] – ضياء رسن ،(اهمية مصادر الخبر والشفافية في تمويل وسائل الاعلام عند المختصين والعموم المتلقين ودورهما في النجاح الاعلامي ) بحث منشور،سەیریی ئەم لینکە بhttp://www.jfoiraq.org/%D

[٢] - زيربن محمد الرماني ،اقتصاديات الاعلام اسرار واخبار ،(الرياض :مكتية الرشد ،٢٠٠٥ )،ص ٣٢

[٣] - هەمان سەرچاوە ، لا ٤٠

[٤] - سلام منعم رامل ،سەرچاوەی پێشوو،لا٥٤

[٥] - سهام الشجيري ،سەرچاوەی پێشوو،لا ١١٩-١٢٠

[٦] - سلام منعم زامل ،سەرچاوەیە پێشوو،لا ٥٦

- ریکلامی رۆژنامە و گۆڤار و بڵاو کراوە و کتێب لە خۆی دەگرێت.
- ریکلامی رادیۆو تەلەفیزۆن و سینەما.
- ریکلامی ئەلکترۆنی و ئیمەیڵ.

**٢ - فرۆشتنی بەرنامە و بەرهەمە میدیاییەکان**

فروشتنی ناوەرۆکی بەرهەمە میدیایەکان ، دەکرێت بە پیشەسازیی ڕاگەیاندنیش بناسێرنێت پیشەسازیی ڕاگەیاندن بە بوارێکی نوێی دادەنرێت لە زانستی ڕاگەیاندا و زۆرترین توێژینەوەکان لەم بوارەدا چردەبنەوە، چونکە ئەم بوارە گرنگیدەدات بە توێژینەوە و بە دوادا چوونی لایەنە ئابوورییەکەی ڕاگەیاندن، هەمووئەو بوارانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بەسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و وەبەرهێنان ،خەرجی و تێچووکان،داهات ،ناوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکانەوە هەیە .[١]

هەندێک لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە فرۆشتنی بەرنامەکانیان بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی بەرنامەو جیاوازی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، جا ئەو بەرنامانە بەرنامەی کاتبەسەربردن وشادیبەخشبن یاخود بەرنامەی زانستی، ئابوری ،سیاسی و کۆمەڵایەتی .. ،بەڵام لە پرۆسەی فرۆشتنی بەرهەمەکانی ئامرزاکانی ڕاگەیاندا توانای رۆژنامەنووس، توانا ماددی، تەکنەلۆجی وتەکنیکیەکان و ئاستی پێشکەش کردنی بەرنامەکان هەموو ئەمانە لە کێبرکێی کڕینی بەرهەمە میدیایەکە بەشداری دەکەن ، کە لە کۆتایدا دامەزراوەکە لەم رێگەیەوە داهاتی زیاتر دەستدەکەوێت و دەبێتە سەرچاوەیکی دارایی بۆیی .[٢]

**٣ - پشتگیری حکومەت و کەرتی تایبەت:** وەک ئاشکرایە بەشێکی زۆر لە ڕادیۆ تەلەفیزۆن رۆژنامەکان ، ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان و رۆژنامەی ئەلکترۆنیەکان پەیوەندیان بە هەردوو کەرتی تاتیبەت و گشتیەوە هەیە، ئەم پەیوەندیەش بەپێی سروشتی کارکردن و سیاسەت و ناورۆکی بەرهەمە میدیایەکە دەگۆرێت، رەنگە حکومەت لە رووی داراییەوە پاڵپشتی دامەزراوە میدیاییەکان بکات، لە هەمان کاتدا کەرتی تایبەتێش پشتگیری و هاوکاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکات، شێوازی ئەم پاڵپشتی و هاوکارییەش دەگۆرێت رەنگە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ حکومەت پشتگیری دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بکات کە ئەمەش لە رێگەی ئاسانکاری بۆ کارکردنی رۆژنامەنوسانی دامەزراوەکە .[٣]

٤ - سپۆنسەری کۆمپانیا و دامەزراوەکان بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

هەندێک دامەزراوە و کۆمپانیا هەڵدەستن بە سپۆنسەریکردنی بەرنامەی رادیۆ تەلەفیزۆن و هەندێک لاپەرەی ڕۆژنامەکان، لەبەرامبەر برێک پارە کە ئەو کۆمپانیایە دەیداتە دامەزراوە میدیاییەکە، ئەمەش بەرێکەوتنێک دەبێت لە نێوانیاندا، کەپێویستە ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندن لە رێگەی بەرنامە یان بابەت و

---

[١]- حمدي بشير محمد علي ،الاعلام الرقمي واقتصاديات صناعته ،بحث مشاريك في المنتدي الاعلامي السنوي السابع للجمعية السعودية الاعلام والاتصال ،(رياض: ٢٠١٦)ص ١٦
[٢]- سلام منعم زامل ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ٥٥-٥٦
[٣] ـــ هەمان سەرچاوە ، لا ٥٦

نوسراوەكانيەوە ريكلام بۆ كەلو پەلو شمەكەكانى بكات ، يان خستنە رووى خزمەتگوزرايەک كەئەو كۆمپانيايە ئەنجاميدەدات، لەم بارەدا بەرژەوەندى هاوبەش لە نێوان خاوەنشمەک و خزمەتگوزاريەكەو دامەزراوەكەى ڕاگەياندا دروستدەبێت، جێى ئاماژە پێدانە لە ئێستادا ئەم جۆرە لە سەرچاوەى داهات و پارەداركردنى دامەزراوەكانى ڕاگەياندن نوێترين و باوترين جۆرە و زۆرێک لە بەرنامە تەلەفيزۆنيە بەناوبانگەكان لە سەر ئاستى جيهان و ناوچەكەو كوردستانيش بەم جۆرە بەرێوە دەچن، كە دەكرێت لە رووى دەست تێوەردان لە شێوازى كارى رۆژنامەوانى و ئازادى كاركردن وبێلايەنى لە هەموو جۆرەكانى ديكەى سەرچاوەى دارايى گونجاو تر بێت، چونكە لێرەدا بنەماى كاركردن بەرژەوەندى هاوبەشە و لە هەمان كاتدا كارێكى خۆ ويستانەيە چونكە پێشتر هەردوو لايەن لەسەرى رێک كەوتون ،لە هەرێمى كوردستانيش ئەم جۆرە لە سەرچاوەى دارايى ئامرازەكانى ڕاگەياندن تا ڕادەيەک لە برەو سەندندايە و چەندين بەرنامە لەرێگەى سپۆنسەرەوە بەرێوە دەچن .[١]

لەم بارەيەوە ( برۆس ئۆوين)"* و ( تيم كارينجۆ *و مارک نياسۆن )* دەڵێن مانەوەى ميدياكان وەک كەرتى كار زۆرجار لە سايەى هەلومەرجێكى ئابووريى دژدايە مەبەست لە هەلومەرجى تەنگژەيە بەتايبەت تەنگژەى دارايى، بەيەكێک لە گرنگترين كارە پێشينەكان دادەنرێت ،چونكە ئەگەر دامەزراوە ميديايەكە لەم دۆخەدا تواناى مانەوەى نەبوو ،ئەوا جۆرباشى (الجودة) هيچ بايەخێكى نامێنێت، لە زۆرێک لە ئابوورييە تازە گەشەسەندوەكانيشدا، كۆمپانيا نوێ و بچوكەكان دەتوانن سەرچاوەيەكى تەواوى كۆمەكيكردنى ميدياكان دەستە بەربكەن.[٢]

**سەرچاوەى دارايى دامەزراوەكانى ڕاگەياندن بەپێى جۆرى ئامرازەكان**

سەرچاوەى دارايى دامەزراوەكانى ڕاگەياندن يەكێكە لە و ميكانيزمە گرنگانەى، كە بنەماى كارى دامەزراوەكە بە جياوازى ئامرازەكانى ڕاگەياندنەوە دياريدەكات، سەرچاوەى دارايى، ئاراستە و سياسەتى كاركردنى ئامرازەكانى ڕاگەياندن دياريدەكات، بەو پێيە ئامرازەكانى ڕاگەياندن بە پێى سروشتى كاركردنى ئامرازەكە، شێوازو جۆرى سەر چاوەكانى پارەداركردن لە ئامرازێكەوە بۆ ئامرازێكى ديكەى ڕاگەياندن دەگۆرێت بۆيە لێرەدا بە كورتى باس لەسەر چاوەى دارايى دامەزراوەكانى ڕاگەياندن دەكەين بە پێى جياوازى جۆر و شێوازى ئامرازەكانى ڕاگەياندن.[٣]

---

[١] - سلام منعم زامل ،سەرچاوەى پێشوو ،لا ٥٦

*- سەرۆكى ئابورى ناسە يەكگرتوەكانە.

*- بەرپرسى زانياريە گشتيەكانى پلە باڵا لە پەيمانگاى بانكى نێو دەوڵەتى واشنتۆن .

*- بەرێوەبەرى پرۆگرام لە بەرژەوەندى پرۆسەكانى پەيمانگاى بانكى نێو دەوڵەتى پاريس .

[٢] - عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە ،سەلاچاوەيەكى پێشوو، لا٢٩ .

[٣] - ابراهيم عبدالله المسلمى ، ادارة المؤسسات الصحفية ،(القاهرة :العربي للنشر والتوزيع ) ص ٤٩٨

**یەکەم : سەرچاوەی دارایی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان :**

هەموو دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن هەوڵی زیادکردنی داهاتەکانی دەدات، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر دیاریکردنی خەرجییە کانی دامەزراوەکە قازانجێکی دەست بکەوێت،چونکە ئاستی سەرکەوتنی هەر دامەزراوەیەکی رۆژنامەوانی پەیوەستە بە ڕادەی ئەو قازانجەی کە دامەزراوەکە دەستی دەخات کەئەم قازانجەش لە ئەنجامی دیاریکردنی تێچوو خەرجی دامەزراوەکەو ئەوداهاتەی کە دەستی دەکەوێت دیاری دکرێت .[١]

١. خەرجییە کانی دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان بڕی خەرجی و تێچووەکانی خۆیان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکەن، خەرجییە نەگۆرەکان: ئەو خەرجیانەن کە نەگۆڕن وەک کرێی شوێنی کارو ئۆفیسەکان و کۆگاکان و ئامێرەکانی چاپکردن و کەلوپەلەکانی دامەزراوەکە ئەو ئامێرو کەل و پەلانەش خۆی لە (کۆمپیوتەر ،فۆتۆکۆپی ،پرنتەر ) کرێی هێڵی ئینتەرنێت و کامێراو ریکۆدەر دەبینێتەوە، ئەمەجگە لەوەی پێویستیان بە ئامێرەکانی ساردکردن و گەرمکردن هەیە .

خەرجییە گۆڕاوەکان: بریتییە لە تێچوونی نوسین و ئامادەکردنی راپۆرت و ژانەرە ڕۆژنامەوانیەکان دەگرێتەوە ، کە بە شێوەی مووچەی مانگانە دەدرێتە رۆژنامەنووسان ، لەگەڵ پێدانی پاداشت بە رۆژنامەنوسان و نوسەرانی تایبەتی ڕۆژنامەکە، ئەو رۆژنامانەی کە خاوەنی چاپخانەی خۆیان نین کرێی چاپکردن و بڵاوکرنەوەی رۆژنامەکان دەچێتە چوارچێوەی خەرجییە گۆڕاوەکان ،خەرجییە رۆژانەکانیش کە دابینکردی پێداویستی رۆژانەیە دەچێتە چوارچێوەی ئەم جۆرە خەرجییە وە،خەرجی ریکلامکردن و بەبازارکردنیش یەکێکە لەو خەجیە گۆراوە گرنگانەی کە هەموودامەزراوەیەکی رۆژنامەوانی بە گرنگیەوە بوجەی بۆ تەرخاندەکات بەمەبستی خۆناساندن و پەیداکردنی بازار.[٢]

٢. سەرچاوەی داهاتی رۆژنامەکان :سەرچاوەی داهاتی رۆژنامەکان بۆچەند سەرچاویەک دابەشدەبێت کە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوە رۆژنامەوانیەکە کاریگەری دەبێت لەسەرجۆری سەرچاوەی داهات گرنگترین سەرچاوەکانی داتی دامەزراوەی رۆژنامەوانی بریتییە لە:- [٣]

١- هاوبەشیکردن و فرۆشی رۆژنامەکان:دابەشکردن و فرۆشتنی رۆژنامەکان بەسەرچاوەی سەرەکی داهاتی رۆژنامەکان هەژماردەکرێت ،هەموو رۆژنامەیەک کاتێک چاپدەکرێت و دەخرێتە بازاڕەوە بەمەبەستی فرۆشتنیەتی لەرێگەی ئەوانەی کە بەشێوەی مانگانە بەشدارییان کردوە یان لەرێگەی فرۆشتنی ئاساییەوە، بۆیە مەحاڵە هیچ رۆژنامەیەک بتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر فرۆشی کەمبێت.

---

(١) - حسنين عبد القادر ،ادارة الصحف ،(قاهرة :ط٢ ،سنة ١٩٦٢) ،ص ٣ ٩

(٢) - سهام الشجيرى ،سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٢٥

(٣) - حسنين عبدالقادر ،سەرچاوەی ثيشوو ،لا ١٩٦-١٩٩

٢- ریکلام: بەیەکێک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی رۆژنامەکان دادەنرێت و هۆکارێکیشە بۆ زیادبوونی رێژەی فرۆشی تیراژی رۆژنامەکان، لە وڵاتانی پێشکەوتودا ریکلام وەک بنەمایەکی گرنگی ئابووریی میدیا هەژماردەکرێت ، زیاد بوونی ریکلام لە رۆژنامەکاندا دەبێتەهۆی دەستخستنی سەرچاوەیەکی باشی داهات ، بەهێزکردنی پێکهاتەی ئابووریی دامەزراوەکە ، یارمەتی دانی خێرا بڵاو بونەوەی رۆژنامەکان، پێشکەتن و گەشەسەندنی ناوەرۆکی میدیایی ،زیادکردنی رێژەی مووچەی کارمەندان و زیاتر ناساندنی رۆژنامەکە.

٣- ئاگاداری نامەکان

٤- چاپکردنی پەخشی بازرگانی :بریتییە لە چاپکردن و پەخشکردنی بازرگانی بۆ کەسانی تر بەتایبەت ئەو رۆژنامانەی کە خاوەنی چاپخانەی خۆیانن، ئەمەش وادەکات چاپخانەکە بەردەوام بێت لە کارکردن.

**دووەم :سەرچاوەی دارایی دامەزراوە بینراوەکان (تەلەفیزۆن و کەناڵەئاسمانیەکان):**

کەناڵە ئاسمانییەکان و تەلەفیزۆنە لۆکاڵیەکان لە کێبرکێیەکی بەردەوامدان و لە پێناوی مانەویان لە نێو ئەو کەشوهەوا کێ برکێیەی کەهەیە، بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەنەبەر سەرچاوە جیاوازەکانی دەستخستنی داهات و تەنها پشت بە تاکە سەرچاوەیەک نابەستن ، هەتا ئێستاش بەڵگەیەکی ئاشکرا نیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کەناڵە ئاسمانیەکان خۆیان دەتوانن بەتەنها تێچووی خۆیان دابین بکەن لەگەڵ ئەوەی بەشێکیش بن لە کەرتی تایبەت .بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوە داهاتی کەناڵەئاسمانیەکان بریتییە لە:- [١]

١- ریکلامکردن

٢- نرخی پەیوەندی تەلەفۆنی بەرنامە ڕاستەوخۆکان و نامە،ئەو بەرنامە پێشبکرێیانەی کە لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا پێشکەش دەکرێت .

٣- سەرجەم ئەو زنجیرە تەلەفیزۆنی و بەرنامانەی کە کەناڵەکە خودی خۆی بەرهەمی دێنێت و دواتر دەیفرۆشێتەوە، کە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی پیشەسازیی ڕاگەیاندنەوە .ئەمە جگە لە و بەرنامانەی کە تایبەتن بە کەیف خۆشی و کات بەسەربردن و دۆزینەوەی توانا هونەرییەکان کە ئەم بەرنامانە لە کەناڵەئاسمانیەکاندا بونەتە سەرچاوەیەکی باشی دەستخستنی داهات .

**سێیەم: پارەدارکردن و سەرچاوەی دارایی دامەزراوە بیستراوەکان (رادیۆ )**

رادیۆ ئێزگەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەستخستنی داهاتی خۆیان پشت بە ریکلام دەبەستن ئەمە جگەلەوەی کە ئێزگە گەورەو بەناو بانگەکانی دونیا بەرنامەو بەرهەمەکانی خۆیان دەفرۆشنەوە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆیان .[٢]

- پارادارکرنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی رۆژ ئاوا

---

[١] - سهام الشجیری ،سەرچاوەی ، پێشوو،لا ١٣٢-١٣٣
[٢] ــ هەمان سەرچاوە ،لا ١٢٩

بەشێوەیەکی گشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە لەجیهاندا، چ ڕاگەیاندنی تایبەت بێت یان گشتی بەم سێ ڕێگا سەرەکیە دەکرێت سەرچاوەی داریی خۆی دابینبکات ،یان سەرچاوەکانی پارەدارکردنی کە بریتی دەبێت لە یەکێک لەم سەرچاوانە یان هەرسێ سەرچاوە سەرەکیەکە : -[١]

١-ئەو باجە کەمەی کە بینەردەیدات بۆ بینی بەرنامە تەلفیزۆنیەکان

٢-بوجەی گشتی حکومەت

٣-ریکلامە بازرگانیەکان .

ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ،رۆژئاوادا بەسەر دوو نموونەی خاوەندارێتیدا دابەش بووە ئەوەیش خۆی لە ڕاگەیاندنی : حکومی و تایبەتدا دەبینێتەوە:- [٢]

١. ڕاگەیاندنی حکومی :لەم مۆدێلەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا لە ئەمریکا ڕاگەیاندنێک نیە سەر بە حکومەت بێت و ئاراستەی هاوڵاتیان بکرێت واتەئەو ڕاگەیاندنەی ئاراستەی ناوخۆی ئەمریکاو هاوڵاتیانی ئەمریکی دەکرێت بە فەرمی سەر بەحکومەت نیە، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنەی کە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت ڕاگەیاندنێکە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە سەر پەرشتی دەکرێت، کە ئەمە ڕاگەیاندنێکی سیاسیەو ئامانجی خزمەتکرنی بەرژەوەندیەکان دەوڵەتە کە ڕاستەو خۆ لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەر پەرشتی دەکرێت ، بەڵام لە ئەوروپادا ڕاگەیاندنی حکومی بە روونی بەرچاودەکەوێت و ڕاستەو خۆ بەشیک لە کەناڵە تەلەفیزۆنیەکان بە فەرمی لەلایەن حکومەتەوە سەرپەشتی دەکرێن.
٢. ڕاگەیاندنی تایبەت: ئەمەجۆرە لە ڕاگەیاندن ریکلام سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەبێت ،لەگەڵ هەندێک سەرچاوەی دیکە وەک هاوبەشی و وەرگرەکان و فرۆشتنی بەرهەمە میدیاییەکانی .
٣. ڕاگەیاندنی بەرپرسیار و مەعریفی : ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن خۆی لە چەند گۆڤار و رۆژنامەو کەناڵیکی تەلەفیزۆنیدا دەبینێتەوە ، داهاتی ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن تەنها لە رێگەی بەشداری هاوبەشاکانی فرۆشتنی بەرهەمەکانیەوە دەبێت لە نموونەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە گۆڤاری نەشناڵجوگرافی ئەمریکی ،گۆڤاری جیۆی ئەڵمانی گۆڤاری مۆکسی بریتانی .[٣]

---

[١] - سهام الشجیری، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٣٣

[٢] - هەردەوان مەحمود ،سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٨-١١٠

[٣] - ، سهام الشجیری ،سەرچاوەی پێشوو،لا ١٣٥

# بەشی چوارەم

## (لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە)

## ئەنجامەکانی توێژینەوەی ڕووپێویی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

**باسی یەکەم : کورتەیەک لە بارەی هەرسێ دامەزراوە (وار ،روداو،NRT)**

**باسی دووەم : ئەنجامی گشتی توێژینەوەی ڕووپێوی لەسەر ڕۆژنامەنووسان**

**باسی سێیەم : ئەنجامی گشتی توێژینەوەکە لەسەر بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

## دەستپێک

ئەم بەشە بۆ دووباسی سەرەکی دابەشبووە توێژەر لە باسی یەکەمدا زانیارییی لە بارەی سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو،کە لە هەرسێ دامەزراوە ی (وار،رودواو ،NRT) ،لەباسی دووەمدا لە میانی چەند تەوورێکدا خستنە ڕووی ئەنجامەکانی (پێوانەی ئاماری-المقیاس الاحصائي) لەخۆدەگرێت ،کە تایبەتە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ڕۆژنامەنووسان وکارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لەباسی سێیەمدا ئەنجامی گشتی چاو پێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەخاتەڕوو سەبارە کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

## باسي یەکەم: کورتەیەک لەبارەی هەرسێ دامەزراوەی ( وار،ڕووداو،NRT )

لەم تەوەرەیەدا کورتەیەک لەبارەی هەرسێ دامەزراوەکە خراوەتەڕوو،کە توێژەر وەک سامپڵێ توێژینەوە وەریگرتوە ..

**١- دامەزراوەی وار (WAR)** [١]

دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستان، بنکەی سەرەکی دەکەوێتە شاری دهۆک و لەسەرجەم شارەکانی دیکەی هەریمی کوردستان نوسینگەی هەیە، لە چەندین دامەزراوەی ڕاگەیاندن پێکدێت کە سەربە کۆمپانیایی (پاڵۆ* ) یە بۆ ڕاگەیاندن. بیرۆکەی دروستبوونی ئەم دامەزراوەیە لە ئەنجامی داخوازی هەندێک لە ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنووسانی شاری دهۆکەوە هات، کە پێشکەشی سەرۆکی حکومەتیان کرد دواتر بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا، سەرەتا دامەزراوەکە بە دەرکرنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی (وار) دەستیبەکارکردن کرد لە ڕۆژی ١-١٠-٢٠٠٩ یەکەم ژمارەی بڵاوبوەوە، لە ئێستادا دامەزراوەی ڕاگەیاندنی ( وار) بە پشتبەستن بەئامرازە جیاوازەکانی (بینراو، بیستراو،کاخەز،ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ) بەشێویەکی بەرفراون گەشەیکردوە، دامەزراوەکە ئەم بەشانەی لە خۆیدەگرێت، بەڵام بەهۆی تەنگژەی داراییەوە هەندێک لەو بەش و دامەزراوانە لە کارکردن وەستاون :

١. تەلەفیزۆنی وار (WAR .T.V ) کە لەسەرتای دامەزراندنی تائێستاش لە کارکردن بەردەوامە .

٢. تەلەفیزۆنی( واری وەرزشی ) کە لە ئێستادا لە کارکردن وەستاوە، بە هۆی تەنگژەی دارایی و ئەو دۆخە سیاسی ئابوریەی کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد.

---

[١] - http://waarmedia.com/about/ ،کاتی سەردانیکردن **١٥-١٠ - ٢٠١٩ ، کاتژمێر(٥)**، توێژەر زانیاریی سەبارەت بە دامەزراوەکە دەست کەوتوە لە ڕێگەی (دیار عەبدولعەزیز عەبدولعەزیز contact@waarmedia.com ):بەڕێوەبەری پۆرتاڵ و سۆشیال میدیایی وار .

* - ( پاڵو) کۆمپانینایەکە تایبەت بە پەخش و گەیاندن و بڵاوکردنەوە لە شاری دهۆک کاردەکات، دامەزراوەی( وار) سەربەم کۆمپانیایە.

٣. ڕۆژنامەی (وار ) کە لە ١-١٠-٢٠٠٩ دامەزراو هەتا ١٥-١٠-٢٠١٥ لە کارکردن بەردەوام بووە وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بەڵام بە هۆی تەنگژەی داراییەوە لە ١٠-١٠-٢٠١٥ ڕۆژنامەکە بەتەواوی لە کارکردن وەستاوە و داخراوە.

٤. ڕادیۆیی (وار) لە سەرتای دامەزراندنیەوە تائێستاش بەردەوامە لە کارکردن نەوەستاوە .

٥. گۆڤاری ( مەهانە، زینێ وار): هەر یەک لەم دوو گۆڤارەش کە لەلایەن دامەزراوەی (وار) دەردەکران بە هۆی تەنگژەی داراییەوە لە کارکردن وەستاون لە ئێستادا ئەم دوو گۆڤارە دەرناچن .

٦. گۆڤاری (دیرۆك وار): ئەمەش یەکێکە لەو گۆڤارانەی، کە لەلایەن دامەزراوەی وارەوە دەردەکرێت ئەم گۆڤارە بەردەوامە لە دەرچوون و هەفتانە دەردەچێت .

٧. وێبسایتی وار: دامەزراوەی( وار ) وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە خاوەنی وێبسایتێکی ئەلکترۆنییە بە ناوی (وێبسایتی وار)، لە ئێستادا کە بەسەردەمی دیجیتاڵ میدیا ناسراوە، ذهیچ دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ناتوانێت بەبێ بوونی وێبساتی ئەلکترۆنی و بوونی پەیجی تایبەت لە سۆشیاڵ میدیا کارەکانی خۆی بباتە پێشەوە بۆیە، لە ئیستادا وێبسایتی وار یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دامەزراوەی (وار) .

وار لەسەرەتادا بە زمانی عەرەبی و بواری وەرزشی دەستی پێ کردو لە ئێستاشدا تەلەفیزۆنی وار بە زمانی کوردی کرمانجی پرۆگرامەکانی خۆی پێشکەشدەکات، بەڵام وێبسایتی( وار) بە زیاد لە زمانێک بابەتەکان دەخاتە ڕوو کە ئەوانیش (کوردی ،عەرەبی ، ئینگلیزی ) (کوردی ڕێنووسی لاتینی ) .

## ٢- دامەزراوەی ڕووداو (Rudaw ) [(١)]

کۆمپانیای ڕووداو بۆ کاری ڕاگەیاندن لە نیسانی ٢٠٠٨ دامەزراوە، لەوکاتەوە تائێستا هیچ کات لە کارکردن نەوەستاوەو بەردەوام هەفتەنامەکانی دەرچوون، ماڵپەرەکەی کاریکردووە. هەروەها لە ٢٩/٥/٢٠١٣ ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و پۆرتاڵی ڕووداو دەستی بەکارکردووە، بەناوی تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە، تائێستا ڕووداو بەردەوامبووە لە کارکردن نەوەستاوە، بەڵام لە ماوەی ساڵانی رابردوودا: چاپی کوردیی (لۆمۆند دیپلۆماتیك)، چاپی ئەورووپای ڕووداو، ڕووداوی وەرزشی ڕاگرتووە.[٢]

(تۆڕی میدیایی ڕووداو) گرووپێکی میدیایی کوردییە، لە بوارەکانی میدیای بیندراو و بیستراو (بەشێوەی کاغەز ، دەنگ ،ڕەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵک دەکات لە م ڕێگایەنەوە :

١- تەلەفیزۆنی ڕووداو

---

[(١)] ــسوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی پۆرتاڵی https://www.rudaw.net/sorani/about ، کاتی سەردانی کردن ١٨-٨-٢٠١٩ کاتژمێر ٩

،توێژەر لە ڕێگەی پەوەیندیکردن بە بەرپرسی کارگێری دامەزراوەی میدیایی ڕووداو( حوسێن هیممەتی) سەبارەت بە مێژووی دامەزراوەکە زانیاری دەستخستوە .

[(٢)] -سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی کە توێژەر لە ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاکۆمحەمەد) بەرێوەبەری دامەزراوەی میدیایی ڕووداو ئەنجامی داوە.

٢- پۆرتاڵی ڕووداو، كە وێبسایتی ڕووداو بە زمانەكانی كوردی عەرەبی توركی ئینگلیزی هەواڵ و زانیاریی بڵا و دەكاتەوە.
٣- ڕادیۆی ڕووداو بەشێوەی سەرتاسەری كاردەكات.
٤- ڕۆژنامەی ڕووداو ڕۆژنامەیەكی هەفتانەیە لەلایەن دامەزراوەی ڕوداوەو دەردەچوێنرێت، یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی دامەزراوەی میدیایی ڕووداو ئەوەیە كە تا ئێستەش بایەخ بە ڕۆژنامەی كاغەز دەدات كە ئەمە لە دامەزراوەكانی دیكەدا بە دی ناكرێت.
جگە لەمانە دامەزراوەی ڕووداو خاوەنی سەنتەرێكی توێژینەوەی زانستییە .
تۆڕی میدیایی ڕووداو كۆمپانیایەكی قازانج ویستە و لە بڵاوكردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەكانیدا خۆی بە سنوورێكی جوگرافیایی دیاریكراوەوە نابەستێتەوە و دیدێكی جیهانییانەی هەیە بۆ كاركردن. هەروەها دەیەوێت گرووپی نوێش بدۆزێتەوە كە تا ئێستا میدیا كوردییەكان نەیاندۆزیوەتەوە، چونكە چەندە ژمارەی بەكارهێنەرانی بەرهەمە میدیاییەكانی تۆڕی میدیایی ڕووداو زۆرتربن، چانسی پەرەپێدان و باشتركردنی بەرهەمەكانیشی ڕوو لە زیادبوون دەكەن. ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی ڕێكلامی زۆرتر و دۆزینەوەی سپۆنسەر و سەرچاوەی داهاتی بەهێزتر.
تۆڕی میدیایی ڕووداو لەڕووی سیاسییەوە خۆی بە بێلایەن دەزانێ، بەڵام هاوكات بە گرنگی دەزانێت ،كە بەرهەمەكانی لەخزمەت گەشەپێدانی ئەزموونی باشووری كوردستان و وەدیهێنانی چارەسەری گونجاو و یەكجارەكی بۆ دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەشەكانی دیكەی كوردستاندا بێت.

## ٣- دامەزراوەی ( NRT ).[١]

(نێن ئارتی) سەرەتای دەستپێكردنی دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی ساڵی ٢٠١١ و بۆ یەكەم جار لە بەرواری ١٧/٢/٢٠١١ دەستیكرد بە پەخشی ئاسایی ڕاستەوخۆ، وەكو یەكەم كەناڵی ئەهلی سەربەخۆ لە هەریمی كوردستاندا خۆی ناساندن، دوای سێ ڕۆژ لەپەخشی ڕاستەوخۆی كەناڵەكە سوتینرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دوای چوار ساڵ لە ئەزموونی سەربەخۆی و گەیاندنی هەواڵ لەسەر بنەماكانی (ڕاستگۆی، هاوسەنگی ، بوێری) كەناڵی نێن ئارتی لە قۆناخی كەناڵێكی تەلەفیزۆنیەوە هەنگاوی نا بۆ دروستكردنی دامەزراوەیەكی سەربەخۆی گەورە كە لە حەوت بەشی سەرەكی پێكهاتووە لەسەر هەمان ئەودروشمانەی كەناڵەكە بۆی دامەزراوە. ئامانجی كەناڵی نێن ئارتی بۆ داهاتوو دروستكردن و چەسپاندنی میدیای ئەهلی بێلایەنە.
بەشی كوردی دیجیتاڵ میدیای دامەزراوەی میدیای نالیا لەسەر بنەماكانی (ڕاستگۆی، هاوسەنگی ، بوێری)دامەزرا .[٢]

---

[١] ــدەستخستنی زانیارییە
كان لەر یگەی ماڵپەری فەرمی (nrt )https://nrttv.com/About.aspx، كاتی سەردانی كردن ٤-١١-٢٠١٩، كاتژمێر ١٢
[٢] - https://www.facebook.com/pg/naliatv/about/?ref=page_internal، كاتی سەرانی كردن ٢-١١-٢٠١٩ ،كاتژمێر ١١

له ساڵی ٢٠١٠دا دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناحزبیی سەربەخۆ لە کارنامە و ئایدۆلۆژیایەکی دیارییکراو؛ بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە میدیاییە دەرکەوتن و کەوتنە کارکردن. سەرچاوەی دارایی ئەم دامەزراوەیە لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی (نالیاوە) دابیندەکرێت بەمەبەستی گواستنەوەی زانیارییی و هەواڵ و رووماڵکردنی ڕووداوە جۆربەجۆرەکان بەشێوەیەکی پیشەیی ستاندارد. بێجگە لە ئۆفیسە سەرەکییەکەی لە شاری سلێمانی دامەزراوەی میدیایی نالیا لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق ئۆفیسی هەیە. ئەم دامەزراوەیە لەم بەشانەی خوارەوەپێکدێت:

- **دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی:** دوانگەیەکی سەرەکیی ئەلیکترۆنییە لە شەش ماڵپەر و دوو ئەپڵیکەیشن پێکهاتووە و بەزمانەکانی کوردی (سۆرانی، بادینی) رێنوسی ( لاتینی) و عەرەبیی و ئینگلیزیی پەخشدەکات و لە ساڵی ٢٠١١دا دامەزراوە.

- **ئێن ئاڕ تی یەک:**کەناڵێکی هەواڵیی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠١٠دا دامەزراوە.

- **ئێن ئاڕ تی دوو:** کەناڵێکی خۆشباریی (ترفيهية) و لە ساڵی ٢٠١٢دا دامەزراوە.

- **نالیا ئێف ئێم:** ڕادیۆیەکی گشتیی تایبەت بە گۆرانیی و میوزیکە و ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە.

- **ئەکادیمیای میدیایی نالیا:** نێوەندێکی پەروەردەیی تایبەت بە راهێنان و پێگەیاندنی کادری راگەیاندن و ڕۆژنامەوانییە و لە ساڵی ٢٠١٥دا دامەزراوە.

- **پام میدیا:**کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ریکلامی بازرگانییە و لەساڵی ٢٠١٤دا دامەزراوە.

- **ئێن ئاڕ تی عەرەبی:** وەک کەناڵێکی هەواڵیی سیاسیی بە زمانی عەرەبیی لە ساڵی ٢٠١٦دا دامەزرا، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم کەناڵە  لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٨دا لە پەخشکردن وەستاوە.

## باسی دووەم : ئەنجامی گشتی توێژینەوەی ڕووپێوی لەسەر ڕۆژنامەنووسان لە دامەزراوەکامی ڕاگەیاندا

### یەکەم : زانیارییی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

**١ - دابەشبوونی بەشداربوان بە پێی ڕەگەز**

وەک لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت ، لە کۆی ئەو (١٨٥) ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی که لە دامەزراوەکاندا کاردەکەن(١٥٧) یان نێرن و ڕێژەی ( ٨٥%)پێک دێنن ، لەبەرامبەردا تەنها٢٨ یان لە ڕگەزی (مێ) ن، کە ڕێژەی (١٥%) بەشداربوان پێک دێنن .

کەواتە ئەو رۆژنامەنوس وکارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن زیاتر لە ڕەگەزی (نێر)ن ، هەروەها ئەو بەرتوێژانەی، کە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداون بریتین لە بەرێوەبەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، هەموویان لە ڕەگەزی نێرن . هۆکاریی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە بۆ زۆری کاتی کارکردن و شێوازیکارکردن، یان نەبوونی ئارەزووی کارکردن لای ڕگەزی (مێ)یەو هەوەرها لەبەرئەوەی ئەو کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن لە ڕەگەزی نێرن بۆیە رێگەنادەن ڕگەزی مێ پلەی یەکەم وەر گرتو ببێتە بەرێوەبەر لە دامەزراوەکاندا .

خشتەی (٥) دابەش بوونی بەشدار بوان بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٥٧ | ٨٤,٩ |
| مێ | ٢٨ | ١٥,١ |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ |

**٢ - ڕێژەی بەشداربوان بەپێی تەمەن**

وەک لە خشتەی (٦) خراوەتە ڕوو، لە ئەنجامی دەرهێنان و خستنەڕووی زانیارییی ناو فۆرمەکە دەرکەوت، ئەوانەی تەمەنیان لە نیوان ( ٢١- ٢٩) ساڵدایە بەرزترین رێژە پێکدێنن کە ڕێژەی و ڕێژەی ٤٨% پێکدێنن .،بەڵام١١ % بەرتوێژانی توێژینەوەکە تەمەنیان لە ٢٠ ساڵ کەمترە کە کەمترین ڕێژە پێک دێنێت بە پلەی چوارەم دێن، ئەو بەرتوێژانەی کە تەمەنیان لە نیوان (٣٠-٣٩) ڕێژەی ٣٨% پێک دێنن بە پلەی دووەم دێن، لە بەرامبەردا ئەوانەی کەتەمەنیان (٤٠) ساڵ بۆ سەرەوەیە ڕێژەی ١١% ی بەرتوێژان پێک دێنن. ئەمەش ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە، کە زۆرینەی ئەو رۆژنامەنوسانەی ، کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن گەنجن ، تەمەنیان (٢٠-٣٠) ساڵدایە .

خشتەی(٦) بەشداربوانی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن

| تەمەن | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ٢٠ ساڵ کەمتر | ٤ | ٢,٢ | چوارەم |
| ٢١- ٢٩ | ٨٩ | ٤٨,١ | یەکەم |
| ٣٠-٣٩ | ٧١ | ٣٨,٤ | دووەم |
| ٤٠ ساڵ و زیاتر | ٢١ | ١١,٤ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ | |

**٣- دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی ئاستی خوێندن .**

وەک لە خشتەی (٧)دا خراوەتەڕوو بە پێی ئەو ئەنجامەی کە لە فۆرمی ڕاپرسییەکان دەرهێنراوە ئەو بەرتوێژانەی کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن بەرزترین ڕێژە پێکدێنن کە ٥٦% ڕێژەی بەشداربوانە ،بەڵام ئەو بەشداربوانەی خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمن ڕێژەی ٢٧% پێکدێنن لەبەرامبەردا ئەوانەی کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران تەنها ڕێژەی ٨% پێک دێنن ، ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو زۆرترینی بەشداربوان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەو بەشداربوانەی خاوەنی بڕوانامەی (ئامادەیی و کەمترن ) کەمترین ڕێژە پێکدێنن کە تەنها ٨% ڕێژەی بەشداربوانن کەمترین ڕێژەی بێبڕوانامە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن. کەواتە ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن کەسانی خاوەن بڕوانامەن

خشتەی (٧) ڕێژەی دابەشبوان بەپێی ئاستی خوێندن

| **ئاستی خوێندن** | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئامادەیی و کەمتر | ١٦ | %٨ | سێیەم |
| پەیمانگا | ٥٠ | ٪٢٧ | دووەم |
| بەکالۆریۆس | ١٠٣ | ٪٥٦ | یەکەم |
| ماستەرو دکتۆرا | ١٦ | ٪٨ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠ | |

**٤ - ڕێژەی دابەشبوونی بەشداربوان بەپێ جۆریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن .**

وەک لە خشتەی (٨) خراوەتەروو ، ڕێژەی بەشداربوانی توێژینەوەکە زۆرترینیان ئەوانەن کە لە تەلەفیزۆندا کاردەکەن کە ڕێژەی(٦٢%)ڕێژەی بەشداربوان پێکدێنن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو بەرتوێژانەی لە سۆشیاڵ میدیادا کاردەکەن نزمترین ریژە پێک دێنێت ، کە ڕێژەی ٤% بەشداربوانە ، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ڕۆژنامەدا کاردەکەن ڕێژەی (١٢,٤%) پێکدێنن ئەوانەی لە ڕادیۆدا

کاردەکەن تەنها ڕێژەی (٦,٥%) پێکدێنن، ئەوانەی لە ماڵپەرو سایت ئەلکترۆنیەکانی تایبەت بەهەرسێ دامەزراوەکە کاردەکەن ڕێژەی (١٤,٦%) بەشداربوانن.

هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشتی کارکردن لە هەریەک ئامرازەکانی (ڕۆژنامە ،تەلەفیزۆن، رادیۆ، ویبسایتە ئەلکترۆنیەکان و سۆشیاڵ میدیا) دا کە پێی سروشتی کارکردن ڕاستەوخۆ ڕۆڵدەگێرێت لە جیاوازی ڕێژەی تیچووی دارایی و جیاوازی سەرچاوەی دارایی بۆ هەریەک لەو ئامرازنە، هەروەک لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا خراوەتەوە ڕوو سروشتی کارکردن لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەپێی جۆری ئامرازەکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی بەکەمترین ڕێژەی کارمەند کارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات، ئەمەش وا دەکات کەمترین تێچووی هەبێت، بەڵام (تەلەفیزۆن ) وەک ئامرازێکی گرنگی ڕاگەیاندن زۆرترین ڕێژەی کارمەند و ڕۆژنامە نووسی پێویستە ، ئەمەجگە لەوەی پێویستی بە ئامێروئامرازی تەکنەلۆجی زیاترهەیە، ئەمەش وادەکات تێچووەکەی زۆرتر بێت و پێویستی بەسەرچاوەی دارایی زیاتربێت، بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن.

خشتەی (٨) ڕێژەی بەرتوێژان بەپێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

| ئامرازەکان | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| رۆژنامە | ٢٣ | ١٢,٤ | چوارەم |
| تەلەفزیون | ١١٥ | ٦٢,٢ | یەکەم |
| رادیۆ | ١٢ | ٦,٥ | سێیەم |
| سایتی ئەلکترۆنی | ٢٧ | ١٤,٦ | دووەم |
| سۆشیاڵ میدیا | ٨ | ٤,٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠ | |

**٥ - ڕێژەی به پێی پلەی کارکردنیان لە دامەزراوەکەدا :**

بەپێی ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە وەک لە خشتەی (٩)دا دیارە، ئەوانەی کە وەک رۆژنامەنوسێکی ئاسایی مەبەست لە ڕۆژنامەنووسی ئاسایی (پەیامنێران ،هەواڵساز,ریپۆرتێر) ە کە لە دامەزراوەکانی (nrt ,war,rudaw) کاردەکەن بەرزترین ڕێژە پێکدێنن ، واتە (٤٤،٩%) بەشداربوانی توێژینەوەکە رۆژنامەنوسێکی ئاساین، ئەو بەرتوێژانەی کە پلەی کارکردنیان لە ئاستی دەستەی نوسەرانن لە دامەزراوەکاندا، ڕێژەی (١٥،٧%) ڕێژەی بەشداربوانی توێژینەوەکە پێکدێنن، ئەو بەشداربوانەی کە پلەی کارکردنیان بەڕێوەبەری نوسینە (٥%)

ڕێژەبەرتوێژان پێکدێنن، بەرپرسانی کارگێرییش لە هەرسێ دامەزراوەکەدا ڕێژەی (٣،٨%) بەشداربوان پێکدێنن ، بێژەرو پێشکەشکاران ڕێژەی (١٠% )بەشداربوانی توێژینەوەکە پێکدێنن، ئەوانەی کە وەک کارمەندێکی ئاسایی لە دامەزراوەکەدا کاردەکەن، واتە کاری ڕۆژنامەنووسی ناکەن ڕێژەی ٢٠% ڕێژەی بەشداربوان پێکدێنن.

ئەنجامی شیکردنەوەی ڕێژەکان ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەوانەی کە وەک ڕۆژنامەنوسێکی ئاسایی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن بەرزترین ڕێژە پێکدێنن لە بەرامبەردا ئەوانەی کە جگە لە کاری ڕاگەیاندنن کاری تەکنیکی ،هونەری وکارگێریی و یاسایی دەکەن بە پلەی دووەم دێن ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تەنها رۆژنامەنوس و ڕاگەیاندنکارلە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کارناکەن .

خشتەی (٩) دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێ جۆریکارکردنیان لە دامەزراوەکەدا

| جۆری کارکردن(پلەی کارکردن) | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| رۆژنامەنوسێکی ئاسایی+پەیامنێر | ٨٣ | ٤٤,٩ | یەکەم |
| دەستەی نوسەران | ٢٩ | ١٥,٧ | سێیەم |
| بەڕێوەبەری نوسین | ٩ | ٤,٩ | پێنجەم |
| بەرپرسی بەشی کارگێری | ٧ | ٣,٨ | شەشەم |
| بێژەر یان پێشکەشکار | ١٨ | ٩,٧ | چوارەم |
| کارمەندێکی ئاسایی(کارگێریی) | ٣٩ | ٢٠,٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠ | |

**٦ - جیاوازی ساڵانی ئەزمونی کارکردنی بەرتوێژان لە نێوان هەرسێ دامەزراوەکەدا :**

بە پێ ئەنجامی زانیاریی نێوفۆرمی ڕاپرسییەکە سەبارەت بە جیاوازی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ساڵانی ئەزمون لەنێوان هەر سێ دامەزراوەی (ڕووداو، وار،nrt ) ڕێژەر وەک لە خشتەی (١٠) دیارە دەردەکەوێت کە ئەوانەی ساڵانی ئەزمونی کارکردنیان لە(٥) ساڵ کەمترە لە پلەی یەکەمدان بەرزترین ڕێ پێک دێنن کە ڕێژەی (٢٨,٩%)پێک دێنن بەڵام ئەوانەی کە ساڵانی ئەزمونیان لە (١٦)ساڵ زیاترە نزمترین ئاست پێک دێنن و لە پلەی سێیەمدان و ڕێژەی (١٥,٨%) پێکدێنن، هەروەها ئەنجامی جیاوازی ساڵانی ئەزمون لە نێوان دامەزراوەکاندا بەپێی ئەنجامی نێو خشتەکە جیاوازی هەیە کە دامەزراوەی (ڕووداو) لە بەرزترین ئاستدایە بەراوردبەر دامەزراوەکانی

دیکە ڕێژەی ٧٦% پێکدێنێت ئەمە لە کاتێکدایە دامەزراوەکانی دیکە تارادەیەک ڕێژەکەیان لەیەک ئاستدایە ڕێژەی ٥٥% پێکدێنن، کەواتە ئەو ڕۆژنامە نوسانەی کە لە دامەزراوەی ڕوداو کاردەکەن سالانی کارکردنیان زیاترە بەراورد بە دامەزراوەکانی دیکە لە سەرجەم سالەکانی ئەزمونی کار کردن بەڵام ئەوانەی کە ساڵانی ئەزمونیان لە (٥) ساڵ کەمترە لە دامەزراوەی ڕووداویش بە پلەی یەکەم دێن .

خشتەی (١٠) جیاوازی ساڵانی ئەزمون لەنێوان هەرسێ دامەزراوەکەدا

| دامەزراوەکان / ساڵانی ئەزمون | ڕووداو | | NRT | | WAR | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارەکان | % | چەندبارەکان | % | چەندبارەکان | % | پلەبەندی |
| ٥ ساڵ کەمتر | ٢٢ | ٢٨,٩ | ٢٥ | ٤٥,٥ | ٢٠ | ٣٧,٠ | یەکەم |
| ٦-١٠ | ٢١ | ٢٧,٦ | ١١ | ٢٠,٠ | ١٦ | ٢٩,٦ | دووەم |
| ١١-١٥ | ٢١ | ٢٧,٦ | ١٤ | ٢٥,٥ | ١١ | ٢٠,٤ | دووەم |
| ١٦ زیاتر | ١٢ | ١٥,٨ | ٥ | ٩,١ | ٧ | ١٣,٠ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٧٦ | ١٠٠ | ٥٥ | ١٠٠ | ٥٥ | ١٠٠ | |

## دووەم :کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر شێوازیی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان :

**١ - کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر وەستانی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان لەکارکارکردن:**

بەپێی ئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمەکان وەک لە خشتەی(١١) دەردەکەوێت، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە پێیان وایە کە تەنگژەی دارایی هیچ کاریگەرییەکی دروستنەکردوە لە سەرکارکردنیان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەرزترین ڕێژە پێکدێنن کە ٦٦%ڕێژەی بەشداربوانە ، بەڵام ئەوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بەهۆی تەنگژەی داراییەوە کارەکەیان لە دەست داوە نزمترین ڕێژە پێکدێنێت کە ڕێژەی ٣٤% . **تێبینی** کاتێک دەڵێن ئەو ڕۆژنامەنوسە کارەکەی لەدەستداوە لە ئێستادا لە کارکردندایە لە دامەزراوەیەکی میدیایی، ئەو ڕۆژنامەنوسە پێشتر لە دامەزراوەیەکی دیکە کارەکەی لە دەستداوە ئەو دامەزراوە کۆتایی بە کارکردنی هێناوە واتە بەرتوێژ لەسەر بنەمای دۆخی ڕودانی تەنگژەکە وڵامەکەی داوەتەوە . ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتە ڕوو ئەوانەی بە هۆکاری تەنگژەی داراییەوە کارەکانیان لە دەستداوە ڕێژەیەکی کەمتر پێکدێنن، کەواتە دەتوانین بڵێین: تەنگژە هۆکارێکی ڕاستەوخۆو کاریگەر نەبووە بۆ لە دەستدانی کارەکانیان، کەواتە تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لە

سەرکارمەندان و رۆژنامەنوسان و لادانیان لە کارکردن بەڵام بەرێژەەکی کەم ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە ئەگەری ئەوەهەیە ئەو کارمەند و ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کاتی ڕودانی تەنگژەی دارایی کارەکانیان لە دەستداوە هەتا کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە نەگەراونەتەوە سەر کارەکانیان، یان ئەوەیە کە ئەو دامەزراوانەی کە توێژەر وەک سامپڵ وەری گرتوون تەنگژەی دارایی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی کارکردنی کارمەندان و رۆژنامەنوسان دروستنەکردووە .

خشتەی(١١) رێژەی وەستانی رۆژنامەنوسان لە کارەکانیان بە هۆی تەنگژەی داراییەوە.

| بژاردە | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٣ | ٣٤,٠% | دووەم |
| نەخێر | ١٢٢ | ٦٦,٠% | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ | |

**٢- کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر مووچەی رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:**

بەپێی ئەنجامی دەرهێنانی زانیاریی فۆرمی ڕاپرسیەکان دەردەکەوێت ئەو بەرتوێژانەی کە پێیان وایە تەنگژەی دارایی  کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبونەوەی مووچەکانیان بەرزترین رێژە پێکدێنن و لە پلەی یەکەمدان، بەڵام ئەوانەی کە بژاردەی نەخێریان هەڵبژاردوە لە پلەی دووەمدان وەک لە خشتەی(١٢) خراوەتەروو، لەنێوان دامەزراوەکاندا هەریەک لە دامەزراوەی (وار) (nrt) بە پلەی یەکەم دێن سەبارەت بەوەی بەڵێ تەنگژەی دارای کاریگەری دروستکردووە لەسەر کەمبونەوەی موچەکانیان، کە دامەزراوەی (وار) لە بەرزترین ئاستدایە کە بەرێژەی(٩٨%) کاریگەری دروستکردوە لەسەر کەمبونەوەی موچەکانیان دامەزراوە (nrt) بەهەمان شێوە بە ئاستێکی بەرز تەنگژەی دارایی کاریگەریی دروستکردو لەسەر کەمکردنەوەی موچەکانیان کە ڕیژەی (٩٦%) پێک دێنێت، بەڵام دامەزراوەی ڕووداو کە کەمترین رێژە پێکدێنێت تەها بەرێژەی (٤٠%) تەنگژەی دارایی کاریگەریی دروستکردوە لەسەر کەمبونەوەی موچەکانیان، کەواتە لێرەوە  دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەڵێ تەنگژەی دارای کاریگەریی دروستکردووە لەسەر کومبونەوەی موچەی رۆژنامەنوسان لە هەرسێ دامەزراوەکە بەڵام دامەزراوەی ڕووداو ئاستی کاریگەرییەکە ی لە ئاستێکی نزمدایە بەراورد بە دامەزراوەکانی دیکە، بەڵام هەردوو دامەزراوەی (وار) (NRT) تەنگژەی دارایی بە ئاستێکی بەرز کاریگەریی دروستکردوە لەسەر کەمکردنەوی موچە.

خشتەی (١٢)ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر کەمبونەوەی موچە

| دامەزراوەکان / بژاردەکان | رووداو | | NRT | | WAR | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارەکان | % | چەندبارەکان | % | چەندبارەکان | % | |
| بەڵێ | ٣٠ | ٤٠,٠ | ٥٣ | ٩٦,٤ | ٥٣ | ٩٨,١ | یەکەم |
| نەخێر | ٤٥ | ٦٠,٠ | ٢ | ٣,٦ | ١ | ١,٩ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٧٥ | ١٠٠ | ٥٥ | ١٠٠ | ٥٤ | ١٠٠ | |

**٣- هەبوونی گرێبەستی یاسایی لە نێوان رۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا:**

بەپێی ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تەنها (١٥٣) کەس بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە رێژەی ٨٢ % بەشدار بوان پێکدێنێت، بەڵام ئەوانەی بژاردەی نەخێریان پەسەندکردوە تەنها ٣٢ بەشداربوون کە رێژەی ١٧% بەشداربوان پێکدێنن، لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە گرێبەستێکی یاسایی لە نێوان رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا بوونیهەیە، بەڵام جۆرو ناوەرۆکی گرێبەستەکە ڕون نیە ئایا لەبەرژەوەندی دامەزراوەکەدایە یان نا ؟ توێژەر بۆ زانینی وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکەوە لە رێگەی ئەنجامانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان؛ وەڵامەکانیان تارادەیەک هاوشێوە بووە (بەڵێ) گرێبەستی یاسایی لە نێوان دامەزراوەکەو کارمەندابوونی هەیە ،[1] بروانە خشتەی (١٣) .

خشتەی(١٣) هەبوونی گرێبەستی یاسایی لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا

| بژاردەکان | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥٣ | ٨٢,٧ | یەکەم |
| نەخێر | ٣٢ | ١٧,٣ | دووەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ | |

[1]- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (ڕووداو ،وار، ئێن ئارتی ):- ئاکۆ محمەد :بەرێوەبەری دامەزراوەی ڕووداو (کاتی گەراندنوەی وەڵامەکان ٢-١٢-٢٠١٧ بە ئیمەیڵ)،
- شوان عادل، بەرێوەبەری دامەزراوەی ( NRT ) ،چاوپێکەوتنی توێژەر لە رۆژی( سێشەممە ) ٣- ٩- ٢٠١٩ ،کاتژمێر ٥ ی ئیوارە ،شوێن NRT.
-- د.فاضل عمر صالح، سەرۆکی ئەنجومەنی دەزگای (وار ) بۆ بەخش و ڕاگەیاندن ، چاو پێکەوتنی توێژەر ،رۆژی ٣٠-٧ -٢٠١٩،شاری دهۆک ، ئۆفیسی تایبەتی ،دامەزراوەی (وار) کاتژمێر ( ١-٢ ) پاشنیوەرۆ

**٤ - ئاستی ڕەچاوکردنی مافە دارایی و مرۆییەکانی ڕۆژنامەنووسان وکارمەندان لە گرێبەستەکەدا لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی داراییدا.**

بۆئەوەی بزانرێت ئایا ئەو گرێبەستەی لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووساندا هەیە ناوەرۆکەکەی لە بەرژەوەندی کێیە، وەڵامی بەرتوێژان بەم جۆرە بووە، بونی گرێبەستێکی یاسایی کە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان نەبێت و ڕەچاویی مافە دارایی و مرۆییەکانیان نەکرابێت لە ئاستێکی بەرزدایە بە جۆرێک (٧٤) بەشداربوو لەگەڵ ئەم بۆچەنەن کە ڕێژەی ٣٩% بەشداربوان پێک دێنن، لە بەرامبەردا (٦٦) بەشداربوو پێیانوایە کە خاڵەکانی نێوگرێبەستەکە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی دامەزراوەکەیە و بایەخ بە مافەکانی ئەوان نەدراوە، ئەم بۆچونە ڕێژەی ٣٥% بەشدار بوان پێکدێنێت ، نزمترین پلە کە تەنها (٤٨) بەشداربووە و ڕێژەی ٢٥% پێک دێنێت لەگەڵ ئەو بژاردەن کە دەڵێت گرێبەستەکە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان بە پلەی یەکەم نەک دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەتەنها، واتە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو گرێبەستە یاساییەی لە نێوان رۆژنامەنوسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندایە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە نەک لایەنی دووەم، کە رۆژنامەنوسان و کارمەندانن، هەروەها وەک لە خشتەکەدا دیارە رەچاوکردنی مافە درایی و مرۆیەکانی رۆژنامەنوسان لە گرێبەستەکەدا بە ئاستێکی کەم ڕەچاوکراوە کە کەمترین ئاست پێکدێنێت بە پێی ئەنجامی ڕاپرسیەکە.

ئەمە لە کاتێکدایە بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکە، کەتوێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداون ئاماژەیان بەوە داوە کە لە گرێبەستە یاساییەکەدا ڕەچاوی مافە داراییەکانی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان کراوەو ناوەڕۆکی گرێبەستەکە لە بەرژەوەندی هەردوو لادایە، بەڵام ئەوەی کە توێژەر لە ئەنجامی تێبینیکردن و بە دوادا چوون هەستپێکردووە، بریتیە لە پشتراستکردنەوەی بۆچوونی رۆژنامەنوسان و کارمەندان کە گرێبەستەکە زیاتر لە بەرژەوەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە بەپلەی یەکەم.بڕوانە خشتەی (١٤)

خشتەی (١٤) ئاستی ڕەچاوکردنی مافە درایی ڕۆژنامەنووسان وکارمەندان لە گرێبەستەکەدا:

| بژاردەکان | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| لە بەرژەوەندی رۆژنامەنوسانە | ٤٨ | ٢٥,٥ | یەکەم |
| تەنها لە بەرژەوەندی دامەزراوەکادایە | ٦٦ | ٣٥,١ | دووەم |
| لەبەرژەوەندی هەردوولادایە | ٧٤ | ٣٩,٤ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١٨٨ | ١٠٠ | |

**٥- خستنەڕووی شێوازی کارکردنی رۆژنامەنوسان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا:**

بە پێی ئەو ئەنجامەی کە لەمیانەی جیاکردنەوەو دەرهێنانی وەڵامی نێو فۆرمی ڕاپرسییەکە وەک لە خشتەکەدا دیارە، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بەشێوەی هەمیشەیی لە دامەزراوەکەدا کاردەکەن، واتە وەک فەرمانبەرێک بە پێی گرێبەستێکی یاسایی لە نێوان لایەنی یەکەم و دووەم بە مووچەیەکی مانگانەی دیاریکراوە کاردەکەن بەپێی وەڵامی بەشداربوانی توێژینەوەکە (١٣٧ ) کەسن کە رێژەی (٧٤%) پێکدێنن، کە بەرزترین ئاستە، بەڵام ئەو رۆژنامەنوسانەی کە بەشێوەی پارچە کاردەکەن بە پلەی دووەم دێن ، کە تەنها (٤٨)بەشداربوون و رێژەی( ٢٠%) بەشداربوان پێکدێنن.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن بە ڕێژەیەکی بەرزبەشێوەی مووچەی مانگانە وگرێبەستی هەمیشەیی کاردەکەن، بەڵام ئەوانەی کە بە شێوەی پارچە کاردەکەن ڕێژەیەکی کەم پێکدێنن، کە ئەم ئەنجامە پێماندەڵێت ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن، ئەگەر کارەکەیان بەباشی یان بە خراپی ئەنجامبدەن هەمان مووچە وەردەگرن، بەڵام ئەمە لە ڕووی ئابورییەوە و زیان بە دامەزراوەکە دەگەیەنێت پێویستی بە بودجەیەکی زیاترە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە کارکردن بە پارچە بێت ئەمە تێچووی کەمترەو بەرهەمی میدیاییشی زۆرتر دەبێت کە لە ڕووی باشترکردنی کوالێتی بەرهەم و ئابوریشەوە باشترە بۆ دامەزراوەکە.بروانە خشتەی (١٥) .

خشتەی (١٥)خستنە ڕوویی شێوازی کارکردنی رۆژنامەنوسان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا

| بژاردەکان | چەند بارەکان | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| بەپارچە | ٤٨ | ٢٥.٠ | دووەم |
| هەمیشەیی | ١٣٧ | ٧٤,٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ | |

**٦ – ئایا ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زانیارییان هەیە سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە :** بە پێی دەرهێنانی ئەنجامی زانیارییەکانی نێو فۆرمی ڕاپرسیەکە وەک لە خشتەکەدادەردەکەوێت(١٥١) بەشداربوو کە رێژە(٨١% )پێکدێنن بژاردەی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەو بەشداربوانەی کە (نەخێر) یان هەڵبژاردوە تەنها(٣٤) بەشداربوون( ١٨% )رێژەی بەشداربوان پێکدێنێت. ئەم ئەنجامەئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو رۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە هەرسێ دامەزراوەکەدا کاردەکەن، بە پلەیەکی بەرز کە رێژەی زۆرینەی بەشداربوان پێکدێنێت زانیارییان هەیە لە سەرجۆری خاوەندارێتی ئەو دامەزراوەی، کە کاری تێدادەکەن، واتە دەزانن ئایا ئەو دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی ئەهلییە، حزبیە یان دامەزراوەیەکی نیشتیمانیە، بەڵام ئەوانەی کە

زانيارييان نيه سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەكە لە ئاستێكی نزمدان كە تەنها( ١٨%)ی بەشداربون پێكدێنن، لێرەوە دەگەینە ئەوەی كە رۆژنامەنوسان كاتێک بە ویستیخۆیان دەچنە دامەزراوەیەک كاردەكەن زانیارییان هەیە لە سەر جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەكە بڕوانە خشتەی (١٦)

خشتەی (١٦) هەبوونی زانیاریی سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەكە

| بژاردەكان | چەندبارەكان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥١ | ٨١,٦ | یەكەم |
| نەخێر | ٣٤ | ١٨,٤ | دووەم |
| كۆی گشتی | ١٨٥ | ١٠٠,٠ | |

**٧ - جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن :-**

بەپێی دەرهێنانی ئەنجامی زانیارییەكانی فۆرمی ڕاپرسیەكە وەک لە خشتەی (١٧) دا خراوەتەڕوو تەنها (١٥١) كەس ڕێژەی (٨١،٦%) بەشداربوان پێكدێنێت بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا رۆژنامەنوسان و كارمەندان زانیارییان هەیە سەربارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوە كە، هەربۆیە لە كۆی ئەو (١٥١) بەرتوێژەی كە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە تەنها ٤ بەشداربوو پێان وایە ئەو دامەزراوەی كاریتێدادەكەن دامەزراوەیەكی حكومییە كە ڕێژەی (٢،٦%) بەشدار بوان پێكدێنێت، هەورەها (١٥)بەرتوێژئەو دامەزراوەی كاری تێدادەكەن بەدامەزراوەیەكی حیزبی دەزانن، لە ڕووی خاوەندارێتیەوە تەنها ڕێژەی ٩,٩% بەشداربوان پێكدێنێت، لە بەرامبەردا (١١٢)بەشداربوو كە (٧٤%) ڕێژەی بەشداربوان پێكدێنن پێیانوایە ئەو دامەزراوەی ڕاگەیاندن كاریتێدادەكەن دامەزراوەیەكی ئەهلییەو سەر بە كەرتی تایبەتە،(٢٠) بەشداربووی دیكەش كە ڕێژەی ( ١٣%) بەرتوێژان پێكدێنن پێیان وایە ئەو دامەزراوەی كارتێدادەكەن لە ڕووی خاوەندارێتیەوە تێكەڵە لە جۆری دامەزراوەی (حزبی و ئەهلی) ، بە پێی ئەو ئەنجامانەی كە لە خشتەكەدا خراونەتەڕوو دەردەكەوێت كە (٤%)ی بەشداربووانی توێژینەوەكە بەهەڵە تێگەیشتنیان هەیە سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن، یان ئەو ڕێژەیە لە بەرتوێژان نەیان توانیوە دامەزراوەكەی ، كە كاریتێدادەكەن جۆری خاوەندارێتیەكەی بیناسن. جا ئەمە هۆكارەكەی نەزانین یان هۆكاری دیكە بێت.

چۆن دەتوانین ئەوە پشتراست بكەینەوە كە ئەم ڕێژەیە لە بەرتوێژان زانیارییەكەیان دروستنییە كە پێیان وایە ئەو دامەزراوەی ئەوان كاری تێدادەكەن دامەزراوەیەكی حكومییە؟ چونكە لە هەرێمی كوردستاندا دامەزراوەیەكی ڕاگەیاندنی حكومی نیە كە بە فەرمیی زمانحاڵی حكومەت بێت، هەروەها سامپڵی توێژینەوەكەش كە پێكهاتووە لە هەرسێ دامەزراوە ی ڕاگەیاندنی (ڕوودا‌و ،وار ،NRT ) كە هیچكام

لەم سێ دامەزراوەیە خۆیان وەک دامەزراوەیەکی حکومی نەناساندوە، هەروەها توێژەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکەوە سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە، هیچ یەکێکیان ئاماژەیان بەوە نەداوە کە دامەزراوەیەکی حکومین، بەڵام ئەو بەشداربوانەی، کە پێیان وایە لەدامەزراوەیەکی ئەهلیدا کاردەکەن بەرزترین ئاستی پێک دێنن و لە پلەی یەکەمدان، کە ئەم وەڵامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ وەڵامی بەرپرسی یەکەمی دامەزراوەکان کە لەرێگەی چاو پێکەوتنەوە توێژەر هەمان پرسیاری ئاراستەکردون.
بەرپرسی دامەزراوەی (nrt) بەم جۆرە وەڵامی دایەوە : خاوەندارێتی دامەزراوەی nrt کەرتی تایبەتە کە سەرچاوەی داراییەکەی بریتیە لە کۆمپانیای نالیا، کە کۆمپانیایەکی بواری خاونوبەرەو دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە [1]. هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی دەزگای (war) بۆپەخش و ڕاگەیاندن سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە راگەیاندن کە دامەزراوەی وار دامەزراوەیەکی (ئەهلی)ە.[2] دامەزراوەی میدیایی (ڕووداویش ) خۆی وەک دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆ دەناسێنێت. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بە ڕێژەیەکی بەرز ئەو رۆژنامەنوس و کارمەندانی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن زانیارییان هەیە لەسەر جۆری ئەو دامەزراوەی کاری تێدادەکەن لە رووی خاوەندارێتیەوە و تارادەیەک دامەزراوەکان سەربەخۆ و نیمچە ئەهلین ،بەڵام ئەوانەی زانیاریی دروستیان لە سەر جۆری خاوەندارێتیەکە نیە رێژەیەکی کەم پێک دینن ،لە ڕاستیدا پێناسە خدی دامەزراوەکان و بە پرس یەکەمی دامەزراوەکان بەسنیە بۆ ئەوەی جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە دیاریبکرێت ئەمش بە هۆی ناڕوونی جۆری خاوەندارییتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا .

خشتەی (١٧) جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاند

| بژاردەکان | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| حکومی | ٤ | ٢,٦ | چوارەم |
| حزبی | ١٥ | ٩,٩ | سێیەم |
| ئەهلی | ١١٢ | ٧٣,٧ | یەکەم |
| تێکەڵ (حزبی –ئەهلی) | ٢٠ | ١٣,٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | * ١٥١ | ١٠٠,٠ | |

(١) - شوان عادل ،سەرچاوەی پێشوو
(٢) - فاضل عمر صالح،سەرچاوەی پێشوو
* زیاد لە بژاردەیەک هەیە بۆیە کۆی گشتی (١٥١)

**٨- پلەی بایەخبەندی لە نێوان جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە و بڕی ئەو موچەیەی وەریدەگرن.**

واتە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە جێی بایەخی کادیرانی ڕاگەیاندنە ، یان بڕی ئەو موچەیەی وەری دەگرێت لە کاتی بڕیاردان بۆ کارکردن لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندندا، بەپێ ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەکەدا خراوەتەوە ڕوو ئەو بەشداربوانەی کە بە پلەی یەکەم بڕی مووچەکەیان بەلاوە گرنگە زۆرترین ڕێژەیان پێکهێناوە کە (١٠٣) بەرتوێژ لەگەڵ ئەم بۆچەندان و ڕێژەی( ٥٣% ) پێکێنن .

بەڵام (٩٠) بەشداربوو ڕێژەی( ٤٦،٦%) بەشداربوان پێکدێنن ئەوە خاڵەیان بەلاوە گرنگە کە زانیاییان هەبێت لەسەر جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنت، کە رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە پلەی یەکەم بایەخ بەوە دەدەن کە داهاتی مانگانەیان چەندە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو بەشداربوانەی ،کە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کەئایا لە چ دامەزراوەیەک کاربکەن لە پلەی دووەمدان ئەمە ڕێژەەکی بەرزەو کە نزیکە لە ڕێژەی بژاردەی یەکەمەوە، ئەمە ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە کە ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەهێند وەردەگرن لە ئاستێکی بەرزدان بەرراورد بەو بەشداربوانەی کە بڕی موچەکەیان بە لاوە گرنگە.

خشتەی (١٨)جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە جێی بایەخی کادیرانی ڕاگەیاندنە یان موچە

| بژاردەکان | چەندبارەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بڕی ئەو موچەی وەری دەگرێت | ١٠٣ | ٥٣،٤% | یەکەم |
| خاوەندارێتی دامەزراوەکە | ٩٠ | ٤٦،٦% | دووەم |
| کۆی گشتی | ١٩٣ | ١٠٠،٠ | |

**سێیەم: کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانیان.**

1 **- خستنە رووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە دیدی رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن .**

توێژەر بۆ زانینی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانەوە، کەئایا تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن یان نا، سەرەتا بۆ دەرخستنی ئەوەی ئایا تەنگژەی دارایی تاچەند کاریگەریی دروستکردووە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕێکاری ئاماری(one sample t.test )تاقیکردنەوەی ئاماریی بەکارهێناوە، کە بەکاردێت بۆ

دۆزینەوەی جیاوازی نێوان (ناوەندژمێرەیی هەژمارکراو )(وسط الحسابي المحسوب )و(ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی) (وسط حسابي الفرضي)ەک لە خشتەکەدا دیارە.

پاش بەراوردکردنی هەردوو ناوەندە ژمێرەییەکە دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا جیاوازیەکەش دەکاتە( ٨,٣١) کە بریتییە لە بەهای (T) ی هەژمارکراو بە(نمرەی ئازادی f.d )، (١٨٤)، چونکە (ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو (٥) خاڵ بەرزترە لە (ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی )،خستنە ڕووی ئاستی بەڵگەدارییەکەی لە ڕووی ئامارییەوە جارێکی دیکە ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو دەیسەلمێنێت، چونکە بەپێ ئەو ئەنجامە لە خشتەکە دا دیارە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی تەواو دایەو واتە (الدالة تامة) یە، چونکە ئاستی بەڵگەدارییەکەی (٠,٠٠) کە بچوکترە لە( ٠,٠٥ )، بە بەهای( T )ی خشتەیی (١,٦٥)، کەواتە بەڵێ تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانەوە کاریگەری هەبووە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەپێی ئەم ئەنجامە، ئامانجەکە بەدیهێنراوە.

بۆ سەلماندنی زیاتری ئەوەی خرایە ڕوو بە های (T) هەژمارکراوبەراورد دەکەین بە بەهای ( T ) ی خشتەیی، ئەگەربەهای( T )هەژمارکراو گەورەتر بوو لە (T ) ی خشتەیی ئەوە بەڵگەداری ئامارییە ، بە دوو ڕێگا بەڵگە دارە لە ڕووی ئامارییەوە کەواتە (پێوەرە ) کە ئامانجەکەی پێکاوە و ئامانجەکە هاتۆتە بە دیهێنراوە .بڕوانە خشتەی (١٩)

One-Sample Statisti

T-Test

خشتەی (١٩) ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانەوە

| بڕگەکان | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمار کراوە | لادانی پێوەریی | بەهای (T)ی هەژمار کراو | بەهای ئازای (d.f) | ئاستی بەڵگەداریی Sig. (٢-tailed). |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | ٤٢ | ٤٧،٣٦٧ | ٨,٧٨٣٣ | ٨,٣١٢ | ١٨٤ | ٠,٠٠ |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (١٨٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ( ١,٦٥ )

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت بەڵێ تەنگەژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی شێوازی کارکردن و ناوەرۆک و کوالێتی بەرهەمە میدیاییەکان و سەرچاوەی داراییان بە بۆچوونی ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن .بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەوەی کە خرایە ڕوو سەبارەت بەوەی بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لە سەردامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ، لە ڕوانگەی ئەو پرسیارانەی کە لە هەر (١٤) تەوەرەکەدا خراوەتەڕوو سەبارەت بە کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ڕۆژنامەنووسان وەک لە خشتەی (٢٠) دا ئاستی ئاریگەرێتی هەریەک لەبڕگەکان خراوەتەڕوو لە ڕێگەی دەرهێنانی

ناوەندژمێرەیی و لادانی پێوەریی هەریەک لە بڕگەکان، دەردەکەوێت کە زۆرترین هۆکار بۆ کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی(یەکەم) لەبەرئەوە ناوەندە ژمێرەییەکەی (٤,٠٢ ) کە لە هەموو بڕگەکانی تر بەرزترە ئەو بڕگەیەی کە کەمترین کاریگەریی هەبووە بریتیە لە بڕگەکانی (پێنجەم) و(حەوتەم) لەبەرئەوە ناوەندە ژمێرەییەکە کەمترە لە کۆی بڕگەکانی تر وەک لەم خشتەیەدا خراوەتە ڕ وو،هەوەها سەرجەم بڕگەکانی دیکە لە بەر ئەوە تا ڕادەیەک ناوەندە ژمێرەییان نزیکە لە یەکە بۆیە لە یەک ئاستی کاریگەرییدان بڕوانە خشتەی.(٢٠)

**خشتەی (٢٠) خستنە ڕووی ناوەندە ژمێرەیی هەریەک لە بڕگەکان**

| بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|
| ١- لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت کە دەبێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی داراییەکانیان دیاربێت | ٤,٠٢ | ١,١٣٠ |
| ٢- تەنگژەی دارایی هۆکارێک بووە بۆ دابەزینی توانا و ئاستی کارکردن ، داهێنانت وەک ڕۆژنامەنوسێک | ٣,٢٨ | ١,٣٧٧ |
| ٣- تەنگژەی دارایی ڕێگربووە لە بەردەوامبوونی دامەزراوەکەت لە گەشەدان بە تواناکانی ڕۆژنامەنوسان | ٣,٦٤ | ١,٣١٩ |
| ٤- کەمبونەوەی چالاکی دامەزراوەکەت لە ڕووی کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ ،بەهۆی کاریگەری تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی داهات | ٣,٥٠ | ١,٣٥٢ |
| ٥- تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی ئاستی پابەند بوونت بە کاتی ئامادە بوون لە شوێنی کارەکەت. | ٢,٥٦ | ١,٤٢١ |
| ٦- بەهۆی تەنگژەی داراییەوە هەوڵی لادان یان کەمکردنەوەی ئەو کارمەندانە دراوە کەبەشێوەی پارچە و گرێبەست کاریان بۆ دامەزراوەکە کرووە . | ٣,٦١ | ١,١٣٧ |
| ٧- تەنگژەی دارایی هۆکارێک بووە بۆ کەمبونەوەی ڕۆژو کاتژمێرەکانی کار کردن لە دامەزراوەکە دا | ٢,٢٢ | ١,٢٦٣ |
| ٨- هاوڕایت لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە سەر بەخۆیی داراییان نیە و سەر بە حوکومەت یان لایەنێکن زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەری تەنگژەی داراییەوە . | ٣,٥٧ | ١,٢٨٠ |
| ٩- تەنگژەی دارای کاریگەری دروستکردوە لەسەر گۆرینی شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەنوسان و کوالیتی کارەکانیان | ٣,٦٣ | ١,٢٣٢ |
| ١٠- تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەر لاوازبوونی ناوەرۆکی ئەو بەرهەمە میدیایانەی کە کارت تێدا کردووە | ٣,١٦ | ١,٣١٣ |
| ١١- لە کاتی ڕودانی تەنگژەی داراییدا ، بۆ مانەوەت لە کارەکەت و هاوکاری دامەزراوەکە لەگەڵ ئەوەیت زیاد لەکارەکەی خۆت بکەیت | ٣,٤٦ | ١,٢٦٠ |
| ١٢- لەگەڵ ئەوەدایت چەند مانگێک بە بێ مووچە لە کار کرنت بەردەوام بێت،بەهۆی لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکە | ٣,١٤ | ١,٤٤٤ |
| ١٣- لەگەڵ ئەوەدایت چەند مانگێک بە بێ مووچە لە کارکرنت بەردەوام بێت،بەهۆی لێکەوتەکانی تەنگژەی دارای لەسەر دامەزراوەکە | ٣,٦٧ | ١,١٧٢ |
| ١٤- هاوڕایت لە گەڵ ئەوەی کە لێهاتووی ڕۆژنامەنوس بەتەنها بەسنیە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی میدیایی باش بەرهەمبێت ، بەڵکو پێویست بە بوونی موچەیەکی باشیش هەیە. | ٣,٩٥ | ١,٣٣٦ |

**٢ – ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بەپێی گۆڕاوی جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە :**

وەک لە ئەنجامی خشتەکەی سەرەوە خرایەڕوو بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەریی دروستکردووە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

بۆئەوەی بزانرێت ئایا تەنگژە بەچ ئاستێک کاریگەریی لەسەر دامەزراوەکانی (وار،ڕووداو، NRT) دروستکردووە ، بۆ زانینی ئاستی جیاوازی ئەو کاریگەرییە لە سەرهەریەک لە (گۆڕاوەکان) دامەزراوەکان، بۆئەم مەبەستە توێژەربە بەکارهێنانی پێوانەی ئاماری (ناوەندە ژمێرەیی) هەریەک لە دامەزراوەکانی هەژمارکردوە، بە پێی ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ناوەندە ژمێرەییەکانیان جیاوازن، ئەمەش جیاوازی ئاستی کاریگەرییەکە دەردەخات لەسەر دامەزراوەکان ، بەم جۆرە هەریەک لە دامەزراوەی (روداو ) (٤٢,٤٤)، دامەزروەی (NRT) (٤٩%)،دامەزراوەی ( وار)( ٥٢,٥٣٧% )، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامەکان ئەوەدەردەخەن کە بەڵێ جیاوازی هەیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داریی لە سەردامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئاستی جیاوازیەکان لە ئاستێکی بەرزدانییە، ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کە جۆری خاوەندارێتی هەرسێ دامەزراوەکە تا ڕادەیەک لە یەکەوە نزیکن و سەر بەکەرتی تایبەتە ، یان تێکەڵ لە ئەهلی و حزبیە .

ئەو ئەنجامە ئەوە دەدات بە دەستەوە کە تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەریان بەڵام بە بونی جیاوازیەکی کەم لە نێوانیاندا، بەڵام بە پێی ئەنجامەکان ئەو دەردەکەوێت کە کاریگەێتی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەی میدیایی (وار) زیاتر بووە بەراو د بە (روداو) و( NRT )هەروەها دامەزراوەی میدیایی ڕووداو تەنگژەی دارایی کەمترین کاریگەریی هەبووە لەسەری ، بەراورد بە سێ دامەزراوەکەی دیکە بڕوانە خشتەی (٢١) .

**خشتەی (٢١) ناوەندە ژمێرەیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

| دامەزراوەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەریی Std. Deviation |
|---|---|---|---|
| ڕووداو | ٧٦ | ٤٢,٤٤٧٤ | ٨,٧٣٥٢١ |
| NRT | ٥٥ | ٤٩,٠٩٠٩ | ٦,٥٣٢٧٥ |
| WAAR | ٥٤ | ٥٢,٥٣٧٠ | ٧,١٦٥٧٣ |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ٤٧,٣٦٧٦ | ٨,٧٨٣٣٢ |

**ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەنێوان دامەزراوەکان و لە ناو دامەزراوەکاندا.**

بۆئەوە بزانین ئەو جیاوازیەی کە لە شیکردنەوەی خشتەی (٢٠) ئاماژەمانپێدا لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدایە یان نا، بۆ ساغکردنەوەی ئاستی جیاوازی کاریگەرێتیەکە، کە نازانرێت ئایا کاریگەرییەکە لەسەر دامەزراوەکان لە چ ئاستێکدایە، ئایا گەشتوتە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی یان

نا، بۆ وەڵامی ئەمە توێژەر شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA) ی بە کارهێناوە بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا پێویستە ناوەندە ژمێرەیی هەر دامەزراوەیەک هەژماربکرێت وەک لە خشتە کەدا خراوەتەڕوو، لەبەرئەوە بەهای F ی هەژمارکراوە بە نمرەکانی ئازادی (٢ ، ١٨٢ ) و بە ئاستی بەڵگەداریی( ٠,٠٥ ) گەورەترە لە بەهای (F) ی خشتەیی ، واتە لە ئاست بەڵگەداریی ئاماریدایە ، هەروەها ئاستی بەڵگەداریی ئامارییشی (٠,٠٠) واتە (دالة تامة ) یە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی ئامارییەو لە ئاستی بەڵگەداریی تەواودایە ، ئەمە ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە کە بەڵی بە پێی شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) (تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA) ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ( روداو ،وار ، NRT ) جیاوازی هەیە بە پێ جیاوازی دامەزراوەکان واتە تەنگژەی دارایی ئاستی کاریگەرییەکەی لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزاوەیەکی دیکەی ڕاگەیاندن جیاوازە.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جۆری خاوەندارێتی و شێوازی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دروستدەکات لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکەو ئەو داهاتەی کە دەستیدەخات، وەک لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا بە ڕوونی باس لە جۆریی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەریی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکە کراوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە( ئابوریی میدیا) لە سەر دەمی ئەمڕۆدا یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی ، کە بە خاڵێ یەکلاکەرەوەی بەهێزی و بێهێزی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەژماردەکرێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ بایەخدان بە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان و هەنگاونان لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان پێویستە بایەخ بە لایەنی سەربەخۆیی ئابوریی و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی خۆیان بدەن ئەمە لە ڕێگەی پیشەسازی میدیاوە بەدیدێت . . بڕوانە خشتەی (٢٢)

خشتەی(٢٢) ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە نێوان دامەزراوەکاندا

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەکانی ئازادی | دوجای ناوەندە ژمێرەی | بەهای (ف) هەژمار کراو | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا Between Groups | ٣٤٤٦,٢٤ | ٢ | ١٧٢٣,١٢ | ٢٩,١٧٦ | ٠,٠٠٠ |
| لە ناوکۆمەڵەکاندا Within Groups | ١٠٧٤٨,٧٦ | ١٨٢ | ٥٩,٠٥٩ | | |
| کۆی گشتی | ١٤١٩٥,٠٠٥ | ١٨٤ | | | |

بەهای (F) ی خشتەیی بە نمرەکانی ئازادی (٢-١٨٢ ) ئاستی بەڵگەداریی ٠,٠٥ = ٣,٠٣

شێوەی (١)

ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی دارایی




**وەک لە خشتەی (٢٢) خراوەتە ڕوو بە پێی ئەنجامی شیکاریی یەک ئاراستە جیاوازی هەیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا.**

بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەو جیاوازییە دەکەوێتە نێوان کام لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەم مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی ئاماریی (LSD) بەکارهێناوە، بەو جۆرەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وەک لە خشتەکەدا دیارە دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان (ڕووداو ، NRT ) لەگەڵ(ڕووداو،وار) جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (وار)ە، چونکە ناوەندەژمێرەیی (وار) کە ( ٥٢,٥٣٧٠ ) لە هەر دوو دامەزراوەی (nrt، ڕوداو ) (٤٩,٠٩٠٩، ٤٢,٤٤٧٤) گەورەترە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنگژەی دارایی لە نێوان هەر سێ دامەزراوەکەی دیکەدا زیاتر کاریگەریی لە سەردامەزراوەی ڕاگەیاندنی (وار)هەبووە.

هۆکاری ئەمەش بۆ جۆری خاوەندارێتییەکە و سەرچاوەی داهاتی دامەزراوەکە دەگەڕێتەوە. بۆ زیاتر پشتڕاستکردنەوەی ئەمە لە کاتی سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی وار، لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دامەزراوەکەیان پشت بە چ جۆرە سەرچاوەیەکی دارایی دەبەستێت لە وەڵامدا وتی : (باوەرناکەم لە هەرێمی کوردستاندا هیچ دامەزراوەیەکی گەورەی ڕاگەیاندن هەبێت لە ڕووی سەر چاوەی داراییەوە سەربەخۆ بێت، داهاتی هیچ دەزگایەکی گەورە بەتەواوی ناتوانێت پێداویستییەکانی دامەزراوەکە دابینبکات بۆیە سەربەخۆیی دارایی لەم قۆناغەدا تاڕادەیەک دوورە و کارێکی مەحاڵە بۆهەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن )[(١)] . بۆیە لەم وەڵامەوە دەتوانرێت ئەو ئەنجامە هەڵێنجێنرێت کە دامەزراوەی (وار) لە ڕووی سەرچاوەی داراییەوە بەتەنها نەیتوانیوە پشت بەخۆیی ببەستێت و سەرچاوەی دارایی تەنها بریتی نەبووە لە ریکلام و فرۆشتنی بەرهەمە میدیاییەکان، وەک لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەدا ئاماژەمانپێدا یەکێک لەو هۆکارانەی، کە لە بواریی ئابوری میدیادا باسکراوە دامەزراوەکان بتوانن سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆیان هەبێت دەبێت بە پلەی یەکەم پشت

(١) - فاضل عمر صالح ،سەرچاوەی پێشوو .

بە ریکلام و فرۆشتنی بەرهەمە میدیاییەکان و بەرهەمهێنانی میدیایی ببەستن، بۆیە ئەوەی کە لە پێشەوە خرایەڕوو دەکرێت بە هۆکارێک دابنرێت بۆئەوەی دامەزراوەی وار تەنگژەی دارایی زۆرترین کاریگەری لەسەردروستکردبێت، چونکە دامەزراوەی (وار) لە رووی داراییەوە نەیتوانیوە تەنها پشت بە خۆیی ببسەتێت، کە ئەوەش لە رێگەی ریکلام و فرۆشتنی بەرهەمەمیدیاییەکان و پیشەسازی میدیا دەستە بەردەبێت، (وار) گرنگی ئەو تۆی بەم بوارە نەداوە، رەنگە زیاتر پشتی بە سەرچاوەی دارایی دەرەکی بەستبێت، وەک لە سەرتای ناساندنی دامەزراوەی( وار)دا ئاماژەمان بەوە داوە کە چەند بەش و دەزگایەکی دامەزراوەکە وەک (رۆژنامە ،گۆڤار،تەلەفیزۆنی واری وەرزشی) بە هۆی تەنگژەی داراییەوە داخراون، ئەمانەش بەڵگەیەکی دیکەن بۆ سەلماندنی ئەوەی بەڵێ دامەزراوەی (وار) لە رووی سەرچاوەی دارایی و کەمکردنەوەی بەش و دەزگاکانی بەهۆی تەنگژەوە زیانی بەرکەتووە . پروانە خشتەی (٢٣)

خشتەی (٢٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆزانینی ئاستی جیاوازی کاریگێتیەکە لە نێوان دامەزراوەکاندا

| دامەزراوەکان | جیاوازی ناوەندژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداریی Std. Deviation |
|---|---|---|
| ڕواو × NRT | ٦,٦٤٣٥٤ | ٠,٠٠ |
| ڕوداو × وار | ١٠,٠٨٩٦٧ | ٠,٠٠ |
| NRT × وار | ٣,٤٤٦١٣ | ٠,٢٠ |

شێوەی (٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆزانینی ئاستی جیاوازی کاریگێتیەکە



**٣- خستنە ڕووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر ڕۆژنامەنووسانی دامەزروەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی پلەی کارکردنیانەوە.**

سەرەتا بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا تەنگژەی دارایی  زیاتر کاریگەریی لەسەر کام دەستە لە ڕۆژنامەنوسان و کارمەندان دروستکردوە بەپێی پلەی پیشەییان، بۆ ئەم مەبەستە ناوەندەژمێرەییەکانیان لە سەر بنەمانی پلەی کارکردن هەژمارکراوە  وەک لە خشتەی (٢٢) دیارە جیاوازییەکی زۆر بەدیناکرێت لە ئاستی کارێگەرێتیەکە بە پێی پلەکانی کارکردنیان، چونکە ڕێژەی جیاوازیەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە، دەستەی کارگێریی ناوەندەژمێرەییەکەی (٥٤,٢٨٥٧) کە بەرزترین ناوەندەژمێرەییە هەروەها ئەوانەی کەوەک (بێژەرو پێشکەش کار کاردەکەن ،لەگەڵ ئەوانی تر ) بە پلەی دووەم دێن کە لە ڕووی ئاستی کاریگەرییەوە بە پێ ئەم ئەنجامە جیاوزی هەیە لە ئاستی کاریگەریی بەپێ پلەکانی کارکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ..

**خشتەی(٢٤) ناوەندە ژمێرەیی بەپێی پلەکانی کاردنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

| پلەی کارکردنی | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەریی Std. Deviation |
|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەنوسێکی ئاسایی | ٨٣ | ٤٥,٧١٠٨ | ٨,٣٨٧٧٥ |
| دەستەی نوسەران | ٢٩ | ٤٨,٧٥٨٦ | ٧,٦٨٨٨٤ |
| بەڕێوەبەری نوسین | ٩ | ٤٦,٠٠٠ | ١٠,٥٥٩٣٦ |
| بەرپرسی کارگێری | ٧ | ٥٤,٢٨٥٧ | ٧,٢٩٦٤٤ |
| بێژەر یان پێشکەشکار | ١٨ | ٤٨,٨٣٣٣ | ٧,٨٣٨٤٤ |
| کارمەندێکی ئاساییە | ١٢ | ٤٤,٥٨٣٣ | ٨,٧١٢١٥ |
| هیتر | ٢٧ | ٤٩,٨٨٨٩ | ١٠,٢٦٦٩٥ |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ٤٧,٣٦٧٦ | ٨,٧٨٣٣٢ |

بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو جیاوازییەی کە لە خشتەی (٢٤) خراوەتەڕوو لە ئاستی بەڵگەداریی ئامارییە یان نا، بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرێتیەکە، نازانرێت ئایا کاریگەرییەکە لەسەر کارمەندان و ڕۆژنامەنوسانی دامەزروەکانی ڕاگەیاندن لە چ ئاستێکدابووە، ئایا  گەشتوتە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی یان نا، بۆ وەڵامی ئەمە  توێژەر شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA)  بە کاهێناوە بۆ ئەم مەبەستەش  سەرەتا  پێویستە ناوەندە ژمێرەیی هەرپلەیەکی کارکردن لە دامەزراوەکەدا  هەژماربکرێت، وەک لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو بەهای(F ) ی خشتەی دەکاتە (٢,١٥ )، لە بەرئەوە بەهای (F)  ی هەژمارکراوە بە نمرەکانی ئازادی (٢ ، ١٨٧)  و بە

ئاستی بەڵگەداریی( ٠,٠٥٥ ) بچوکترە لە ( F) ی خشتەیی واتە جیاوازی نیە لەنێوانیاندا، هەروەها ئاستی بەڵگەدارایی ئاماریەکەی کە بریتیە لە ( ٠,٠٥٥ ) کە گەورەترە لە( ٠,٠٥ ) کەواتە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدانیە، بەپێ ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (ANOVA) بەنمرەکانی ئازادی (٢،١٧٨) و بەهای خشتەیی (٢,١٥) ئەو ئەنجامە دەدات بەدەستەوە کە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر کارمەندان بە پێ (پلەی وەزیی) لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا جیاوازی نەبووە و وەک یەک تەنگژەی دارایی کارێگەریتی لەسەر دروست کردون .بڕوانە خشتەی (٢٥) .

**خشتەی(٢٥) ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی دارایی بە پێی پەلەکانی کارکردن (ANOVA)**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەکانی ئازادی | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) هەژمار کراو | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا Between Groups | ١٢٣.٩٣٩ | ٢ | ١٥٦,٥٢٠ | ٢,١٠٢ | ٠,٠٥٥ |
| لە ناوکۆمەڵەکاندا Within Groups | ١٣٢٥٥,٨٨٢ | ١٧٨ | ٧٤,٤٧١ | | |
| کۆی گشتی | ١٤١٩٥,٠٠٥ | ١٨٤ | | | |

بەهای (F) ی هەژمارکراو بە نمرەکانی ئازادی (٢-١٧٨ )ئاستی بەڵگەداریی ٠,٠٥ = ٢,١٥

**شێوەی (٣) ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بە پێی پەلەکانی کارکردن**



**٤- خستنە ڕووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بە پێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

ئایا ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ئامرازەکانی (تەلەفیزیۆن ،ڕۆژنامە ،رادیۆ ،ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی و سۆشیال میدیا ) وەک یەک بووە یان نا، بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرییەکە پێویستە سەرەتا بە ڕێکاری ئاماریی (ناوەندەژمێرەیی) هەژماریی ناوەندەژمێرەیی هەریەک لە ئامرازەکان بخرێتە ڕوولە ڕوانگەی بۆچونی ڕۆژنامەنوسان وکارمەندانی دامەزروەکانی ڕاگەیاندنەوە. وەک لە خشتەکەدا دیارە ڕوو جیاوازییەکی ئەوتو نیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەییەکانیاندا، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە نێوان (٤٦-٤٨) دایە کە ئەمە جیاوازییەکی کەمە ، بڕوانە خشتەی (٢٦) .

خشتەی (٢٦)هەژماریی ناوەندەژمێرەیی لەسەر بنەمای جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

| جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ژمارە | ناوەنەژمێرەیی | Std. Deviation ئاستی بەڵگەدارایی ئاماریی |
|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | ٢٣ | ٤٧,٦٩٥٧ | ٧,٨٥٣٤٠ |
| تەلەفزیون | ١١٥ | ٤٧,٥١٣٠ | ٩,٢١٠٣٧ |
| رادیۆ | ١٢ | ٤٦,٥٨٣٣ | ٧,٥٩٧٣٥ |
| ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی | ٢٧ | ٤٦,٣٧٠٤ | ٨,٤٣٥٩٥ |
| سۆشیاڵ میدیا | ٨ | ٤٨,٨٧٥٠ | ٩,٤٤٨١٧ |
| کۆی گشتی | ١٨٥ | ٤٧,٣٦٧٦ | ٨,٧٨٣٣٢ |

بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی کە لە خشتەی (٢٦) خراوەتە ڕوو ئایا ئەو جیاوازییە کەمەی، کە لە ناوەندە ژمێرەییەکانیاندا هەیە لە ڕووی ئامارییەوە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدایە یان نا، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی جیاوازی شیکاری یەک ئاراستەی (ANOVA) ی بەکارهێناوە، بە پێ ئەنجامی شیکارییەکە وەک ئەوەی لە خشتەکەدا خراوتە ڕوو بە های (F)خشتەی بریتیە لە ( ٢,٤٢ ) بە نمرەکانی ئازادی ( ١٨٠،٤ ) بچوکترە لە بەهای ( F )هەژمارکراوە کردویەتیە (١٨٢)، هەروەها ئاستی بەڵگەدارایی ئامارییەکەی (٠,٠٩٧) کە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدا نیە، چونکە گەورەترە لە (٠,٠٥) .

بە پێی ئەم شیکاریانەی خرانەڕوو دەردەکەوێت بەڵێ دروست جیاوازی نییە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژە ، بە پێی جیاوازی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئامانجی توێژەر لە خستنە ڕووی ئەم پرسیارە ئەوەیە بزانرێت ئایا بە پێی جیاوازی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە چ ئاستیکدا بووە، ئەمەش لەوەو سەرچاوەی گرتووە کە لە ئابووری میدیادا

ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی جیاواز لە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کەمتر پێویستیان بەسەرچاوەی دارایی تێچووی کەمتر هەیە لەگەڵ دەستیکار.

لەبەرامبەردا ڕۆژنامەی کاغەز و تەلەفیزۆن زۆرترین تێچوو دەستی کاری پێویستە ، لە سەر ئەم بنەمایە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی داراییدا ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی کە خۆی لە ماڵ پەرە ئەلکترۆنی و وێبسایتەکان و سۆشیاڵ میدیادا دەبینێتەوە، کەمتر تەنگژە ی دارایی کاریگەرییان لەسەر دروستدەکات، وەک لە لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ئەوەیە کە بەراوردبە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن تێچووی کەمترە، هەربۆیە زۆرێک لە ڕۆژنامە کاغەزەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو نەمان چوون یان پەنایان بردۆتە بە ئەلکترۆنی کردنی ڕۆژنامەکان، چونکە پێوستی بە چاپکردن و گەراندنەوەی فرۆشی ڕۆژنامەکە نیە ، ئەمە جگە لەوەی بوارکێی فراوانتری هەیە بۆریکلام و بڵاوبونەوەی بەشێوەیەکی خێرا، کەواتە بە پێی ئەنجامی شیکاریی جیاوازی یەک ئاراستە کە بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بەپێیی جۆری ئامرازەکان هەژمارکراوە دەرکەوتوە کە تەنگژەی دارایی وەک یەک کاریگەریی لەسەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دروستکردوە، هەریەک لە گۆراوەکانی(تەلەفیزۆن،ڕۆژنامە،رادیۆ،) جگە لە ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی کە ئاستێکی کەم جیاوازە.ئاستی جیاوازی نێوانیان لەیەکەوە نزیکە، کەواتە ئامانجەکە بەدی نەهاتووە،هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت دامەزراوە گەروەکان بەشێوەی پاکێج کار دەکەن و ئیش لەسەر زیاد لە ئامرازێکی ڕاگەیاندن دەکەن، تەنها دامەزراوەی وار نەبێت، کە تەلەفزیۆنی وەرزشی و ڕۆژنامەی وار داخراون بەهۆی تەنگژەی داراییەوە ،هەروەها دامەزراوەی ( nrt) بەهۆی تەنگژەی داراییەوە nrt عەرەبی لە کارکردن وەستاوە ،.بڕوانە خشتەی (٢٧).

**خشتەی (٢٧)ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بە پێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ANOVA)**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەکانی ئازادی | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) هەژمار کراو | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا Between Groups | ٥٧,٣١٧٤٤٢ | ٤ | ١٤,٣٢٩٣٦ | ١٨٢ | ٠,١٨٢٤٤٠ |
| لە ناوکۆمەڵەکاندا Within Groups | ١٤١٣٧,٦٨٧ | ١٨٠ | ٧٨,٥٤٢٧١ | | |
| کۆی گشتی | ١٤١٩٥,٠٠٥ | ١٨٤ | | | |

بەهای (F) ی خشتەیی بە نمرەکانی ئازادی (٤-١٨٠ )ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠١٨٢ ) =٢,٤٢

شێوەی (٤) ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بەپێی جۆری ئامرازەکان



## باسی سێیەم: ئەنجامی گشتی توێژینەوەی ڕووپێویی لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

لەم تەوەرەیدا کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەخرێتەڕوو، پێشترئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی ئەو ڕۆژنامەنوس وکارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن خرایەڕوو، توێژەر لە رێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی هەرسێ دامەزراوەی ( ڕووداو ،وار،NRT )* ڕاو بۆچوونیاندەخاتەڕوو سەبارەت بەو کاریگەرییانەی کە تەنگژە دارایی دروستیکردووە لەسەر دامەزراوەکە وهەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی .

١. **جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن؛ لەسەربنەمای ئەو چاوپێکەتنەی توێژەر لەگەڵ سامپڵی توێژینەوەکە ئەنجامیداوە**

سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەک لە خشتەکەدا دیارە، بە بۆچونی بەرتوێژان هەرسێ دامەزراوەکە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەنداریتی دەکرێن، بژاردەی کەرتی تایبەت رێژەی ١٠٠% پێکدێنێت، کەواتە هەریەک لە دامەزراوەکانی ( ڕووداو، وار ، nrt) لە لایەن حکومەت و حزبەوە خاوەندارێتی ناکرێن ودامەزراوەی ئەهلین و سەربەکەتری تایبەتن، بەڵام بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لە وەڵامی رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە فورمی ڕاپرسییەکە خستویانەتە ڕوو وەڵامەکانی ئەوان جیاوازن سەبارەت بەجۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان بۆچونیان جیاوازە وەک لە خشتەی (١٨) دیارە، هەروەها بەپێیتێگەیشتنی توێژەر و لە ئەنجامی سەرنجدان و تێبینیکردنی دۆخی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتووە بەو دەرئەنجامەکە ، لە ڕووی لۆژیکییەوە ناکرێت دامەزراوەیەکی میدیایی گەورە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی دارایدا توانبێتی پارێزگاری لەمانەوەی خۆیی بکات بەوەی کە تەنها سەرچاوەی دارایی کەرتیتایبەت ریکلام بووبێت ، چونکە کاتێک باس لە تەنگژەی دارایی دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا دیارە هەموو دامەزراوەو سیکتەرەکان لە ڕووی داراییەوە توشی گرفت بوونەتەوە و جوڵە و ئاڵوگۆری بازر کەمبووەتەوە کە ئەمە بەپلەی یەکەم کۆمپانیاکانی گرتوتەوە، ئەمەش کاریگەری دروستکردوە لەسەر کەمبونەوەی ڕێژەی ریکلام

---

-*
- ئاکۆ محەمەد ،بەرێوەبەری گشتی دامەزراوەی مێدیایی ڕووداو ، چاو پێکەوتنی توێژەر بەشێوەی ئەلکترۆنی (ئیمەیڵ) کاتی گەراندنەوەی وەڵا مەکان ٢-١٢-٢٠١٩ ، رۆژی وو شەممە .
- شوان عادل ،بەرێوەبەری دامەزراوەی (nrt)، ئەنجامدانی چاوپێکەوتی توێژەر لە رۆژی( سێشەممە ) ٣- ٩- ٢٠١٩ ،کاتژمێر ٥ ی ئیوارە ،شوێن NRT.

- د.فاضل عمر صالح، سەرۆکی ئەنجومەنی دەزگای (وار ) بۆ بەخش و ڕاگەیاندن ،چاوپێکەوتنی توێژەر رۆژی ٣٠-٨ -٢٠١٩،شاری دهۆک ، ئۆفیسی تایبەتی ،دامەزراوەی (وار) کاتژمێر ( ١-٢ ) پاشنیوەرۆ .

لەگەڵ ئەوەی زانیارییەکان لەرێگەی چاوپێکەوتنەوە دەستخراوە بەڵام توێژەر بۆ زیاتر خستنەڕووی جیاوازیەکان بەشێوەی خشتە وڵامەکانی خستووەتەڕوو.

خشتەی (٢٨)جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان لە ڕوانگەی بەرێوەبەرانی دامەزراوەکان

| جۆری خاوەندارێتی | دووبارەکان | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حکومی | ٠ | ٠ |
| حزبی | ٠ | %٠ |
| ئەهلی وکەرتی تایبەت | ٣ | %١٠٠ |
| تێکەڵ | ٠ | %٠ |
| کۆی گشتی | ٣ | ١٠٠ |

٢- **سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی بەرێوەبەرانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن** لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەتنەی توێژەر لەگەڵ سامپڵی توێژینەوەکە ئەنجامیداوە وەک لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەرتوێژان زیاد لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە، بەرێوەبەری گشتی هەرسێ دامەزراوەکە بە پلەی یەکەم بژاردەی رێکلام و پشتگیری کەرتی تایبەتیان هەلبژاردووە، کە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی دارایی پشتپێدەبەستن، ڕێژەی ١٠٠% بەشداربوان پێکدێنن، بەڵام رێژەی ٦٦%ی بەرتوێژان لە گەڵ ئەوەی کە پشت بە رێکلام و کەرتی تایبەت دەبەستن بۆ دەستخستنی سەرچاوەی داهات بۆ دامەزراوەکە پشت بە بەرهەمهێنانی میدیایی و کاری بەرهەمهێنانی هونەریی و پرۆداکشن و بەستنی گرێبەست لەگەل کۆمپانیا گەورەکانی دونیا دەبەستن.

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن ، کە ریکلام وەک سەرچاوەی دارایی بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە پلەی یەکەمدایە و پشت بە ریکلام و گرێبەست لە گەڵ کەرتی تایبەت دەبەستن و هیچ هاوکارییەک لە حکومەت و حزب وەرناگرن. بڕوانە خشتەی (٢٩ )

خشتەی (٢٩)سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی بەرێوەبەرانەوە

| سەرچاوەی دارایی | چەند | رێژەی سەری |
|---|---|---|
| ریکلام | ٣ | ١٠٠٪ |
| پشتگیری حکومەت | ٠ | ٠٪ |
| پشتگیری کەرتی تایبەت | ٣ | ١٠٠٪ |
| کۆمپانیاکان | ٠ | ٠٪ |
| بەرهەمهێنانی میدیایی | ٢ | ٦٦٪ |
| کۆی گشتی | ٨ | %١٠٠ |

**٤- كاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر رۆژنامەنووسان و کارمەندان لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:**

لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەتنەی توێژەر لەگەڵ سامپڵی توێژینەوەکە ئەنجامیداوە، وەڵامی بەرتوێژان بەم جۆرە بووە؛ بەڕێوەبەری دامەزراوەی (ڕووداو) دەڵێت: بەڵێ بەهۆی تەنگژەی داراییەوە ژمارەی کارمەندو رۆژنامەنوسانی دامەزراوەکە بەگشتی کەمیکردووە، بەڵام بەهۆی تەنگژەی داراییەوە مووچەی کارمەندان کەمینەکردووە ولەهەموو کاتێکدا ڕەچاوی مافە داراییەکانی کارمەندەکانی کراوە لەوانەیە هەندێکجار چەند رۆژێك دواکەوتبێت بەڵام نەگەیشتووەتە مانگێك، هیچ مووچەیەکی کارمەندان لەلای رووداو نەماوەتەوە. سەبارەت بە گرێبەستی یاسایی، رووداو خاوەن گرێبەستێکی یاسایی لەگەڵ هەر کەسێك کە لە رووداو کاردەکات و هەموو شتێکی تێدا روونکراوەتەوە، لە ماف و پابەندییەکانی هەردوولا.

بەڕێوبەری دامەزراوەی (وار) یش دەڵێت:" بەڵێ لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی دامەزراوەکە کەمی کردووە، گرێبەستی یاسایی لە نێوان دامەزراوەکە و ڕۆژنامەنووسان و کارمەنداندا هەیە و ئەو گرێبەستە لە بەرژەوەندی هەردوو لایە و گرێبەستەکەدا ڕەچاویی مافەکانی ڕۆژنامە نوسان و کارمەندان کراوە" .

بەرێوەبری (NRT) یش دەڵێت: "بەڵێ تەنگژە کاریگەری هەبووە لە سەر کەمبونەوەی ژمارەی کارمەند کە بەشیوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بەراورد بە دۆخی پێش ڕووانی تەگژە بەڕێژەی ٧٠% کەمیکردوە هەروەها بۆ پاراستنی مافە دارایی و یاساییەکانی هەردوولا، گرێبەستی یاسایی لە نێوان دامەزراوە و کارمەندان هەیە و لە کاتی ئاسایدا رەچاوی مافەکانی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسان کراوە، ڕووینەداوە بەهۆی تەنکژەوە مووچە دوا بکەوێت مەگەر چەند ڕۆژێک کە نەگەیشتوتە دوو مانگ و ، بەڵام لە کاتی تەنگژەدا ئەو کارمەندە سەر پشککراوە کە بەبێ دانی ئەو (غەرامەیەی)کە دانراوە دەتوانێت واز بێنێت، واتە پابەند نەکراون بە گرێبەستەکەوە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا. یان ڕۆژانە کاتژمێری کارکردنی کەمکراوەتەوە ".

وەڵامەکان ئەو ئەنجامەدەدەن بە دەستەوە کە لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەریی دروستکردووە لە سەر ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکان لە ڕووی شێوازی کارکردن و ئەو موچەیەی وەریدەگرن ، جگە لە دامەزراوەی ڕووداو کە بەهۆی تەنگژەوە مووچە کەمی نەکردووە و لە کاتی خۆیدا موچە دراوە، ئەم کاریگەرییەش بە پێی وەڵامی بەرتوێژان تا ڕادەیەک لە هەمان ئاستدا بووە، بە پێ تێگەیشتنی توێژەر لە ئەنجامی تێبینیکردنی دۆخی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت کە هێندەی تەنگژە کاریگەری لەسەر ئەو دامەزراونەی ڕاگەیاندن هەبووە کە تەنها خاوەنی ئامرازێکن بەتایبەت رۆژنامەکان ،لە نمونەی ئەو ڕۆژنامانەش، کە لەهەرێمی کوردستاندا کە بەهۆی تەنگژەوە داخران وەک رۆژنامەی

(هاوڵاتی ،ئاوێنە ...) چەند رۆژنامەیەکی دیکە کەزیاتر کەوتنە ژێر کاریگەری تەنگژە زۆرینەی ئەم ڕۆژنامانەش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکران، بەڵام هەریەک لە هەریەک لەو دامەزراوانەی کە سامپڵی توێژینەوەکەن تەنگژەی دارایی نەبووەتە هۆی داخستنیان بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگە بوبیتە هۆی داخستنی نوسینگەکانیان یان یەکێک لە ئامرازەکانی وەک ئەوەی لە دامەزراوەی (وار)دا ڕوویداوە رۆژنامەی ڕۆژانەو تەلەفیزۆنی واری وەرزشی بە هۆی تەنگژەی داراییەوە داخراون ، هەروەها بە پێ بۆچونی بەرتوێژان بەڵی مافە دارایی و مرۆیەکانی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستە یاسایەی کەهەیە پارێزراوە، بەڵام رۆژنامەنوسان و کارمەندان لەم بارەیەوە بۆچونێکی دیکەیان هەیە وەک لە تەوەرکانی پێشەوە خرایە ڕوو لە فۆرمی(پێوەر) کەدا بەشێکی زۆری کارمەندان و رۆژنامەنوسان دەڵێن لە گرێبەستەکەدا ڕەچاوی مافەکانمان نەکراوە بەشێوەیەکی باش، زیاتر گرێبەستەکە لە بەرژەوەندی دامەراوەکەدایە کە ئەمە تارادەیەک کێشەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دروستکردوە لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی پاراستنی مافەکانینان و مانەوەیان لە کارەکەی، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەکاتەوە، چونکە هەرکاتێک دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بیانەوێت کۆتایی بەو گرێبەستە دێنن کە لە نێواندایە. توێژەر سەبارەت بەجیاوازی ئەم دوو بۆچونە زیاتر بۆچونی ڕۆژنامەنووسان بو زاقیعی تر دەزانێت ئەوەی کە بە شێوەیەکی پراکتیکی دەبینرێت لە مامەڵەی رۆژانە پشت ڕاتی بۆچوونی ڕۆژنامەنوسان دەکاتەوە ، چونکە ئەوەی دەبینرێت و هەستپێدەکرێت لە واقیعدا هەر ئەو بۆچونەیە کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان ئاماژەی پێدەدەن کە گرێبەستەکان زیاتر لە بەرژەوەندی دامەزراوەکەیە.

**٥- کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوە کەو مامەڵە کردن لەگەڵ لێکەوتەکانی و شێوازی ئیدارەدانی:**

لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەوتنەی کە توێژەر لەگەڵ سامپڵی توێژینەوەکەی ئەنجامی داوە بەرتوێژان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەڵێ بەهۆی تەنگژەی دارییەوە دامەزراوەکە تووشی گرفت بۆتەوە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی دامەزراوەکە دابخرێت هیچکام لەم دامەزراوانە دانەخراون.

بەرێوەبەری دامەزروەی (ڕووداو) سەبارەت بەو رێوشوێنانەی گیراونەتە بەر بۆ رووبەڕووبونەوی تەنگژەی دارایی دەڵێت: "تووشی گرفت بووینەتەوە، بەڵام سیاسەتی دارایی رووداو بەشێوەیەك بووە کە بتوانێت درێژە بەکاری خۆی بدات، بەردەوام هەوڵدراوە ئۆفیسەکان کەمترین خەرجیان هەبێت، بۆ خۆدەربازکردن لە لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی پەنامان بردووەتە بەر زیادکردنی کارکردنی ڕۆبۆتیك (ئیلکترۆنی)، کەمکردنەوەی شەفتی کارکردن، کەمکردنەوەی کرێی شوێنە بەکرێگیراوەکان، دانەنانەوەی ئەو کارمەندانەی توانراوە کارەکەیان بدرێتە بەشێکی دیکە."

بەڕێوەبەری (nrt) دەڵێت:" بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کاریگەرییەکانی تەنگژە چەند ڕیوشوێنێک گیراوەتە بەرلەوانە: کەمکردنەوەی نرخی ریکلامە کە بە ڕێژەی ٣٠ % دابەزێنراوە، لەرێگەی بەهێزکردنی مارکیتنگەوە هەوڵ دراوە ڕێژەی ریکلام زیاد بکرێت، زیادکردنی کاری بەرهەمهێنان پرۆداکشن بۆ هەندێ کەناڵ و دامەزراوە، ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ چەند کەناڵیکی بیانی جیهانی وە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوەکە چەند بڕیارو ڕێنمایەکی دەرکردوە کە بریتین لەمانە : - کەمکردنەوەی (موچەبەرنامەکان ،داختستنی هەندێک بەش)."

هەروەها دامەزراوەی( وار) یش بەهۆی تەنگژەر داراییەوە ڕووبەڕووی چەند گرفتێک بۆتەوە لەوانە

- دواکەوتنی موچەو بەرتەسکبونەوە بواری کار کردن
- دەست لە کار کێشانەوە و وازهێنانی هەندێک کارمەند و ڕۆژنامەنوس
- پەککەوتن و وەستانی هەندێک پرۆگرام بەهۆی نەبوون یان کەمبوونەوەی بوجەی بەرنامەکان ،هەورەوەها قەرزار بوونی دامەزراوەکە و نەگراندنەوەی پارەی فرۆشتنی (رۆژنامە ،کتێب ،گۆڤار ....هتد ) . دامەزراوەی (وار) بۆ رێگیری کردن و کەم کردنەوەی کاریگەریی تەنگژەی دارایی چەند رێگایەکی گرتۆتە بەر بۆ ئەوە ئاستی ئەو کاریگەرییە کەم بکاتەوە لەوانە(کەمکردنەوەی کارمەند،موچە، داخستنی پەخشی هەندێک شوێن لەگەڵ کەمکردنەوەی نوسینگەکان، دابەزاندنی نرخی ریکلام ) .

وەڵامەکان ئەوە دەخەنەڕوو ئەو دامەزراوەی کە زۆرترین کاریگەرتی تەنگژەی پێوەدیارە دامەزراوەی (وارە ) ئەمەش پشتراستی وەڵامی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان دەکاتەوە کەلە ئەنجامی شیکاری فۆرمی (پێوەرەکە) دا دەرکەوت ، دامەزراوەی وار زیاتر تەگژەی دارایی کاریگەریی لە سەر دروست کردوە و دامەزراوەی ڕووداویش کەمترین کاریگەریی لەسەر دروستبووە، بەڵگە بۆ ئەمەش دامەزراوەی وار بۆ دەربازبوون لە تەنگژە پەنای بردۆتە بەرداختستنی هەندێک بەش و دەزگای خۆی ، بەڵام ڕوداو و nrt هیچ بەش و دەزگایەکیان بەهۆی تەنگژەوە دا نەخراوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خودی دامەزراوەی ڕووداو لەناو دۆخی تەنگژەدا دروست بوو هەروەها دامەزراوەیەکە بەبۆچوونی بەرپرسانی دامەزراوەکە پشت بە ریکلام و داهاتی خۆی دەبەستێت .

**٦- ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارای لەسەر سەرچاوە داراییەکانی دامەزراوەکەو ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان :**

سەبارت بەوەی ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن لەرووی سەرچاوەی داراییەوە سەربەخۆن کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی تەنگژەی داراییەوە بەرپرسانی هەرسێ دامەزراوەکە لەگەڵ ئەم بۆچونە هاوڕان، بەڵام بەرێوەبەری دامەزراوەی (وار) ئەوەش دەڵێت:" باوەرناکەم لە هەرێمی کوردستان هیچ دەزگایەکی گەورەی ڕاگەیاندن هەبێت لە ڕووی سەرچاوەی دارایەوە تەواو سەربەخۆ بێت داهاتی هیچ دەزگایەکی گەورە بەتەواوی ناتوانێت پێداویستییەکانی دامەزراوەکە دابین بکات .بۆیە

سەربەخۆیی دارایی لەم قۆناغەدا تا ڕادەیەک کارێکی مەحاڵە" ،توێژەریش لەگەڵ ئەم بۆچونەی بەرپرسی دامەزراوەی وار هاوڕایە .

سەبارەت بە و دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە سەر بەخۆیی داراییان نییە و سەر بە حوکومەت یان حیزب و لایەنێکن زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەری تەنگژەی داراییەوە، بەڕێوەبەری هەر سێدامەزراوەکە لەگەڵ ئەم بۆچوونەن ، بەڵام بەڕێوەبەری دامەزراوەی (وار ) دەڵێت لە هەرێمی کوردستانا ڕاگەیاندن و حکومەت و حزب پێکەوە گرێدراون ، لە ساتەوەختی تەنگژەدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لاوازدەبن بەڵام ڕاناوەستن. بەڕێوەبەری دامەزراوەی ڕووداو

دەڵێت؛ (ئەمەبۆچونێکی ڕاستە، بەڵام ڕەنگدانەوەی لەلای ئێمە نەبووە، چونکە نە حکومین و نە حیزبین)، هەروەها بەڕێوبەری دامەزراوە ( nrt) دەڵێت : جۆری تەنگژەکە ڕۆڵدەبینیت ئەگەر تەنگژەکە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خەڵکەوە هەبێت وەک نەدانی موچە بێ گومان کاریگەری دروست دەکات لەسەر ئەو دامەزراوە میدیاییانەی کە سەرچاوەی داراییان بریتییە لە کەرتی تایبەت کۆمپانیاکان) ،سەبارەت بە ئاستی کارگەرێتی تەنگژە لەسەرچۆنێتی بەرهەمەمییایەکان بەڕێوەبری دامەزراوەی وار بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەری هەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی چۆنێتی و چەندێتی , کوالێتی بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن لەدامەزراوەی (وار)، دامەزراوەی nrt پێوایە تاڕادەیەک کاریگەری هەبووە لەسەر کوالێتی بەرەهەمە میدیاییەکان، بەڵام دامەزراوەی ڕووداو دەڵێت نەخێر کارگەرێتی نەبووە و کارەکانمان وەک خۆی بەڕێوە چووە .

# (پوختەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە)

## یەکەم: دەرئەنجامەکان

## دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە کە

## یەکەم :-

## دەرئەنجامەکان

بە پشتبەستن بەو ئەنجامەی کە لەهەردوو فۆرمی (ڕاپرسی) و( پێوەری) تایبەت بە (ڕۆژنامەنووسان وکارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن) و فۆرمی چاوپێکەوتنی تایبەت بە بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە دەستهاتووە، توێژەر پاش خستنە ڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە :-

١ –تەنگەژەیی دارایی بەشێویەکی گشتی کاریگەریی دروستکردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕووی شێوازی کارکردن و چۆنێتی بەرهەمە میدیاییەکان و سەرچاوەی داراییەوە، کە ئەمەش بەشێویەکی ڕاستەخۆ کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان دروست دەکات .

٢- بەرپرسانی هەرسێ دامەزراوەی (وار،ڕووداو ،NRT ): بەڵێ تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەریی دروستکردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئاستی کاریگەرییەکە بۆ هەریەک لەم دامەزراوانە جیاوازبووە، دامەزراوەی ڕووداو تەنگژەی دارایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دروستنەکردوە، بەڵام دامەزراوەکانی وار و NRT تەنگژەی دارایی کاریگەریی لەسەر دروست کردون.

٣- ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دیاریی بکرێت، چونکە حزب و حکومەت تارادەیەک تێکەڵ بوون و حکومەت خاوەنی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و نیشتیمانی نیە، هەروەها دامەزراوەکان بەجۆرێک خۆیان پێناسە دەکەن کە جیاوازە لەو بۆچونەی خەڵک و ڕۆژنامەنوسان هەیانە لەم بارەیەوە ، هۆکاری ئەمەش بۆ ناڕوونی جۆرەکانی خاوەندارێتی میدیا دەگەڕێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

٤- دەرکەوتوە کە جیاوازی نیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژە بە پێی جیاوازی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، واتە تەنگژەی دارایی کاریگەریی لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک یەک دروست کردوە ، جگە لە ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ئەمەش بەئاستێکی نزم جیاوازە لە ئامرازەکانی دیکە.

٥- دەرکەوتوە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ئەو کارمەند و رۆژنامەنوسانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن زیاتر بووە بەراورد بەو کاریگەرییەی کە تەنگژەی دارایی کە لەسەر خودی دامەزراوەکە دروستی کردوە .

٦- ئاستی نارازیبوونی ڕۆژنامەنووسان و کادیرانی ڕاگەیاندن لە ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە یاساییەی کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندایە لە ئاستێکی بەرزدایە پێیان وایە کە ئەو گرێبەستە بە پلەی یەکەم لەبەرژەوەندی دامەزراوەکەدایە نەک لە بەرژەوەندی هەردوولادابێت.

٧- بەپلەی یەکەم تەنگژەی دارایی کاریگەریی ڕاستەوخۆی دروستکردوە لەسەر کەمبونەوەی مووچەی ڕۆژنامەنووسان لە هەرسێ دامەزراوەکەدا بەڵام دامەزراوەی ڕووداو کەمترین ڕێژەی هەیە بەراورد بە دامەزراوەی وار کە ڕێژەی ٩٦% پێیان وایە مووچەکیان کەمبۆتەوە ،nrt بەرێژەی ٩٨% بەڵام رووداو تەنها ٤٠% پێک دێنێت .

٨- لەبەر ئەوەی تەنگژەی دارایی کاریگەریی دروستکردوە لەسەر کەمکردنەوەی کارمەندو موچە و چالاکیەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، کەواتە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەریی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دروست کردوە.

٩- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا کەمتەرخەمن یاخود هەر نایانەوێ زانیاریی بدەن بە توێژەران لە بارەی سەرچاوەی دارایی و خاوەندارێتی دامەزراوەکەیانەوە.

١٠- دەرکەوتوە دامەزروەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی نەبوونی سەربەخۆیی ئابوریی و پلانی پێشوەختە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی تەنگژەی دارایی، نەیانتوانیوە بەدروستی لەگەڵ دۆخی تەنگژەی دارایدا مامەڵە بکەن و کاریگەرییەکانی کەمبکەنەوە .

١١- دەرکەوتوە جیاوازی هەیە لە نێوان ڕاو بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وسەرچاوەی دارایی دامەزراوەکە.

١٢- ئەنجامەکان ئەو دەرئەنجامە دەدەن بەدەستەوەکە ئەو کارمەندو رۆژنامەنوسانەی کە بەهۆی تەنگژە داراییەوە کارەکانیان لە دەستداوە لەهەرسێ دامەزرواەکەدا لە ئاستێکی نزمدان .

١٣ دەرکەوتوە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر کارمەندان بە پێی (پلەی وەزیفی) لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا جیاوازیی نیە و وەک یەک تەنگژەی دارایی کارێگەرێتی لەسەر دروستکردون، جگە لە بەر پرسانی باڵای دامەزراوەکە .

١٤- بەمەبستی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تەنگژەی دارایی لە سەردامەزرواکانیان، بە پلەی یەکەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵی کەمکردنەوەی کارمەند ، موچە و داخستنی پەخشی هەندێک شوێن لەگەڵ کەمکردنەوەی نوسینگەکان هەروەها دابەزاندنی نرخی ریکلام داوە .

١٥- دەرکەوتوە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەبینێت لە کەمکرنەوەی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییدا .

## دووەم : ڕاسپاردە و پێشنیازو

# ڕاسپاردە

لە چوارچێوەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێگەیشتوە چەند ڕاسپارەیەک دەخاتەڕوو :

١ - دانانی یاسا و ڕینمایی تایبەت بە ناساندنی دامەزروەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی خاوەندارێتیە وە، بۆ ئەوەی جۆریی خاوەندارێتی دامەزراوەکان ڕوون و ئاشکرا بیت لە هەرێم کوردستاندا .

٢- بایەخدان بە بابەتی ئابووریی میدیا لە ناوەندە ئەکادیمییەکان و ئاشناکردنی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەم چەمکە نوێیە بۆ ئەوەی دامەرزاوەکان بتوانن هەنکاو بنێن بۆ پیشەسازی ڕاگیاندن و سەربەخۆیی دارایی.

٣- هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە چوار چێوەی ئەو گرێبەستە یاساییە هەیە لە نیوان ئەوان و دامەزراوەکە .

٤- پێویستە دامەزروەکانی ڕاگەیاندن ئامادەکاری پێشوەختە بکەن بۆ ڕووبەڕو بونەوەی تەنگژەکان جا ئەو خۆ ئامادەکرنە لە ڕووی ئاراستە کردنی وەرگرێت ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پەیامە میدیایانەی کە پێش کەشی دەکەن ،یان پاراستنی خودی دامەزراوەکە بێت لە و لێکەوتانەی  تەنگژەکان روستیدەکەن بەتایبەت تەنگژەی دارایی  .

٥- پێوستە چۆن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان مافی دەستخستنی زانیارییان هەیە لە دامەزراوەکانی حوکومەت و ڕێکخراواکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاواش دامەرزاوەکانی ڕاگەیاندن ئەو مافە بە توێژەران بدەن لە پێدانی زانیاریی لە باری دامەزراوەکەوە .

# پێشنیاز

توێژەر لە چوار چێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە چەند پێشنیازێک دەخاتەڕوو .

١ – ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ،تەلەفزیۆنی ،رۆژنامە ،ڕاگەیاندنی ئەکترۆنی ) لە ڕووی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر چەندێتی بەرنامەکان و ئاستی پێشکەشکردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی،  لە کاتی  ڕوودانی تەنگژەی دارایدا، بەوەی کە ئایا میدیایی ئەلکترۆنی دەتوانێت ڕۆڵ بگێرێت لەکەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تەنگژەی دارایی،بە پێیەی میدیایی ئەلکترۆنی تێچووی کەمترە بەراورد بۆ میدیای تەقلیدی.

٢- ئەنجامدانی تزێژینەوەی زیاتر لە بواری ئابوری ڕاگەیاندن، پەیوەندی ڕاگەیاندن بە ئابورییەوە

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەریی تەنگژەی دارایی بە پێ جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا .

**یەکەم : قورئانی پیرۆز**

**سورة( القلم ) اية (١)**

**دووەم : فەرهەنگ**

١. محمد فريد عزت ،قاموس الصطلحات الاعلامية ،(دار مكتبة هلال للنشر والتوزيع ،٢٠٠٧)

**سێیەم: کتێبەکان**

أ - کتێب -کوردی :

١. سابیر بۆکانی ،میتۆدی توێژینەوەی زانستی،سلێمانی خانەی چاپ و بڵأو کردنەوەی چوارچرا ،٢٠١٦.
٢. سەردار عەبدوڵا ،قەیران و ڕاگەیاندن ،هەرێمی کوردستان ، ٢٠١٥
٣. عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، مافی گەیاندنی میدیا جەماوەریەکان و گەشەسەندنی ئابوریی، (سلێمانی :چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٠)
٤. فەیسەڵ عەلی ، ئابوری نێودەوڵەتی لە دەر ئەنجامی قەیرانەکاندا ،وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە ،چاپ و بڵاو کرنەوەی سلێمانی ،٢٠١٣ .
٥. کوردستان عومەر محەمەد ، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا ،(سلێمانی: بەرێوەبەراەتی چاپ و بڵاوکردنەوە ی سلێمانی ،٢٠١٣ )
٦. فەیسەڵ عەلی، قەیرانی سیستمی دارایی و ئابوریی نێودەوڵەتی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،٢٠١٢.

هەردەوان مەحمود –عەبدواخالق ئیبراهیم ،ئابوریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ،هەرێمی کوردستان – چاپخانەی بێریفان ،
٢٠١٧

**ب- کتێبی –عەرەبی**

١- ابراهيم عبدالله المسلمى ، ادارة المؤسسات الصحفية ،(القاهرة :العربي للنشر والتوزيع ،١٩٩٥ ) ..
٢- اديب خضور ،الاعلام والازمات ،(دمشق ، الازبكية ٢٠٠١ ) .
٣- اسعد حسين عطوان ، يوسف خليل مطر ،مناهج البحث العلمي ، (بيروت: دار الكتب العلمية ، ٢٠١٨ )
٤- امين سعيد عبالغني ، ادارة المؤسسات الاعلامية في عصر اقتصاد المعرفة ،(مصر القاهرة: ايترك للنشر والتوزيع الجديد،٢٠٠٦.)

٥- احسان محمد الحسين ،عبدالحسين زينى ،الاحصاءالاجتماعى :(الموصل: دار الكتب للطبع والنشر ١٩٨٢،
٦- باور احمد حاجي، الازمات الاقتصادية (دراسة تحليلية مقارنة في الفكر الاقتصادي )، (عمان اردن ، ٢٠١٩ ).
٧- جاسم سلطان ،خطوتك الاولي نحوا فهم الاقتصاد ،ط٢ ،(بيروت : مؤسسة ام القري للترجمة والتوزيع المنصورة ،٢٠١٠).
٨- احسان محمد الحسن ،عبدالحسين زينى،الاحصاء الاجتماعى ،(الموصل : دار الكتب للطبعة والنشر ١٩٨٢،)
٩- السيد، سميرة احمد ، مصطلحات علم الاجتماع ، ( المملكة العربية السعودية : مكتبة الشرقية ،١٩٩٧ )
١٠-حسن عماد مكاوي ،الاعلام ومعالجة الازمات ، (القاهرة الدار المصرية البنانية ،٢٠٠٥ .)
١١-حسين سمير عشيش ، التحليل لائتماني ودوره في ترشيد عمليات الاقراص والتوسع النقدي في البنوك ،(عمان : دار المجتمع العربي ، ٢٠٠٨).
١٢-الخضيري محسن ،ادارة الازمات،منهج اقتصادي اداري متكامل لحل الازمات ،ط٢ ،القاهرة، مكتبة مدبولي ، ١٩٩٣)
١٣-زيربن محمد الرماني ،اقتصاديات الاعلام اسرار واخبار ، (الرياض :مكتية الرشد ،٢٠٠٥ )
١٤-سلام منعم زامل ،اقتصاديات وسائل الاعلام ،(نور للنشر ،٢٠١٧) .
١٥-السيد السعيد عبد الوهاب محمد ، استرتيجيات ادارة الازمات والكوراث دور العلاقات العامة، رسالة الماجستر ،( منتدي سور ،٢٠٠٥)
١٦- . طبيه، أحمد عبدالسميع ، مبادئ الإحصاء ، ( عمان : دار البداية للنشر والتوزيع،٢٠٠٨)
١٧-شادية ابراهيم مصطفي المحروقي، احمد محروس علي ناجي ، الوجيز في اعداد البحث العلمي القانوني ،(الرياض : مكتبة القانون والاقتصاد ،٢٠١٢) .
١٨-شێركۆ مەنگوری، واقع الصحافة باقليم كوردستان العراق في ضوء نظريات الصحافة ،(السليمانية : ٢٠١٢ )
١٩-صلاح عبد الحميد ، الاعلام السياسى (مصر: الجيزه ،٢٠١٨) .
٢٠-صليب بطرس ,ادارة الصحف ،( القاهرة :الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٤)
٢١-عادل رزق، ادارة الازمات المالية العالمية (منظومة الاصلاح الاداري بين النظرية والتطبيق )،(ط١ ،قاهرة، ٢٠١٠ )
٢٢- عامر أبراهيم قنديلجى ،البحث العلمى وأستخدام مصادر المعلومات ،(بغداد: دار الشؤن الثقافة العامة ،)١٩٩٢.

٢٣-عباس رشيدي العماري،الادارة الازمات في عالم متغير ،( القاهرة: مركيز الاهرام للترجمة والنشر ، ١٩٩٣ )

٢٤-فاضل محمد البدرانى ،الاعلام الرقمي فى عصر التدفق الاخبارى ،(بيروت : ٢٠١٧ )

**٢٥**-كاظم المقدادي ،تصدع لسلطة الرابعة ،وواعادة تشكيل الخاريطة الاعلامية (بغداد : ٢٠١١ ).

٢٦-لحسني ، عرفات تقي ، التمويل الدولي ،( عمان : دار مجالوي للنشر ، ١٩٩٩ ).

٢٧-محمد احمد جلال ،اداره الازمات الماليه ،(عمان :دار خالد الحيانى لنشر والتوزيع ،٢٠١٦).

٢٨-محمد هيكل ، مهارات ادارة الازمات والكوارث والمواقف الصعبة ،(القاهرة : الهيئة المصرية العامة للكتاب ،٢٠٠٦.

**٢٩**-مصطفي يوسف كافي، أقتصاديات ناعة الاعلام ,(عمان -اردن: دار الحامد للنشر والتوزيع،ط١،٢٠١٥)

٣٠-منال هلال مزاهرة ، بحوث الاعلام الاسس والمباديء( عمان: دار كنوز المعريفة ،٢٠١٠.)

**٣١**- ناصر دادي عدون ، إقتصاد المؤسسة ،( عمان : دار المحمدية العانة ، ١٩٩٨.)

٣٢-ناصر قاسيمي ،استرتيجية أدارة الازمات وفعالية التسيير ،( القاهرة: دارالكتيب الحديث ،٢٠١١)

٣٣-نبيل جعفر عبدالرضا ،عدنان فرحان الجوارين ،تاريخ الازمات الاقتصادية في العالم ،(،دار الكتاب الجامعي ،٢٠١٤).

**٣٤**-هادي نعمان الهبيتي ,التصنيع وانشاء سوق ثقافية عربية مشتركة ,الدورة الثانية والعشرون لمؤتمر الوزراء المسؤولين عن الشؤن الثقافية في( الرياض ,٢٢ نفمبر ٢٠٠٠ ).

٣٥-يوسف احمد ابو فارة ،ادارة الازمات ،مدخل متكامل،(عمان :الاءثراء للنشر والتوزيع ،٢٠٠٩ ) .

٣٦-- محمد رشاد الحملاوي ، ادارة الازمات تجارب المحلية والعالمية ،( القاهرة :مكتية عين الشمس ،١٩٩٥) ط٢

٣٧- الحسن، أحسان محمد وعبدالحسين زيني،الاحصاء الإجتماعي،الموصل:دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٢.

٣٨- عابدي لأدمية ،الاتصال الاسري في ضل التكنولوجيات الحديثة للأعلام والاتصال ،رسالة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم الاتصال والاعلام ،جامعة باجي مختار ،عنابة ،٢٠١٤ .

٣٩- مي العبد الله سنو،نظريات الاتصال(بيروت :دار المحمدية العانة،١٩٩٨)

**ج - كتێبی وەرگێردراو :**

١. جيليان دويل،اقتصاديات وسائل الاعلام ،ترجمة ، محمد عبدالحميد،(دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٥).

٢. دانييل ارنولد ،ترجمة عبد الامير شمس الدين ،تحليل الازمات الاقتصادية للامس واليوم ،(لبنان: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ١٩٩٢.

٣. مارك بالنافز ،نظريات ومناهج الاعلام ، ترجمة :عاطف حطيبة ،(القاهرة : دار المنهل للنشر ،٢٠١٧)

٤. م .بلالوك، هيربرت ،الاحصاء الإجتماعي، ترجمة: عثمان الحسن محمد و سليمان محمد رضوان،( الرياض : مكتبة العبيكات ، ٢٠٠٠) ط٢

**د - كتێبی ئەلكترۆنی**

_احمد فراس العوران ،الازمة الاقتصادية العالمية المعاصرة من منظور الاسلامي ، ،اردن –عمان ٢٠١٢،سەيرى ئەم لينكەبكە ،
https://www.researchgate.net/publication/٢٩٥٨٠١٠٦٩_alazmt_alaqtsadyt_alalmyt_almasrt_mn_mnzwr_aslamy

١. جاسم سلطان ،خطوتك الاولي نحو فهم الاقتصاد،( بيروت: الشبكة العربية للابحاث والنشر ، ط٢ ٢٠١٠م) ،ص١٥-١٦،كتاب الكتروني ،سەيرى ئەم لينكە بكە ، file:///C:/Users/SHKAR%٢٠/PC/Downloads%٢٠مكتبة%٢٠نور%٢٠%٢٠خطوتك%٢٠pdf

٢. علي عبدالعزيز سليمان ، مابعد الازمة المالية العالمية ،كتاب الكتروني ،( مصر:٢٠١٠ ) ،، بروانە ئەم https://books.google.iq/books?id=nSUmDwAAQBAJ&pg=PT٢٦&dq=%D٨%A٧٪

٣. فوزى غرايبه ،نعيم دهمش ،واخرون ،الاساليب البحث العلمي في العلوم الاجتماعية والانسانية ،كتاب pdf، سەيرى ئەم لينكە يكە ،https://www.noor-book.com/كتاب-أساليب-البحث-العلمي-في-العلوم-الإجتماعية-والإنسانيةpdf-

٤. موسي طه تاي لله ،الادارة الحديثة في المؤسسات الاعلامية (دراسة حالة الاعلام الرسمي في السودان )،ص ١٠٧ ، بحث المنشور في هذا الرابط ،
http://publications.iua.edu.sd/iua_magazines/communication_magazine/٨%D

**چوارەم :توێژینەوەکان**

**أ- توێژینەوە کوردیەکان**

**تێزی دکتۆرا**

١. کوردستان عومەر محەمەد ، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا، زانکۆی سلێمانی -کۆلێژی زانست مرۆڤایەتیەکان بەشی –کۆمەڵناسی ، ٢٠١٣ .

**ماستەرنامە**

٢. - شیرین صالح محمد امین ، ڕەوشی پلانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا ، قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی بەنمونە ، نامەی ماستەر ،بڵاو نەکراوەتەوە ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان – بەشی کۆمەڵناسی ، ٢٠١٥

٣. سومەییە فاضل عابد،کاریگەرێتی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازدانی رۆژنامەوانی (توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردکارییە لە نێوان ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ)و (ئاوێنە)،ماستەر نامە بڵاو نەکراوەتەوە ،(زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن ٢٠١٧ ).

**توێژینەوە**

١-ئاراس رمضان احمد ،هەردەوان مەحمود کاکە شێخ ، رۆڵی کاناڵە ئاسمانیە کوردیەکان لە ئیدارەدانی قەیران لە هەرێمی کوردستاندا (قەیرانی دارایی بەنمونە ) توێژینەوەیکی وەسفیە ، لە کۆنفرانسی زانستی پێشکەش کراوە ئەم توێژینەوەی

**ب- توێژینەوەعەرەبیەکان**

**تێزی دکتۆرا**

١. ابراهيم عطية ، قراءة في كتاب المدارس السانية ، **مجلة مجمع اللغة العربية بد يمشق - المجلد (٨٧) الجزء (٤).**

٢. ابراهيم فواز الجبا وي ،الاعلام في الازمات ،اطروحة دكتوراpdf،جامعة سانت كليمنتس العالمية .

٣. ابو هلال احلام ،تاثر استخدام شبكة الانترنت على العلاقات الاسرية الجزائرية ،رسالة الماجستر ،الجامعة التبسي –تبسة،كلية علوم الانسانية والاجتماعية ، سنة ٢٠١٦،بحث منشور ، ص ١٨ ، سەیری ئەم لینکە بکە،file:///C:/Users/SHKAR PC/Desktop/%٢٠ ٠٦١٦٠١٦٤.pdf

٤. افتخار محمد الرفيعي ،مناهل مصطفي العمري،واخرون ،الازمة المالية العالمية وتاثيرها في قطاع النقل في العراق ،كلية الادارة **والاقتصاد /جامعة بغداد ،بحث في مجلة الجامعة الاسلامية /ع (١/٢٦).**

٥. باور احمد حاجي ،الازمات الاقتصادية (دراسة تحليلية مقارنة في الفكر الاقتصادي )، (عمان -اردن : ٢٠١٩

٦. زهرة جقريف ،اقتصاد وسائل الاعلام في الجزائر دراسة ميدانية حول مؤسستي "الخبر "و"الشروق"،**رساله ماجستر منشورة**(مجلة العلوم الانسانية )،عدد ٤٧ ،المجلد ب، ص.١٥-٢٧ (كلية علوم الاعلام والاتصال والسمعي والبصري،جامعة صالح بوبنيدر –قسنطينة الجزائر ،٢٠١٧).

٧. شيماء الهواري ,التيسير الاقتصادي والتدبير الاداري والموارد البشرية للمؤسسات الاعلامية ,بحث منشور في المركز الديمقراطي العربي ,للدراسات الستراتيجية والسياسة الاقتصادية سال.

٨. عابدي لادمية ،الاتصال الاسري في ضل التكنولوجيات الحديثة للاعلام والاتصال ،رسالة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم الاتصال والاعلام ،جامعة باجي مختار ،عنابة ،٢٠١٤

٩. عاشور فني ،اقتصاديات وسائل الاعلام المرئية المسموعة،اطروحة دكتورا منشوره، (دراسة جديدة لاتحاد إذاعات الدول العربية،تونس ،٢٠١٢).

١٠. فريد كورتل ،كمال رزيق، الازمة المالية :مفهومها،واسبابها وانعكاساتها علي البلدان العربية ،مجلة كلية بغدا للعلوم الاقتصاديةالعدد ٢٠-ا ،كلية العاوم الاقتصادية وعلوم التسيير (جامعة سيكدة الجزائر، ٢٠٠٩ .

١١. مروان عبدالعزيز دبدوب ،استخدام مصفوفة ارتباط مقترحة في التحليل ألعاملي ، (قسم الاحصاء والمعلوماتية ،جامعة موصل ) بحث منشور ،**مجلة التربية والعلم –مجلد (٢٣) ،العدد (٢) سنة٢٠١٠**

<u>ماستەر نامە</u>

**<u>ج- توێژینەوەی ئەلکترۆنی</u>**

١. نسيمة حاج موسي،الازمة المالية الدولية واثروها علي الاسواق المالية العربية مع دراسة المقارنة رهن العقاري خلال الفترة ٢٠٠٧-٢٠٠٠، جزائر ، جامعة بو مرداس ،(سنة ٢٠٠٨-٢٠٠٠) ص ٣٨ ، بحث الكتروني، http://dlibrary.univ-umerdes.dz:٨٠٨٠/bitstream/١٢٣٤٥٦٧٨٩/١٧٦٣/١/hadj%٢٠moussa%٢.

٢. عامر العمران ،الازمة الاقتصادية في كردستان العراق ..الي اين ، مركز الروابط البحوث والدراسات الاستراتيجية, http://rawabetcenter.com/archives/٢٢٨٩٩

٣. حمدى بشير محمد على ، الاعلام الرقمى واقتصاديات صناعته ،بحث الكتروني منشور, مشارك في منتدى الاعلام والاقتصاد تكامل الادوار فى خدمهالتنميه ،(رياض:٢٠١٦ ) ص ٣٤-٣٥، موجود في هذا الرابط https://samc.ksu.edu.sa/sites/samc.ksu.edu.sa/files/imce_i

٤. جبران الحديثي، الادارة المؤسسات الاعلامية ،بحث منشور ،https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/٢٠٠٩/٠٢/٢١/١٥٧٥٨٤.html، **كاتى سەردانى كردن (١٢-٦-٢٠١٩ ).**

٥. محمد الامين موسي ، اقتصاديات الصحافة الاكترونية العربية : الواقع والنموزج ، بحث منشور في منتدي الجزيرة http://studies.aljazeera.net/ar/mediastudies/٢٠١٧/١٠/١٧١٠٠٢٠٧٥١٢٦٨٢٤.htm

